# کۆمەڵناسی

## ستار باقی کەریم

**چاپی یەکەم**
**هەولێر ٢٠٠٤**



لەبلاۆوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکریی‌و ئەدەبی نما

زنجیرەی( ٣٠)

سەرپەرشتیکردنی پرۆژەی(١٥) کتێب

ئیسماعیل کوردە_ ڕێبین رەسوڵ _ جەمال پیرە

ناوی کتێب : کۆمەڵناسی
نووسەر: ستار باقی کەریم
بابەت : لێکۆڵینەوە
پیت چنین: عیماد رەسوڵ
دیزانین‌و بەرگ: ئیسماعیل کوردە
تیراژ: ١٠٠٠
نرخی (٢٠٠٠) دینارە
چاپی یەکەم: هەولێر ٢٠٠٤

مافی لەچاپدانەوەی بۆ گۆڤاری نما پارێزراوە

## نێوەرۆك


★ سرووتە كۆمەڵایەتییەكان توێژینەوەیەكی تیۆری...........٥

★هۆكارە كۆمەڵایەتیەكانی نەخۆشییە سایكۆسۆماتیەكان
توێژینەوەیەكی تیۆریی سۆسیۆ میدیكاڵییە....................٢٧

★ئایدیۆلۆژیای‌خوێن‌و دەمارگیری............................... ..١٠٠




پێشكەشە بە:

# بە دایكم و
# بەهاوسەرەكەم..
# بەهەموو (ش)كان

# سرووتە کۆمەڵایەتییەکان
# توێژینەوەیەکی تیۆری

مەسەلەی ملکەچ بوونی تاك بۆ دیاردەکانو ئەنجامدانی سرووت، بۆ لایەنی نائاگایی مێشکی مرۆڤ دەگەڕێتەوە، کە ئەمەش لە دەسەڵاتی عەقڵو پێشبینی کردنی لۆژیکی بەدەرە، بەڵکو مەسەلەکە پەیوەستە بە کەڵەکە کردنی ئەو تێڕوانینو بۆچوونە غەیبییانەی کە لەهزری تاکەکان لەلایەن دەسەڵاتی کۆمەڵگەرایی کۆمەڵگاوە لە ڕێی پەروەردەی کۆمەڵایەتییەوە لە نەخشەی زەینی تاکەکاندا تۆمار دەکرێت، مەسەلەی هاتنە ئارای سرووتی کۆمەڵایەتی لەبنەڕەتدا وەك وەڵامدانەوەیەك لەبەرانبەر گرفتو کێشەکاندا هاتۆتەبوون، لەبەرئەوەی کاتێ کێشەکان بەبن بەست بوون دەگەنو تاکەکانیش تیایاندا گیردەخۆن، بۆیە وەك وەڵامدانەوەیەك کە بۆ دوورخستنەوەی ترس لەلایەكو خولّقاندنی دڵنەوایی ڕۆحی لەلایەکی ترەوە، سرووت خۆی بەسەر عەقڵی مرۆڤایەتیدا فەرز دەکات.

## سرووتە کۆمەڵایەتییەکان

کەڵەکە بوونی ئەزموونو زانیارییەکان، مرۆڤ پەلکێشی دەریای تێفکرینو گەڕان بەدوای هۆشیاریی مەعریفەی تردا دەکات، دیارە ئەمەش دەرئەنجامی ئەو هەموو پرۆسە دوورودرێژە مێژوویەیە کە لە ئەنجامی پێوەندییە دیالیکتێکیەکانی نێوان کۆمەڵو دیاردە بە دەرەکانی ئەودیو، واتە پێوەندیی نێوان لایەنی (ماددیو گیانی) دروست دەبێ، هەر لە ساتی هاتنە ژیانی مرۆڤو بەکۆمەڵ ژیانیان، جۆرەها وەهمو ئەندێشە بۆ ڕووداوە میتافیزیکییەکان چێ کرا، سرووتو سەرمۆنیا کۆمەڵایەتییەکان، کە بەلایەنێکی گرنگی پێکهاتەی



سرووتی ئایینی دەناسرێن، دەکرێ بە دوا دەرئەنجامی ئەم پرۆسەی تێفکرینە لە مێژینەیەی مرۆڤایەتی بێت، ئەمانەش نەوە دوای نەوە بەشێوەی جیا جیا بۆ یەکتریان بەجێ هێشتووە، کە هەریەکەیانەدەقاودەق ئەگەر بەزیادیشەوە نەبێت، ئەوا بەگوێرەی شوێنو کاتی دیاریکراو پێڕەویان لێکردوون، لێرەدا دەبێ سەرەتا لەهەندێ کورتە ناسینی سروتەوە دەستپێبکەین، چونکە (ناکرێ لەو بۆچوونە دووربکەوینەوە، کە سرووت دەگەڕێنێتەوە سەردەمی نادیار، هەروەها بە ئەفسانە پێوەندیداری دەکات، بەڵام لەتوانای زانیارییەکانماندا نییە، کە بتوانرێ سرووت شرۆڤە بکەین، بەڵکو هەر سرووت تەنیا خۆی توانای ئەم شرۆڤە ئەفسانەییەی هەیە [1]، ناکرێ لەم ڕووەوە تەنیا ئەفسانە بە بنەچەو پێوەندیداری سرووت بزانین، چونکە پێوەندییەکی پتەو هەیە لەنێوان سرووت کە تەنیا خەیاڵەو دوورە لە ڕاستی لەگەڵ ئەفسانەدا، کە وێڕای خەیاڵ، هۆنینەوەی ڕاستی تێدایە،واتە سرووت بێ بەش نییە لە خەیاڵی ناڕاستو هۆنراوە، بۆیە زۆر کات سەرچاوەی سرووت لە ڕێگەی خەیاڵەوە کە هیچ بوونێکی ڕاستەقینەی نەبووە، بەڵکو جوانکاریو ترسی بۆ کراوە، تاوای لێهاتووە، بوونێك بدەنە خەیاڵو بیخەنە چوارچێوەیەکی ئەفسانەیی یان تاڕادەیەك باوەڕ پێکراو، دواتر سرووتەکان بوونەتە کردەیەکی کۆمەڵایەتیو نەوەکانی داهاتوو پێڕەویان کردووەو بەس، زۆرکات بەشێوەی ڕەهاش پێڕەو کراون (ئەگەرچی ئەقڵی مرۆی سەرەتایی توانای ڕاستکردنەوەو زانینی سەرجەم ڕووداوەکانی دەوروبەری نەبووەو لەوبارودۆخەیدا، بووەتە هۆکار بۆ ڕوودانی پشێویو ڕوداوەکان)[2].

مرۆڤ لەحاڵەتی نائاگاییدا هەوڵی دانانی چەند بنەمایەکی بۆ ئەم حاڵە داناوە تا بتوانێ لە هزری خۆیدا سنوورێك بۆ ڕووداوە میتافیزیکییەکان دابنێ ئەمەش بەو مانایە نایە کە مرۆڤەکان بێ ئیرادەو دۆشداماو بوون، دیارە ئەمەش لێکدانەوەی هەڵە بووە بۆ ئەو ڕووداوانەی جگە لەم پڕەنسیپانەی کە تایبەتن بە سرووتو پێڕەوکردنیان لەبۆنەی دیاریکراو هیچیتر نەبوون، (مۆلەر لەو باوەڕەدایە کە بێ هەست کردن هیچ شتێکیتر لەهۆش دروست نەبووە، بەڵام

هەست کردن بەهەندێ شت کە دەستی مرۆ، توانای گرتنی نییە وەك هەتاو مرۆی گەیاندە قۆناغی کۆتایی لەهەست بەشت کردنو دیاردەکانیشی وایان لە مرۆڤ کرد کە هەست بە کۆتایی نەهاتن بکات)[٣].

مرۆڤ بەدوای گومان کەوتو هزری فەلسەفە بۆ گەیشتنە یەقین چەکەرەی کرد، لەمیانەی ئەو هەموو ڕووداوانەی بەهەستو بێ هەست یا لە باری ئاگاییو نائاگایی ڕوویان دەدا، تابتوانێ لەم دیو پەردە بگاتو ئاستێکیان بۆ دابنێ، بەڵام دیارە داهێنانو بەدواداچوونی سرووتە باوەکانو نوێ کردنەوەیان ڕێگەی ئەوەی پێ بڕکردن تا ئەم سرووتانە بکەنە وەسیلە یان پەیژەیەك بۆ دابین کردنی بڕی کەم یان زۆری دڵنەوایی، تایلەر لەو باوەڕەدایە، کە (هەموو سرووتو باوەڕە ئایینییەکان، دەرئەنجامی کۆمەڵە هەڵەیەکن کە لەسەرپەرشتی هەندێ دیاردەی دیاری وەك خەون بینینو نەخۆش کەوتنو خەوزڕانو مردنو ژیان، دەرکەوتوون)[٤]، کەواتە هەڵە بوو بەسەرچاوە بۆ سرووتو داهێنانی ئایین، ئەم ڕێگەیەشیان بۆ پڕکردنەوەی هەڵەکان بووە، واتە پرۆسەی ڕەنگدانەوەی ماددی، بوو بە کارتێکەرو مرۆڤو کۆمەڵگەش خۆیان بەکارتێکراو، دەکرێ ئەم هەڵبژاردنە بەڕێگەیەکی ناوەندیو ناچار بناسین، ئەگەرچی مرۆڤەکان وەك دوا ڕێگەی دڵنەوایی پەنایان بردەبەر، تەنانەت کار گەیشتە سەر باوەڕ هێنانو پیرۆزکردنی هەندێ ئاژەڵو دار کە پێیان دەڵێن (تەوتەم) هربرت سبنسر دەڵێ: ((هەر چۆنێك بێت، دەبێ ڕۆحەکان ببنە خوداوەند، چونکە پەرستنی باوانە یەکەمینەکان سەرچاوەی هەموو ئایینێکن)[٥]، دیارە نەمانی باوانە یەکەمینەکان بەهەر بیانوویەك بێت، ئەگەر بۆ مەبەستی ڕازی کردنی دڵیان (باوانەکان) بێت پەرستنیان پێویست بووە، سەرەڕای ئەمەش هەست کردن بە ڕۆحیانەتی ئەم باوانە، دوای مردنو لەناوچوونیان، چونکە هەر هربرت سبنسر خۆی (ترس لە مردن بەسەرچاوەی ئایین دەزانێت)[٦]، کەواتە پیرۆز کردنی باوانەکان لە ترسی ئەم ڕۆحە جێماوەیە، کە لە ئەندێشەو هزری زیندووەکاندا، خۆیان مەڵاس داوە. جا لێرەدا سرووتەکان کە بە کرۆکی ئایین ناسراون، بەدرێژایی سەردەمە لەیەك جیاکان بوونە هاودەمو هاویاری مرۆڤایەتی، (ئیتر سرووت بوو بە تەقلیدو



بۆماوە، تەنانەت لەسەر پێڕەوکارانی نەبوو کە بەدوای سەرچاوەو هۆکاری پێڕەوکردنیان بچن)[٧]، کەواتە دەبێ بزانین، کە (سرووتە کۆمەڵایەتییەکان بریتین لەو ئاستەی کە وەك یاسا یا عورف لەمیانەی ئایینەکانەوە پێڕەو دەکرێنو دەبنە نموونەی هەرە باڵا، لەسەر تاکیش پێویستە بەم شێوەو جۆرە ڕەفتارانەی سرووت ڕازی بێتو پێوەی پەیوەست بێت)[٨]، دووبارە کردنەوەی خۆبەدەستەوەدانی مرۆڤەکانە، ئەم جارە لەمیانەی پێڕەوکردنی ڕەهاو پێوە پەیوەست بوونی سرووتەکان، لەمەش زیاتر بەوە ناسراون، کە (ئەو ڕێسای ڕەفتارانەن، لەسەر مرۆڤ پێویستە دەرهەق بە شتە پیرۆزەکانو باوەڕە ئایینییەکان پێڕەویان بکات، ئەو تێڕوانینەش، کە دەبنە دەربڕی سروشتی شتە پیرۆزەکان)[٩]. هەڵبەت بەهۆی ئەم پێوەندییە دیالەکتیکییەی نێوان مرۆڤو سروشتی ژیان وا لە مرۆڤ دەکەن، تا لێرەدا ئەمانە (سرووتەکان) لە ئەنجامی بیرکردنەوەو بوونی هەڕەشەو ترس دروست دەبن، ئەوانیش بەهۆی پێوەندیی نێوان ئەقڵو دەروونی مرۆڤ وا دەکەن بێ لا ملی لەسەر تاکە شتەکان بەرزو پیرۆز بمێنێ، بگرە زۆر کات داوای دەست بەرداربوونی لێ دەکەن بەرامبەر هەر جۆرە مەعریفەیەك کە لەگەڵ سرووتەکەو شێوازەکەیدا نەگونجێ. بێگومان سرووت دەکرێتە دوا مەنزڵگەی ژیانی زیندەگی (ژیانی سەرزەوی)و تاکە سەرچاوەش، کار دەگاتە دروست بوونی کاریگەریی ئەو لایەنە ماددیو ڕۆحییانەی بەچاونابینرێن، سەرەڕای شتە بێ کۆتاییە دوورە دەستەکان، بۆ دەرخستنی هاوکێشەیەکی بەردەوامی ژیانی کۆمەڵگە تەلقینییە ڕۆحانییەکان کە ئەویش هاوکێشەی دەست بەرزرکدنەوەو خۆ پاك نیشان دانو نەرمیی نواندنە بەرانبەر هێزە شاراوەکان، وا لە عەقڵ دەکات لە قاوغ بدرێت. (ئەگەر ئێستای ئایین سەیر بکەین کە پێش هەر شتێك خۆی لە کۆمەڵێك ئەقیدە دەبینێتەوە، ئەوا جاران بریتی بوو لە کۆمەڵێك سرووت کە لەشێوەی سرووتی کۆمەڵایەتیدا بوو، دیارە خەڵکیش ئەم سرووتانەیان بۆ نزیك بوونەوە لە خواوەندەکانیان ئەنجام داوە)[١٠]، بەشێوەی لێکدانەوەی (داروینی)، کە مرۆڤ لە پێناوی مانەوەی لە ژیان، جۆران ڕێگەی گرتووەتەبەر، دیارە دوای ئەوەی مرۆڤ لە ڕێگەی

بەرزەفت کردن یا کۆنترۆڵ کردنی سروشتو زۆربەی شتە مادیەکان لە ئاست هەندێ دیاردەی وەك مردن، هیچی بۆ نەکرا، بۆیە هەوڵی دا خۆی لەهەندێ ڕەمزو زناك نزیك بخاتەوەو ناویان لێبنێت، دۆرکایم (سرووت وەك پێویستییەك دەبینێ بۆ گۆڕینەوەو پشت بەستن بەیەکتر لە نێو خەڵکانی کۆمەلگایەك، واتە هەر لەنێوان کۆمەلگا خۆی)[١١]، هەڤگرتنی مرۆڤەکان بۆساتە وەختێك نەبێ نەیتوانی زامنی ئەو شتانە بکات کە مرۆڤەکان خوازیاری بوونو لەهەندێکی تریش خۆیان دەپاراست، بۆئەوەی لە مردنو کارەساتە بێ چارەکان دووربن، تا کار دەگەیشتە سەر دەست بەرزکردنەوەو سوژدە بردن، دواتر پێشکەش کردنی قوربانی، بەلای رۆبرتسن سمس (سەرەتای ئایین لە پێشکەش کردنی قوربانییەکانەوە بوو، هەر مرۆڤیش ئەم چەمکەی (ئایین)ی داهێنا تابتوانێ خاڵێکی پێوەندی لەنێوان خۆیو هێزە میتافیزقییەکان لەلایەكو لە نێوان تاكو کۆمەلگا دابنێ بەتایبەتی ئەوانەی کە گۆشتی قوربانییەکە دەخۆن)[١٢]، لە زەمانی کۆندا خواردنی لاشەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤانی ترەوە بۆ هەر مەبەستێك بێت، بەلایانەوە شتێکی ئاسایی بووە، بەلاّم کۆمەڵە کەسانێکیتر هەبوون بۆ مەبەستی خۆدوورکردنەوەیان لەهەر کارەساتێك، قوربانییان پێشکەش کردوە، کە زۆرجار واتە لەسەرەتادا خۆی لە مرۆڤ (قوربانی) دەدۆزییەوە بەتایبەتی ڕەگەزی کچان، دەکرێ بڵێین ئەم باوەڕە لەنێو زۆر گەلو نەتەوە تائێستاش وەك بۆچوونێك ماوەتەوە، بۆ نموونە لەنێو کوردان کاتێ ئاوی ڕووبار زۆر دەبێتو لافاو هەڵدەستێت دەڵێن ڕووبار هاوار دەکاتو خوێنی دەوێت، لەوکاتەدا خنکانی کەسێك بە پاساو دەهێننەوە، کە ئەمەش ئەفسانە نەبێ، هیچی تر نییە، ئەم کارەش دەرئەنجامی کەڵەکە بوونی مەعریفە بێ ئومێدییەکانی مرۆڤە، دیارە هەست کردن بەکەمیی لەبەردەم ئەم هەموو کارەساتانە وای کرد پێویستییەك دروست بێ بەهەندێ شت، کە قەرەبووی ئەم هەموو ناخۆشییانە بداتەوە، کە مرۆڤەکان لەسەردەمی ڕابردوو تا بە ئێستا دەگات دووچاری دەبوونەوە، واتە دەست بەرزکردنەوەو سوژدەبردن وەك واقیعێکی ماددیی بەرچاو لە گۆڕینی واقیعی ماددی بۆ میسالیاتو تەلقینو لەبەرکردنی سرووتەکان هیچ شتێکی تری



نەدا بەدەستەوە. بەواقیع کردنی سرووتەکان دوای سەرگەردانییە یەك لەدوای یەکەکانەوە دێت، کە مرۆڤ دووچاری دەبووەوە، بۆیە لەگەڵ سرووتەکاندا هێشتا بواری گومان کۆتایی نەهاتو بەردەوام بوو، ئەگەرچی داهێنانی ئایین ئەم گومانەی نەهێشت، بەلاّم دووبارەو چەند جارە بوونەوەی ڕووداوەکان بواری بە گومانی مرۆکان دایەوە، (بەلاّم وەك زانراوە ئایین لە دوولایەنی سەرەکیی دۆگماتیکیو سرووت پێکدێ، لایەنی یەکەم پێوەندیدارە بە جیهانی غەیبیی پیرۆز یان هێزی ئەودیو سروشتو لایەنی سرووتی ئایینی، کە کۆمەڵە وەسیلەیەکن دەبنە پاڵپشت بۆ ئەو دۆگمایانەو لە نێو خەڵك بەهێزی دەکەنو هەست بەهاوکاری کردنو پەیوەست بوون بەیەکتری زیاد دەکەن.)[١٣]، بەسەنتەر بوونی سرووت بۆ ئایین، وای کرد هەستی ئایینی درێژ بکرێتەوە تابنەچەی پێوەندییەکان لەنێو خەڵك بۆ ئایین تۆکمە بکات، ئەمەش لە ڕێگەی وەسیلەی جۆراوجۆرەوە کە سەرەڕای ڤالاّ کردنی دەروازەی ئایین بۆ لە خۆگرتنی سەرجەم سرووتە کۆمەلاّیەتیو نەتەوەییەکان، دوای ئەم تێکەڵبوونەو چەمکە داتاشراوە (ئایین)، دەکرێ بڵێین هاوکێشەو تیۆری ڕەت کردنەوەی کۆن بۆ نوێ یان جێگیرکەر لە جێی جێگیرکەر،ئەمەش لەو کۆمەلگایانەی تەواو ئەبستراکت بوون، ئەگەر بۆ ساتەوەختێکی کەم نەبێت لەگەڵ رە کۆمەلاّیەتییەکاندا نین بۆ ئەنجامدانیان، (کەچی لەکۆمەلگای ڕۆژئاواییدا، ئەگەر خەڵکانێکیان دەستیان بە ئایینەکەیانەوە گرتبێ، ئەوا تەنیا بەشێوەیەکی ئەبستراکتەو بۆ ناوە، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا بەشداری ڕاستەوخۆو زیاتر لە سرووتو بۆنە کۆمەلاّیەتییەکانی وەك گواستنەوەی کۆمەلاّیەتی کە لەکاتی منداڵ بوون یان چوونە قۆناغی ژن هێنانو مردن دەکەن هەروەها دەتوانین گریمانەی ئەوە بکەین کە لەلایەنی دەروونییەوە شتێکی خۆشە، سەرەڕای ئەوەش هەست دەکەن، کە ئەم ڕووداوانە شایستەی پیرۆزیو ڕێزگرتنن)[١٤] کەواتە شوناسنامەی ڕۆحی، زۆر بەسانایی پیادە دەکرێ دوور لە ئاڵۆزیو پەرگرتن وەگەڕخستنیان لە ساتی پرۆسەی سرووتەکاندا، هەر لەوکاتەدا پانتایی ڕووداوەکان دێنەوە یاد کردنەوەو بکەرەکانیش بەنموونەیەکی هاوچەرخ لە ئەنجام دانی ئەم کۆمەڵە سرووتە

کۆمەڵایەتییانەی وەك منداڵ بونو ژن هێنان، بەشداری دەکەن، کە وەك خۆنوێکردنەوەیەك نمایش دەکرێت، لەساتی ئەم یادکردنەوانەدا هەردوو لایەنی نەستو هەست، بەشدار دەبن، مەبەستی بەشداری نەست خۆگواستنەوەیە بۆ ساتێکیتر کە ڕەنگە پڕ بێ لەچەپاندن، لەوکاتەدا تاکەکان بەهەمەکی دەچنە دەم قۆناغێکی تر یا شێوەیەکی تری کاتیو تێپەڕ لە مەیدانی ژیانی ڕۆژانەیان، دەکرێ بڵێین سەرجەم سرووتەکان دوو فاکتەر لەخۆ دەگرن وەك ترسو خەمڕەوێنی، کە لەهەردوو باردا دەستە پاچەیی مرۆڤ دیارە، وێناکردنی شەیتان لەزەینی مرۆڤو گواستنەوەی بۆ ئەوپەڕی دۆشدامانو بێ ئیرادەی دەسەڵات بەرامبەری، کە ئەمەش گواستنەوەیەکە بۆ گەیاندنی تاك بە هەڵبژاردنو دیاریکردنی خەمڕەوێنێك یا چارەسەرییەکیتر، کە خۆی لە دروست کردنی ئەم سرووتانە دەبینێتەوەو بیکاتە ئەلتەرناتیڤێك بۆ دژە شەیتان یان خراپە، ئەگەر ئایین وەکو ترسو خەمڕەوێنێك بێت، کە لەم دیوی ترس مەلاس دراوەو لەسەریشی بنیات نراوە، ئەوا (سرووتەکان جێگەی ئایین دەگرنەوە، کە ئەمەش لە زۆربەی نووسراوو تیۆرە ئەنترۆبۆلۆژییەکان بەدیار دەکەوێ، چونکە مەبەست لە سرووت لای (م. دۆگلاس) بریتییە لەو ڕەفتارانەی کە وەکو ڕەمزێك پەیوەستە بە کائینە پیرۆزەکان لەلای کۆمەڵگە سەرەتاییەکان)[15] کەواتە ڕێزگرتن بۆ خۆپاراستن لە ئایینو سرووت وەك یارمەتیدەرێك بۆ ئەم کارە بەکاربراوە، دیارە ئایین وەك بیروباوەڕو سرووت هاتووەتە ئاراوەو پێوەندییەکی فرە پتەو لەنێوانیاندا هەیەو پیرۆزیی سرووتەکانیش هەر لەو قاڵبەدایە، کە وەکو ڕەمزێك بۆ دیاریکردنی بازنەی پێوەندی لەنێوان بکەرانی سرووتو کائینە پیرۆزکراوەکاندا دیاری کراوە، بەڵام نکۆڵی کردن لە سرووتە کۆمەڵایەتییە کولتووریو میللییەکانی ناو کۆمەڵگە چەمکی نوێی دروست کردووە بۆ ناوزەدکردنی ڕێبوارانی دەم ئەم سرووتانە وەکو زندیقو گومڕاو....کە بە بیانووی زیان گەیاندنو سەرلێشێواندنی کۆمەڵگە گوناهبار دەکرێن، لەم حاڵەدا دەبێ سرووتە ئایینییەکان لە ڕێگەی جۆشدانی خەڵك، هاوسەنگی دروست بکەن وەك کردوویانە، هەڵبەت ئەمەش لەمیانەی پێڕەوی سرووتەکان دێنە دەرکەوتن



لەو بۆچوونو ڕایانەی پاڵپشتی ئەم بۆچوونە دەکەن ئەوەیە، کە (سرووت بریتییە لەو چالاکییە دیاریکراوە ڕۆحییەی کە پشت بە عورفی دیاریکراوی شارستانیی کۆمەڵ دەبەستێ، ئامانجیشی کێش کردنی سۆزی خواوەندو خۆ دوورکردنەوەیە لە تووڕەییەکەی، دەبێ ئەوەش بزانین کە وەسیلەکانی دەربڕین لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکیتر بە گوێرەی چوارچێوەی دیاریکراو دەگۆڕێن)[16]، لێرەدا دەردەکەوێ، کە (پێڕەوکارانی سەرجەم سرووتە ئایینییەکان نزیك بوونەوەیەكو خۆ خۆشەویست کردنیانە لەلای خواوەند؟ چونکە ئەوان وا بۆی دەچن، کە هیچ دەرگایەکیان جگە لەمە لەبەردەمدا نەماوەتەوە)[17]، لە بەردەوامیی ئەم تەنگژەو قەیرانە مەعریفییەی، کە مرۆڤایەتی لەمیانەی مسیالیەتی ڕەها، بەدرێژایی ژیانی تێی کەوت، وای کرد کە سرووتەکان بکاتە پردی پەڕینەوە بۆ خۆ گەیاندنە سەرچاوەی دادو فیغانەکانیو لەڕێگەیەوە ئومێدو دڵنەواییەك ببەخشێتە خۆی، دەرئەنجامی ئەم هەموو گومانەو ئەم بڕیارەی مرۆڤایەتی، هێشتا نەتوانراوە لایەنی مەعریفی تێر بکرێت، ئەگەرچی بەبوونی ئەو دیوو سرووتەکانو دامەزراوەکانی جا ڕەسمی یان ناڕەسمی بن لەنێو کۆمەڵگا، نەتوانرا لەمە زیاتر مرۆڤایەتی هەنگاوی پێ هەڵبێنێ، بۆیە لەحاڵەتی ئەم جۆرە سرووتانە، تەنیا توانرا خۆ پڕ ئومێد بکرێت، بەلای ئایینی مەسیحییەوە، خەتایەکەی ئادەم بۆنەوەکانی گوێزراوەتەوە، ئەمەش دەقاودەق لەم گومانەی مرۆڤ نزیکە، کاتێ بەدرێژایی ژیان خۆی بەگوناهبار دەزانێو هەموو کارێك دەکات بۆئەوەی بێ گوناهیی خۆی پیشان بداتو لەبەرانبەر ئەوەدا زۆربەی کات سرووت بۆ ڕۆح پاك کردنەوەو ئاویش بۆ جەستە، بۆیە دەبینین تەنانەت لەدوا ساتی مردن، مردوو بەئاو دەشۆرێت، زۆربەی ئایینەکانیش جەخت لەسەر پیرۆزیی ئاو دەکەن بۆ ژیانو پاك بوونەوە؟ (دیارە زۆربەی کۆمەڵگاکان لەو باوەڕەدان کە ئەم کەسە (مردوو یان زیندوو) ئەم گوناهو ناپاکییانەی کردوویەتی بە شووشتنی لەشی بەم ئاوە، لەلەشی دەبێتەوەو دەپەڕێتە دەرەوەی جەستەوە)[18].

وێڕای باری ئاسایی جەستە دوای پاك بوونەوەی، ئەوا پێشوازی نەکردنی خواوەندە لەکەسانی جەستە پیسو گوناهبار، چونکە ئەم پێشوازی ناکات لەمرۆڤە پڕ خەوشو گوناهبارەکان، سەرەڕای دروست بوونی مرۆڤ لەئاو وەك یەکانگیریەکی ئەم سەرەتایە بە کۆتایی ژیان کە شۆرینە بەم ئاوە، واتا زیندەوەران گشتیان لەئاو دروستکراون تێکەڵاوکردنی ئاوی پاکی جەستەو رۆح، پاککردنەوەش لەمیانەی پرۆسەی سرووتەکان، ئەوا ناکرێ هەڵگرانی بیروبۆچوونی (کۆپیبوونەوەی رۆح) فەرامۆش بکرێ، کە باوەڕیان بەگوێزانەوەی رۆح هەیە، چونکە بەگوێرەی (کۆپیبوونەوەی رۆح) (خودانی ئەم بیروباوەڕە) ئەوا ئەو منداڵانەی لەدایك دەبن باوكو باپیری ئێمەن بەوەش رێزیان لێدەنرێ کە بەناوی (باوان)ەوە بکرێن)[19]، ناولێنانی مناڵی تازە لەدایك بوو بەنێوی باووباپیرانەوە بۆ بوونی نەزعەی نۆستالیژییانە دەگەڕێتەوە لەگەڵ پاراستنی رۆحی سەلەفیەت لەعەقلیەتی کۆمەڵگەی سەرەتاییو دواکەوتووەکاندا، ئەمەش لەنائاگاییدا بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە نەوەی دوای سەلەفیەت هەردەم بوونی خودی خۆی لەبوونی چینی بان توێژی سەلەفیەتدا دەبینێتەوە، بەحوکمی ئەوەی بەردەوام بەگوتاری کۆنی حازر بەدەستی ئەوان پەیوەستە، سەرەڕای هەوڵدان بۆ دروستکردنی مەنزلگەیەك واتە دابەزاندنی مردوو لەحاڵی نائاگاییەوە بۆ مەنزلگەیەکی ئاگایی بەرچاو، پیرۆزکردنی شوێنگەکەی جارانیان دوای ئەمانەش پەیوەست بوونی بەجێماوی وەسیەتو نزای بەر لەمردن کە پڕن لەوشەی هەست بزوێن، سەرەڕای حەزنەکردن بەمردنو درێژکردنەوەی ژیانی مردوو واتا وێکچواندنی منداڵی ناولێنراو بەکەسی مردوو، دواتر گواستنەوەی وەهمو خەسڵەتو ئاکارەکانی مردوو بۆ لەدایکبووەکە، ئەم ناونانەش لەڕووی سایکۆلۆژیەوە بۆ کەسی زیندوو جۆرە سیفەتێکی نافیتڕی پێدراوی بۆ دروست دەکات. ئاڵۆزی پەیوەندی نێوان سرووتە نەتەوەییە کۆمەڵایەتیەکان رێگەی خۆ سەپاندنی سرووتی ئایینیدا کە دواتر لەچوارچێوەی دران و گۆڕانیان بوو بەمەحاڵ، کەواتە ئایین رۆڵێکی میکانیکی لەنێو کۆمەڵگەو دامەزراوەکانیدا بینی، هەر لەژێر رۆشناییو بۆچوونی دیدێکی ئایینیبوو کە هانی حەزرەتی



(ئیبراهیم) درا تا کوڕەکەی لەسەر فەرمانی خوا سەرببڕێتو بیکاتە قوربانی، بەدیکردنی ئەم دیاردەیە لەلای کۆمەڵگە کۆنەکان کە تیایاندا مرۆڤ وەك قوربانی گەورەترینو بەنەخترین بوونەوەرە پێشکەش دەکرا، ئەمە وای (لە ئەنجومەنی پیرانی رۆما کرد کە لە (٩٧)ی پ.ز بڕیاری قەدەغەکردنی مرۆڤی وەك قوربانیدا) [20] ئەم قوربانی نمایشەش بۆ هەر مەبەستێك گۆڕابێت بۆ ئاژەڵ، وەك لەکاتی لەدایکبوون بان پرسە کە زیاتر لایەنی دۆگماتیکی باو دەگرێتەوە جیاوازییەکی زەق هەیە لەنێوان ئەو قوربانییەی بۆ سرووتی لەدایکبوون یان پرسە دەکرێن ئەو باوەڕە چەسپاوەی نێو زۆربەی مرۆڤایەتی، کە بەندە بەدروستکردنی جیهانێکی خاوێنتر لەوەی ئێستاکە لەم ژیانە تێیدا میوانە. لەلای سۆمەرییەکان، (کوڕ) واتە ئەو جێگە بەتاڵەیە کە لەنێوان رووی زەویو دەریای یەکەمدایە کە تێیدا سێبەری مردووەکانی لێوە دەردەچێ، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا جۆرێك لە ژیانیشی تێدایە، دەکرێ ئەمە لە سفر اشعیا (٩:١-١ بەدی بکرێ) [21] بەرۆح هاتنەوەی سێبەری مردوو دوای ناشتنی وەك ئەم باوەڕە باوە وایە کاتێ سەردانی گۆڕی مردوویەك دەکرێ لەسەرینی نمایش دەکرێ لەسەر بنەمای بینینی رۆح بۆ مادديياتی نزيك، کە ئەمەش لەنێو ئێمەدا زۆر باوە، لەگەڵ ئەوەدا ئێمەی کوردیش وشەی گۆڕ لەبری (کور) بەکاردەبەین، لەمیانەی ناراستەوخۆ بوونەوەی پەیوەندی نێوان زیندوو مردوو، دوای نەمانی بینینی راستەوخۆ، کە ئەم پەیوەندیە گۆڕا بۆشێوەی نەستی باو، پرسە، کە بەیەکێ لەدیاردە باوەکانی نێو کۆمەڵگە دەناسرێ، کە بۆ مردوو ئەنجام دەدرێ واتە دوای فەنابوونی ئەندامێکی کۆمەڵگە، بۆ رێزلێنان لەرۆحی ئەو کەسەش کە مردووە دێتە ئەنجامدان، لەراستیدا ئەنجامی سەرەکی لەدانانی پرسەو بەشداریکردنی سەرجەم ئەندامانی خزموکەسی مردووەکە بریتییە لەئیلتیزامێکی کۆمەڵایەتیو سەرلەنوێ کردنەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، کە ئاشکرایە ئەو بەشداریکردنەش شتێکی سەپێنراوەو بەدەرە لەخواستو ویستی تاك.

لەبەرئەوە ئەگەر تاك بەشداری تێدا نەكات، دووچاری سزای كۆمەڵایەتی دەبێتەوە ئەمە وەك لێكدانەوەیەكی ئەنترۆپۆلۆژی، فاكتەرێكە بۆ پارێزگاریكردن لەمانەوەی پەیوەندییە كۆمەڵایەتییە جێگیرەكانی سەروەری سیستەم، بەڵام دیسان لەڕوانگەی سایكۆلۆژییەوە ئامانجێكی بایەخدار دەبینێ ئەویش بریتییە لەسەرلەنوێ پێداچوونەوەی هەستو نەستو قوڵایی ناخ لەلایەن كەسی بەشداربووی ئەو جۆرە سرووتە، كە ئەمەش وادەكات لەم ماوەیەدا زۆر لەنەزعە شەڕانگێزییەكان، كەوا شتێكی ئاساییەو لەناو ناخی مرۆڤدا هەیە، ئەوا بەهۆی ئەم كارەساتەوە لەلایەن تاكی بەشدار لەم جۆرە سروتانە دەچەپێنرێتو ناخ سەرلەنوێ پاك دەبێتەوە، ئیتر مردوو لەرێگەی هەستو نەستەوە دەبێتە كارەكتەری خەونی شەوانو خەیاڵی دەماودەم واتە پانتایی داگیركردن لەهزرو ئەندێشە، لێرەدا رۆڵی مردوو زۆركات دەبێتە دێوەزمە، هەر لەوكاتەدا بڕیاری پەلەكردن لەپێشكەشكردنی قوربانی دەدرێت، بەتایبەتی كاتێ مردوو بێتە خەونی كەسێكو بیەوێت لەگەڵ خۆیدا بیبات، (خەڵكی سەرەتایی زۆر لەمردوو دەترسان چونكە بەلایانەوە دەبێتە خەڵاتو سزا؟ ئەگەر بهاتایە سروتو سەرمۆنیای تایبەتیان بۆ سازنەدرابووایە، بەلایانەوەش وابووە كە مردوو دەتوانێ زیندوو بخاتە نائومێدییەوە، ئەنجامدانی ئەم سرووتەش بەلایانەوە كاریگەری هەیە لەسەر رۆحی مردوو، هەروەها دوورخستنەوەی زیندووەكانو دابینكردنی هێمنیو ئارامیان)[22]، درێژكردنەوەی مردوو لەبەردەم ژیانی زیندووەكانو پەرچەكرداری ئەوان كەسان خۆیان لەپاڕانەوەو قوربانیدان لەهەر چوارچێوەیەك بێت دەبیننەوە، لەلای میسرییە كۆنەكان وابووە كە (دوای خستنەوەی تەرمی مردوو مانگا یان مەڕ)ێك بكرێتە قوربانی، چونكە بەلایانەوە ئەگەر ئەم كارە نەكرایە ئەوا مردوو دووای خۆی بەڵاو نەخۆشی یان ئەو هۆیەی بوو بە سۆنگەی مردنی، دەنێتەوە)[23]، هەر بۆ هەمان مەبەست (ئەوان- میسرییە كۆنەكان- وایان لێكدەدایەوە، كە ئەم قوربانیكردنە دەبێتە هێزێكی زیندەگی بۆ تاكەكانیتر، سەرەڕای ئەمەش دەبێتە نوێكردنەوەی پەیمانو وەفا بۆ رۆحەكانو رازیكردنیان لەرێگەی قوربانیو ئەو نوێژانەی لەساتی ناشتنیدا



بۆی دەكرێت[24]، دیارە لە هەرە ساتە پڕ مەترسیەكاندا كاتی مردنو دواتر دنیای ئەو دیو، كە خۆی لەدۆزەخو بەهەشتدا دەبینێتەوە لەهەرە گەورەترین ئەو مەترسیانەن كە وایان لەمرۆڤایەتیكرد، جۆران پاساو بۆ سەرجەم سرووتو سەرمۆنیاكان بهێنێتەوە، بۆیەش قوربانی بۆ مردوو سەدەقە بۆ هەردوو بارەكە، تەنیا بۆ بەردەوامیدان بەداینامۆی ژیانو شێوە بەردەوامكردنی، لەوكاتەدا مردن رۆڵی ئالیەتی ژیان دەبینێ، كە ترسو خۆ بەدوورگرتن لێی جۆران كار فێری مرۆڤ دەكا، ئەگەر هەر بەهەمان خەیاڵی باو بڕوانین ئەوان لەمیانەی ئەم پرۆسەیەی سرووتی قۆربانیو پرسەدا كە بۆ مردوو دەكرێ هەست بەبوونی ویژدانی ئەبستراكت دەكەین دوور لەلایەنی عەقڵو باڵادەست بوونی ئەندێشەو سۆزو تێفكرین لە یەكتر جیابوونەوەی نێوان جەستەو رۆح، كە جەستە دەبێتە سیمبولێك بۆ ئەزموونو پەند، وەك دیارە ئایینەكانیش ئەم گۆڕانەی لە ڕوخساری مردوو بەدی دەكرێت دەكەنە زناكێك بۆ دەرچوونی ڕۆح، (هەندێك سرووتی قوربانی بەیەكگرتنەوە ناودەبەن، بوازی: بەسرووتی تێكشكاندنی ئەو بوونەوەرە زیندووەی دادەنێ كە لەپێكهاتەی ژیاندایە، مرۆڤیش وای بۆ دەچێ كە لەم ڕێگەیە دەتوانێ وەكو وەسیلەیەك سرووت بەكاربهێنێو كار بكاتە سەر هێزەكانی ئەو دیو سروشت یا بزر)[25]، خۆ گەیاندنەوە بە ئەو دابڕانەی كە وروژمی زیاد دەكات لەمیانەی یادگاریو یادەوەرییەكانی كە مردوو بەجێی هێشتووە، لێرەدا ئاوێتەبوونەوەی ڕۆح لەنێوان زیندوو و مردوو چێ دەبێ، واتە جاران مردوو زیندوو بوو، ئێستا وەك داینەمۆ دەبێتە بكەری هەندێ سرووت كە لە ڕێگەیەوە لەدڵو دەروونو ویژدانی كەسەكان دەژی، جاچی بۆخۆپاراستن یا ڕزگاركردن بێ یان تەنانەت پێوەندییەكی هەبێت لەگەڵ مردوودا، كەواتە سرووتی قوربانی جۆرێكی تایبەت نییە لە سرووت، بەڵكو ڕەگەزێكە لەچەندین پێكهاتەیدا، بەم پێودانگە مرۆڤ نەیتوانیوە خۆی لەم كێشەو ململانێیە یەكلا بكاتەوە، كە بە ململانێی نێوان بۆچوونو ڕاڤەی خەیاڵەكان ئەوەندە بڕی كردووە تائێرە ناوزەد دەكرێ، بێ گومان ئەم تێكشكاندنەش لەنێو هەستو نەستی تاك نەكرێ هیچی لێ بەرجەستە نابێ، بەڵام ئەم شێوە گۆڕانە كە لە

تێکشکاندن دروست دەبێ گرانەو بەسانایی دروست نابێ، تایلۆری زانا، قوربانی کردن واتە پێشکەش کردنی قوربانیی بەدیاردەیەکی مانادار لێك دەدایەوە، کاتێ پێشکەشی رۆحەکان دەکرا، (لەلای ئەڵمانەکان لەسێ کاتدا قوربانی پێشکەش دەکرێ، یەکێکیان قوربانیی سوپاسو ستایشو قوربانیی تکاونزا، هەروەها قوربانیی کوفرو گوناهیش، ئەگەر لەلایەن تاك یان کۆمەڵەوە بێت)[٢٦]، لە میانەی ئەم بۆچوونانەدا دەسکەنەی ئەوە دەکەین کە ڕووداوە سروشتییەکان بوونە دەنگۆیەك بۆ وەئاگاهێنانی مرۆڤو هۆشیار کردنەوەی بۆ تێفکرین لەم ڕووداوانەو بکەرەکانی پشت پەردەی ڕووداوەکان، بەتایبەتی لە دەستدانی ڕۆح ترسو گومانی زیاتر کرد، ئەو مرۆڤەی لە ئەنجامی ئاژاوەو کارەساتو گرکانو دیاردە سروشتییەکانیتر مرۆڤی پەلکێشی گەڕان بەدوای سەرچاوەی هەڵگرەوە یان ڕۆحێکیش، واتە ئەنجامی ئەم هاوکێشەیە کە خۆی لە بکەری ڕۆحکێش لەگەڵ جەستەی مردوو، بوو بەهۆی دروست کردنی گومانو مرۆخستنە بواری نائاگایی، لەوساتەوەش دەست بەپاڕانەوە وقوربانی دان کرا، بەلاّم گەلۆ ئەم قوربانی کردنە بۆ کامەیان دەکرا ڕۆحکێش یا مردوو کە خۆی لە ڕۆحەکەی دەدۆزییەوە، هەندێك بۆچوون وایە، کە (قوربانی بۆ ئەوەیە تا مردوو لەشوێنە خوێن لێ ڕژاوەکە یان لە کەسانی دەوروبەری دوور بکەوێتەوەو هەراسانیان نەکات، چونکە کوشتن یاسەر بڕینی پەلەوەرێكو خوێن ڕژانی مانای قەدەغەکردنی (تابووکردنی) شەڕو ئاژاوەیە)[٢٧]. کەواتە زیندوو دوای مردنی ببێە مایەی هەراسان کردنیزیندووەکان، ڕەنگە بێ ئەوەی جیاوازییەك هەبێت بۆ مردووەکان، بەوەی کەسەرچاوەن بۆ نەهامەتیو ئاژاوە، کەواتە هەموو زیندوویەك گوناهبارەو هەر بەمەش سەردەنێتەوە، ئەگینا بۆچی ئەم قوربانی کردنەو پاڕانەوە بەردەوامە پڕ هەڵکشانو داکشانانە.

پرۆسەی پەرستنو تەوبەکردنی بەردەوامانەی مرۆڤەکان تا ئێرە بریتی بوو لە هەوڵدان بۆ ڕازی کردنی دڵی مردوو، بەتایبەتی کاتێ لەمیانەی خەوندا زیندوو دەبێتەوەو داوای یارمەتی لە خەونبین دەکات، سەرەڕای ئەم باوەڕە لەنێو کۆمەڵگای کوردەواریو زۆربەی کۆمەڵگاکانیتر، ئەوا ئەم بۆچوونە هەیە کە



گوایە مردوو لەسەر مەزارگەکەی زیندوو دەبینێ یان زۆرجار گوێمان لەهەندێ وشەی وەك (نەمری) دەبێت، جا بۆ هەر مەبەستێك بێت، ئەم لکاندنە وەهمییەی کە دوای نەمانی ڕۆحیانەتی جەستە بەزیندوو دەدرێتە پاڵی، کە ئەمەش زۆر لە نائاگایی تاکەکاندا خۆی حەشارداوە لەم ڕێگەیەوە گرێو کێشەکانی نێو یادەوەرییەکانیان کە لەنەستدا چەپێنراوە دەردەخەن بۆ خۆبێ گوناە نیشاندان، (مردوو ڕۆحەکەی لە جەستە حەشاردراوەو ماوەتەوە، تەنانەت لەو قوربانییانە دەخوات کەبۆی دەکرێت، هەر ئەم ڕۆحەیش وای کردووە کە پێوەندییان بەسەر زەوییەوە دانەبڕێو ئاگاداری هەموو شتێك بن)[٢٨]، ئەندێشە ماددیەتی خۆی لەبەرجەستەکردنی ئەم سەردانانە بەدی دەکات، کە دەکرێنە سەر مەزارگەی مردوو، واتا ئەم بازنەی پێ،ەندییە بەردەوامی دەدات بەخۆی، تادوای لە گۆڕنانیش (مردن).

سرووتێکیتر کە خوێن ڕشتنی تێدا بەدی دەکرێت، سرووتی (سوننەت کردن)ە، واتە دوای پرۆسەی خەتەنەکردن، دەست دەکرێ بە ئاهەنگ سازدانو شیرینی بەخشین، (بەلای جوولەکەکانەوە سوننەت کردن بە خاڵی یەکگرتن دەزانن لەگەڵ (یاهوا)و ئەم سرووتە بۆ پاککردنەوەی جەستە دێت، ئەویش لەڕێگەی ئەو خوێنەوە، کە لەو ئەندامەی زاوزێوە دەردەچێ، چونکە لەڕێگەی خوێن ڕشتنەوە ئەو (ڕۆح)ە پیسە دەردەچێ، فرۆید-یش ئەم سرووتە بە سرووتی سێکسی ناو دەباتو بەلایەوە هۆیەکەی مەعریفەی سێکسی نییە ئەوەندەی لە پێناوی ژیانی کۆمەلاّیەتیدایە بەگشتی)[٢٩]، سەرەتایەکی تری خۆ بێ گوناحکردنی تاکەکان لەدوای قوربانی بۆ هەردوولایەنی زیندوو هەروەها مردو، یەکگرتن لەگەڵ ڕۆحی پاكو بێ خەوش لەم پرۆسەیەدا دەبێ، کە سەرەڕای ئەمەش کوشتنی ڕێژەیەکی بەرزی هەوەسە لەلای مرۆڤ، کەتێیدا مەبەستە کۆمەلاّیەتیو ژیارییەکە زیاتر دراوەتە بەرچاو، بەرانبەر خەساندنی هەوەسی بەرباد، ئەگەرچی لە زۆر ولاّتان بڕیاری قەدەغەکردنی دراوە، ئەوا لەباوەڕە ئایینییەکان یا ئەقیدەکان بەکارێکی پیرۆز دەناسرێو ڕێزی لێ گیراوە، گلێرکردنەوەی سرووتە میللییەکان لەنێو سکی ئایینو ڕەنگڕێژ کردنیان بە

بۆیەی ئایینیو لە قالبدانیان، نەلوا لەبیر خەلکی ببرێتەوە، لەمانە سرووتی لە دایك بوون، شیرینی دەبەخشرێتەوەو ئاهەنگ دەگێڕدرێت، لەهەمان کاتدا، سیمبۆلی بەرەنگاربوونەوە چ جا چەقۆ یان خەنجەر یان کتێبی پیرۆز دەخرێتە ژێر سەری لە دایکبوو، بۆ مەبەستی بەدوورگرتنی لەشەوە یان چاوی پیس، (لەهەندێ جێگەدا، کاتێ منداڵیان دەبێ، بۆ ماوەی (چل) ڕۆژ لەبەردەرگە شاپڵیتەیەکی ئاگردار دەسووتێنن، ئەمەش بۆ مەبەستی ترساندنی جنۆکەکانە (خێوەکانە)، دوای هەفتەیەك ئینجا باوك دێت پەلەوەرێك بەناوی مناڵەکەی سەردەبڕێو بۆ هیچ منداڵێك نییە بۆ ماوەی (سی) ڕۆژ منداڵە لەدایکبووەکە ببینێت)[٣٠].

(ئارنۆڵد فان کە خاوەنی زاراوەی ( Rites Passage) سرووتی گواستنەوەیە، دەڵێ: ئەم سرووتەلە دایك بوون، سێ لایەن لەخۆ دەگرێ، ئامادەکردن واتە دروست کردنو هەوڵدان بۆ گونجانو بەیەکەوە بوونی زەینیو عاتیفی لەنێوان تاكو پایە نوێیەکەی، کە لەنۆبەرەی ژیانی پێشوازی لێ دەکات، سەرەڕای سرووتی ژن هێنان کە هەوڵێکە بۆ گونجاندنی دوولایەن یان کەس لەگەڵ یەکتردا)[٣١]، لەدایك بوونو خۆنوێ کردنەوە لەساتی بەرەوژوور چوون، کە جۆران ڕێکەوت ڕوودەدات، گواستنەوەیە بەرەو قۆناغێکی نوێ، لێرەدا چێ دەبێو واقیعیەتی ژیانی ئەم پرۆسەیە مەحکووم دەکات بەتێپەڕاندنی، (زۆر لە زانا ڕۆژئاواییەکان، ئەم سرووتە جا گواستنەوە یان لە دایك بوون بێت بەقەیرانی ژیانی ناو دەبەن، چونکە مرۆڤ تێپەڕ دەبێو بەرەو چارەنووسێکیتر دەچێت)[٣٢].

تێپەڕاندنی هەر قۆناغێك چارونووسێکی گەرەکە، ئەگەرچی حەشار دراوە، بەلاّم زۆر کات تێپەڕاندنی قەیرانەکانە، دووچاری قەیرانێکی تر دەبینەوە، بەلاّم بەردەوامی ئەم پرۆسەیە لە چێبوونی میکانیزمیەتی پێوەندیی لەدایك بوونو دواتر خۆسەلماندنی تاك لەڕێگەی ئەم پێوەندییەوە دەبێت، ئەگەر ئایینە ئاسمانییەکان بە نکوولی کردن لە زۆر بەو بگرە هەموو سرووتێکی تری بەدەر لەخۆی بکا، ئەوا زۆرکات کەسانێك هەن پاساو بۆهەندێ سرووت، خۆیان لەهەندێ ڕۆژو بۆنەدا دەبیننەوە، دیارە ئەم حاڵ گرتنانەی هەریەکە لەتوێژ یان



دەستەیەك لە سۆفیگەرو دەروێشەکان دەیکەن، لەو چوارچێوە ئایینییەن، کە تێیدا هەردوو جۆرەکە، شێوە ئاکاری سرووتییان جیایە لەیەکتر، لەمانە هەر لە دەست پێکردنو دواتر شوشە خواردنو زەرگو خەنجەر سرەواندنە خۆیان لەیەکتر، وەك لە سرووتی ڕۆژی (عاشوورا)دا، کە ئامادەبووان دەست دەکەن بە خۆئازاردانو لەخۆدان، هەمان شتیش لەلایەن هەندێ تایەفەی هیندی بەدی دەکرێ، (ئەم لەخۆدانە بۆ دەرخستنی ئاکاری سرووتییانەیە، چونکە لای تاکی بەشدار لە سرووتەکە بۆ هەر نمایشێکی سرووتی، لایەنێکی گرنگی پڕ دەکاتەوەو گرنگی دەدا بە کاریگەرێتیی ئەم پرۆسەیە)[٣٣]، خاڵی جودای نێوان ئەم سرووتەو ئەوانی لەمەوبەر بریتییە لە ئازاردانی ڕاستەوخۆی مرۆڤەکان، کەلێرەدا لەژێر فەرمانی سەر ئەڵقە یا پیر (شیخ) دەست بەکار دەبنو دەبێتە بازنەی ناوەڕاست، لەنێوان خواو کەسەکان (دەروێش یان سۆفی).

(لیچ پێی وایە کە سرووت هۆیەکی ڕاگەیاندنە، چونکە یەکێك لە خاسیەتەکانی ئەوەیە، کە دەربڕی زۆر ڕووداوو ڕەفتاری کۆمەلاّیەتییە)[٣٤]، ئەم هۆشداری کردنە ڕاستەوخۆیە، هەر بۆ خودو خواوەند نییەو بەس بەلّکو دووفاقییانە کاردەکات، کە کۆمەلگەش وێڕای بینینی بۆ ئەم دیمەنی سرووتە هەست بە هۆشیاربوونەوە بکات، دەرهەق بەم ڕەفتارو ڕووداوانەی نێو کۆمەلگا.

بە سەرنجدان لە دیمەنی ئەم سرووتانەی خۆ ئازاردان یا زەرگ وەشاندن ٠ (خوێن) ئەگەر زۆر کەمیش بێت بۆ ئەوەیە، کە پاکێتیو پیسێتیی لەیەکتر جوێ بکاتەوە، واتە پارسەنگ کردنی دڵو جەستە یان ڕۆحو جەستەی دەرەکی، لەوکاتەدا واتە لەساتی ئەنجامدانی ئەم جۆرە سرووتانە (زۆرکات تاك دەکەوێتە ژێر گوشاری لەدەست دەرچوون تەنانەت ڕشانەوەو پەرکەم گرتنو چاوڕەشکەو پێشکە کردن، کە زۆرکات ئەم دیاردانە وەکو (نواندنی موگناتیسی) سەیر دەکرێن، بەلای کەسە بەشدارەکانی ئەم سرووتە کارێکی ئاساییە، بەلاّم لەلای گەلانی پێگەیشتوو بریتییە لەنەخۆشیی دەروونیو عەقڵی)[٣٥]، حەسرەتیخۆ دوورکردنەوە لە جیهانی واقیعیو خۆگەیاندنە لایەنی نەستو کەوتنە ژێر گوشارە ڕۆحییەکان واتە جۆرێك لە ژیانی غافڵی دروست دەبێو گومانی

گەیشتنە دواقۆناغی پاکبوونەوەش، بێ گومان بەزیادبوونی تەنگژەو قەیرانەکانی کۆمەڵگە برەوی ئەم جۆرە سرووتانە زیاد دەبێ، کاتێ تاك لەنەست گۆشەگیر دەبێ ئیلتزاماتی زیاتر دەبێو بەرانبەر پەیوەست بوون بەشتە پیرۆزەکانو دروست بوونی ترس، ئیتر هەوڵی خۆلەبیرکردنو چوونە قۆناغی نائاگایی لەم جیهانە واقیعیەدا ڕوودەدا (دروست دەکا)، سەرەڕای خۆکردنە عیبرەتو پەیامی پاکبوونەوە لەم ڕێگەیەوە، (هەڵبەت زۆر لەو کەسانەی بەشداری لەم سرووتانە دەکەن کەسانێکن لەمەوبەر دوچاری کێشەو نەهامەتی هاتوونو توانای چارەسەریان نەبووە، بۆیە کاتێ کێشەکان لەلای ئەم پیرە (شێخ)ە چارەسەر کراون، ئەوا بونەتە تۆبەکارو دەروێش یان تەریقەت هەڵگر کە جیابوونەوە یان وازهێنان لێیان نەگبەتی لەدوایە، ئەم جۆرەش بە نەخۆشیی ئەپستراکتی دەروونی ناو دەبرێ)[٣٦]، بێ توانایی تۆبەکارو ئیرادە لە بیرکردنیەتی، بۆیە دواتر دەکەوێتە قۆناغێکیتر کە ئەویش ڕاگەیاندنیەتی بۆ تەوبەکردنو خۆدانە دەست کەسانی ترو قەناعەت پێ هێنانی، ئا لێرەدا جڵەو بۆ غەریزەکانیانو قەدەر شۆڕ دەکەن، دەچنە بواری ئەندێشەو هەموو شتێ بەیەکتر پەیوەست دەکەنو وەزیفییانە دەڕواننە کارو بەرانبەر بوونەوەکەیان واتە هەرشتێك کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە دەیگەڕێننەوە بۆ خودی پێوەندیدار بە ڕۆحانیەت، بۆیە دەڵێن کەسی پێوەندیدار پارێزراوە، ئەوەی کە دووچاریشی دەبێتەوە بۆ کەم باوەڕیی ئەو خودە دەگەڕێتەوە، واتە لێرەدا بنەمای گومانو ئیلتیزام فرەتر دەبنو تاکە سەرچاوەش بۆ دورکەوتنەوە لەم سزایانە یا کارە خراپانە گۆشەگیربوون یا تێکەڵاوبوونە لەگەڵ دەستەی دەروێشانو موریدان یان سۆفیگەران، بۆیە سزای دوولایەنە دەسەپێنرێتە سەر کەسانی نامولتەزیم بەڕەوتی سۆفیگەریو دەروێشان کە سەرزەنشتی کۆمەڵایەتییە ئەمەش لەنێو کۆمەڵگە تەقلیدییەکان زیاتر باوە، سەرەڕای حوکمی ڕۆحی لەلایەن خواوەندو سەر قافڵەی تەریقەتەکە، زۆر کات خۆی لە پیر (شێخ) دەبینێتەوە.



## کوردو سرووتەکان

دەکرێ گەلی کورد وەك نموونەیەك وەرگرین کە زۆر بەتەنگ ئەم سروتە باوانەوەیە، کە کۆمەڵگەیەکی تەلقینی قەدەرییە، تێیدا ڕێژەی سرووتە ئایینییەکانی گەلێ زیاترە لەچاو سرووتە نەتەوەییەکانی، هۆی ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ مەعریفەی گشتی کە خۆی زیاتر لە ئایین دەبینێتەوە. ئەم ئەگەر تائێستا بەبێ ئاگاو تێفکرین، خۆی پەیوەستی سرووتو تەنانەت تەوتەمیەتیش کردووە، (لە ئایینی زەردەشتی-دا درەخت بە شتێکی پیرۆز دانراوە، جا بەم جۆرە گەلێ درەختی گەورە بوون بەشەخس)[٣٧].

بەواقیعی کردنی ئەم دیاردەیە زۆر کات لە میانەی پیرۆز کردنی هەندێ گژوگیا بەرچاو دەکەوێ، جا لەژێر هەر پاساو هێنانەوەیەك بێت، لەوانە ئەو درەختو گژوگیایانەی لەسەر گۆڕی هەندێ کەس یا پیر دەبینرێن ئەگەرچی تا ئەندازەی پەرستن نییە، بەڵام زۆرجار لەگەڵ ئەو بیروباوەڕەدا کە هەیە سەبارەت بە خواردنی گژوگیا، کە گوایە وەك پاساوێك مرۆڤ توشی دڵەڕاوکێو نیگەرانی دەکا، لەگەڵ پیرۆزیی داری بەهەشت (سێوەکە)دا، ئەوەی ئێستا وەك پەرچەکردار دەکرێ سەیر بکرێ، ئەگینا ئەم جارە دەرککردن بەرەو کوێمان دەبات، ئەو نەزعە تاکییەی مرۆڤ لەگەڵ بەرامبەرو واقیعی ژیاندا هەیە، بەرەو ئەو نیگەرانیو دڵەڕاوکێیەی دەبات کە لەوانەکانی لەمەوبەر تەلقینی دراوە، واتە ئەو گوشارەی لە ئەنجامی خواردنی بەروبوومی درەختێکی پیرۆز کراوە، دووچاری دەبێتەوە (هەمان گژوگیای سەر گۆڕێك پیرۆز دەکرێ جا چی بۆ مەبەستی منداڵ بوون یان چاك بوونەوە لە هەر نەخۆشییەك بەمەرجێ قوربانی بۆ بدات، یان منداڵەکە بەناوی پیاوە مردووەکە بکات)[٣٨].

پەیوەست بون بە ئیلتیزامە ئایینییەکانو بەجێهێنانیان، خاڵێکی گرنگە لە گەیشتنە ئومێدی چاك بوونەوە یان منداڵ بوون، ناو لێنانیش سەرەڕای قوربانی کردن ناونانی منداڵی لەدایك بووە بەرانبەر چاکەی ئەو مردووە (گۆڕەکەی)، لایەنێکی تری ئەم دیاردە ئایینییەی تەوتەمیزم (خوێیە)، هەندێ بۆچوون سەبارەت بەم دیاردە هەنە، کە دەڵێ: (دیارترین نیشانەی تەوتەمیزم بەلای خێڵە

ئاریی نەژادەکانەوە ئەوەیە، کە تائێستاش خویٚو ئاسن بەدوو شتی پیرۆز دەزانن)[٣٩]، لەگەڵ گوناهبارکردنی تاکی بکەر لە ساتی پرژاندنی خویٚ، مەرجی یان ترسی ئەوەی دەدەنیٚ، کە دەبیٚ بەبرژانگی چاو هەڵی بگرێتەوە ئەگینا دووچاری بەلاٚو گوناهی ئەو دنیا دەبێت، پیرۆزکردنی درەختی لەدایك بوون دەچێتە خانەی تەقدیسو تەوتەمیزمەوە، کە ئەمەش لە ئایینی مەسیحی-دا زیاتر بەرچاوو دیارە، کە لە بۆنەو سرووتێکی دیاریکراوی ساڵانە چیٚ دەکریٚو بە دیارییەوە پیرۆزبایی ئەم ڕۆژە دەکریٚ، بۆ ڕاستکردنەوەی ئەم بۆچوونە (دورکایم دەڵیٚ: تەوتەمیەت ئایینێکی گشتی مرۆڤایەتی بووە، ئەمەش شتێکە بڕاوەتەوە)[٤٠]، لەم میانەیەدا متفەڕك وەك دیاری لەسەر گۆڕو هەندیٚ بنجە گیا یان دار پێشکەش بەو خەڵکە دەکریٚ، کە سەردانی دەکریٚ ئەو شوێنانەیان کردووە تا لە تەنگژەو بەلاٚ بەدووربن، کە سەرجەمیان دەچنە خانەی پیرۆز کردن، جا بۆیە ئەم کۆمەڵگایانەی ڕۆژهەلاٚت بەگشتیو کورد بەتایبەتی لە حاڵەتی ئەقیدەی ڕۆحیدا قەتیس ماون، بەرانبەر ئەوەیش دەستبەرداری زۆرینەی بیروباوەڕە نوێیەکان بوون، یا زۆر بە تاسەوە هەنگاو دەنێن بۆ دوورکەوتنەوە لێیان، یان دادگایی کردن لە ژێرداری ئایینیو جلەو شۆڕکردن بۆ هەستی زاڵی سۆزو دووبارەبوونەوەی کارەساتەکان، واتە لە بازنەیەکی داخراودا دەخولێنەوە، بەرانبەر ئەمە تاکە چارەسەر، خۆ بەدەستەوەدان بۆ هەموو سرووتێکی ئایینی بەپلەی یەکەم دێت.

## دەرئەنجام

لە کۆی سەرجەم تێروانینو ڕاڤەکارییەکاندا لەبارەی بنەچەی سرووتو ئامانجە دوورو نزیکەکان، دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کەوا هەموو شێوەکانی سرووت ئەگەر بەزمانێکی لۆژیکی لێکی بدەینەوەو ڕاڤەی بکەین، ئەوەیە کەوا هۆکاری دروست بوونو بەردەوام بوونی سرووت لەگشت کۆمەڵگا مرۆڤایەتییەکان کە لە بنەڕەتدا بۆ گەوهەری لایەنی ڕۆحیی مرۆڤ دەگەڕێتەوە، دوور لە هەموو مەسەلە مادییەکانی بەرچاومان، چونکە گەوهەری مرۆڤ بریتییە لە ڕۆح ئینجا بە حوکمی ئەوەی مرۆڤ بەردەوام لەژێر فشاری هەردوو هێزی بالاٚدەستی سروشتیو کۆمەلاٚیەتی دەژی، لەهەمان کاتدا سەرجەم گۆڕانکارییەکان ئاراستەی



ژیانی مرۆڤ دەگۆڕن، بۆیە بەردەوام ڕۆحی مرۆڤ لەبەردەم هەڕەشەدایە، بەحوکمی نەزعە شەڕانگێزییەکان، بەردەوام لە ناوەوەی خودی مرۆڤدا ئامادەبوونیان هەیە. ڕوودانی جەنگ، باشترین بەڵگەیە کە لە سەر ڕووی زەمین بەردەوام ڕووی داوە، لەبەرئەوەی لەبەرانبەر ئەو نەهامەتیانە گوتاری مەعریفی، زۆر کات لەڕووی کردەییەوە ئامادەبوونی نەبووە، بۆیە مرۆڤ بەناچاری لە نائاگاییەوە خۆی تەسلیمی هەندیٚ بیروباوەڕی غەیبیو هەڵبەستراو کردووە تاقەناعەت بە خودی خۆی بهێنێت، ئەمەش لەوکاتانەی کە تەواو هەست دەکات لایەنێك لە لایەنەکانی خودی خۆی، لەناخەوە پێویستی بەپاك بوونەوە هەیە، جا بۆ ئەم مەبەستە هانا دەباتە بەر ئەنجامدانی تا ناخی لەگریٚو تەنگژە دەروونیەکان، کە جەبریەتی بارودۆخ دروستی کردون خاڵی بێتەوە.
جێی ئاماژە بۆکردنە چەمکی سرووت زیاتر لە کۆمەڵگا سەرەتایەکاندا باوی هەیەو بەردەوامیش ئەو پرۆسەیە سەرکەوتن بەدەست دێنیٚ، بەحوکمی ئەوەی ڕۆحی کۆمەڵگەرایی لەنێوانیاندا زاڵە، دوای ئەوەش مەسەلەکە بەچۆنیەتیی دارشتنی نەخشەی زەینییانەوە پەیوەستە، کە هەردەم ئیرادەی مرۆڤو بالاٚبوون لەسەرەوەی شتە ماددییەکان دادەنێن، چونکە لەڕاستیدا مرۆڤ ئەوکاتانە پێویستی بە سرووت دەبیٚ، کە تووشی حاڵەتی نامۆبوون بێت، چەمکی نامۆبوونیش بریتییە لە داماڵینی مرۆڤ لە کەینوونەی کۆمەلاٚیەتی، جا لەبەرئەوەی وەك ئاماژەمان بۆ کرد، ڕۆحی پەیوەست بوونو بەکۆمەڵ ژیان لەنێو کۆمەڵگەی سەرەتایدا باوە، ئەوا مەسەلەکە لێرەدایە، کە پرۆسەی سرووت سەرکەوتن بەدەست دەهێنیٚ، لەبەرئەوە سرووت ئەنجام دان، یەکیٚ لەو فاکتەرە بەهێزانەیە کەوا سەروەریی سیستەمە کۆمەلاٚیەتییەکان دەپارێزیٚو لەهەر جۆرە هەڕەشەو لێکترازانو هەڵوەشاندنەوەیەك دەیانپارێزیٚو ڕاگرێکە بۆ ڕاگرتنی شیرازەی سیستەمە کۆمەلاٚیەتییەکان، بەمەش بزاوتی ڕەوتی مێژوو بەرەو پێشەوە دەچیٚ، چونکە سرووت هۆکارێکی یارمەتیدەرە بۆ چاندنی تۆوی هیواو ئامانج بە ئایندەو دوورخستنەوەی مرۆڤایەتی لەهەموو شێوەکانی چۆك دادانو کەوتن، بەلاٚم ڕاستییەك هەیە، ئەویش ئەوەیە کەوا ئەم جۆرە حوکم دانە، هەمووی لەڕوانگەی ئەنترۆپۆلۆژیاوەیە....

## سەرچاوەو پەراوێزەكان


١- ايفانز برنتشارد، الأناسية المجتمعية وديانة البدائيين في نظرية الاناسين، ترجمة حسن قبسي، ط١، ١٩٧٢، ص ٢١٥.

٢- ليڤى بريل، العقلية البدائية، ترجمة د. محمد القصاص، مكتبة مصر، ط١، ١٩٧٣، ص ٤٨.

٣- ايفانز برنتشاد، هەمان سەرچاوەی (١)، ص ١٧٧.

٤- ايفانز برنتشارد، الانتروبولوجيا الاجتماعية، ترجمة د. احمد ابو زيد، منشأة المعارف، الاسكندرية، ط١، ١٩٥٨، ص٦٠.

هەمان سەرچاوەی (١)، ص١٧٩

٦- د. قيس النوري، د. عبدالمنعم الحسيني، النظريات الاجتماعية،ط١، جامعة بغداد، ١٩٨٥، ص ٩١.

٧- د. ابراهيم رزقانة، الانتروبولوجيا، مكتبة النهضة، ط١، ١٩٧٣، ص١٥٧.

٨- د. شاكر مصطفى سليم، قاموس الانتروبولوجيا، جامعة بغداد، ط١، ١٩٨١، ص ٤٧٢

٩- هەمان سەرچاوەی (١)، ص٢٢.

١٠- لوسي مير، مقدمة في الانتروبولوجيا الاجتماعية، ترجمة د. شاكر مصطفى سليم، ط١، ١٩٨٣، ص٢٤٠.

١١- هەمان سەرچاوەی (١٠)، ص ٢٤١.

١٢- د. قيس النوري، المدخل الى علم الانسان، ط١، جامعة الموصل، ١٩٨٢، ص٢٧٢.

١٣- هەمان سەرچاوەی(١٢)، ص٢٧٢-٢٧٤.

١٤- هەمان سەرچاوەی (١٠)،، ص٢٦٠.

١٥- دينكن ميشيل،معجم علم الاجتماع،ترجمة احسان محمد الحسن، بغداد ١٩٨٠ ،ص٢٥٣

١٦- - هەمان سەرچاوەی (١٠)، ص٢٧٤.

١٧- د. محمود قاسم، مبادىء علم الاجتماع الديني، ص١١٩.

١٨- هەمان سەرچاوەی (١٧)، ص١١٩.

١٩- هەمان سەرچاوەی (١٧)، ص ١٤٢.

٢٠- د. علي عبدالواحد وافي، غرائب النظم و التقاليد و العادات، مطبعة النهضة المصرية، ١٩٧٤، ص٩١.





٢١- صموئيل كرعير، من الواح سومرالى التوراة، ترجمة طه باقر، تقديم و مراجعة احمد فخري، ط١، ١٩٧٨، ص٢٦١.

٢٢- هەمان سەرچاوەی (٢)، ص ٤٨.

٢٣- - هەمان سەرچاوەی (٢٠)، ص١٨.

٢٤- د. احمد الخشاب، دراسات نتروبولوجية، دار المعارف، مصر، ط ١٩٧٠، ص٤٩.

٢٥- - هەمان سەرچاوەی (١٧)، ص١٢٧.

٢٦- هەمان سەرچاوەی (١٧)،، ص١٢٩.

٢٧- هەمان سەرچاوەی (١٧)،، ص١٣٧.

٢٨- هەمان سەرچاوەی (١٧)،، ص١٤٢.

٢٩- هەمان سەرچاوەی (١٧)، ١٤٢.

٣٠- هەمان سەرچاوەی (٢٤) ص٥٢٥.

٣١- هەمان سەرچاوەی (١٢)، ص٢٧٤.

٣٢- هەمان سەرچاوەی (١٠)ص٢٦٠.

٣٣- هەمان سەرچاوەی (١٠)، ص٢٥٦.

٣٤- هەمان سەرچاوەی (١٥)ص٢٥٣.

٣٥- د. قيس النوري، الحضارة و الشخصية، ط١، بغداد، ١٩٨١، ص١٨٨.

٣٦- مجلة العلوم الاجتماعية، ع-١-١٩٧٢، ص٣٧-٣٨.

٣٧- گۆڤاری گەلاوێژ، ژ٧، ١٩٤٥، ل٦٣.

٣٨- د. احمد الخشاب، دراسات نتروبولوجية، التصنيف النوعي للمعتقدات الشعبيةو الفلكلورية، دار المعارف، مصر، ١٩٧٠، ص٤٩٧.

٣٩- د. احمد الخشاب، الدين والمجتمع، ص٢٥٩.

٤٠- هەمان سەرچاوەی (٣٩)، ص٢٥٩.

# هۆكاره كۆمەڵایەتیەكانی نەخۆشییە سایكۆسۆماتیەكان توێژینەوەیەكی تیۆریی سۆسیۆ میدیكاڵییە

گەرچی مرۆڤەكان درك بە نەخۆشیەكانیان دەكەن، ئەوا لەهەمان كاتیشدا لەتاك رەهەندێكەوە بۆ چارەسەریان دەگەڕێن، لەكاتێكدا چەندین رەهەند بەشدارە لەدروست بوونی ئەم نەخۆشیانە كە پێویست دەكات لەسەر مرۆڤەكان بەشێنەیی‌و تێبینی كردنیەوە بەدوای بنەچەی نەخۆشی‌و ئەو بابەت‌و زانستانەی شرۆڤەی كێشەكانیان بۆ دەكات‌و دەچێتە بنج‌و بنەوانی نەخۆشیەكانیان‌و چارەسەریان بۆ دەدۆزێتەوە بگەڕێن یەكێك لە هەرە مرۆییترین زانستەكان كۆمەڵزانیە كەتوانیویەتی پەلوپۆ بهاوێتە سەرجەم لایەكانی ژیانی مرۆڤایەتی‌و هەوڵی دەستەبەركردنی ئەوپەڕی خۆشییەكانی‌داوە، سەرەڕای بەدیهێنانی چاكسازی‌و بەرەوپێشەوەبردنێكی دروستانەی ژیانی كۆمەڵگەكان. ئەم توێژینەوە میدیكەڵ سۆسیۆلۆجیەش لەوكاتەدایە كە بانگهێشتی بەیەكدادانی شارستانیەتەكان لەئارادایە ئەو شارستانیەتەی كە بۆ هەندێ پرسی مۆڕاڵی‌و كۆمەڵایەتی داوای ئەوپەڕی خۆوەدوورگرتن‌و دان بەخۆداگرتنێكی تاسەری یا بڵێین كەبت لەئەندامەكانی دەكاو بۆتە سەرچاوەی زۆر نەخۆشی كۆمەڵایەتی‌و دەروونی، دەكرێ بڵێین كاتێ ململانێكان بەمێژووی مرۆڤایەتی دەلكێنرێن‌و بە داینەمۆی گۆڕانەكانی كۆمەڵگەو تاك ناوزەد دەكرێ دەبێ بزانین مرۆڤەكان چەوسانەوەیان بەویراسەت بۆ ماوەتەوە لەنەوەیەك بۆ یەكێكی‌تر بەجێ دەمێنێت‌و بەململانێ‌و دروشمی ئازادی رەونەقدار هەوڵی سازش لەسەر كێشەو كۆتایی هێنان بەململانێكان دەكەن.



دەبێ بزانین كە شارستانیەت‌و تاك‌و كۆمەڵگە سێ یەكەی تێكهەڵكێشراو دانەبڕكراوی ژیانی مرۆڤن‌و كێشەكانیش لەم لایەن‌و پێكهاتانە سەرچاوە دەگرن. مرۆڤەكان لەوكاتەی لەسەردەمی ئێستا مەحكومن بە كەبت‌و حیرمان گەرچی داواكاری ئازادی رەهاش شتێكی مەحاڵ نییە، بەڵام دەكرێ تێكەڵیەك بێت لەهەردوولایەنی مەحاڵ‌و شیاو، چونكە گەر ئازادی رەها نییە، بەڵام دەبێ بزانین كە زەوتكردنی رەها بۆ ئازادییەكان لە زۆربەی كۆمەڵگاكان پەیڕەو دەكرێ، گەر وانەبێت ئەم هەموو كێشەو شەڕو نەخۆشیە كۆمەڵایەتی‌و دەروونیانە بەگشتی سایكۆسۆماتی لەكوێوە سەرچاوە دەگرن، سایكۆسۆماتی كە كرۆكی بابەتی ئەم توێژینەوەیە وەك كێشەیەكی بەربڵاوی جیهانی مرۆی ئەم سەردەمە زەنگی كۆمەڵگەیەكی نەخۆش‌و جیهانێكی نزیك فەنابوون بەنەخۆشیە بایۆلۆژی‌و دەروونیەكان بەگوێچكەمان دەچرپێ‌و شرۆڤەی هۆكاری ئەنجامی نەخۆشیە سایكۆسۆماتیەكانمان لێ داوادەكات، هەوڵدراوە تا ئەوپەڕی وردی‌و سەلیقەیی مامەڵە لەگەڵ ئەم بابەتە بكرێت بەهۆی ئەو ئاشوبەو نەخۆشیەی تاكەكانی هەراسان كردووەو شارستانیەتی بە نیعمەتێكی نەفرەت پۆشكراو ناساندووە، لەكاتێكدا جیهان بەرەو گوندێكی بچوك دەچێ، بەڵام نەخۆشیەكان تەواو پێچەوانە بەتایبەت نەخۆشیە بایۆلۆژی‌و دەروونییەكان خەریكن بەرەو گەورەتر لەم جیهانە دەربكەون كە خۆیان لەچەندین جۆرە ململانێ‌و نەزعەی كۆمەڵایەتی دەبینێتەوە كە خۆیان‌و ئەنجامەكانیان كە نەخۆشی جەستەی دەروونی (سایكۆسۆماتی)یە ببنە شتێكی درمی‌و سەراپای ئەم گوندە بچوكە خەڵتانی كێشە دەروونی‌و كۆمەڵایەتیەكانی وەكو (مەی نۆشین، تلیاك، دەمارگیری، شێتی) سەرەڕای چەندانی‌تر بكاتەوە.

## کێشە کۆمەڵایەتیەکان و نەخۆشیە سایکۆسۆماتیەکان

ئەمرۆی مرۆڤایەتی کە خۆی لەپێشکەوتنی گەورەی شارستانیەتەکاندا دەبینێتەوە دەکرێ بڵێین لەرێگەی بوونی ململانێیەکانی نێو کۆمەڵگە ئەم پێشکەوتنانە تەکانی زیاتریان پێدراوە، بێگومان ئەم پێشکەوتنەی شارستانیەتی یا مرۆڤایەتی کارێکی بەڵگە نەویستە کە دوو سەرەیە، واتا لەگەڵ خۆشگوزەرانی ئەوا نەهامەتیش عەمباردەکاتو ئەرکی سەرشانی مرۆڤەکان قورستر دەکات، تا وای لێدێت مرۆڤەکان بەرامبەر ئەم دەستکەوتو پێشکەوتنانەی سەرسام بن، واتە جۆرێك لەناهاوسەنگی بەردەوام خۆی دەنوێنێ لەنێوان هەوڵو کۆششەکانی مرۆڤایەتی لەلایەكو ئەم دەستکەوتنانەی لەمیانەی پرۆسە مێژووییەکەی ئەم پێشکەوتنو بەرەو نوێتر چوونە دەستیان دەکەوێت لەیەکی تر. ئەمە مانای ئەوە نیيە کە قۆناغەکانی بەر لەم پێشکەوتنانەی ئێستا دوور لە کێشەو ململانێی کۆمەلایەتی بوونە، چونکە خودی ئەم قۆناغانە جۆرێکی پێشکەوتن بوونە تا گەیشتنە رۆژی ئەمرۆ، بەلاّم دەشێ بڵێین کە لەچاو ئێستای پێشکەوتنی مرۆڤایەتیو مۆدێرن هێندە بەم ئەندازەیە کێشەو گرفتی بۆ خودی مرۆڤەکان خۆیان نەناوەتەوە. لەگەڵ ئەوەی زۆر لایەنی پێشکەوتنی ماددیو گیانی لەسەردەمی بەر لەئێستایان بەرچاو دەکەوێ، کە جێگەی سەرسامی مرۆڤن، بەلاّم لەسەردەمی هاوچەرخو مۆدێرنێتەدا شێوازو جۆری پەیوەندیەکانیش لەلایەنی کۆمەلاّیەتیو مرۆییەوە بەگشتی جێلەق بوونەو دووچاری گۆڕانی دوور لەبەرژەوەندی خودی مرۆڤەکان خۆیان بوونەتەوە، کە ئەمانەش سەرەڕای چەندین جۆر گۆڕانیتر بەزادەو دەرهاویشتەیەکی گرنگی شارستانیەتی ئالۆزکراوی ئەم سەردەمەی مرۆڤایەتی دادەنرێت. لەکاتێك لەژێر سێبەری شارستانیەتی هاوچەرخو لەکۆمەڵگەی مرۆڤایەتی هەموو شتەکان بەرەو بچووك بوونەوە دەچن بەرامبەر ئەوە خواستو ویستەکانیان بەرەو گەورەیی هەنگاو دەنێنو زیاد دەبن بەگوێرەی پێویستیەکانی ژیانی ئالۆزکاوی سەردەم.



گەر بڵێین ئەمە وەك بەرهەمێکی عەولەمە وایە، کە جاران مرۆڤەکان توانایان هەبوو شوێنە پڕ کێشەکان جێبهێڵنو بەرەو شوێنێکی ئارام کۆچ بکەن، بەلاّم ئەمرۆ کەم شوێن ماوە دەستی مرۆڤی نەگەیشتبێتیو بۆمەبەستی خۆی وەرگەڕێ نەخستبێ لەگەڵ ئەمانەش لەهەمووی بەهێزتر بە پەتابوونی بەخۆشییە کۆمەلاّیەتیو دەروونیەکانە، لەکاتێکدایە کە مرۆڤایەتی پێشکەوتنی فرە مەزنی بەخۆیەوە دیوە، ئەوا لەهەمان کاتیشدا کێشەی گەورەی بۆخۆی ناوەتەوە کە زۆربەیان لە هەلاّیسانو کەڵەکەبوونی رۆژانەدایە بەهۆی چارەسەری کاتی دوور لەرەگەوە، بێگومان کێشە کۆمەڵایەتییەکان بەگوێرەی شارستانیەتو پێکهاتەی هەر کۆمەڵگەیەك بۆ یەکێکیتر دەگۆرێت کە زۆربەیان خۆیان لە کێشە کۆمەلاّیەتیو دەروونییەکان یاخود (سایکۆ سۆماتی)یەکاندا دەبیننەوە. کۆمەڵگە تەقلیدییەکان دەشێ رێژەی کەمتریان لەم نەخۆشییانە بەرکەوتبێت لەچاو کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان، بەم هۆیەوە مرۆڤایەتی لەگەڵ هەر داهێنانێك زیاتر دەسەلاّتی خۆیو کەسایەتییەکەی دەنێتە نێو بۆتەقەی پێشکەوتنی ماددیو عەقڵی بەرمەجە کراو، لەوکاتە تووشی دۆش دامانو سەوداسەری بوونو نامۆبوون دەبێتەوە، تاوای لێ دێت تووشی چەندین جۆرەها کێشەی زیاتر ببێتەوە لەهەموو ڕووەکانی جەستەو دەروونی، کاتێ کۆمەڵگەش دووچاری گرفتو ئازاری کێشەکان دەبێتەوە ئەمانەش لەلایەنی خۆیانەوە بە ڕۆڵی خۆیان ڕادەبن بەشێوەیەکی میکانیکی کار لە تاکەکان دەکات لە هەردوو لایەنی (جەستەییو دەروونی) بەگشتی تووشی نەخۆشی (سایکۆسۆماتی) دەبنەوە، تاوای لێ دێت کۆمەڵگە بەگشتیو مرۆڤە تووشبووەکان بەتایبەتی لەنێویان نەفرەت لەم جۆرە پێشکەوتنە بکەنو بەهەڕەشەیەکی بزانن بۆ سەر ئایندەی مرۆڤایەتیو ژینگەکەی، جا لێرەدا کێشەکان لەچاو پێشکەوتنی زیاتر زۆر بە بایەخەوە هەڵناگیرێنو کەم چارەسەریان بۆ دەدۆزرێتەوە لەچاو ئەم گرنگی دانە زیاترەی بە پێشکەوتنی کۆمەڵگە دەدرێ، بۆیە کێشەکان زیاترو نەخۆشییەکانیش هاوتەریب دەڕۆنە ڕێگەوەو جەدەلیانە کار لەیەکتر دەکەن لەگەڵ پێشکەوتنەکان.

# نەخۆشییە دەروونییەکان

(لێکدانەوەی نەخۆشییە دەروونییەکان لەسەردەستی سیگمۆند فرۆید-لەئەڵمانیا- هاتە ئاراوە، کاتێ لەنیوەی دووەمی سەدەی (١٩) هەوڵی دا بیانخاتە چوارچێوەی زاراوە پزیشکییەکانەوە ئیتر لەو ساوە بوو بە بواری لێکدانەوەو باسکردن لەنێوەندەکانی نووسین‌و توێژینەوە، بەڵام سەبارەت بەدانانی پێناسەیەك بۆی تا ئێستا پزیشکەکان نەگەیشتوونەتە ڕێکەوتنێك بە پێچەوانەی نەخۆشییە ئۆرگانییەکان، کە هۆکەیشی (واتە ڕێکنەکەوتنەکەشی) بۆ ئەو ناچونیەکی‌و ناتەبایەی نێو ڕیزەکانی پسپۆڕان‌و پزیشکانی ئەم بوارە دەگەڕێتەوە کە نەیانتوانیوە سنوورێك بۆ ئەم نەخۆشییانەو هەڵچوونە سرووشتییانەی مرۆڤ دابنێن، سەرەڕای بوونی چەندین هۆکاری بۆماوەیی‌و دەروونی‌و کۆمەڵایەتی)[١].

بەڵام دەکرێ بڵێین نەخۆشییە دەروونییەکان بریتین لە (نەبوونی توانا‌و ئامادەگیی تاکەکان بۆ دانانی هاوسەنگی لەنێوان دەروون‌و ئاکاری ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییەی تێیدا دەژی)[٢] یاخود بریتییە لەو (شڵەژانە وەزیفییەی کە لە ئەنجامی بەیەکدا کەوتنی چەندین هۆکار دروست دەبێ لەسەروویانەوە ململانێی نەستی لەسەردەمی منداڵێتییەوە)[٣].

هەروەها هەستکرن بە تێکچوونی ئارامی‌و هێمنی تاکە، سەرەڕای بە کەم سەیرکردنی دەستکەوتەکانی (بەرهەمەکانی) وەك ئەندامێکی کۆمەڵگەو تێکچوونی بۆچوونەکانی سەبارەت بە خەڵك‌و جیهان‌و ئەو پێوەندییە لەگەڵیدا ئێشی هەیە[٤]، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەدا زانا دەروونناس‌و تەندروستناسانی دەروونی‌و پزیشکانی دەروونی گەیشتنە ڕێککەوتنێك کە نەخۆشییە دەرونییەکان بریتین لە (هەر شڵەژان‌و لاسارییەکی وەزیفی لە کەسایەتی بە حاڵەتێکی نەخۆشیی دەروونی دەژمێردرێ، بە گوێرەی ئەم مانایەش نەخۆشییە عەقڵییەکانی پێوەندیدار بەهۆکاری ئۆرگانیکی یا کەمتەرخەمی ئەندامێکی مێشك ناگرێتەوە)[٥]، سەرجەم بۆچوون‌و لێکدانەوەکان ئەوە دەسەلمێنن کە



نەخۆشییە دەروونییەکان بریتین لەو بارە نا ئاساییەی کە دووچاری قۆناغی ژیانی مرۆڤەکان دەبێتەوە، لەمیانەی چەندین هۆکار وەك دەرئەنجامێکی بارودۆخی کۆمەڵگە یا کەسی تووش بوو خۆی وەکو هۆکاری بۆماوەیی، ژینگەیی، کۆمەڵایەتی، کە ئەمانەش لەلایەن خۆیانەوە دەبنە هۆی تووش بون بە نەخۆشیی دەروونی‌و دەرکەوتنی وەك دەرهاویشتەیەکی ئەم هۆکارانە لەسەر جەستەی مرۆڤەکە، لە ئەنجامدا تووش بوو دووچاری کێشەو گرفتی نوێ دەبێتەوە کە لە میانەیدا دەبێتە قورسکردنی باری کۆمەڵگەو خێزانەکەی، سەرەڕای خودی خۆی.

نەخۆشییە دەروونییەکانیش دابەش دەبنە سەر:

١- تێکچوون (شڵەژانی) ئاکاری: ئەم زاراوەیە سەرجەم ئەو ئاکارانە دەگرێتەوە کە لەگەڵ ڕەوشت‌و بەهای کۆمەڵایەتی ناگونجێ‌و ناتەبایە، واتە لەگەڵ خووڕەوشت‌و داب‌و نەریتی کۆمەڵگە ناچونیەکە، بەلای زانا (أ، م، کنتارد) ئاکاری تێکچوو یا لادەرانە ئەم ئاکارەیە لەلایەن کۆمەڵگە قێزەونە کۆمەڵگە ڕەتی دەکاتەوە، واتە لەلایەن کۆمەڵگە بەچاوێکی سووك سەیر دەکرێ، چونکە دژە بۆچوون‌و عورف‌و بەهای کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە، نەخۆشییانەش بە پلەی یەکەم کۆمەڵایەتین‌و بەپلەی دووەم دەروونین[٦] هەروەها دابەش دەبنە سەر (کەسایەتی شەڕانگێزی، مەینۆشین‌و تلیاك کێش، لادانی سێکسی...)[٧].

٢- نەخۆشییە سایکۆسۆماتییەکان: ئەو نەخۆشییە دەروونی‌و جەستەییە باوانە دەگرێتەوە، کە لەژێر هەردوو هۆکاری کۆمەڵایەتی‌و دەروونی دروست دەبن، بەتایبەت لەنێو کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان‌و لەسەرجەستە دەردەکەون، کرۆکی ئەم توێژینەوەیەیە، بە درێژی دوایی دێینە سەری.

٣- العصابیە (دەمارگیری): تێکدەرترین جۆری ئاراستەیە، کە بەشێوەی دوژمنایەتی کردن لەنێو ئەندامانی گرووپەکۆمەڵایەتییەکان سەرهەڵدەدات[٨]، واتە ئەندامان لە ڕێگەی ئەو پەروەردەو ڕاهێنانە کۆمەڵایەتییەی وەریان گرتووە بەم شێوە بیرکردنەوەو توندڕەوانە لەپرسەکان دەڕوانن، (بەڵام پسپۆڕانی ئەم بوارە ئەم نەخۆشییەیان وا پۆڵین کرد کە (دەمارگیری دەروونی‌و زەینی)یە،

دووەم جۆریان ترسناكترینیانە)[٩]، فرۆید یەكەم جار لەو باوەڕەدا بوو كە (عصاب Neurosis) لە ئەنجامی تێكچوون‌و شێوانی گەشەكردنی ئاسایی سێكسی‌و قۆناغەكانییەوە دروست دەبێت، بەلاَم لەدوایییدا زیاتر دەریخست كە ئەم نەخۆشییە لە ئەنجامی چارەسەرنەكردنی ڕاست‌و دروستی گرێی ئۆدیب دروست دەبێ، دواتر لە ئەنجامی بیرو بۆچوونەكانی گەیشتە ئەو ڕایەی كە (عصاب) یەك هۆكاری نییە، بەڵكو لە ئەنجامی كۆمەڵێك هۆكاری وەكو (سێكس، بایالۆژی بە پلەی یەكەم‌و پەروەردەی ژینگەیی بەپلەی دووەم دروست دەبێ، بەلاَم خەفەكردن بەبڕبڕەی پشتی نەخۆشییە دەروونییەكان دادەنێت)[١٠]، هەڵبەت ڕاهێنانی كۆمەلاَیەتی‌و پەروەردەیی خێزانی‌و ژینگەیی ڕۆڵی سەرەكی لە دروست كردنی ئاكاری خەفەكردنی حەزو ئارەزووەكانە، واتە لەسەرەتا تاك بەرەو نەزعەی ناوەكی دەبات‌و پرسیارەكانی لەنێو جەستەی دەبێ بتوێنێتەوەو دەری نەبڕێ تا ئەمە كاردانەوەی دەروونی‌و دواتر دەرخستنی شێلگیرانەو توندڕەوانە بیركردنەوەو هەنگاونان بەمەبەستی گەیشتن بە حەزو ئاواتە خەفەكراوە، بەمەیش دەمارگیری‌و نیگەرانی سەرەڕای هەڵچوون، دەروون دەتەنێ ئەمەیش وا لە نەخۆش دەكات (بە نەگونجانی دەروونی‌و كۆمەلاَیەتی‌و هەستكردن بەتەنیایی‌و غەمگینی‌و دوودڵی‌و ترسنۆكی بناسرێتەوە، دەرونناس‌و پزیشكانی دەروونی‌و زانایانی تەندروستی دەروونی وای بۆدەچن نەخۆشیی دەروونی بریتییە لە شڵەژان یا لادان لەلایەنی وەزیفیی كەسایەتی)[١١]، (بەلاَم لە بەرامبەر ئەمەشدا دەبێ بڵێین كە زۆر لەم كەسانە ئیش‌و كاری خۆیان بەشێوەیەكی چاك جێبەجێ دەكەن، زۆریشیان لە هاوكارانیان باشتر‌و سەركەوتووترن، بۆیە زیاتر خەڵكی دیارو ناودارن‌و هەندێ جار زاناشیان لێ هەڵدەكەوێت)[١٢]، ئەم شێوە ئاسایی بوونەی كارو بەشداریكردن، هەر واتای كاری خودو خۆ خواردنەوەی لە سووچێكی ژیانی كۆمەلاَیەتی دەگرێتەوە لەگەڵ ئەوەی خۆی لەنێو كۆمەڵگە دەژی، بۆیە شتێكی ئاساییە كە هەندێ هەڵوێستی دەمارگیری‌و پڕ نیگەرانی لەلایەن كەسی تووش بوو دروست بێت، كەواتە كەسایەتیی مرۆڤەكە لەم كاتەش ڕێژەییە بۆ وەلاَم دانەوەی حەزو ئاواتە خەفە كراوەكانی لەنێو كۆمەڵگە.



ئەمەش وەك ئەنجامێكی ئەو نەزعە فەردی‌و ململانێ دەستە جەمعییەی نێو كۆمەڵگەیە.

٤- شێوان: یەكێك لە هەرە ترسناكترین جۆرەكانی دەمارگیرییە، وەك لەمەوبەر ئاماژەمان بۆ كرد، ئەم زاراوەیە واتای (تێكچوونی قووڵ‌و توندە یا تێكەوتنی هەڵەیە لە بواری بیركردنەوە یا ویژدانی مرۆڤەكان، ئەمەیش وا دەكات كە دیدگەو ئیدراكی تووش بوو بۆ جیهان‌و ژیان بەگشتی بگۆڕێت، تەنانەت كاردەكاتە سەر سروشتی ئاكارو بەرهەمەكانی بەشێوەیەكی ترسناك)[١٣]، واتە مەرج نییە ئەم نەخۆشییە هەموكات پێوەندیداربێت بە هۆكاری دەروونی‌و كۆمەلاَیەتی، ئەگەر بەزەقی ئەم هۆكارانەی وەك كارتێكەر تێدا بەدی دەكرێ، بەلاَم نابێ هۆكاری ئۆرگانیكی فەرامۆش بكەین هەر بۆیە بەگوێرەی بۆچونی (هەندێ لە پزیشكانی دەروونی هۆكاری ئەم نەخۆشییە دەشێ كیمیاوی واتە پێكهاتەی خانەكان‌و ماددەكانیان یا بۆماوەییە، هەربۆیە لەبەر نەبوونی بەڵگەی تەواو دروست بەم بۆچوونانە، ئەوانەم نەخۆشییە بە (وەزیفی) واتە ئۆرگانیكی ناودەبێ)[١٤]، كەواتە نەخۆشی تێكچوونی هۆش شێوەیەكی ترسناكی نەخۆشیی دەروونییە، وا لە مرۆڤ دەكات تەنانەت هەستی دەربڕینی بەڕوونی نەبێت، بۆیە ڕەشبینانە دەڕوانێتە دەوروبەرو كارەكانی، (پێویستە بڵێین كە ئەم نەخۆشییە سەرجەم چین‌و توێژەكانی كۆمەڵگە بێ جیاوازی دەگرێتەوە ئەگەرچی جیاوازی لەجۆری پێكهاتەی كۆمەلاَیەتیشیاندا هەیە، چینە هەژارەكان بەهۆی نەبوونی كەم دەرامەتی‌و بێكاری‌و نەبوونی چاودێری كۆمەلاَیەتی، چینی ناوەڕاستیش بەهۆی ڕكابەریی بازاڕو زۆرداریی چینی بالاَو ئیفلاس بوون بەلاَم چینی بالاَ بەهۆی تەمبەڵی‌و دەستبلاَوی‌و زۆربیركردنەوەو خواردنەوەی لەڕادەبەدەر تووشی دەبن)[١٥] شوێن دەستی هۆكارە كۆمەلاَیەتییەكان بەزەقی دیارە، سەرەڕای كارانەوەی دەروونی‌و پێكهێنانی یەكەیەكی نەخۆش‌و كاركردنە سەر مێشك‌و خانە پێكهاتووەكانی، ئیتر كۆمەڵگەش زیاتر ڕۆڵەكە چڕدەكاتەوە بە وەدەرنانی تووشبو یا دروست كردنی گەلێك جۆرە ناوی نەشیاو وەكو (شێت، بێ عەقڵ....) كە كاردانەوەكە زیاتر دەكات لەسەر دەروونی تووش هاتوو.

# نەخۆشییە کۆمەڵایەتییەکان

باسۆلۆژیا (نەخۆشییە کۆمەڵایەتییەکان) ئەم زاراوەیە خوازراوێکی بواری بایۆلۆجییە وەك زۆر زاراوەی تری ئەم بوارە لەلایەن کۆمەڵزانان بەکاردەهێنرێ، بەڵام بەکارهێنانی مانای ئەم هزرە وەزیفییانە دەدات کە لەلایەن زانایەکەوە دەردەبڕدرێ لەکاتێکدا کە لەسەری بنووسێت.
زۆربەی توێژەرو زاناکن کۆکن لەسەر ئەوەی کە (مەینوۆشینو تاوانو دزی، لاساری، سواڵ کردن، سۆزانی، لەکاتێکدا کە دیاردەی کۆمەڵایەتین ئەوا لەهەمان کاتدا (پاپسۆلۆژین) کە لە کۆمەڵگەی ئەم سەردەمە بەزەقی بەرچاو دەکەون. گرنگیی لێتوێژینەوە لەم بوارە لەوەدایە کە ئەم نەخۆشییە کۆمەڵگەو خێزان تووشی گرفت دەکاتەوە، بۆ نموونە (تاوانبارو لاسارەکان) هەڕەشە دەکەنە سەر ژیانی کۆمەڵگەو داهاتووی کەسەکان لەهەمان کاتدا، دەبنە ڕەگەزێکی نیگەرانیو شڵەژان، واتە ئەمانە کێشەیەکی ئابووریو کۆمەڵایەتی گرنگ دەنێنەوە، لەمەیش گرنگتر ئەمانە دەبنە خاڵێکی گرنگ بۆ هۆکارێکی گەورەتر بۆ تێکدانو پچڕاندنی شیرازەی بونیادی کۆمەڵایەتیو ئابووری، ئەمە لەوکاتە کە ئەم نەخۆشییانە لەزیادبووندانەو پێویستیان بە پێش لێگرتن هەیە، کەواتە ئەم کارانەی ئەم نەخۆشییانە لەخۆیان دەگرن لەنێو کۆمەڵگە ڕەتکراوەیەو شازن نا گونجێن لەگەڵ ڕەوشتو ئاکاری باوی ناو کۆمەڵگەی ئاسایی. هەندێك وای بۆ دەچن کە ئەو بزوتنەوە چاکسازیو ڕادیکاڵییانەو فەوزەوییانەی کە لە ئەورووپا لەسەر دەمێك باوبوو ئەوا ئەم بزوتنەوانە بەوە جیادەکرێنەوە کە خودان خاسیەتی نەخۆشین، چونکە کاردەکاتە سەر جەستەی کۆمەڵگە، هەروەکو چۆن نەخۆشی کاردەکاتە سەر جەستەی مرۆڤەکە، ئەو کەسەی خودانی ئەم بۆچوونەبو و سەرکردایەتی دەکرد زانا (لیمیرت) بووە لە کتێبەکەی (الباثولوجيا الاجتماعية)[١٦]، ئەم گشتگیرکردنەی نەخۆشی کۆمەڵایەتی دەتوانین بڵێین بەو مەبەستەیە کە سنووری تاکەکەس دەبەزێنێتو دەپەڕێتە نێو



کۆمەڵگەو دووچاری ئازارو نائارامی دەکاتەوە، بەڵام ئەمەش لەکاتێکدا دەبێ کە گروپو دەستەو تاقم لەم جۆرە کەسانەو دیاردانە دەربکەوێ، بەڵام هەرچی بزووتنەوە ڕادیکاڵو چاکسازەکانە وەك وەڵام دانەوەیەك دەرکەوتوونە بەرامبەر ئەو ئازارو هەڕەشانەی کۆمەڵگەی گرتۆتەوە، بۆیە دەکرێ بڵێین ئەمانە لە کاتێکدا نەخۆشین ئەوا لەهەمان کاتیشدا چارەسەرو بەدواداگەڕانن، بۆ ئەوەی بتوانن سنورێك بۆ ئازارو لە هەمان کات هەڕەشەکانی ئەم دیاردانە دابنێن، ئەگینا دەتوانین بڵێین کاتێ خۆپیشاندانێك ڕوودەدات بەهەرماناو ناوێك بێت ئەوا ئەو هەوڵانەی بۆ چارەسەری دەدرێن بەو شێوەی کە نەخۆشییەکەو کۆمەڵەیەك یا خەڵکێکی لە کۆمەڵگەدا گرتۆتەوە، ئەوا دانانی هێزی پۆلیس و ئاسایش بۆ بڵاوەپێکدرنیان ئەمیش نەخۆشییە، واتە کارتێکردنەکە دوو سەرەیە (جەدەلییانە)یە. لە پێناسەیەکی تری پاسۆلۆژیا بریتییە لە (حاڵەتێکی نائاسایی چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانە کە تاك تێیدا بەشداری دەکاتو لەگەڵ ژینگە کۆمەڵایەتییەکەی ئاوێزە دەبێت، بەگشتی نەخۆشیی کۆمەڵایەتی ئاکارێکی خراپو ڕوخێنەرە وەك کێشەیەکی کۆمەڵایەتی کە هەڕەشە دەکاتە سەر تاكو کۆمەڵگە سەیر دەکرێ)[١٧]، بەگوێرەی ئەم پێناسەیە دەتوانین لەوە تێ بگەین کە هەر ئاکارێکی زەرەرمەند لە ڕووی زیان گەیاندن بەتاك خۆیو کۆمەڵگەکەیشی بە ئاکارێکی ناشایستەو نەخۆش لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە لێکبدرێتەوە. هەروەها پاسۆلۆژیا بریتییە لە (جۆرەها هزری پێوەندیدار بەهۆکارو پێکهاتەی ڕوخساری ڕووداوەکان کە لە ژینگەی شارستانییەتی دیاریکراوی جیهانی نەخۆشیدا هەیە)[١٨].
هەر لەم کاتە زانای کۆمەڵزانی (ڤیریجا) لەکتێبەکەی بەناوی (نەخۆشیو ئاکاری کۆمەڵایەتی) کە لەساڵی (١٩٧٤) بڵاویکردەوە وا بۆ نەخۆشی کۆمەڵایەتی دەچێ (دیاردەیەکە کۆمەڵگە خۆی دروستکەریەتی، هەر بەم شێوەیەش دەمێنێتەوە، ئەمە لەکاتێکدا کە باکگراوندی ڕۆشنبیری نەخۆش لەم ڕۆژەدا زەروریە)(١٩) لەو کاتەی کە خودی مرۆڤو باکگراوەندی ڕۆشنبیریو کەسایەتیەکەی ڕۆڵ دەگێڕن لەدروست بوونی نەخۆشی باسۆلۆژیای کۆمەڵایەتی، ئەوا ڕۆڵو کاریگەری کۆمەڵگە زۆر بەرچاوترە بەهۆی ئەو کاریگەریەتیە فرەلایەنەی سەر گیانی

کۆمەلآیەتی، بەرامبەر ئەمەش مرۆڤ پەنادەباتە بەر جۆرەها رەفتار کە دەشێ هەندێکیان نامۆبن بەکۆمەڵگەو بە ئاکاری روخێنەر ناوزەد دەکرێن بۆیە لەو کاتە وەك دەرەنجامی ئەم کاریگەرێتیە دیالێکتیە جۆرەها شێوازو بۆچونی فیکری سەرهەڵدەدات، بۆنمونە لەکاتی کارەساتی سروشتی وەکو بەمەلەرزە جۆرەها ئاکاری مرۆیی خودان هزری نامۆ سەرهەڵدەدەن لەوانەش (مرۆڤی ئایین پەروەر (متدین)، مرۆڤی سالار، مرۆڤی نامۆ بەکۆمەڵگە، مرۆڤی بازاڕی، مرۆڤی نمایشساز...) کە ئەمانەش سەرجەمیان لەمیانەی پێچەوانەکردنەوەی ئاڕاستەو بەهاکانی ناو کۆمەڵگەو ژیانە کۆمەلآیەتیەکەیەتی، سەراپای سروشتی سارشتانیەتی باو)[٢٠]، لەکاتێکدا ئەمانەی سەرەوە هاتنە نوسین چەندەها جۆری ئاکاری نامۆیی نێو کۆمەڵگەیە بەگوێرەی بۆچوون و پێناسەکانی نەخۆشی کۆمەلآیەتی بەڕوخێنەرو کاری خراپ دادەنرێن بۆ خودی تاکی مومارسی کۆمەڵگە بەگشتی، ئەمەیان لەکاتێکدا کە نەگونجان یان ئینسیجام نەکردنی تاك یا کۆمەڵێك بەگشتی بێت لەگەڵ کۆمەڵگەو سەرەڕای رۆڵی کۆمەڵگەو ئەو ئەندامانەی خۆیان بەلێپرسراوی راستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆی بزانن و لەهەرچی کەناڵێکی دەزگا کۆمەڵایەتیەکان بن، ئەوا بەهەر بیانویەك بێت لەم چەشنە ئەم تاکانە زیاتر دەخەنە پەراوێز ئەمەش دوای کارتێکردنی لەم تاکانە، کە دواتر بە گونجاو یا لەخشتەچوو یان فریودراو ناوزەد دەکرێن، ئایا ئەمانە لەڕووی عەقلیەوە ناتەواون و بوونە بارگرانی بەسەر کۆمەڵگە، بێگومان نەخێر چونکە ئەم کارانە پێویستیان بە (تەندروستی کۆمەلآیتیەکە هاوواتای تەندروستی دەرونی‌یە کە بریتی‌یە لەخۆگونجاندنی تاك لەگەڵ هەلۆێستی باوی کۆمەلآیەتی، چوکە ئەم دوو زاراوەیە پەیوەندیەکی پتەویان هەیە لەگەڵ یەکترو ئەویش دیالێکتێکەیە ەتێیدا خۆگونجاندن ناتوانرێ بەدیبهێنرێ گەر لەچوارچێوەی کۆمەڵبوونی مرۆڤەکان بە حەزی خۆیان و گوێڕایەڵبوونی ئەو پرنسیپ و بەندانەی لەلایەن کۆمەڵگەو ژیانی کۆمەلآیەتیەوە بەسەریدا دەسەپێنرێ، کە تێیدا هێزو توانای خۆگونجاندن و هارمۆنیەت دیاریدەکات، کەواتە تەندروستی



دەرونی بەمانای بێخەوش بوونی تاك نادات لەلایەنی نەخۆشی یان ئەو نیشانانەی شازن بەڵکو پێویستی بەخاسیەتی‌تر هەیە کە بریتین لە:

١-هارمۆنیەتی تەواو بەجێ لەنێوان وەزیفە دەرونیە جیاکان لەگەڵ توانای رووبەڕووبوونەوەی تاك بۆ قەیرانە دەروونی‌یە ئاساییەکان کە لەمرۆڤ دەردەکەون.

٢-تەندروستی دەرونی شتێکی نسبی‌یەو رەها نی‌یە.

٣-مەرجی تەندروستی دەرونی بریتی‌یە لە عاقل بوونی کەسایەتی‌و پێگەیشتنی هەڵچونەکان.

٤-تێگەیشتنی گونجان لەرووی سەرژمێریەوە، دەبێتە پێوەرو مقیاس بۆ ئاستی گونجانی کەسێك لەگەڵ نزیکبوونەوەی لەزۆرینەی ئەو کەسانەی لەکۆمەڵگە لەگەڵیدا دەژین.

٥-تەندروستی دەروونی جەخت لەسەر خاسیەتی بەردەوامی دەکاتەوە)[٢١]

ساغڵەمی دەروونی پەیوەستە بەشێوازو جۆری ئەو مامەڵە کۆمەڵایەتی‌و فشارە کۆمەلآیەتیانەی دەخرێنە سەر تاك‌و دواتر توشبوون بە تەنگبوونی دەروونی‌و نەخۆشیەکانی، کە ئەمانەش لەلایەن خۆیانەوە دەبنە هۆی دروست بوونی نەخۆشی دەروونی‌و نەگونجانی کۆمەلآیەتی خۆی، کە بەگشتی لەو کاتە ساغلەمی دەروونی لاواز دەبێت‌و دەکەوێتە بەر هەڕەشەی توشبوون، لەپێناسەیەك کە رێکخراوی تەندروستی نێودەوڵەتی بۆ ساغلەمی دەروونی کردویەتی پێی‌وایە کە (ئاستێکی کامڵی ساغلەمی جەستەیی‌و عەقڵی‌و کۆمەلآیەتیە، نەوەکو تەنیا بێخەوش یان کەم‌وکورتی یان لاوازی بێت لەلایەتی جەستەیی‌و نەخۆشیەوە)[٢٢]

کەواتە ناشێ ئەوانەی لەمەوبەر بەنەخۆشی کۆمەلآیەتی ناوبران موجەڕەد (ئەبستراکت) بکرێن‌و بخرێنە پەراوێزەوە بەبیانوی بوونی نەخۆشی عەقڵی یان لاوازیان لەڕووی جەستەیی‌و تەندروستیان سەرەڕای نەبوونی توانای بەرگری‌و خۆگونجاندنیان لەگەڵ زۆرینەی کۆمەڵگە ئەمە لەگەڵ ئەوەی مۆدی ئەم کەسانەش کۆمەڵگە بە دادگایەکی فرەدەسەلآت‌و بڕیار دەزانن، چونکە

تەندروستی عەقڵی بریتییە (لەو حاڵەتەی کە نمونەی باڵا بەرهەم دێنێ بۆ تاك لەلایەنی جەستەیی‌و هزری‌و سۆزەوە، بەشێوەیەکی ئەوتۆ کە گونجاوبێت لەگەڵ ئەندام‌و تاکەکانی‌تری کۆمەڵگە)[٢٣]، لێرەدا لەڕوانگەیەکی بابەتیانە دەتوانین بڵێین کە ئەم کۆمەڵە لەنێو خۆیان دەشێ بەکۆمەڵێکی زۆر ئاسایی‌و گونجاو لەقەڵەم بدەین، کە لەنێو خۆیان پرنسیپ‌و هاوکاری تەواوی یەکتری هەیە، بەڵام لەچاوی بابەتی کۆمەڵایەتیەوە بەگشتی ئەمانە بەکەسانێکی ناتەندروست‌و نەشیاو لەرووی عەقڵیەوە دەژمێردرێن کە توانای گونجانیان بەگوێرەی پرنسیپ‌و داب‌و نەریت‌و بەها باوەکانی ناو کۆمەڵگە نی‌یە، بەڵام لەدیدو بۆچوونی ئەوان خۆیانەوە کۆمەڵگە سەرچاوەی کێشەو گرفتەکانیان دەبینن کە بۆتەهۆی تێکڕای هاوسەنگیان لەگەڵی، ئەگینا ئەمانە لەلایەنی کردەیەوە شتەکانیان بە عەقڵانی‌و زانایەوە ئەنجام دەدەن، بەڵام دەکرێ زۆر کاتیش لایەنی نەست زاڵبێ بەسەریاندا، بەڵام ئەمەش سەرجەم پێکهاتەی کردەوەکان نی‌یە، لێرەدا دەبێ، ئاماژە بەوە بکەین کە سەرجەم ئەم پێناسانەی بۆ ساغلەمی دەرونی‌و عەقڵی لەلایەنی کۆمەڵزانیەوە کراوە (لەم پێناسەی زانای گەورە-ئەنگلز- هەڵهێنجراوە کە تێیدا جەخت لەسەر سیفەتی بەردەوامێتی‌و ڕێژەی تەندروستی دەروونی دەکات لەلایەن تاك، ئەم وا پێناسەی دەکات (حاڵەتێکی هەموو کاتی ڕێژەیی بەردەوامە بەشێوەیەك کە تاك گونجاوبێتبەشێوەیەکی باش،بەڵام هەر بێبەری نابێ لەنەخۆشیەکان)[٢٤]، بە ڕەهاکردنی هەرشتێك‌و تێگەیشتنی بەم چەشنە لەهەر دیاردەو حەزو ئارەزوویەك دەشێ بواری گونجان‌و خۆ ڕێکخستن لەگەڵ ژیانی ئاسایی بەرتەسك بکاتەوە جالێرەدا پێویست دەکات کە بە ڕێژەیی پرسی گونجان‌و داواکاریەکان بخوازین، ئەمەش لەوکاتەیە کە ناکرێ بەجارێك دوور بکەوێتەوە لەنەخۆشیە دەروونیەکان، بەڵام دەکرێ لەهەندێ کەسانی دەمارگیرو توندڕەو ئاساییانەتر بیربکەینەوە، چونکە تاك ڕەهەندی مرۆڤ بۆتە نەخۆشیەکی کوشندەی سەردەم، هەریەك لەئایدیالە باوەکانی نێو ئامێزی شارستانیەتەکان بەشێوەیەکی جیاجیا مرۆڤیان توشی تاك ڕەهەندی کردووە، لەهەموو شتێ بێبەریان کردووە، عەقڵانیەتی تەکنەلۆژی



سەرجەم ژیانی مرۆڤەکانی ئەم سەردەمەی کۆنترۆڵ کردووەو بیرۆکەی شۆڕش لەناو کۆمەڵگە تەقلیدیەکانی لێدەردەچێت ئەگینا لەزۆربەی جیگەکان سڕیوەتەوە، کەچی هەموو شتێك ئاماژە بەهێشتنەوەی بارودۆخەکە بەم شێوەیە دەکەن. وەك لەمەوبەریش ئاماژەمان بە بۆچونەکەی (لیمیرث) کرد کاتێ هەندێ بزاڤی رادیکالی‌و چاکسازی‌و ئاژاوەچی بە پاتۆلۆجیای کۆمەڵایەتی دانا، دیارە ئەمیش مەبەستی ئەو بارە نائاساییە کەسانی توندڕەو لەنێو ئەم بزاڤانەدا دەژین‌و دەشێ بەکۆمەڵگە نامۆبن‌و دیاردەو داواکاری بەدەر لەواقیع یا بگرە میتافیزیکیانە داوابکەن، لەوکاتەدا دەشێ بزاڤەکان بۆ مەبەستی دروستکردنی گۆڕان یان گرتنەدەستی دەسەڵات ڕێگەی توندوتیژی یان شەڕو ململانێی یەکلاکەرەوە بگرنەبەر کە بەمەش کاردانەوەی دەروونی لەسەر کۆمەڵگەو تاکەکانی جێدەهێڵێت، واتە تەندروستی دەروونی دەشێوێت‌و کێشە دروست دەبێ، دەشێ زۆر کات داکۆکی کردنی شێلگیرانە لەهەندێ داب‌و نەریتی کۆمەڵگەو بەهاکانی بەرامبەر گۆڕان‌و دژەوەستانەوەی وەك (پەتایەکی کۆمەڵایەتی) بناسین، کە ڕەنگە زۆربەی کۆمەڵگە دووچاری ئەم پەتایە بووبێت، جا ئەم بەرگری کردن‌و دژەوەستانی گۆڕانە لەمیانەیدا ململانێ چێدەبێ، بەڵام دروستبوونی گۆڕانەکان لەوکاتەوە دروست دەبێ کە لەویستی مرۆڤەکان بەگشتی‌دا نی‌یە. بۆیە ئاکارو هزری ئەوتۆ دێتە ئاراوە کە مرۆڤەکان سەرسام دەکات‌و دواتر تووشی کێشەو ئینجا دەرد یان پەتای کۆمەڵایەتی‌و دەروونییان دەکات، کەوا بوو دەکرێ بڵێین پاسۆلۆژیای کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەوەیەو بۆ کۆمەڵگەیە. کەواتە دەتوانین پاسۆلۆجیای کۆمەڵایەتی بەو کێشەو گرفتانە بناسین کە لە کۆمەڵگەدا باون یان لێیەوە سەریان هەڵداوەو لەلایەنی خۆیانەوە دەبنە هۆی دروستکردنی بارێکی نائاسایی تەندروستی‌و دەروونی، ئەمەش لە لایەن خۆیەوە دەبێتە هۆی دروست کردن‌و گرانترکردنی باری کۆمەڵگەو نانەوەی نەخۆشیی کۆمەڵایەتی، کە لەمیانەیدا تاکە ئاساییەکانی کۆمەڵگە دەبنە قۆچی قوربانی، یان دەتوانین بڵێین: پاسۆلۆژیای کۆمەڵایەتی ئەو دیاردە کۆمەڵایەتیانە دەگرێتەوە کە لەدوای خۆیان‌و لەساتی ڕوودانیان قەوارەیەك

لـەباری نائاسـایی کۆمەڵایـەتیو شـڵەژانی بـاری تەندروسـتیی دەروونـی لەسەرتاکەکانی کۆمەڵگە بـە گشتیو ئەندامە دووچاربووەکانی جێ دەهێڵێت کە پەیتا پەیتا دەبێتە دیاردەیەکی بەربلاّو و لەشێوەی پەتا درێژە دەکێشێ.
کەواتـە بەپـێی ئـەم بـنەمایانە تێگەیشتنی بۆچوونەکانی سەبارەت بە نەخۆشیی کۆمەڵایـەتی ناچونیەكو جیان واتـە بـە گوێـرەی ئاستی ڕۆشنبیریو هۆشیاریو سـەردەمە مێژوویـیەکان دەگۆڕێـن، بـێگومان ئەمانـەش توێژیـنەوە ئەنسرۆپۆلۆجییەکان سەلماندوویانە.

## ئەو هۆکارە کۆمەڵایەتییانەی دەبنە نەخۆشیی دەروونی

تـا ئێـستا  لێکۆڵیـنەوەو توێژیـنەوە زانستیەکان نەیانتوانـیوە ئـەم نەخۆشـیانە، لەسـەر بنەمایەکی زانستیو لۆژیکی یەکلابکەنەوە. واتا شرۆڤەیان بکەن، ئەمەش بـەهۆی سروشـتی پـێکهاتەی ئـاڵۆزی مـۆرڤ کەناتوانرێـت بەئاسـانی بڕیاری لەمەڕ بدرێ،تەنانـەت زۆرجارلەتێگەیشـتن دەستەوەسـتان دەوەسـتین.[٢٥] بـێگومان ئەمـە بێ توانایی زانستو مرۆڤەکان ناگەیەنێ بەڵکۆ پڕ ئاڵۆزی سروشتی مرۆڤو ژیانی دەردەخـات،بوونی چـەندین جۆر هۆکارونەخۆشـیەکانی کـە خوازیـاری دۆزینەی ڕێگـەی نوێـترو شـرۆڤەی وردتـرن سـەرەڕای هۆکـارە بۆماوەیـیە ژینەگەیـیە جۆراوجۆرەکـان. هـەر ئەمـەیش وای لـە زانـا (مۆنتانی-Montagigne) کرد کە بڵـێ (مـرۆڤ وەك کایـە جـێگەی سەرسوڕمانە، بەشـێوەیەکی ئـەوتۆ ناجـێگیرە کـە گەیشـتن بـەدانانی ڕاسـتییەك بۆ ئاکارەکانی کارێکی گرانە)(٢٦)، ئەمە وایکرد کە بۆچـوونی جـیاواز دروسـت بێـت لـەبارەی دیاریکـردنی هۆکـارە ڕاسـتەقینەکانو شـرۆڤەکردنی هۆکـاری نەخۆشـییەکە لەژێـر ڕۆشـنایی ڕاسـتییە زانسـتییە ڕەهاییەکان نە وەکو نییەت (مەبەست)، چونکە ئەم چەندان هۆکارانە ئاڵۆزکاو و تێکچڕژاون، دەبـێ ئـەوەش بڵـێین کـە زۆر لـە زاناکـان جەخـت لەسـەر هۆکـاری مـاوەیی دەکـەن لەگـەڵ ئۆرگانـیکی بۆ دروست بوونو دەرکەوتنی ئەم نەخۆشییە دەروونـیانە، هـەندێکی تـر هۆکاری نەخۆشـییە دەروونـیەکان دەبەسـتنەوە بـە



(سـێکسو شـەڕانگێزی) بـەلاّم کۆمەڵەیـەکی تـر پـێ لەسـەر هۆکـاری کۆمەڵایـەتی دادەگـرن، بەلاّم لەگەڵ هەموو ئەمانە دەرئەنجام لەوە دەرناچێت کە ئەم چەندین هۆکـارەی بـاس کـران ڕۆڵـی سـەرەکییان هەیـەو هۆکـاری ڕاستەوخۆن، لەبەر ئەوە ناکـرێ ئـەم نەخۆشـییانە بەتەنـیا لەتاکـە هۆکارێکـەوە شـرۆڤە بکـەین، چـونکە مرۆڤـیش لـە یەکەیـەکی تـەواو کـاملّو هاوکـار لـەڕووی جەسـتەییو دەروونـیو کۆمەڵایـەتی پـێك دێـت، تەنانـەت گـەر ئەندامـێك دووچـاری ئـازاربووەو ئـەوا سـەرجەم ئەندامـەکانی تـری جەسـتە دەبـنە ئێشـکگرو شـەو نخوونکاری، کەواتـە ناشـێ مـرۆڤ لەهـەر شـرۆڤە کردنـێکدا بـە شـێوەیەکی پسـپۆڕییانە لەبەریـەك هەڵبوەشـێنرێتەوە، واتـە لـەتاك ڕەهەندێکـەوە سـەیر بکـرێو لەلایەنـەکانی تـری پـێکهاتەکەی تەجـرید بکـرێ، ئـەوەتا (ئـەفلاتوون پـێی وایە کە گەورەترین هەڵە لەچارەسـەرکردنی نەخۆشـییەکاندا بکرێـت لەوەدایـە کـە جەسـتەو ڕۆح بەجـیا سـەیر بکرێـت)(٢٧)، لەگـەڵ ئـەوەدا (فـرۆید دەنگـی خۆی دەداتە پاڵ ئەفلاتوونو دژایەتـیی ئـەم بۆچـوونە کۆنـەی دەکـرد کـە بەجـیا لـە دووالـیزمە جەسـتەییو دەروونییەکە دەڕوانێ)[٢٨].
لەکاتـێکدا جەخـت کـرایە سـەر دوولـەت نەکـردنی پـێکهاتەی مرۆیی بۆ جەستەو ڕۆحو دانـانی تـێرمی گونجاو بـۆ خۆیـان، بـەلاّم ئەمانە ئاماژەیان بە ڕۆڵی عەقڵی مـرۆیی خۆی نەدا، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، بەلاّم دەکرێ بڵێین لەژێر ئاماژەیان بـۆ جەسـتەو ڕۆح پەردەپۆشـیان کـرد، چونکە عەقڵ ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێ لە بـاش یـان خـراپ کـردنی جەسـتەو دەروونـی مـرۆڤ تەنانـەت خودی عەقڵ خۆی، وەك ڕێگـە خۆشـکردنو نیشـاندانی چۆنییەتیی گونجاو بـۆ خۆگونجاندنی تـاك لەگـەڵ کۆمەڵگـەو دەروروبەرەکـەی وەك لەمەوبـەر لـەبارەی پاسـۆلۆژیایی کۆمەڵایـەتیو تەندروسـتی عـەقڵی باسمـان کـرد، بـێگومان لەمـیانەی گۆڕانـی سـەردەمەکان شێوەبۆچوونو شـرۆڤەکارییەکان تـێرمی نوێـی هێنایە نێو خانەی توێژیـنەوەکانی ئـەم بـوارە، هەرلەبـەر هـەمان هۆ دەبینین (برتراند ڕاسلو جۆن دیـوی) کـە دوو هزرمەندی سەردەمی نوێن کۆکن لەسەر دژایەتی کردن بۆ دانانی یـان جـیاکردنەوەی نێوان عەقڵو جەستە، چونکە بەلایانەوە ئەم جیاکردنەوە لە

بنەچەدا بێ ماناو پووچە، بەلایانەوە ئەمانە دوو پرۆسەی بەردەوامن لەلایەنی جەستەیی‌و عەقڵی‌و دەچنە ژێر توێژینەوەی زانستی)[٢٩]، بێگومان عەقڵ هەموو پرۆسە ڕۆژانەو کاتییەکانی مرۆڤ کۆنترۆڵ دەکات‌و بەشێوەیەکی ئاسایی دەیانباتە ڕێوە گەر بەهەر هۆکارێکی دەرەکی یان تێکچوونی هاوسەنگی‌و بۆماوەیی یا کیمیاوی تێك نەچێ، بۆیە دەشێ عەقڵ ئەگەرچی پێوەندییەکی فرەئاڵۆزی لەگەڵ دەروون هەیە ئەوا بە خاڵی سەرەکی‌و گرنگی کۆنترۆڵکردنی ئاکاری مرۆڤو بەرگری بناسرێ ئینجا هەر ئەو دەتوانێ جڵەوی دەروون‌و واقیعی کۆمەڵایەتی مرۆڤەکە بکات.

(تالکوت بارسونز) لەمیانەی گرنگیی هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان بۆ نەخۆشییەکان لە توێژینەوەیەکی بەناوی (ڕۆڵی نەخۆش لە کۆمەڵگە) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کاتێ کەسێك دووچاری نەخۆشی دەبێتەوە ئەوا ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکەی دەگۆڕێ لە ڕۆڵی کرێکار یا فەرمانبەر یان باوك یان کوڕ بۆ ڕۆڵی نەخۆش، وێڕای بەخشینی نەخۆش لەو لێپرسراوێتییە پیشەیی‌و کۆمەڵایەتییەی هەیبوو. دەرخستنی ڕۆڵی تاك‌و شیکردنەوەی نەخۆشی ئەوا ڕێگەی دووچاربوونەوەو تووش هاتنیشی دەبەستێتەوە بە کۆمەڵگە لەوکاتەی بەقۆستنەوەی ڕۆڵی نەخۆش ئازارو مەینەتی تووش هاتوو زیاتر دەکەن، ئەمە لەکاتێکدا مرۆڤ هەردەم لە هەوڵی مانەوەو دەستگرتنە بەڕۆڵ‌و پایە کۆمەڵایەتییەکەی نایەوێت لێی بترازێت جا بەهەرچی هۆیەك بێت، واتە لەسەرەتا هەنگاوی بەرگریکردن لەو پلەوپایە کۆمەڵایەتییەکەی دەهاوێت، بەلاّم لە پڕێکدا یان لەسەرخۆ کە دووچاری نەخۆشی جەستەی دەروونی یان تەنانەت کۆمەڵایەتی دەبێتەوە ئەوا ئەم خاڵی بەرگریکردنە ئاوەژوو دەبێتەوە بۆ خاڵی گەڕانەوە بۆ سەرکار واتە دەکەوێتە ململانێ لەنێوان خۆی وەك دەروون‌و نەخۆشییەکەی لەلایەکی وەك هۆکارێك بۆ تووشبوونی بەم نەخۆشییە، (زۆربەی کۆمەڵزان‌و فەیلەسووف‌و دەروونزانان لەو باوەڕەدان کە مرۆڤ لەکاتێکدا بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییەو دەبێت پلەوپایەو ناوبانگی کۆمەڵایەتیی شیاوو بەڕێزی هەبێت تاوەکو بتوانێت وەکو بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی ڕۆڵی خۆی بگێڕێت‌و لەتەك کۆمەڵگەکەی خۆی



بسازێت‌و هەست بەئارامی‌و دڵنیایی‌و دروستیی دەروونی بکات، ئینجا بەهەر شێوەیەك بێت، کاتێ پلەوپایەکەی لەدەست دەدات دەکەوێتە بەردەم هەڕەشەو گلەیی دامودەزگا کۆمەڵایەتی‌و قسەی خەڵك، جالێرەدا ڕەنگە هەندێ کەس بەرگە نەگرن‌و پەنا بەرنەبەر خۆکوشتن)[٣٠]، وێڕای ئەوەی هەست بەکەمی دەکات‌و گۆڕانی دیدی خەڵك بۆ کەسەکەو کارەلەدەست چووەکەی‌و جۆری مامەڵەیان لەگەڵیدا لە چوارچێوەی جۆری نەخۆشییەکەی. لێرەدا بەدرێژی دێینە سەرباسی گرنگترین ئەو هۆکارە کۆمەڵایەتییانەی دەبنە هۆی نەخۆشیی دەروونی.

١- ڕاهێنانی کۆمەڵایەتی‌و هۆکاری خێزانی/ بۆیەکەم جار ئەم زاراوەی (التنشئە الاجتماعیە-Socialization) لەئەدەبی (ئینگلیزی) لەساڵی (١٨٢٨) بەکارهات کە مەبەست تێیدا ئامادەکردنی تاك بوو بەو مەرجەی کە بگونجێ لەگەڵ ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییەی تێکەڵیان دەبێ یا تێیدا دەژی بەم شێوەیە ڕاهێنانی کۆمەڵایەتی وا پێناسە دەکرێت کە (تەلقین دانی تاکە بە گوێرەی ئەو پێوەرو بەهاو چەمکانەی لەنێو کۆمەڵگاکەی باوە، بەشێوەیەك کە ڕاهێنرابێ لە بینینی چەند ڕۆڵی کۆمەڵایەتیی دیاریکراو لەئاکاری ڕۆژانەی)[٣١]، لەکاتێکدا لەلای زۆر لەزاناکان، مرۆڤ وا ناسراوە کە بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، بەلاّم لەڕاستیدا گەر لە کۆمەڵگەدا نەبێت بەم کارە دەشێ ئەم بەکۆمەڵایەتی بوونە ڕوونەدات، بۆیە ڕاهێنانی کۆمەڵایەتی بە کۆمەڵایەتی کردنی تاکە، یا گۆڕینی بوونەوەرێکی بایۆلۆجییە بۆ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی لەمیانەی ڕاهێنانی لەسەر بچووکترین ڕۆڵ‌و پایەی لە کردارو ئاکاری ڕۆژانەی ئەم تاکە تا وای لێ دێت کە شیاو دەبێ لەنێو کۆمەڵگەو توانای خۆگونجانی دەبێ‌و دەتوانێ ئاوێزەیان بێت، ئەمەش بە پشت بەستن بە دەزگا کۆمەڵایەتی‌و بەرنامە داڕێژراوو تەقلیدییەکانی نێو کۆمەڵگەو گۆشکردنی پێیان واتە بەو شێوەیەی کۆمەڵگە دەتوانێ سوودی لێ وەربگرێت، تەنانەت دەکرێ بڵێین تاك لە سادەترین‌و سەرەتاییترین کاتی بوونە نێچیریەتیدایە، بۆیە کۆمەڵگە بەم شێوە پەروەردەی دەکات کە خۆی گەرەکیەتی. بێگومان لەنێوەندی ئەم دەزگایانەش

خێزان بە سەرەکیترین دەزگا دادەنرێ کە ئەم ڕۆڵە دەبینێ بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە تەڵقین دانی ئەندامەکانی (کۆمەڵێك لە زاناکانی قوتابخانەی شیکاری دەروونی لایان وایە کە زیاد نازدان بە منداڵو جێبەجێکردنی هەموو داواکاریو پێداویستییەکانی بێ ڕێگەدان بەپشت بەستن بەخۆی دەبێتە ڕێگە خۆشکەر بۆ تووشبوونی منداڵ بە نەخۆشیی هیستریا یا نیگەرانیو دەمارگیری)[٣٢] (بێگومان ئەمەیش دەگەڕێتەوە ئەو هۆکاری زۆر ناز پێدانە کە لەدەروونی منداڵدا گرێیەك دروست دەکا، لێرەدا زانا دەروونناسەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە پیاهەڵدانو دڵ نەشکاندنیو لکاندنی جۆرەها ناوو لەقەب بۆ جوانییەکەیو دڵ ڕەنجاندنی کەسانی تر، بۆی دەبێتە هۆی سڕکردنی (من) واتە لێرەدا منداڵ دووچاری ئەو گرێیە دەبێ کە پێی دەڵێن نەرجسیو خۆپەرستی)[٣٣] هەڵبەت خێزان لەکاتێکدا کە ئەرکی پەروەردەکردنی منداڵ دەگرێتە ئەستۆ، تەنیا ئەرکی پێدانی خۆراك نابێ، بەڵکو دەبێ ڕاهێنانە کۆمەڵایەتییەکەیش بداتە بەرچاو کە خۆی لە گۆشکردنی ئەم تاکە دەبینێتەوە بە جۆرەها ڕێگەی پەروەردەیی تاوەکو تاك بتوانێ لەکاتێ پێویستی پشت بەخۆی ببەستێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نابێ منداڵ لەهەستو سۆزی دایكو باوك بێ بەش بکرێت (Parental deprivation) جا لەمیانەی هەر ڕووداوێك بێت مردنی یەکێك لەباوكو دایکی یا زۆر کێشەو مشتومڕی نێوانیان یان تەڵاقو بەجێ هێشتنی یەكو شوونەکردنو یەك ژن نەهێنان یا زیاتر، چونکە لەساتی وا دەکرێ دایكو باوکی نوێ هەمان مامەڵەو خۆشەویستی لەگەڵ منداڵەکە نەکەن، ئیتر نامۆبوونو هەست بە غەریبی کردن لەلای منداڵەکە چەکەرە دەکات، سەرەڕای تووشبوونی بە هەندێ نەخۆشیی درێژخایەن کەوا لەمنداڵ دەکەن پەنا بۆ لاساریی ئاکاری ببات، بێگومان سەرجەم ئەمانە شتێکی ئەوتۆ لەلای منداڵ دەخولقێنن کە لەدوایی هۆکارو دڵەڕاوکێی ئەوتۆی تووش دەبێ تا ئاستی نیگەرانیو دووچاربوونی بە نەخۆشیی دەروونی، بۆیە (بۆلبی Bowlby)ی زانا پێی وایە (ئەگەر منداڵ بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لەدایكو باوکی دابڕێ، بەتایبەت لەماوەی [٥] ساڵی یەکەمی تەمەنی، ئەمە وا دەکات هەستو سۆزی



بەرامبەر دایكو باوكو خەڵك نەمێنێو حەزی دزیو بەرەڵڵاییو سەرەڕۆیی لەلای سەر هەڵبدا سەرەڕای ئەنجام دانی تاوان)[٣٤] لەکاتێکدا منداڵ دەبێ پشت بەخۆی ببەستێ لەهەمان کاتدا دەبێ ژینگەی خێزانیش لەبار بێت بۆ ئەو پشت بەخۆبەستنەو دوورکەوتنەوە دەروونییانەی کە دەبنە هۆی نەخۆشیی دەروونی، چونکە بەشێکی گرنگو ڕاستەوخۆی ڕاهێنانی تاك لە ئەستۆی خێزانو ئەو ڕاهێنانە کۆمەڵایەتییەدایە کە لەم نی،وەندە پێشکەشی دەکرێ ئەمەش بەهەوڵی خۆدوورگرتن لە ئاژاوەو کێشە خێرانییەکان (مەبەست لە لێکترازانو گرفتی ناو خێزان سەرجەم ئەو هۆکارانە دەگرێتەوە کە دەبنە هۆی دروست بوونی کێشەو ململانێ لەنێوان ئەندامانی خێزان یان تەنانەت هەر خۆیان ئەنجامی کێشەی ترن لەوانە تێرنەکردنی پێداویستیو داواکارییەکانی تاك لەنێو خێزانو ژینگە کۆمەڵایەتییەکەی سەرەڕای کێشەی تەڵاقو جیابوونەوەو شەڕو ئاشووبە).[٣٥] پەیوەست بوونی کێشەکان بە یەکتری ئەقڵێکی دروستو لەشێکی ساغی دەوێت تا بتوانێ منداڵەکان بەشێوەیەکی گونجاو پەروەردە بکاتو لەگەڵ ئاستی کۆمەڵایەتیو خێزانی بیانگونجێنێت، دیارە ڕاهێنانی کۆمەڵایەتی هەربە تەنیا منداڵ لە کاتی لەدایکبوونییەوە تا گەورە دەبێت ناگرێتەوە، بەڵکو قۆناغی هەرزەکاریش پێویستی بە چاودێریو هاندانێکی عەقڵییانە هەیە، ئەگینا قۆناغی هەرزەکاری دەکرێ بڵێین وەك قۆناغی منداڵی ناسکەو وردترە، چونکە لەم قۆناغە ئەقڵی ململانێو خۆناسین چەکەرە دەکات، بیگراس-ی زانا لەمیانەی توێژینەوەیەکیدا گەیشتە ئەو ڕاستییەی کە بێ (بەش بوون لە سۆزو خۆشەویستی دایك شێوانی یا تێکچوونی پێوەندی لەگەڵ باوك لە گرنگترین هۆکارەکانی خۆکوشتنە لەلای توێژی هەرزەکاران)[٣٦] کەواتە ڕۆڵی خێزانو دەزگا کۆمەڵایەتییەکانی بەڕاهێنانی کۆمەڵایەتی بەتەنیا تەواو نابێ، پێنج ساڵی یەکەمی منداڵ قۆناغێکی زۆر ناسکە بۆ ئەوەی منداڵ فێرە زانینو ناسین بکەیت بە ئارەزووی خۆت، بەڵام هەرزەکار دەشێ بەم شێوەیە نەبێ لەبواری ڕاهێناندا چونکە هەرزەکار لەهەوڵی خۆسەلماندنو دروست کردنی کەسایەتیی خۆیدایە، واتە دەیەوێت دوورکەوێتەوە لە هەر ئامۆژگاریو سانسۆرێك ئەوەتا (مارگرێت

میـد) وەك تـێكەڵ كـردنەوەیەكی پێوەندیی نێوان خێزانو ڕاهێنانی كۆمەڵایەتی لەلایـەكو تاك لەلایەكی تر جا منداڵ یا هەرزەكار بێت، بە لێكۆڵینەوەیەكی بۆی دەركـەوت (كـە مـنداڵ لـە ژیـنگەو دەوروبـەری خۆیـەوە مەیـلی دوژمـنكاری وەردەگرێـتو لەلای دەخولقێ، هەروەها (والترز)یش لە لێكۆڵینەوەكانی كە لەسەر ڕەفـتاری لاساییكردنەوە ئـەنجامی داوە، بـەروونی ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەكـات كـە سـەیركردنی فیـلمو دیمـەنی شـەڕانگێزیو توندوتـیژی، مـنداڵ بـەرەو ڕەفـتاری دوژمـنكارانە دەبات، بەتایبەت گەر ئەو كەسەی كە تاوانەكە ئەنجام دەدات لەدوای ئـەم كـارەی سـزا نەدرێـت، بـەڵكو بـە پێچـەوانەوە ڕووبـدات)[٣٧]، كاردانـەوەو پەرچەكردار بـەردەوام ڕۆڵـی گـرنگ دەگـێڕن بـۆ پێكهێـنانی كەسیایەتیی ئەوتۆ وەك ئـەوەی كـە بـارودۆخ دەیـەوێ، بۆیـە كـاتێ ژیـنگەی خـێزانی لـەبار بێـت بەرامـبەر ئـەوە دەوروبـەری كۆمەڵایـەتی ساختەو پڕ بێ لە تەڵەكەبازیو ئاژاوە، ئـەوا تـاك لەوكاتـە دەكەوێـتە شـەڕو ململانـێی نـێوان دوو دووالـیزمی دژەیـەك، بەمـەیش كاردانەوەی دەروونی زۆر خراپ لەسەر تاك دروست دەبێ، كاتێ خێزان داوای چـاكەو ڕەوشـتی بـاش لـەتاك دەكـات، دەبـێ زۆر لـەو شـتانەی لەجـیهانی دەرەوەی تـاكدا هەیـە لەشێوە باشـەكەی یـان دەبـێ بـۆ تـاكی فەراهـەم بكات یـان هـەوڵی لەبیركـردنی بۆبـدات لـە ڕێگـەی پێكهێنانـێكی ئـەوتۆی ژیـنگەی كـە ڕێگە خۆشكەربێت بـۆ ئـەم كارە، ئەگـینا تـاك لـە ڕێگـەی تـێكەڵ بـوونو ئاوێزەبوونی كۆمەڵایـەتی دەشـێ دووچاری داخـوازی بـەدەر لـە توانـای خـێزانیو زەرەرمـەند ببێـتەوە. جا هەر ناچوونیەكیەك لەنێوان ڕەفتارو گوتاری ئەم كۆمەڵەو دەستانە لەگـەڵ ژیـنگەی كۆمەڵایەتیدا هەبێت، ئەوا ڕاستەوخۆ كاردەكاتە سەر مرۆڤەكەو تووشـی جۆرەهـا نەخۆشـیی دەروونـیو دواتـر كۆمەڵایـەتی بكاتـەوە، كەواتـە ڕاهێـنانی كۆمەڵایـەتی (بریتیـیە لـە پرۆسـەی فـێربوونو فـێركردنو پەروەردەكـردن كـە دەبێـتە هـۆی پێكهێـنانی ئاكـاری كۆمەڵایـەتی لای تـاكو بەخشـینی ڕۆشـنبیری كۆمەڵایـەتی لـە بونـیادی كەسـایەتیو گۆڕیـنی لـە بوونـەوەرێكی بـایۆلۆجی بـۆ بوونـەوەرێكی كۆمەڵایـەتی بەمەشـیان سیفەتێكی مـرۆیی وەردەگرێـت، جا هەر ڕاهێنانێكی نائاساییو نەشیاو كاردانەوەی دەروونی



خـراپ بـەجێ دەهـێڵن لەسـەرتاك، لەوانـە، نائومـێدیو داڕووخـانو نـیگەرانیو دڵەڕاوكێو ڕەشبینی كە لەهەرە باوترین هۆكاری ئەمانە نەگونجانی دایكو باوك، تـەڵاق، فەرامۆشـكردنی مـنداڵ یـا دانـانی جـیاوازی لەنـێوان منداڵـێكو ئـەویتر، تەنانـەت زۆر نازپێدانـیش كاردانـەوەی خـراپی دەبێـت، ئەمـە سـەرەڕای نـەداری دارایـیو بـێ بەشـی لە پێداویستییەكان ژیان) كەواتە لە میانەی ئەم بۆچوونانەو شـیكردنەوانە گەیشـتینە ئـەوەی كـە كێشـەی دەروونـی بە پلەی یەكەم پەیوەستە بەخـێزانو جـۆری ئـەو یارمـەتیو سـۆزو خۆشەویسـتییەی لەمـیانەی ڕاهێـنانی كۆمەڵایـەتی پێشكەش دەكرێت، بـێگومان ئەمـەش لەسـەر ئەستۆی خێزانە وەك دەزگـای یەكـەمی كۆمەڵایـەتی كـە وەبەرهێـنەری ڕۆڵەكانـە ئیـنجا ژیـنگەو دامو دەزگاكـانی تری نێو كۆمەڵگە، چونكە گەورەترین كارەسات لەلای مرۆڤ بەگشتیو مـنداڵو هـەرزەكار بەتایـبەتی گوێـی پـێ نـەداتو فەرامۆشـی كردنـیەتی لەنێوان كۆمـەڵێ كـەسو پلەوپایـەی تـر كـە ئەمانـەش دەبـنە هـۆی چـێكردنی هەسـتی دەروونـیی جۆراوجۆر تا ئەو كاتەی دووچاری نەخۆشی دەبێتەو نیشانەكانی لێی دەردەكەون. بەمەیش كۆمەڵگەو كەسی تووشهاتوو زەرەرمەند دەبێت.

٢- شارسـتانییەتو ململانـێی كۆمەڵایـەتی/ لەگـەڵ ئـەوەی زاناكـان جـیاوازنو تـا ئێسـتا لەسـەر دیاریكـردنی پێناسەیەك بۆ زاراوەی (Culture) ڕێك نەكەوتوون، بـەڵام پیناسـەكەی (ئـیدوارد تـایلور) دەكـرێ بـە شـیاو ناسـراوترینیان بـۆ ئـەم زاراوەیە بناسرێ كە زیاتر گشتگرو واقیعییانەترە، تایلور دەڵێ شارستانییەت ئەو گشـتە ئاڵۆزەیـە كـە سـەرجەم مەعـریفەو عەقـیدەو هونـەرو ڕەوشـت پـێك دێ، سـەرەڕای دابو نەریـتو سـەرجەم ئـەم توانایانـەی مـرۆڤەكان بەدەسـتی دەهێنن لەمـیانەی ئەو ئەندامێتییەیان لەنێو كۆمەڵگە، واتە شارستانییەت لە دوو لایەنی جیاواز پێك دێت كە ئەمانەن:

١- لایـەنی ماتـریالی/ كـە سـەرجەم پـێكهاتە تەكـنەلۆجیو بەرهەمەكانی هەروەها ئامێرو كەلوپەلەكان دەگرێتەوە.

٢- لایــەنی گــیانی/ ئــایینو پرنســیبە فەلســەفیو هونــەریو بەهایــەكانو پێكهاتەكانـیان وەك عـورف لەخۆدەگرێ. جا ئەركی هەردوولایەنی ماددیو گیانی

خۆی لە تێرکردن حەزو ئارەزوو پێویستییە بایۆلۆجیەکان دەروونییەکاندا دەبینێتەوە، ئەم تێرکردنەش لەمیانەی دەزگا کۆمەڵایەتییەکان بەڕێوە دەچن کە کاردانەوەیان لەسەر دیاریکردنی ئاکاری مرۆڤ بەدی دەکرێت، لەگەڵ توانای خۆگونجان لەگەڵ ژینگەی کۆمەڵایەتی بۆئەوەی پێویستیەکانی تێر بکات، زۆربەی کات نەخۆشییە دەروونییەکان وەك بوونی چەندین پێوەرو معیاری زۆرو ناچوونیەك لەگەڵ ژیانی واقیعی دەردەکەون. ئەمە لەلایەكو زۆربەی حاجەتو پێویستییەکانو چەندین جۆری ئارەزووەکانو ئامانجەکان لەلایەکی تر، جا ئەمانە دەبنە هۆی تێکچوونو شڵەژانی کەسایەتیی تاك لە ئەنجامی هەرەسو نائومێدبوونی کە لەمیانەی قۆناغەکانی ژیان ڕووبەڕووی دەبێتەوە، لەگەڵ ئەمانەش، ڕالف لنتون-ی زانا دەڵێ (سروشتی مرۆڤ سێ هۆکار فەرمانڕەوایی دەکات (تاك، کۆمەڵگە، شارستانییەت) دواتر ئەمە دەردەخات کە زاراوەی (شارستانییەت) هاوواتای وشەی (کۆمەڵگەیە)و جیاوازییان نییە، چونکە کۆمەڵگە بێ شارستانییەت بەردەوام نابێو شارستانییەتیش بێ کۆمەڵگە بوونی نییە، ئەمەش وا دەکات ڕوخسارو دیاردەی نوێیان بۆ دروست بکەن کە بەکەڵەکە بوون ناودەبرێ لەمیانەی پێشکەوتن گەشەسەندن)[٣٨]، ئەم کەڵەکە بوونەی پێشکەوتنو گەشەسەندن لەدوای خۆی دەکا ئاسەوارێکی شارستانی بەجێیان دەهێڵێ درێژە بە تەمەنی گۆڕانی کۆمەڵگە دەدات، بەهۆی ئەو هەماهەنگییەی لەنێوان هەردوو پێکهاتەی شارستانییەتو کۆمەڵگەدا هەیە لە ڕێگەی کار لەیەکتر کردن بۆ دروستکردنی گۆڕان، ئەگەرچی دەبێ بزانین شارستانییەت کاتێ بەرپرسیارییەتی تەڵقینی مرۆڤەکانی دەکەوێتە ئەستۆ مرۆڤەکان ناتوانن خۆ لەم ڕۆڵەو کاریگەرییەی شارستانییەت بەدوربگرنو لە کاردانەوەی دەروونیو ئاکارییەکانی خۆیانی وەدەربنێن، جا مرۆڤ لەم کاتە دەبێ خۆ لەبەردەم گۆڕانەکان بگونجێنێ تا بتوانێ سەرجەم پێداویستییەکان تێر بکات کە ئەمەش لەسەر دەزگا کۆمەڵایەتییەکانی نێو بۆتەقەی بونیادی کۆمەڵایەتی شارستانییەتدایە، شایانی ئاماژە بۆکردنە گۆڕانی شارستانی زۆر بەر فراوانترە لە گۆڕانی کۆمەڵایەتی کە ئەویان باس لە سەرجەم ئەو گۆڕانانە دەکات کە



ڕوودەدات لە هەر لایەنێکی شارستانییەت، هەروەها یاساکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی خۆی دەگرێتەوە، لەکاتێکدا کە گۆڕانی کۆمەڵایەتی بریتییە لە ڕێکخستنەوە یا تەعدیل کردنەوە کە لەبونیادی کۆمەڵایەتی ڕوودەداتو ئەمەیشیان لەلایەنی خۆیەوە پارێزگاری لەبەردەوامیو مانەوەی دەکات، (دەبێ بزانین کە گۆڕان ( Change) سەرجەم گۆڕانەکانی کە لە بەهاو ڕێساو پێوەرو معیارە کۆمەڵایەتییە ڕێژەییە جێگرەکان دەگرێتەوە، کەچی (شارستانی بوون-urbanization) واتە گواستنەوەی خەڵك لە کارێکی یان بۆ نموونە کشتوکاڵی بەگشتی بۆکارێکی تری پیشەسازی، کە ئەو کێشانەی بەم حاڵەتەش پێوەندیدارن لەگەڵ ئەوەی پێشکەوتنو هەنگاوی شارستانی داوێت، بەڵام لەهەمان کاتدا زۆرکێشەو گرفتی ئاڵۆز بۆ کۆمەڵگە دەنێتەوە لەڕێگەی هەماهەنگی پێشکەوتنینێوان تەکنەلۆژیاو زانست بەسەرکۆمەڵگەو شارستانییەتەکەی)[٣٩] جا کاتێ ئەم گۆڕانو پێشکەوتنانە توانییان ئارەزووی مرۆڤەکان تێربکەن یا ئاستی ململانێکەی نێوان تاك وەك خودو ژینگە کۆمەڵایەتییەکەی ڕەنگە دابەزێتە خوارەوە ئەگەرچی هەر دەمێنێ، بەڵام لەوکاتەی کە گۆڕانەکان ناتوانن ئەم خواستو ویستانە دابین بکەن بەپێی تێپەڕبوونی کاتو قۆناغەکانی مرۆڤەکانیش تەریبانە بەرەو هەڵوێستی گۆڕاو دەچن چی جا خراپ یا باش، چونکە گۆڕأن دەکرێ وەك لەمەوبەر باسمان کرد بە داینەمۆو هێزی سەرەکیو زیندووی مرۆڤایەتیو کۆمەڵگەی بزانین، کە بەمەیش شارستانییەت دەبێ ئامادەگی نیشان بدات بۆ تێرکردنی تاك لەچوارچێوەی کۆمەڵگەو هاوکاری، گونجانی نێوان تاکەکان، چونکە نابێ تەنیا گریمانەی شارستانییەتو مانەوەکەی لەچوار چێوەی تەڵقینو تەبلیغاتە مەعنەویو بوارە مادییەکەی کە هەر خودی ئەمانە ململانێو پاشان گۆڕانو بینینی نوێتر دەهێننە بەرهەم، بکەین، وەك ئەوەی کە (Culturefactor هۆکاری شارستانی) مرۆڤ بە بەرهەمی شارستانییەتەکەی دادەنێو بەگوێرەی ئەویش ڕەفتار دەکات، پێشکەوتنیش ئەوکاتە ڕوودەدات کاتێ شارستانییەت توانی سەرجەم وەسیلە توانادارەکان بۆ ئەم گۆڕانە فەراهەم بکات[٤٠].

شارستانییەتو مرۆڤ هەریەکەیان خۆیان بە نوێنەری ئەویتر دەزانن، ئەوەی مرۆڤ داواکاریەتیو دەرهێنانی باشترو چاکترکردنی خۆیو ژینگەکەیەتی بەرامبەر ئەوەیش شارستانییەت خوازیاری ئیلتیزام کردنە لە مرۆڤەکان بە پرنسیبو بنەماکانی ئەم شارستانییەتەی تێیدا دەژین، ئەمەش لەکاتێکدایە کە هێزی پاڵنەر دەیەوێت مرۆڤەکان بجوولێنێتو لەنێو ئیلتیزاماتەکانی شارستانییەت یاخی بێت، کە ئەمەش پێچەوانەی پێکهاتەو داواکانی شارستانییەتو کۆمەڵگەیە بەگشتی، واتە ململانێکە شێوە دەرکەوتنێك وەردەگرێ بۆ پێشکەوتنی زیاتر لەدوای دابین کردنی وەسیلەکانی گۆڕان، کە ئەمەش دەکرێ تەنانەت خۆی لەکەمو کوڕی بوارو پێداویستییەکانی ژیاندا ببینێتەوە، (فرۆید شارستانییەت تاوانبار دەکات کاتێ کە بەرپرسیارە لە زۆر پەتاو نەخۆشیی کۆمەڵایەتیو دەروونی؟ چونکە شارستانییەت لەسەر حیسابی پێداویستییە سروشتییە ڕەسەنەکانی مرۆڤ دامەزراوە)[٤١] کاتێ ئەمە لایەنێکی خراپی شارستانییەت ڕادەگەیەنێ ئەوا خودی مرۆڤ دەکرێ شێوە مامەڵەی جیا لەگەڵ ئەم لایەنیدا بکات، بەلاَم دەبێ ئەوە لەهەوڵی زیاترو ململانێی بەردەوامدایە لەنێو کۆمەڵگە چی جا لەنێو تاکەکان یا دەستەو تاقمو چینەکاندابێ، لەگەڵ ئەو هەولاَنەی مرۆڤیش بۆ ئازادبوونی ڕەها کە نایانگاتێ، بەلاَم ململانێکانیش هەردرێژە دەکێشن، کە خۆیان لەبەدیهێنانی جۆرەها گۆڕان دەبیننەوە (کۆمەڵزانان بەلایانەوە گرنگترین خاسییەتەکانی ململانێی کۆمەڵایەتی لە سەردەمی نوێی بەدیهێنانی گۆڕانە، یەکێك لەبەکاربەرو توێژەکانی ئەم بوارەی سەدەی (١٩) (کارل مارکسو جۆرج زیمل)ن، کە بەلای (زیمل سیستمی گشتی کۆمەڵایەتی بەرهەمی هێزە ململانێ کارەکانن لە کۆمەڵگە لەنێوان تەباوناتەبا، ئەم ململانێیەش لەنێوان تاکەکانو کۆمەڵەکان یا لەنێوان کۆمەڵە جیاکان سەرهەڵدەدات، هەر ململانێشە کە هاوڕێیەتیو دوژمنایەتی دیاردەکا)[٤٢] لەبەر ئەوەی ململانێ شێوازێکی کارلێکردنی کۆمەڵایەتییە، لەئاکامی پێك هەڵشاخانی بەرژەوەندییەکان سەرهەڵدەدات کە هەڵوێستێکی ڕکەبەرکێ کردنی یەکترەو هەریەکێك ڕکابەرەکەی خۆی دەناسێ لەگەڵ ئەو



باوەڕەی کە بەرژەوەندییەکانی دەپارێزرێو ئاواتەکانی دێتەدی کاتێك توانی بەرامبەرەکەی (ڕکابەرەکەی) لەناوبەرێت، بێگومان ململانێ لەنێو کۆمەڵگە چەندین شێوازی جۆراوجۆری هەیە، کاتێ لەنێوان قۆناغی جیا تێدەپەڕێت تەنانەت کاردانەوەی دەروونی لەسەر جەستەی نەیارەکانو هەوڵدانیان بە ئاسانی هەست پێ دەکرێت کە هەردەم لەململانێدان لەنێو دەروونو هزری خۆیان تاوایان لێ دەکات لەنیگەرانیو دڵەڕاوکێ بژین کە ئەمەیش جۆرەکەیان دەگۆڕێ لەگەڵ گۆڕانی بەرەو پێشەوەی ململانێکە کە لەقۆناغی یەکەم ئاشتیانە بەڕێوە دەچوو دواتر هەوڵی بەکارهێنانی پەلامارو توندوتیژیو تۆڵە کردنەوەو دواتر ئاشکرا کردنی ململانێو ڕاگەیاندنی ئامانجەو هێنانەوەی پاساو بۆ ئەم ململانێیە، جا ئەمەیش کاردانەوەی دەروونیو کۆمەڵایەتی دەبێ، وەك کۆمەڵگەیەکی نەخۆش بەشەڕ، جا کاتێك شارستانییەتو کۆمەڵگە نەتوانن حەزو ویستەکانی تاکەکانیان یا ئەندامەکانیان تێر بکات ئەوا ململانێکە بواری زەق بوونەوەو دەرکەوتنی زیاتر بۆ دەڕەخسێ، ئەمەش مانای ئەوە نییە کە لەکاتی تێربوون، ململانێکانیش نامێنن، هەڵبەت مرۆڤ لەو ساتە خۆی وا دەبینێ کە مەحکوومەو لەلایەن شارستانییەت یا کۆمەڵگەو چینێك کە دەخوازێ ئارەزووەکانی لێ بسێنێتەوە یا زەوتی بکات، (هربرت مارکوز جەخت لەسەر بۆچوونەکەی فرۆید دەکاتو دەڵێ ماوەیەکە ئەم بابەتانەی فرۆیدم قبووڵ کردووە کەوا سەیری شارستانییەتەکان دەکات کە هەمیشە ئارەزووەکانی مرۆڤ کۆنترۆڵ کراون)[٤٣] بە یەکداکەوتنی بەرژەوەندییەکانی نێوان چینە کۆمەڵایەتییەکان ململانێی لێوە دروست دەبێ، ئەمەیش لەبڕیاری سروشتی پێوەندییەکانی بەرهەم هێنان کە مرۆڤ خۆی لەگەڵ هۆیەکانی بەرهەم هێنان پێکی دێنێ دروست دەبێو دەبێتە ململانێیەکی چینایەتیی بەردەوام لە ململانێو شەڕدایە، بەهێز مافی لاواز دەبات، ئەم هێزە پێویستە لاواز بکرێت لێرەدا کەسێکی بەهێزتر دەردەکەوێو بەهەمان شێوە مافو دارایی لێ زەوت دەکات، (داروین) پاڵپشتی ئەم بۆچوونەی هوبزی کرد سەرەڕای خستنەسەری هەندێ زیادە کە مانەوە بۆچاکەکانە یا ململانێ لەپێناوی مانەوەیە، ئەم

ململانێیەی ئەنجام دەدرێ لەلایەن ڕەگەزی مرۆڤایەتیەوە بریتییە لە حاڵەتێکی سروشتی کە بەردەوامی جێبەجێ دەکرێ لەپێناو مانەوە. سەرجەم ئەم بۆچوون و بەیەکدا کەوتنانە کە لەبابەت ململانێیەوە دەدوێت لەنێو سیستمە کۆمەڵایەتییەکە کە ئەمەش تائێستا کۆنترۆڵی تیۆری و چەمکەکانی کۆمەڵزانی هاوچەرخی کردووە)[٤٤]، (ئەوەتا مایکرۆ سۆسیۆلۆجی- Microsociology) گرنگی بەو ململانێیە دەدات کە لەنێوان ڕۆڵ و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا هەیە کە ڕۆڵەکانی لە سیستمێکدا بە یەکەوە دەبەستێتەوە لەلایەکی تریش گرنگی بەو ململانێیە دەدات کە لەنێوان سیستمە شارستانی و کۆمەڵایەتییەکاندا هەیە)[٤٥]، لەوکاتەی مارکس ململانێکان بە کرۆکی مێژوویی مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتی دەبینێ و پەیوەستی دەکات بەلایەنێکی زیاتر ماتریالی و شتەبەرچاوەکان، بەرامبەر ئەوەیش (هوبز) جەخت لەسەر هێزی ماددیی مرۆڤەکان دەکات و پێی وایە ململانێکان تەنیا دەشێ لەپێناو مانەوەو بەرامبەر ئەوەیش دەستکەوتنی ماف و دارایی بەرامبەر، کە لەکاتێکدا ململانێ دەشێ لەپێناو کۆنترۆڵ کردنی ئەویتر یا سەرپێ شۆڕکردنی بێت، وەك حەزێکی دەروونی مرۆڤ، سەرەڕای ئەو هەستە دەروونییەی لەنێو مرۆڤ خۆیدایە سەبارەت بە ململانێ و کۆنترۆڵ کردنی ئەویتر، ژێرکەوتووش دەمێنێتەوە، بەڵام بەژێر دەستەیی، لێرەوە هربرت مارکۆز بۆ مارکسییەت دەچێ کە (مارکس زیاتر لە رووی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە گرنگی بەئازادکردنی مرۆڤ داوە بۆیە (مارکۆز) پەنا دەباتە بەر فرۆیدو بەشێوەیەکی جیا لێکی دەداتەوە، بەو واتایەی مارکس لایەنی دەروونی فەرامۆش کردووە، بەمەیش مەرجە ماددییەکانی ئازاد کردنی مرۆڤی دیاری کردووە. لەگەڵ ئەوەی ئاماژە بەهەندێ خاڵی لاوەکی مارکسییەت سەبارەت بە ئازاد کردنی مرۆڤ لەلایەنی دەروونییەوە دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا پاڵپشتی بۆچوونەکانی مارکس سەبارەت بەمێژوو کە بریتییە لە ململانێی نێو چینەکان دەکات، بەڵام مارکیۆز پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە مارکس بەگشتی باسی لایەنی دەروونی نەکردووە).[٤٦]



هەرچەندە لێکدانەوەو بۆچوونەکان درێژەیان کێشا سەبارەت بەڕۆڵی شارستانییەت و ململانێ کۆمەڵایەتییەکەی ناوییەوە کە ڕۆڵیان لە گۆڕانی کۆمەڵگە بەشێوەی باش یا خراپ وەك حەتمیەتێکی ژیان و بەرەوپێشەوەچوونی ژیانی مرۆڤایەتیدا هەیە کە ئەم ململانێیانە لەلایەنە سۆسیۆلۆجییەکەیدا مانای دەست پێکردن و گواستنەوەی کێشەیەك دەگەیەنێت لەئاستێك بۆ ئاستێکی تر، وەك لەمەوبەر ئاماژەم بۆ کرد کە ململانێ حەتمییەتێکی ژیانی تاك و کۆمەڵگەیە، هەر لەمیانەی ئەم لێکدانەوەیەش بۆمان دەردەکەوێ کە (شارستانییەت و کۆمەڵگەو تاك) سێکوچکەیەك (کوچاورێك) دروست دەکەن بۆ ئەو گونجانەی کە پێویستە لەنێوان هەرسێ پێکهاتە کە بە هەماهەنگی ژیانی مرۆڤ لەکێشە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی بەدووربگرن چونکە (زۆر لەداب و نەریت و دەزگاکانی کۆمەڵ پێویستییان بە پرۆسەی گونجان و ڕاهێنان هەیە، لەگەڵ داهێنانەکانی ئەم پرۆسەیەش هەندێ جار وا دەبێ کە داهێنانی نوێتر بێتە ئاراوە، چونکە شارستانییەت تۆڕێکە لە پێوەندیی ئاڵوگۆڕ پێکراوە، لەگەڵ ئەمەشدا گۆڕانەکانی نێو شارستانییەت هەرە گرنگترین هۆکارن بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتی)[٤٧] بەشداریکردنی تاك بەشێوەی خۆگونجان و داهێنان ڕێگە لەبەردەم کێشەو نەخۆشییە دەروونییەکان دەگرێ، لەمیانەی ئەمانەدا دەبێ بڵێین کە ململانێی کۆمەڵایەتی بریتییە لە (لێکدانی دوو هێزی کۆمەڵایەتی دژەیەك لەهەمان کاتدا هەوڵێکە بۆ خۆگونجاندن، بەڵام کاتێ ئەم هەوڵە سەرناگرێ و سەرناکەوێ ئەوا تاك دووچاری نائومێدی و هەرەس دەبێ، بەهۆی ناچوونیەکی بەهاو پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان، ئالێرەدا فشارو راچڵەکینی دەروونی بەسەر تاك دروست دەبێ کە نیشانەکانی خۆی لە نەخۆشیدا دەبینێتەوە) واتە نەخۆشیی دەروونی کە دواتر دەبێتە نەخۆشییەکی کۆمەڵایەتی و پەرەسەندنی لەنێو کۆمەڵگە..

٣- چینەکانی کۆمەڵگەو بزاوتی کۆمەڵایەتی: یەکێك لە هەرەباوترین دیاردەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بە درێژایی مێژو خۆی لە چینایەتی و بزاوتی کۆمەڵایەتی دەبینێیەوە، بەڵام تێگەیشتن و بەدی کردنی ئەم چەمکە لە کۆمەڵگەی

پیشەسازیزیاترو باوترە لەچاو کۆمەڵگە دواکەوتووەکان یان تازە پێگەیشتووەکان، ئەمەش هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازیو ناچوونیەکی داهاتو ئاستی ژیانو رۆشنبیری کۆمەڵایەتیو شارستانی سەرەڕای شێوازەکانی ژیان لەنێو کۆمەڵگە لە میانەی هەردوو بزاوتی کۆمەڵایەتی (ژووروو و خواروو)ش گۆڕانکاری لە پایەو پێکهاتەی تاكو چینەکانیش تەنانەت دروست دەکات جا ئەمە کاردانەوەی دەروونیی ئەوساو دواتر لەسەر کۆمەڵگەو تاکە پشکداری کارەکانی دەردەکەوێ (بۆچوونی زانا دەروونناسەکانیش لەسەر بنەمای هەست کردنە واتە ئەو هەستەی لەلای ئەندامانی چینێك دروست دەبێ کە هەر ئەویش دەبێتە هۆی دیاریکردنی پێوەندییە چینایەتیو ئاڕاستە چینایەتییەکان، بەلاَم مارکس لەسەر بنچینەیەکی ماددی هۆشیاریی چینایەتی باسی دەکات) [٤٨]، هەردوو بۆچوونو هزرەکان لەسەر مرۆڤەکان بەدی دەکرێن ئەوانەی سەر بەچین یان تاقمو دەستەیەك بن، چونکە کاردانەوەی دەروونی زۆر ئاکار لەلای مرۆڤە پێکهێنەرەکانی دروست دەکات، بەلاَم لەهەمان کاتیشدا دەکرێ بێ بوونی هیچ ماتریالێك جگە لە واقیع هەڵسوکەوتی رۆژانەی تاکێك لە ئاکاری چینێکی دەست ڕۆیشتوو یا بالاَدەست بکات، ئەمەش لە ڕێگەی بوونی هۆکاری دەرونی جیا لەچاو واقیعی ڕاستەقینەی ژیانی ئەم تاکە مومارىسە، ئەمە بە پشت بەستن بەو پێوەرە چۆنایەتییەی (کە جەخت لەسەر لایەنی ئاکارو هەست کردنی کۆمەڵایەتی یا ناچوونیەکی ڕۆڵو پلەوپایەی کۆمەڵایەتیو دەوریان لەشێوازەکانی ژیانی رۆژانە کە هۆکارە دەروونییەکان ئاوەژووی دەکەنەوە)[٤٩]، ئەم هەڵوێستە هێندە بە ئاسانی دروست نابێ گەر ڕاهێنانی کۆمەڵایەتی لە میانەی پەروەردەی نێو خێزانەکەی ئەنجامی نەدا، چونکە سەرجەم دابو نەریتو پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەگوازرێتەوە لە باوانەوە بۆ منداڵەکان ئەمەش بۆ پێناساندنو لەهەمان کات جێگیرکردنی تاکە لەم چینەی هەیانە، دیارە کاریگەرێتیشی بە گوێرەی نمونەی ژینگە خێزانییەکە دەگۆڕێت لێرە ڕۆڵی بزاوت زیاد هەستی پێ دەکرێ وەك دروست کردنی گۆڕان لە بونیادی چین (بۆ نموونە ئەو کۆمەڵگەیانەی خودان خێزانی پێکەوەین (العائلة الممتدة) دیاردەی



بزاوتی دیاریکراوە، بەلاَم لە خێزانە (ناوکییەکان- النوویە) زیاترە کە ئەمانە لە باوكو دایكو منداڵەکانیان پێك دێ، هەر ئەمەیش وای لە پێشکەوتنی ئابووریو هزری وڵاتە پیشەسازییەکانی سەدەی (١٩) کرد کە لەخێزانی درێژکراوە بۆ خێزانی ناوکی بچن کە ئەمەش بواری زیادبوونی بزاوتی کۆمەڵایەتیدایە)[٥٠] تخووبی سەرەتایی ململانێکان لەو ئاقارە سەرچاوە دەگرێ کەهۆکارە مادییەکان بە نایەکسانی دابەش دەبن لێرەدا ململانێ دێتە ئاراوە بەلاَم بەر لەم هۆیەش لەهەندێ کۆمەڵگەی بێ دەنگ نەبێ دەشێ بڵێین کە هیچ کۆمەڵگایەکی تر بێ ململانێ نەبووە، هەر ئەم ململانێیەش وایکردووە بزاوتی کۆمەڵایەتی بەردەوام لەگەڵ گۆڕانەکان هاوتەریب بێت، سەرەڕای دروستکردنی پلەوپایەو ڕۆڵی ئەوتۆ کە مرۆڤەکان لە میانەی ئاکاریانەوە شانازیی پێوە بکەن بەهۆی سەردەمی نوێ وەرگرتنی پیشەو کاری هێزو بازوو جۆرو چالاکییە مرۆییەکان واتە دابەش کردنی مرۆڤەکان وەك ئەوەی (فیبەر) باسی دەکات کە وایکرد کاردانەوەی مەزنی هەبێت لەسەر ڕووی ژیانی کۆمەڵگەو تەنانەت بواری سەرجەم نەخۆشییە کۆمەڵایەتیو دەروونییەکانیش سەرەڕای بواری بزاوتی کۆمەڵایەتیش کە زیاتر زەقو فراوانتر دەکات.

(ماکس ڤیبەر) بە پێچەوانەی بۆچوونەکەی مارکس دان بە بوونی دوو چینی کۆمەڵایەتی دانانێ بەڵکو پێی وایە کە چەندین چینی کۆمەڵایەتی هەیە کە پشت بە معیاری دیاریکراوو جێگیر دەبەستن لەهەموویان گرنگتر، پەروەردەو فێرکردنو پیشەو داهات هەروەها موڵکییەتو چۆنیەتی شێوەی ژیانی رۆژانە، ئەمانەش پشت بەو رۆڵە کۆمەڵایەتییە دەبەستن کە هەیانە، ئەم تیۆرییەش لەو باوەڕەدایە کە هاوڵاتی رۆڵێکی کۆمەڵایەتیو وەزیفیی هەیە کە کاری تێدا دەکات، ئەم رۆڵەش وا دەکات ئەركو مافی هەبێ واتە مافەکەی بە گوێرەی ئەو رۆڵە بێ کە هەیەتی، سەبارەت بە ململانێش پێی وایە کە لەنێوان چینەکانی کۆمەڵگە ڕوونادات بەڵکو لە نێوان رۆڵە کۆمەڵایەتیو وەزیفییەکانیان ڕوودەدات، بەتایبەت کاتێ کە سنووری کۆمەڵایەتیو دەرونی لەنێوان چینەکان ڕوون نییە ئەمەیش بەهۆی بزاوتی کۆمەڵایەتی (Social Mobility) ناتوانین نکۆڵی لەو

پێوەندییە دیالیکتێکییەی نێوان بونیادی چینایەتیو گۆڕانی کۆمەڵایەتی بکەین وەك ئەوەی ئەم دوانە تێکەڵو تەریببیانە دەڕۆنە ڕێوە، بێگومان کۆمەڵگە هەروەها چین وەك دوولایەنی تری کۆمەڵایەتی درێژە بە تەمەنی خۆیان دەدەن لە میانەی ئەو ململانێیەی بەڕێوەی دەبەن کە هەر یەکێك لەمانە جۆرێك لە سیماو خەسڵەت بۆ ئەندامانی خۆیان دەخولقێنن کە بواری ململانێیان لە پێناو مانەوەو سەرکەوتن بۆ پلەوپایەی بەرزتر زیاتر جۆش دەدات، بەڵام بەهۆی خێراییو ئاڵۆزی لایەنی دەروونیو بزاوتی کۆمەڵایەتی بەردەوام شیتەڵکردنی ڕۆڵو پلەوپایە کۆمەڵایەتییەکانی هەر تاکێك کارێکی وا ئاسان نییە چونکە ناتوانرێ لەحاڵەتی ستاتیکی بوەستێت، ئەمە سەرەڕای ڕۆڵی بنیاتنەرانەی بزاوتی کۆمەڵایەتی لە پێکهێنانو گۆڕینی چینەکانی کۆمەڵگەو پێکهێنانی ململانێ لەسەر ئاستی تاك یا کۆمەڵ دواتر کارکردنە سەر جۆرو شێوازی پلەوپایەی تاكو کۆمەڵەکان، (سوروکین بزاوتی کۆمەڵایەتی بەلایەوە بریتییە لەپرۆسەی چوونی یا گواستنەوەی تاك لە فەزای کۆمەڵایەتی، ئەم پێناسەیەش گرنگی بە بزاوتی تاکەکان نەداوە ئەوەندەی گرنگی بە بزاوتی کۆمەڵو دەستەو تاقمەکانی کۆمەڵگە لە میانەی بونیادی کۆمەڵایەتی داوە)[٥٢]، بە گوێرەی ململانێ زاتییەکانو دابەشبوونی کارو پێکهاتەی پسپۆریەتی، بێگومان بزاوتی کۆمەڵایەتی لە تاکەکانەوە بەرەو کۆمەڵەو تاقمەکان دەچێ، چونکە مرۆڤ بە تاکێکی خۆ پەرستو موڵك پارێز دادەنرێ، (زۆر لە توێژەران لەو باوەڕەدان کە چینە کۆمەڵایەتییەکان زۆر جار بەهۆی ڕوودانی مێژوویی دەگۆڕێت، واتە بەهۆی زیادکردنی هێزو سەروەتو نفووز بۆ سەرکەوتنە سەر پەیژەی کۆمەڵایەتی یاخود بە پێچەوانە ڕوودەدات، واتە بۆ خوارەوە (دابەزینە ژێر) نەوەکو (سەرکەوتن) ئەمەش مانای دابەزینی پلەوپایەی کۆمەڵایەتی دەدات، واتە دوو جۆر بزاوتی کۆمەڵایەتی هەیە کە هەندێ جار چینێك یا دەستەیەك بەرەو ئاستی چینێکی بەرز سەرکەوێت بە مەیش بواری ململانێکە توندتر دەکات لە دژی بەرامبەرەکەی یاخود دەبینین کەسێك یا چینێك لە پلەوپایەیەکی زۆر بەرز دادەبەزێتە خوارەوە)(٥٣) (هەندێ کات ئەم دابەزینە خوارەوەیە دەبێتە



هۆی ئەوەی چینە سەردەستەکانی جاران بێنە ڕیزی هەژاران وەك ئەوەی لە میانەی جەنگی یەکەمی جیهانی لە بەریتانیاو فەرەنسا لە دوای ئازادکردنی لە دەست ئەڵمانەکان ڕووی دا کەوای لە چینی ناوەڕاست کرد بێتە ڕیزی زەحمەتکێشان)[٥٤].

کۆمەڵگە مرۆییەکان دابەشی سەر چینو کۆمەڵ دەبن ئەمەیش وەك خاسییەتێکی مرۆیی وایە لە ژیان بە گوێرەی ئەمەیش پلەو ڕەوشتو کەرامەتی چین یا بگرە تاکەکانیش زۆر کات دیار دەکرێ وەك ئەوەی لەگەڵ ئەم ناوەندو وەزیفەی کاری لێ دەکات هاوتابێت، دیارە ئەم ڕێکخستنەش لەسەر شێوەی قووچەك یا هەرەمی دەبێت وەك سەنتەری سەرکردایەتی کە خودان ئەوپەڕی ڕێزو ستایشە سەرەڕای سامانو داهات تا دەگاتە ئاستی پلە ڕۆتینییەکانی قاعیدەی هەرەم جا بێگومان پلەکانی وەزیفی پشت بە سیستمی دابەش بوونی کار دەبەستێت کە ئەمەیش پێویستی بە شارەزایی هونەریو زانستی سەرەڕای پلەیزانستیو کردەیی هەیە، لە میانەی ئەم بۆچوونانەی باس کران دەبێ بزانین کە بزاوتی کۆمەڵایەتی بەم ئاسانیو لە ناکاوییە پێك نایەت گەر تاکەکان خودانی بەشێك لە ڕۆشنبیریو شارەزاییو پەروەردە نەبن، بۆیە بزاوتی کۆمەڵایەتیش مەرجێکی سەرەکی بریتییە لەبوونی میانڕەوی تاکەکانو کۆمەڵەکان تابتوانن بە ئاسانی تێیدا بزاوت بکەن بە مەیش جۆری پلەو ڕۆڵو پایە سەرەڕای شەڕەفو ناوداریەتیو کەرامەتیش دەگۆڕێن، جا کاتێ کە کۆمەڵەیەك یا چینێك یا تاکێك لە ئاستەکەی خۆیو لە ڕێگەی بزاوتی کۆمەڵایەتی دووچاری بزاوتی ئاسۆیی یا دابەزین دەبێ وەك ئەوەی لە فەرمانبەرێك ڕوودەدات جا لە ئاستی بزاوتی شاوڵی یا ئاسۆیی بێت ئا لەوکاتە پێوەرو معیارەکانیش گۆڕانیان بەسەردا دێت، جا کاتێ کەسانێك دووچاری بزاوتی شاوڵی (سەرکەوتنە ژوور) دەبن دووچاری هەژانی دەروونیو ڕاچڵەکینی زیاتر دەبن لە چاو ئەوانەی دووچاری بزاوتی ئاسۆیی دەبن، چونکە کێشە کۆمەڵایەتییەکە زۆر ئاڵۆزترە بەهۆی دیدی خەڵك بۆ ئەم ڕووداوە (بزاوتی شاوڵی یا سەرکەوتن) کە پڕیەتی لە ڕقو کینەو دوژمنایەتی کە ئەم دیدە

بەرامبەر کەسانی دابەزیو کەمترە، ئەمانەش ڕێگە لەبەردەم ئەم کەسانە خۆش دەکەن تا دووچاری نەخۆشیی دەرونی ببنەوە، دەبێ ئەوە بڵێین کە هەردوو بزاوت لەگەڵ خۆیان کێشە بۆ خۆیان دەنێنەوە، ئەو چینەی یا تاکەی دووچاری کارەساتی بزاوتی دابەزین دەبێ هەردەم هەست بە کەمیو خەجاڵەتی دەروونی دەکات بە کەمیش زۆرکات ئەم کەسانە تووشی نەخۆشیی وەستانی دڵ یا بەرزبوونەوەی پاڵەپەستۆی خوێن یا خۆکوشتن دەبن بەتایبەت کاتێ نوستالیژیانە بیر لە خۆیانو دەسەڵاتو ڕۆڵو پایەی دوێنێیان بکەنەوە ئەمەیش دوای ئەو کاردانەوە دەروونیو هەستە کۆمەڵایەتیو کەم بینینەی کۆمەڵگەیە بۆ ئەم کەسو چینە، دیارە ئەمەیش لە میانەی ئەو پەیوەست بوونە دەرونیو کۆمەڵایەتییە چینایەتییە دێت کەوادەکات تاكو چین بە تەنگ بەرژەوەندییەکانیانەوە بنو لەسەر ئاکارو دەروونیان کۆپی بێت، هەر بۆیە تەنانەت شێوە ژیانی ئەم چینانەش لەچاو خەڵکی ژێرەوە یا ئاسایی جیاوازە، وێڕای جیاوازی لەنێوان پێکهاتەو جۆری چینەکان لەنێو کۆمەڵگە بەڵام هەموو ئەمانەشدا کاریگەریەتیی بزاوتی کۆمەڵایەتیو ململانێی چینایەتیی نێو کۆمەڵگە ئەگەر سستیو بەهێزیش بە خۆیانەوە ببینن ئەوا لە هاوتەریبی پێشکەوتن و پەیوەندییان ناتوانن لە یەکتر دووربکەونەوە، بۆیە هەر چەند پێشبکەون لە لایەنی ماتریالیو بزاوتی کۆمەڵایەتیو ململانێی نێو چینەکان ئەوا کاریگەریی بزاوتی کۆمەڵایەتی لەسەر دەروونی تاکەکان چی ئەوتۆی کەمتر نابێ بەسەر گیانی کۆمەڵگەو تاکەکانییەوە لەچاو ململانێی کۆمەڵایەتیو چینایەتی، (سوورکین پێی وایە کە لە سەردەمی کۆمەڵگەی نوێدا (مۆدێرن) بزاوتی کۆمەڵایەتیو دوو جۆرە کاریگەری لەسەر کۆمەڵگە بەجێ دەهێڵێ ئەوانیش، کاریگەریی وەزیفی باشەو کاریگەری وەزیفی خراپە، کاریگەرە خراپەکانو تێکدەرەکان تاکەکانی کۆمەڵگە دووچاری دابڕانی کۆمەڵایەتیو باسۆلۆژیاو تەنانەت خۆکوشتنیش دەکات، ئەمە سەرەڕای ڕۆڵی بزاوتی کۆمەڵایەتی شاوڵی خێرا کۆمەڵە تەقلیدییەکان دووچاری هەڵوەشاندنەوە دەکات،



ئەو کۆمەڵەی کە تاك ئینتیمای بۆ هەیە لە ئەنجامی دەرچوونی هەندێ لەتاکەکانو چوونیان بۆ گرووپەکانی تر)[٥٥].

بێگومان ئەم کاریگەرێتییانە بە گوێرەی پێشکەوتنی شارستانییەتو کۆمەڵگاکانی دەگۆڕێن بە هەمان شێوە کاردانەوەکەیشی دەگۆڕێت بەڵام پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی بێ چینو ململانێ ئەگەر ئەستەمیش نەبێ ئەوا کارێکی ئاسان نییەوبە میسالی کردنی کۆمەڵگەیە چونکە گەیشتە هەر دوولایەنی کۆمەڵگە پێویستی بە هۆشیاریی ڕۆشنبیریی تاکەکانی کۆمەڵگە هەیە، چونکە پێچەوانەی ئەمە تەنانەت لەنێو چینە بەرزەکاندا هەیە کە لەرۆشنبیرییەکی دیاریکراو تایبەت بە جیهانی ماتریالی چینەکە زیاتر نییە، کە ئەمەش ڕۆشنبیرییەکی خۆ پارێزانە پێك دێنێ بۆیە تووش بوون بە نەخۆشیی دەروونیی کۆمەڵایەتی لەگەڵ بوونی چارەسەری لەبار بەتایبەت بۆ ئەم چینانە بەڵام ڕێژەی تووشبوونیان لە ناکاو بەرزە، کە ئەمەیش لە میانەی ئەم بزاوتو ململانێیانە دروست دەبێ، جا لە میانەی ئەم بۆچوونانە چین لە کۆمەڵانی تر بە جیاوازی لەئاستی کۆمەڵایەتی جیا دەکرێنەوە، کە ئەمەش بەجۆرەها هۆکار دیاری دەکرێ، وەکو داهاتو پسپۆریەتیی پیشەییو ئاستی خوێندنو نەسەبو ڕەگەزو هەموو ئەوانەی کە دەبنە هۆی جیاوازی کە لەنێو کۆمەڵگەدا هەیە، ئەمەش بە پێچەوانەی تایەفە کە لەڕێگەی ئایینو ڕەنگو ڕەگەزو لەدایك بوونەوە لەوانی تر جیا دەکرێنەوە، ئەوەیشی کە تێبینی کراوە ئەوەیە کە لەنێوان چینەکاندا میانڕەوییەکی کۆمەڵایەتی لەنێوان چینە جیاوازەکان هەیە بەهۆی بوونی گۆڕانی کۆمەڵایەتی خێرا. بێگومان هیچ یەکێك لەم پێکهاتەو چینانە لە پلەو پایەکەی سەقامگیرو ڕازی نییە، بۆیە ململانێکانیش بەردەوام دەبن، ئەمە سەرەڕای هاوتەریب بوونی گۆڕانە خێراکانی ژیان لەگەڵ هێنانی گۆڕانو دروست کردنی پلەوپایەی نوێترو بەرزتر، تا وا لەم چینو تاقمو تاکانە دەکات کە بکەونە بواری دوودڵیو نیگەرانیو دڵەڕاوکێیەتی لە ترسی لەدەستدانی ئەم پلەوپایەو ڕۆڵانەیان کە هەیانە بۆیە خودی ژیانی چینە

بەرزەکانو تاکە سەرەکییەکانیانو پلەوپایە بەرزەکانی نێو کۆمەڵگە زیاتر ڕووبەڕووی نیگەرانیو دڵەڕاوکێی دەروونی دەبنەوە.

٤- گرووپی مەرجەعی Refrence Group- ئەم زاراوەیە یەکەمجار لەلایەن پرۆفیسۆر (موزەففەر شەریف)ەوە بەکار هێنرا لە میانەی توێژینەوەی کۆمەڵە بچووکەکان ئەویشیان لە کتێبەکەی کە لەساڵی (١٩٤٨) بلاًوی کردەوە، کە تێیدا جیاوازیی لەنێوان (گرووپی مەرجەعیو گرووپی ئۆرگانی) دەکات، گرووپی ئۆرگانی (Member Groupship) ئەو گرووپەیە کە تاك ئینتیمای بۆ دەکات، بەلاًم گرووپی مەرجەعی ئەو گرووپەیە کە زۆر لە ئاکاری تاكو ڕەوشتی بۆپێك دێنێ، وەکو دیارە لێرەدا پێوەندیەکی پتەو لەنێوان ئەم دووانەدا هەیە گرووپی ئۆرگانی دەبێتە گرووپی مەرجەعی لەلای تا ئەوکاتەی بەردەوام دەبێ لە کاریگەری لەسەر ئاکاری ڕۆژانەیو لەمیانەیدا جۆرێك لە ئاکاری دیاری پێ دەبەخشێ) (٥٦)، کاردانەوەی هەردوو پێکهاتەی گرووپەکان لە میانەی ئاکاری تاکەکان بەدی دەکرێ، ئەمەش لەڕێگەی هاوڕێو خێزانو چەندین دەزگای کۆمەلاًیەتیی تر، کە دواتر وەك کردەیەکی دەروونییان لێ دێتو تاك دەخەنە قاڵبی پراکتیزەکردنی لەڕێگەی پرۆسەی ژیانی بەردەوامی ڕۆژانەیو پاشان جێ هێشتنی ئاسەواری دەروونیو کۆمەلاًیەتی لەسەری، چونکە هەر چۆنێك بێت کەسێك نییە بتوانێ خۆی بە دوور بگرێت لەتێکەلاًوبوونی ژیانی کۆمەلاًیەتیو لێیان وەربگرێتو پێیان نەدات، واتە کاردانەوەکە جەدەلییانە دەڕواتە ڕێگەوە، کەواتە گرووپی مەرجەعی ئەو کۆمەڵە کەسانەی کە لەڕێگەی پێوەندییە کۆمەلاًیەتییە پشت بەستووەکان بە بەهاو دابو نەریتی باو، جۆرێك لە پێوەندی بە یەکیان دەبەستێتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی پێکهێنانی ئاکاری تاكو ئاقارەکانی لەگەڵ حەزو ئارەزووەکانی تاوای لێدەکات جۆرێك لە هەستی گشتیی پێوەندیدار بە بەرژەوەندیی هاوبەش لەلای دروست بێ وەکو (خێزان، قوتابخانە، هاوسێ، هاوڕێیانی یاری، کۆمەڵە ڕەگەز پەرستو نەژادپەرستو ئایینیو بەرەبابییەکان، خێزانیش وەکو بچووکترین یەکەی کۆمەلاًیەتی کار لە تاك دەکات لە منداڵییەوە تاوەکو گەورە دەبێت، بێگومان کاتێ خێزان ئەم کارە ئەنجام دەدا،



ئەوا هەندێ کۆمەڵە کە لەسەرەوە باسمان کرد بەهەموو جۆرە جیاوازییەکانیان کاردەکەنە سەر ڕاهێنانی تاكو گەشەپێدانی کەسایەتیو دیاریکردنی ئاقارەکانی بەو شێوەیەی کە لەگەڵ پێوەرو ئامانجو سروشتی کۆمەلاًیەتی گونجاو بێت، بەلاًم هەندێ لەم گرووپانە واتە یاریکارەکان یا ڕەگەزپەرستان بە پێچەوانە دەبنە ڕێگر لە دروستکردنی کەسایەتییەکی ئاسایی یا شیاو کە تاك دووچاری هەژانی دەروونی دەکەن کە لەمیانەی پاڵەپەستۆی دەروونیدا دروست دەبن، ئەمەش ڕێگەی تووشبوونی بەنەخۆشییە عصابیو (زەهانییەکان) شێوانەکان خۆش دەکات وەك جیاوازیی ڕەگەزی لە نێوان سپی و ڕەش پێست لە ئەمریکا.ئەمە سەرەڕەی ناچونیەکی تایفی و ئایینی و هەرێمایەتی کە تاك دووچاری نەخۆشییەکانی دەروونی وەکو نیگەرانی و دڵەڕاوکێ دەکات،بێگومان ئەمەش پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە ڕاهێنانی کۆمەلاًیەتی هەیە کە تاك دووچاری شڵەژانی کەسایەتی دەکا.لەمیانەی پەروەردەی هەڵەی خێزان کە جۆرێك لە بەهاو ئاکار فێر دەبێت کە نەشیاوە لەگەڵ شارستانییەتی باوی کۆمەڵگە تا وای لێ دێت لەگەڵ زۆرینەی کۆمەڵگە نەگونجێو ئەمەش ڕەنگدانەوەی لەسەر دروست دەکا بە گوێرەی قۆناغەکانی ژیانی، لێرەدا خێزان دەبێتە پەخشکاری ئامانجی نەگونجاو بۆ تاكو لەویشەوە بۆ کۆمەڵگەو دواتر بە یەکداکەوتنی بەهاو ڕۆڵو پێوەرە ئاکارییەکانی ژیان. لەکاتێکدا ئەمە زیاتر هەستی پێ دەکرێت کە تاك لەگەڵ کۆمەڵگە کەسێکی تری خودان ڕەوشتو ئاکار گونجاو دروست تێکەڵ دەبێ، جا ئەو کاتە تاك دەکەوێتە بەر نەزعەیەکی فەردیو هەوڵی خۆ گونجاندن لەگەڵ نەبوونی تواناش بۆ ئەنجام دانی ئەم کارە دەدات تاوای لێ دەکات دووچاری شیزۆفرینیا دەبێتەوە سەرەڕای هەژانی توندی دەروونی، بەرامبەر ئەمەش فشاری کۆمەلاًیەتی بەردەوام پەلکێشی دەکات بۆئەوەی بیخاتە نێو بۆتەقەی ئاکارە کۆمەلاًیەتییە باوو شارستانییەتە گونجاوەکەی، بەم شێوەیە تاك لەم نێوەندە دەبێتە قۆچی قوربانی هەڵەکانی خۆیو خێزانو کۆمەڵگەش بەگشتی، بەگشتی ئینتیمای تاك بۆ چەندین گرووپی جیاو ناچوونیەك کە لە توانایدایە بێ حەزو ویستو ئارەزووەکانی لەگەڵ ئاقارە دەروونیو کۆمەلاًیەتییەکان تێر

نەكات، لەلایەنی خۆیەوە تاك دووچاری بێ ئومێدیو تێكچوونی دەرونی دەبن دواتر بێ ئومێد بوونو هەرەس هێنان لە كەسەكە ڕەنگ دەداتەوە.

٥- بەرانبەر كێ لە نێوان ئامانجو وەدەستهاتن: لە هەر كۆمەڵگەیەك چەندین ڕێگەو شێوازی جیا بۆ پەروەردەو فێركردنی حەزو ویستو ئارەزووەكان هەیە. ئەمە سەرەڕای ڕێگەی ڕەهاو بەمیتۆدكراوی كۆمەڵایەتی لەشێوەی فەرز، واتە گرتنەبەری ڕێگەی گونجاو بۆ بەدەستهێنانی ئەو حەزو ویستانەی مرۆڤ كە كۆمەڵگەو شارستانییەت تێیدا بەرپرسیارن، زانای گەورە (یونگ) پێی وایە كە دەزگا پەروەردەییەكان شوێنێكی گرنگ دەگرنو ڕۆڵێكی مەزن دەبینن بۆ كاركردن لە ژیانی تاك هەر لە قۆناغی منداڵییەوە تا دەگاتە ئاستی گەورە بوونو پێگەیشتن لە میانەی ئامادە كردنی بۆئەوەی پیادەی ئەو ئەركو پیشەو شارەزاییەی بكات كە گونجاوە لەگەڵ شارەزایی ئەو شارەزاییو گونجاوی لێهاتوویەی كە لێی وەریگرتووە. كاتێ ئاستی فێربوونی زانستی دەچێتە سەرووی بەهرەی كەسایەتیو توانای زیهنی ئەوا دەبێـە بارێكی گران بە سەر تاكو ڕێگە لەبەردەم تووش بوون بە نەخۆشیی دەروونی خۆش دەكات، بەڵام لەوەدینەهاتنی حەزو ئامانجو ئارەزووەكان تاك هەست بە كەمی كردنو نەكردنی هاوسەنگی لەنێوان پلەی زانستیو توانای عەقڵی پاڵ دەنرێ بەتایبەت كاتێ هەوڵی یا دەرفەتی چوونە بەر خوێندن یا تەواوكردنی بۆ نەڕەخسابێت، ئەمەش تاك بەرەو ئاقاری ڕوونان لە ململانێی دەروونی پاڵ دەنێ، وەك ئەنجامی لە دەستدانی هیواو ئومێد دواتر دەبێتە قەوارەیەك لە ڕقو بێزاری كە ئەمەیش دەبێتە هۆی ونكردنی متمانەو گۆشەگیریی كۆمەڵایەتیو دەركەوتنی نیشانەی نەخۆشی لە ناخو دواتر كاردانەوەی لەسەر جەستە، هەڵبەت ئەمانەش زیاتر لەگەڵ ئەم وەزیفانە بەدی دەكرێن كە لەگەڵ توانا هزریو ماسولكەییەكانی تاك ناگونجێن.

٦- لاوازیی گوتاری ئایینی: لەهیچ سووچێكی ئەم گەردوونە ناشێ كۆمەڵگە یا دەستە یا تاقمێك هەبن دوور لە ئەقیدە یا هەر بیرو باوەڕو ئایینێك، چونكە سەرجەم مرۆڤایەتی بە جۆرێك خۆیان پەیوەست دەكەن بە پرنسیبو باوەڕە



باوەكانی ناو كۆمەڵگە جا خۆی لەهەر بیروبۆچوونێك ببینێتەوە. ئایینی (ئاسمانی یا ماتریالی) چونكە ئایین زیاترو بگرە تەواویش پەیوەستە بەلایەنی ڕۆحیی كۆمەڵگەوە، ئایینیش بریتییە لەو پێوەندییە رۆحیو سۆزدارییەی كە لە نێوان مرۆڤو هێزە میتافیزیقییەكاندا هەیە، یاخود پێوەندییەكە لەنێوان ئەو كایەی مرۆڤ دەیپەرستێ سەرمۆنیای بۆ دەكاتو لەژیانیشدا پێرەوو پیادەی پرنسیبەكانی دەكات وەك پێوەندی گرتن لەگەڵ ئەم هێزانە لەم ڕێگەوە ئەمەش دەبێتە هۆی بە قاڵب كردنی سیستمی كۆمەڵایەتی)[٥٧]، ئایین دیاردەیەكی كۆمەڵایەتییە سەرجەم ئەندامانی كۆمەڵگە جەمسەر گیر دەكاتو بەرەو خۆی ڕایان دەكێشێ، تاكیش لەڕێگەی باوەڕو دانپێدانانو پیادەكردنی پرنسیبە كۆمەڵایەتییەكان شەرعیەتی پێ دەداو زۆر كەس بە نمایندەو بۆچوونێكی ڕەهای دەزانن تاوایان لێ دێت لە قۆناغی ئاسایی باوەڕ دەردەچنو دەبنە پەڕگریا فەندەمەنتالیزم، دەبێ ئەوەش بڵێین كە ئایین لەبەرامبەر زانست قوت دەكرێتەوە، جا ململانێ لە نێوان باوەڕدارانی هەردوو لا سەرهەڵدەدات بێگومان لە كۆمەڵگە تەقلیدیو تەنانەت نیمچە داخراوەكانیش ڕۆڵی ئایین زیاترەو زۆر لە كەسانی كۆمەڵگە لەبری چارەسەری پزیشكی پەنا دەبەنە بەر ئایین لە ڕێگەی پیاوانی ئایینی، كەواتە دەتوانین ئایین بەم شێوەی خوارەوەش بناسین (سیستمێكی كۆمەڵایەتی كاریگەرە بۆ ڕێكخستنی ئاكاری تاكەكان لە ڕێگەی هەردوو پرنسیبی سزاو پاداشت، ئەمەیش دەبێتە هۆی یارمەتیدان بۆ دانانی ئەو ڕێساو یاسایانەی كە پێوەندیی تاكەكان ڕێكدەخەن، بەبێ ئەمە ناتوانرێ یەكگرتوویی كۆمەڵگەو تاكەكانی پارێزراوبێ هەر ئەمەیشە كە پاچڤەی نموونەی باڵاو كۆڵەگە ڕەوشتییەكانی نێو كۆمەڵگە لەلایەكو سۆزداریەتی لەلایەكی تر دەكا)[٥٨]، لێرەدا ڕۆڵی ئایین وەك بەخشەرێكی هێزو توانا بە تاك دەردەكەوێ لەكاتی ڕووبەڕووبوونەوەی تەنگژەو قەیرانە دەرونیو كۆمەڵایەتییەكان بۆ زاڵ بوون بەسەریاندا، سەرەڕای چاندنی تۆی خۆشەویستیو ڕەوشت بەرزی، بەڵام ئەمانە لە كۆمەڵگە تەقلیدیو تەلقینییەكان یا ئەوانی خودان پێوەندیی میكانیكین زیاترە لەچاو كۆمەڵگەی هاوچەرخو مۆدێرن كە ڕۆڵو گوتاری ئایینی

بەرەو لاوازی دەچن واتە جێ چۆڵ دەکا بۆ نەزعەی ماددیو هەوەسی دنیایی لەپێناو تێرکردنی هەستە سۆزدارییەکان، دەشێ ئایین پلەو پایەو ڕۆڵی بەرز بە دەستەو تاقم یا چینێکی نێو کۆمەڵگە بدات، واتە بەشێوەیەکی تیلقائیو بۆماوەیی ئەم پایەو ڕۆڵە کۆمەڵایەتییانە بۆ یەکتر جێ بهێڵن وەك ئەوەی لە وڵاتی هیندو وڵاتانی ڕۆژهەڵات کە خۆی لە (شێخ، سەید، مەلا...) دەبینێتەوە کاتێ ئایین لەلای ئەمانە دەقۆزرێتەوە بۆ بەرژەوەندیی ئەم دەستە یا تاقمو چینە، ئیتر ململانێی دەروونیو نەزعەی فەردی توندتر دەبێت وا لە ئەندامانی کۆمەڵگە دەکات کە توانایان نەبێت بەرهەڵستی ئەرکە گرانو ئاڵۆزەکانی ژیان بکەنو بەرامبەر ئەمەیش دەیانکاتە قەدەری وێڕای نامۆ بوونی ئایینیو هەست بە نیگەرانیو دڵەڕاوکێو ونکردنی متمانە بە خودو تاك خۆی ئەمەش دەبێیە هۆی توش بوون بە نەخۆشی دەمارگیریو نەخۆشیی تری دەروونی.

٧- ڕۆشنبیری لاوەکی (Sub-Culture) واتە بوونی چەندین شێوازو جۆری شارستانیەتی زۆرو ناچوونیەك لە ئەو کۆمەڵگەی کە چەندین کەمایەتی ئایینیو نەتەوەیی ڕەگەزی جیا پێکدێت لەڕووی سرووتو سەرمۆنیاو دابونەریتو تەقالید، ئەمەش دەبێتە هۆی دروست بوونی ململانێی لە نێوان ئەم ڕۆشنبیریو چەندێتییە هەمەلایەنانە لەلایەكو ڕۆشنبیری شارستانیەتی کۆمەڵگەی گەورە لەلایەکی تر، کە جۆرەها ڕقو بێزاریی بەردەوام لەگەڵ خۆی دێنێ بەتایبەت لەوکاتەی نەوەی کەمایەتییەکان بەلای بەهاو پێوەرەکانی خۆیان دادەشکێنەوە، چونکە ئەمانەش لەوە ڕاهاتوونە هەر لە منداڵییەوە تا ئێستا، دواتر دەبێیە هۆی (هەرەسی بەهاکان)، بەمەیش ململانێی بەهاکان لەنێوان ڕۆشنبیری (کولتوورە) جیاکانی کە تاك تێیدا دەژی سەر هەڵدەدا، هەروەها ململانێی نێوان باوكو نەوەکانو ئەو جیاوازییەی لەنێوان بەهاو ڕەوشتی فێربووەکان (وەرگیراوەکان)و فعلییەکاندا هەیە. بێگومان ئەوەیش دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی شەڕانگێزی وەك ئەنجامی نائومێدبوون (Frustration) کە لە ئەنجامی فشاری کۆمەڵایەتییە جیاکانو دوور لەیەکەکان وەك هەڵچوونێکی درێژ خایەن دەبێتە ڕێگەی تەخت لەبەردەم نەخۆشییە دەروونییەکان، وەك ئەوەی لە



وڵاتی هیندستان لە نێوان چینی (براهما)و چینەکانی ژێرەوەیدا هەیە یا وەك لە نێوان سپی پێستو ڕەش پێستەکانی ئەمریکادا هەیە، دەبێ بزانین کە هەوڵی شارستانییەت بێ پسانەوەیە لە بۆ بەیەك ئاراستەو بۆچوونی گۆش کردنی تاکەکانی کۆمەڵگە هەر بۆیە ململانێی بەهاکان لەنێوەندەکانی شارستانییەت لەم سۆنگەوە درێژە دەکێشێو بەردەوام دەبێ. (بەدڵنیاییەوە منداڵ کاتێ لەدایك دەبێ توانادارە بەوەرگرتنو هەرس کردنی هەر شارستانییەتێك بێ ئەوەی لەمەوبەر بۆ وەرگرتنی یەك شارستانی دیاریکراو ئامادەکرابێت، لەبەر ئەوەیە کەسایەتی تاك یا منداڵ بەگوێرەی جۆری شارستانییەتەکەی کە لە کۆمەڵگەی گەورە یا بچووکەی باوە دیاری دەکرێ هەر لەم چوارچێوەش گۆش دەکرێو پەروەردە دەکرێ)[59]. کەواتە سەرجەم هەڵوێستە دەروونیو کۆمەڵایەتییەکان لەم ناوە گلێر دەبنەوە، سەرەڕای ئەم گرنگیەی لەلایەنی راهێنانی کۆمەڵایەتییەوە پێی دەدرێت وەك چاندنی بەهاو هزری شیاوی کۆمەڵایەتیو ئایینو نموونەی باڵای دروستو پڕ ئامانج...، جا پەروەردەکردنی ڕێكو ڕاست بینین لەنێو چوارچێوەی خودی کەمایەتییە ئایینی یا نەتەوەییەکەی..

بواری نەزعەی فەردیو کۆمەڵایەتییەکەی زیاتر دەکاو لە هەمان کاتدا دەکەوێتە نێوان چەندین کولتووری جیاجیا لە نێو خودی کۆمەڵگە ئەم ناچوونیەکی کولتوورییەی وێڕای چێکردنی نیگەرانیو جۆشدانی زیاتر بە بەرانبەرکێو نەزعەی فەردی دەبێتە هۆیەکی ڕاستەوخۆ بۆ دووبارە بوونەوە بە نەخۆشییە دەروونییەکان، بەمەیش کاردانەوە لەسەر کەسایەتیی تاك وەکو هەڵچوون دروست دەکات، ئەم کاریگەرێتییەش دەرکەوتنی نەخۆشیی دەروونییە وەك ئەنجامێکی بوونی چەندین پێوەری جیاو نەگونجاو لەگەڵ سروشتی ژیانی کۆمەڵایەتی کە مرۆڤەکان تێیدا دەژین، زۆر لە ئەنسرۆپۆلۆجییەکان وەك (لنتونو بندکت) لەم بوارەدا توێژینەوەیەکیان ئەنجام دا، (لنتون) لە میانەی توێژینەوەیەکی دەڵێ ئیتاڵییەکان ئەوانەی دووچاری شیزوفرینیا بوونە غەوغائیو شەڕانی دەناسرێن، بەڵام تیۆرڤانو توێژەر (روس بندکت) دەڵێ ئەندامانی هۆزی (کواکتلی-هیندی) لە کەنەدا بە کەسایەتی دەمارگیر باسیان

دەکات، لەسەر ئەم بنەمایەشە کە هەندێ لە ئەنسرۆپۆلۆژییەکان خودان ئاڕاستەی دەروونی کلینیکی وەکو (ڕوهایم)و خودان ئەنسرۆپۆلۆجییەکانیو پزیشکانی کلینیکی وەکو (زانا گاردنر) دەڵێن چەندین بەشی لە شارستانییەت دەتوانین بە ڕەگەزی دەمارگیری هاوبەشیان دابنێیت کە ئەنجامی کەبتو بێ بەشکردنی داسەپاوە لە سەرکەسەکان بەتایبەت لەقۆناغی منداڵی-لەم بۆچوونە دەتوانین بڵێین کە کاریگەریەتی شارستانییەت ڕاستەوخۆیە لە تووش بوون بەنەخۆشیی دەروونی ئەمەش بەشێوەیەکی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ فۆرمو نموونەی شارستانیو کۆمەڵایەتی کە ململانێو نیگەرانیو دڵەڕاوکێ دروست دەکات)[٦٠]، هەڵبەت شارستانییەتو پێکهاتە کولتوورییەکەی وەك ئەوەی تاك پەروەردەو گۆش دەکەن، لە هەمان کاتدا وەك نێچیرێك ڕاوی دەکەنو دەیانەوێ عەقڵی دەستەمۆ بکەن بەرامبەر دابین کردنی هەندێ لەو حەزو داخوازییانەی کە خودی تاك هەوڵی بەدەست هێنانیان دەدا، بەڵام کاتێ ڕووبەڕووی کولتوورە جیاکانی نێو هەمان شارستانییەت دەبێتەوە ئەوا ئەوکات هەست بەم ناچوونیەکیو نەزعەیەی نێو پێکهاتە کولتوورییەکەی شارستانییەتەکەی دەکات کەلەبری زۆر دابین کردنو کەم کەبت کردن پێچەوانە ڕوودەدات، بۆیە فرۆید پێی وایە کە (سروشتی واقیعی مرۆیی لەخۆیدا تراژیدیا پێك دێ لە ئەنجامی چەندین جۆری شارستانی کەتاکەکان بە حوکمی زەروورەتیان بۆ یەکتری وەك بۆ ماوە جێی دەهێڵن بۆ درێژە دان بە ژیانی کۆمەڵگە، ئەمەیش لە ڕەگەزی ئەوتۆ پێك دێ کە دەبێ کەبت کردن هەر هەبێ لەگەڵ هەندێ پاڵنەری بایۆلۆجی لە پێشەکی یان پاڵنەری سێکسیو شەڕانگێزی. بۆیە فرۆید لای وایە کە شارستانیەت لەسەر حیسابی ڕەمەكو پێداویستییە سروشتییە ڕەسەنەکانی مرۆڤ بنیاتنراوە)[٦١]، هاوکاری کردنی مرۆڤ بۆ کولتووری جیا لەمەوە سەرچاوە دەگرێ کە تاکەکان گوێڕایەڵی گوتەو ئامۆژگارییە پێش وەختییەکانی کولتووری باوی نێو کۆمەڵگەی گشتیو کولتووری کەمایەتی یا نەتەوەیی بێتو لێیان دەرنەچێ، ئەمەش وەك پرنسیبێکی ڕەوشتییە بۆ پاراستنی کولتوور لە ناوچوون گەرچی ئەمە گەر لەناو نەچێ ئەوا هەر دەگۆڕێ ئەمەیش شتێکی حەتمییە.



ولیەم ئۆگبیرن لە کتێبەکەی (التغير الاجتماعی) جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە کاتێ لایەنی ماددیی شارستانییەت گۆڕانی بەسەردادێت ئەوابێ گومانو دوو دڵی دەبێتە هۆیدروست کردنی گۆڕان لەلایەنی مەعنەوی بۆئەوەی گونجان لەگەڵ شارستانییەتە باوەکەو پێشکەوتنەکەی دروست بێ، دەشێ ئەم گونجانە لەسەرخۆ بێت،چونکە لایەنی مەعنەوی بۆ ئەوەی گونجان لەگەڵ شارستانییەتە باوەکە و پێشکەوتنەکەی دروست دەبێ،دەشێ ئەم گونجانە لەسەرخۆ بێت،چونکە لایەنی ماددی خێراتر دەگۆڕێ لە چاو لایەنیمەعنەوی ئەمەش وا دەکات هاوسەنکی تێك بچێت لە نێوانیان و دروست بوونی درزی شارستانی(کولتووری)،ئۆگبیرن ئەمە بەدواکەوتنی شارستانی دادەنێ.سەرەڕای دەرکەوتنی کێشەی ترسناکی کۆمەڵایەتی،بێگومان ئەمەش داوای شێوەی نوێی شارستانی دەکات کەجیایە لە بەهاو داب و نەریتە هۆنراوەکانی لەمەوبەر ئەمەش دەبێتە هۆی نەشازبوونی بەهاکان لەژێر سایەی ململانێی بەهاکان(Value Conflict) یا ناچونیەکی یان تاك خۆی لەبەرامبەر شڵەژانی دەروونی دەبینێتەوە کە ئەمەش ناچاری مەحکومی دەکات بەخۆ گونجاندن و دروست کردنی پرۆسەیەکی هاوسەنگ و هاڕمۆنی لەنێوان بەها نوێکان و کۆنەکان،هەڵبەت ئەم خۆ گونجاندنە دوای دروست کردنی هەژانی دەروونی جۆراوجۆرە کە دوچاری شیتەڵ بوون و نیگەرانی و دڵەڕاوکێ دەکات ئەمەش ڕێگە لەبەردەم نەخۆشییەکانی وەکو شێوان، دەمارگیری و لادانی ئاکاری خۆش دەکات،هەروەها بە یەکداکەوتنی ڕۆڵ و بەهاکان کە تاك لە میانەی ژیانیان پێڕەویان لێ دەکات، زۆرجار مرۆڤ دووچاری تەنگژەی دەروونی دەکات بەهۆی بینینی لەیەك ڕۆڵ زیاتر لە کاتێکدا، زۆرجاریش وا ڕێك دەکەوێت کە ئەم ڕۆڵانە ناچونیەكو ناتەبان ئەمەش یارمەتیدەرێکەو بگرە ڕێگە خۆشکەرێکە بۆ دەرکەوتنی نیشانەی نەخۆشییەکان.

٨- کارەساتو ڕووداوە لەناوەکان: سەردەمی ئێستای مرۆڤایەتی بریتییە لە نیگەرانیو دڵەڕاوکێی کۆمەڵایەتی ئەویش لەئەنجامی وەچەرخانو گۆڕانە ئابووریو کۆمەڵایەتییەکان سەرەڕای جەنگی ئەتۆمیو میکرۆبی کە هەڕەشە لە ڕەگەزو توخمی مرۆڤ دەکاتو هەوڵی بە فیڕۆدانی سەرچاوە سروشتییەکان

دەدات وێڕای ئەو ژیانەی بەڕۆحی مرۆڤایەتیو ژینگەکەی دەدات لەگەڵ ئاستەنگ دانان لەبەردەم سەرهەڵدانی وێژی داهاتوو، هەورەها هەست کردن بەبێ بوونو بێ ئومێدبوونو تێکشکانی معیارو پێوەرە رەوشتییە باوەکانی کۆمەڵگەو شێوانیان (سەرەڕای بلاوکردنەوەی بێکاریو بەرزکردنەوەی نرخی شتو مەكو چەندان کێشەی کۆمەڵایەتی کە لەڕێگەی نەگونجانو لەبەر یەك هەڵوەشانەوەی پێوەندییانو نەمانی هێمنیو ئاسایشی کۆمەڵایەتی ئەمەش وا لەئەندامانی کۆمەڵگە دەکات لە حاڵەتی نائارامیو ترسو دڵەڕاوکێدا بژین ئەم حاڵەتەش بەڕوونی لە کاتی داتەپینی ئابووریو بوومەلەرزەو قەیرانە سیاسیو پەتاو برسێتییەکان دیار دەبێ، بەگوێرەی ئەمانەی وترا ئەم تیۆرانەو بۆچوونانە هیچ یەکێکی یان بەتەنیا نەیانتوانیوە بگەنە ئاستی کامڵ بوون بۆ شرۆڤەکردنی نەخۆشییە دەروونییە لەچاوی ئەمانەدا، کە تێیدا بەتەنیا یەکێکیان ڕۆڵ نابینن، چونکە نەخۆشو ژینگە پێوەندیدارن بە یەکترەوەو جیاکردنەوەیان لەیەك کارێکی گرانە)[٦٢]، ئەم ڕۆڵەی ژینگەو دەوروبەر دەیگێڕن وا لە مرۆڤ دەکات یا لەحاڵەتی نەزعەی بەردەوامدا بێت کە ئەمەیان دوای نایەتو لەژیانی مرۆڤ بەردەوامەو درێژە دەکێشێ یا دەبێ لەحاڵەتی خۆگونجاندا بێت کە ئەمەیش دەچێتە ڕێژەیەکی نسبییەوە، بەلاّم لەم ڕێژەییەوەش مرۆڤەکان بێ بەش نابن لە لەدەست دانی هەندێ حەزو ویستو دووچاربوونیان بە نەخۆشییە دەروونییەکان، کەسایەتیی مرۆڤیش لەئاکامی کارلێك کردنی سروشتییانەی تاكو ژینگەی پێك دێو گەشە دەکات، بۆیە لەڕێگەی ئەم گۆڕانە خێراو ناچوونیەکانەی سەردەمی هاوچەرخ کاری کرۆدتە سەر کەسایەتیی هەردوولایەنی دەروونیو جەستەیی مرۆڤەوە، چونکە هەندێ گۆڕان مرۆڤ لەگەڵ خۆیدا تووشی کێشەو بێ ئومێدیو ڕەشبینی بەئایندە کردووە، کارەساتیش کە لەخۆیدا بریتییە لە (سەرجەم ئەو ڕووداوانەی کە بەشێوەیەکی لەناکاوو کتوپڕ ڕودەدەن ژیانی ڕۆتینی کۆمەڵگە دەشێوێنێ ئەم کارەساتانەی مرۆیی وەکو (بۆمبا، کوشتن...) بن یا سروشتی وەکو (لافاوو گەردەلوول..) بێ هەڵبەت ئەمانەش بەچەندین قۆناغی جیادا دەڕۆن وا لە تاکیش دەکەن زۆرشت



لەدەست بدات لەکاتی ڕوودانو دوای ڕوودانەکەیش هەردوو زانا (کولمنو بروین سێ قۆناغ بۆ کارەسات وەك (شۆك، ڕازی بون بە ئیحاو گەڕانەوە بۆ سەرەتا) دیاری دەکەن، لەسەرجەم حاڵەتەکان بارێکی شپرزەیی دەروونی لەیەك هەڵپچڕاو بۆ تاکەکان دروست دەبێ تا ئەوکاتەی دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی سێیەم واتە خۆ ئامادەکردنەوە بۆ دوای کارەسات ئەمە وێڕای دروست کردنی حاڵەتێکی پڕ لە هەڵچوونی دەروونی کەبەر لە کارەسات لەلای تاکدا نەبوو، سەرەڕای دروست کردنی شڵەژانو دەروونیو تێکچوونی هاوسەنگی دەروونیو هەست بەغەم کردنو دابڕان لە خەڵکانیتر)[٦٣] ئەو کەسانەی لەئەنجامی کارەسات بێ کار دەمێننەوە لەچاوەڕوانیی پەیداکردنی کاروغەم خواردن بە دیار دیمەنەکانی دوای کارەساتو بەرزبوونەوەی نرخی شتو بەئومێدی چاکتر بوونەوەی بارودۆخی ماددیو گیانی دوای کارەسات ئەوا مرۆڤ تووشی ڕەشبینی دەبێتو بێ ئومێدی لەلای چەکەرە دەکات تا ئەو ئاستەی ئومێدەکانی بە مۆڵەقو هەڵبەستراوی دەمێننەوە، (لەلای زانا (ئەلفرێد مایر) لەمیانەی تیۆرەکەی (السایکۆبایۆلۆژیە) جەخت لەسەر شرۆڤە کردنی نەخۆشییە دەروونییەکان دەکات کە پشت بە تێگەیشتنی هۆکارە بایۆلۆجیو دەروونیو کۆمەڵایەتییەکانو بۆماوەو ژیانی سك پڕی، بەخێوکردنو منداڵییەتیو نەخۆشییە ئۆرگانیکیو ئەزموونەکانی ژیانو بارودۆخی گرژی دەوروبەر دەبەستێ، نەخۆشیش وەك لە پەرچە کردارێکی ئەم هۆکارانەی سەرەوەیە کە دەبنە هۆی هەرەس پێهێنانی مرۆڤ لەسەرڕازی بوون بە سروشتی خود لەگەڵ جیهانی دەرەوە وەك ئەوەی کە هەیە لەگەڵ گونجانو تەبابوون لەگەڵ ئامانجو تواناکانی، ئەمەش دەبێتە هۆی تووش بوون بەنەخۆشییە کۆمەڵایەتییەکانو ئەنجامەکانی وەك پاڵەپەستۆو ماندوبوونی دەروونی، ئەمەش کاردەکاتە سەر زیادبوونی هۆرمۆنی (ئەدرینالین) کەبەشێوەیەکی سروشتی لەلەش دەردەدرێ، بەلاّم زیادڕشتنی دەبێە هۆی تێکچوونی جەستەو شپڕزەبوونی دەروونی لەبەرئەوە بەهۆرمۆنی (یا دەرمانی ئاگاداری) دادەنرێ، چونکە دەبێتە هۆی زیادبوونی پاڵەپەستۆی خوێنو زیادلێدانی دڵ وەك ئەوەی کە بەهەموو لایەنەکانی ورووژاندن بەندە، جا

پێکهاتەی کیمیاویی ئەم هۆرمۆنە لە ماددەی مسکالین (Mascaline) دەچێ کە مادەیەکە دەبێتە هۆی دەرکەوتنی وڕێنە کردن (هلاوس)[٦٤].

٩- کۆچکردن: مرۆڤ وەك بوونەوەرێکی کۆمەلاّیەتیناسراوە، بەلاّم لەهەمان کاتدا لە سروشتی خۆیدا دالّدەی کۆچی داوە واتە حەز بە کۆچو گەڕان دەکات، جا ئەم کۆچکردنە بەزۆر یا بەئارەزووی کۆچبەرەوە بێت سەرەڕای جۆری کۆچەکە وەرزی یا بەردەوام بێت، جا ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە کۆچکردنە بەگشتی بەتایبەت بەردەوامەکەی، کۆچ وەك دیاردەیەکی کۆمەلاّیەتی بریتییە لە چوونی یا گواستنەوەی تاکێك یا دانیشتوان لەشوێنێك بۆ شوێنێکی تر ئەمەش جۆرێك لەجوولاّنەوەو خۆگونجانی کۆمەلاّیەتی دەوێت کە وەك تەواوکەرێکی پرۆسەی پێشکەوتن خۆی دەنوێنێت، ئەم کەسانەی لەمندالّی کۆچیان پێ دەکرێت زووترو خێراتر دەتوانن لەگەلّ شارستانیەتی نوێ ڕابێن‌و بگونجێن لەچاو کەسە گەورەکان لەرووی تەمەنەوە گەرچی ئەمەیش لە مرۆڤێك بۆیەکێکی تر دەگۆڕێت، (توێژینەوە بەراوردکارییە مەیدانییەکانی نێو کۆمەلّگە کۆچبەرو نیشتەجێ ڕەسەنەکانی نێو ولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئاماژە بە تووشبوونی دووجای نەخۆشییە دەرونییەکانی ناو خەلّکە کۆچبەرییەکەی نێو ئەم کۆمەلّگەیە لەچاو دانیشتوانە نا کۆچەری یا ڕەسەنەکان دەکەن، ئەمەش وەك هەقیقەتێکە بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییەی کە کۆچکردن دەبێتە هۆی شپرزەبوونی کەسایەتی بەهۆی ناچونیەکی بەهاو پێوەرەکانی ئێستاو ئەوسای کۆمەلّگە کۆنەکەی کەوا لەتاك دەکات نەتوانێ خۆی بگونجێنێ لەگەلّ ژینگەو کۆمەلّگە نوێکە، ئێمە لێرەدا ناتوانین ڕۆلّی نامۆبوون، بۆ بەرزکردنەوەی ڕێژەیی نەخۆشییە دەروونییەکان لەنێو خودی نامۆ بوون‌و خۆیان‌و کەسانی تر فەرامۆش بکەین جا ئەم نامۆبوون‌و کۆچکردنە چی لەنێو دام‌و دەزگا یا فەرمانگە لە قوتابخانە بێ یا ئەمانە لەدەرەوە یا لەناوەوەی ولاّت بێت، بێگومان هۆکاری کۆچبەری بوون خودان کاریگەرییەکی زۆرن بۆ تووشبوونی تاك بەم نەخۆشییە دەروونییانەی باون، چونکە دەبنە هۆی فشار دروست کردن لەسەر ژیانی کۆچبەرەکە خۆی‌و کۆمەلّگەکە، بەتایبەت کاتێ کۆچبەر ئامادەبوونی پێش



وەختیەی هەبێت بۆ تووش بوون بەم نەخۆشییانە)[٦٥] مرۆڤ لەو کاتەی لە هەولّی دەستگرتنێکی بەردەوامدایە بەسەرجەم بەهاو داب‌و نەریتە ڕاهاتووەکانی نێو کۆمەلّگەی دایك جا هەرچەند بارودۆخ بگۆڕێت‌و لەشوێنێك کۆچ بکا بەرەو شوێنێکی تر ئەوا هەولّی هێشتنەوەو بەردەوامبوونی پەیوەستیوونی بەم بەهاو داب‌و نەریتانە دەدات، بۆیە لەکاتی نائاسایی زیاتر هەولّی پەیوەست بوون پێیەوە دەدات بەتایبەت کاتێ تێکەلّی شارستانییەت‌و کولتووری نوێ دەبێت، بێگومان ئەم بەرهەلّستی کردنەو خۆنەدانە دەستەی کولتووری نوێ‌و لەدەست نەدانی کولتورو بەهای کۆمەلاّیەتییەکەی لەمەوبەر لەساتی نامۆبوونی زیاتر توند دەبێ‌و خۆی بەکەم دەبینێ‌و هەموو دیاردەیەکی نوێ بە هەڕەشە بۆ سەر بنکەو بونیادی کولتووری‌و خێزانی‌و دواتر کۆمەلّگەی دەزانێ، هەر بۆیە لەوکاتە تاك دەکەوێتە دووڕیانی شلەژان‌و نیگەرانی‌و تێکچوون‌و تووش بوون بە نەخۆشییە دەروونییەکان وەك ئەوەی ڕۆح بە جەستە نامۆبێت‌و دواتر عەقلّ بزر بکات‌و جەستە شوێنی ڕۆح‌و عەقلّ‌و دەروونی کۆمەلاّیەتی‌و کەسایەتییەکەی بگرێتەوە. (سیمسن دەلّێ نامۆبوون حالّەتێکی دەروونییە تووشی کەسانێك دەبێ‌و وایان لێ دەکات نەتوانن باری کۆمەلاّیەتی خۆیان بگۆڕن‌و لەگەلّیدا بەڕێوە بچن)، نەبوونی توانای خۆگونجان لەوترسەی دۆڕاندایە کە تاك لەم کۆچ‌و کولتوورە نوێیە چاوەڕێی دەکات، دەشێ کەسی کۆچەر بەر لەم کۆچکردنەی هەستی یا درکی بەم ڕەوشە نەکردبێ، بەلاّم واقیعی مەیدانی ئەم مرۆڤە ساویلکەو نێچیرێك دەقۆزێتەوە لەگەلّ ئەمەش نەزعەکە توندترو شێلگیرانەتر فراوان دەبێ‌و هەولّی جلّەو گیرکردنی توندترو پەڕاندنەوەی دەسەلاّتی دیکتاتۆری‌و سەپاندنی تاك ڕەهەندی ڕەهای‌هزر بەسەر ئەندامانی خێزان تا پەیوەست بوونی خۆیان‌و وەلاّمیان بەڕاستی بۆ بەهاو داب‌و نەریتی باوی جارانیان بسەلمێنن، (جا کەسانی نامۆو کۆچبەرەکان دووچاری نەگونجانی کۆمەلاّیەتی دەبنەوە بەهۆی ناچوونیەکی‌و دژایەتی کردنی بەهاو پێوەرەکان لەنێو خۆیان سەرەڕای هەست بە مەحروومی کردن لەسۆزو خۆشەویستی خێرانەکانیان هەروەها نەڕەخسانی بواری پێکهێنانی پێوەندیی کۆمەلاّیەتیی

نوێو تووشبوونیان بە کێشەی ماددی. وەك زانراویشە کە فشاری کۆمەڵایەتیو ماندوویێتی دەروونی وا لە هەندێکیان دەکات بەدوای هۆکاری خۆ ئارام کردنەوە کەم کردنەوەی نیگەرانیو دڵەڕاوکێدا بگەڕێن، بۆیە پەنادەبەنەبەر مەینۆشینو پێوەندیی سێکسی نایاسایی، تا بەم هۆیە خۆیان لەم خەفەکردنو مەحرووم بوونەی ژیانیان دووربخەنەوە)[٦٦].

خۆ سەربەست بینینو جڵەو شۆڕکردن بۆ هەوەسو غەریزەکانی چارەسەری دەردی نامۆیی بەخاكو کۆمەڵگەو شارستانییەت ناکا، بەڵکو بە پێچەوانە کێشە گرانتر دەکاتو دیدی کۆمەڵگەی ڕاستەقینەش زیاتر دەگۆڕێو تاك زیاتر بەرەو دوورخستنەوەی کۆمەڵایەتیو پەراوێزبوون لەنێو کۆمەڵگەی ڕەسەن دەبات ئەویش (تاك) وا هەست دەکات کۆمەڵگە لەبەریەك هەڵوەشاوەتەوە جێگەیەك بۆ پاکیزەیی ئەو هزرە نوێکانیو ئاکارەکەی نەماوە بۆیە (تاك ئومێدو ئامانجی بەتێکەڵ بوونی کۆمەڵایەتی لاوازدەبێ یا هەر نامێنێو توانای خۆ گونجانی لەدەست دەدات، جا کاتێ هەست بەم بێ توانایییەی دەکات بۆ خۆچاککردنو بەشاش دەرچوونی لەنێو کۆمەڵگە هەروەها هەوڵی پووچەڵی بۆ چاککردنی کۆمەڵگەش بەرەو باشتر بەفیڕۆ دەڕوات لێرەدا دووچاری بێ ئومێدیو بێ ئامانجو هیوا دەمێنێتەوە، هەر لەو کاتە تووشی خەمۆکیو ڕەشبینی دەبێ لەژیانی بۆیە هەموو ئەمانە تاك بەرەو خۆکوشتن پەلکێش دەکەن)[٦٧].

بەخراپ بینینی کۆمەڵگەو دەستە پاچەکردنی خود لە دۆش دامانو دەست لەسەر ئەژنۆ چیتر ناگەیەنێ، بۆیە توانەوەیەکی لەسەرخۆی مرۆڤەکان دەگرێتەوەو تادەگاتە خۆکوشتن، ئێمە لێرەدا نابێ لە (گومان) دوربکەوینەوەو بەشتێکی خراپی بزانین، چونکە هەموو پێشکەوتنێك لەگومانەوە دەبێ، بەڵام بەو مەرجەی مرۆڤ خۆی نەداتە دەست گومان، بەڵکو خۆی گومان جڵەو گیر بکات ئینجا لەهەوڵی سەرخستنی هەوڵەکانیدا بێت، تاك بەهەر شێوەو جۆرێك بێت ناوەستێ، بەرهەڵستی تاکیش بۆ کۆمەڵگە تووڕهەڵدانی خودی لێ دەکەوێتەوە، بەرامبەر ئەم هەوڵەش کۆمەڵگە بۆ دەستەمۆکردنو جڵەوگیرکردنی دەسەڵاتی لەگەڵ ئەمەش هەوڵی تاك بۆ خۆرزگارکردنو چاککردنی کۆمەڵگەش



لە دیدوبۆچوونی خۆی بێ بەرانبەر بوونەوەی کۆمەڵایەتی نابێ بۆیە (ئیبن خەلدوون) دەڵێ تاك ناتوانێ سیستمی گەندەڵی کۆمەڵایەتی چارەسەر بکات، تا هێزی کۆمەڵایەتی جڵەو بەدەست بێ هاوکاری بوەستێتەوە لەبەردەمی)(٦٨)، وەك دووچاربوونی نەخۆشی دەروونی دوا دەرئەنجامی بەر لە خۆکوشتن نامۆبوونە یاخود گەلێك جار کۆچ کردنە وەکو دیاردە یا پەتایەتی کۆمەڵایەتی کە تاك بەناچاری یا بنج بەستبوونی بۆچوونەکانی پەنای دەباتە بەر، ئەمە دوای بێ ئومێدبوون لە کۆمەڵگە هەروەها دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی باو لە پێشکەش نەکردنو فەراهەم نەکردنی پێداویستییە دەروونیو کۆمەڵایەتییەکان بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە، بەڵکو بەپێچەوانە نمایش کردنو پیادەکردنی دەسەڵاتی لەنێویاندا.

## سایکۆسۆماتی

لەگەڵ بەرەو پێشەوەچوونی شارستانییەتی مرۆییو داهێنانە نوێکانی، بەهەمان بەرامبەر کێشەکانی ژیانی مرۆڤیش لەزیادبووندان، ئەمەش لەکاتێکدایە کە ئەم دەرفەتانە هەڵنەقۆزتراونەتەوە بۆ خزمەتکردنی گشتی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، چونکە بەرامبەر ئەوە چەكو بۆمبای ئەوتۆ هاتوونەتە بەرهەم کە هەڵوێستی چاکخوازانەو چاکسازیی مرۆڤەکانی تر زۆر کەمە لەچاو ئەوان، بۆیە مرۆڤایەتی خۆی دووچاری کێشەی گەردوونی گەورە کرۆدتەوە، تەنانەت وای لە مرۆڤەکان کردووە لە حاڵەتی نیگەرانو دڵەڕاوکێی بەردەوام دابژین یا لە چاوەڕوانی (گۆدۆ) ژیان بەسەربەرن، سایکۆسۆماتی وەکو نەخۆشییەکی دەروونی جەستەیی لەنێو خودی کۆمەڵگەو لەم چوارچێوەیە سەرهەڵدەدات بەگشتی مرۆڤەکان دەگرێتەوە، بەڵام بەڕێژەیی جیای چینو تاقمو دەستە کۆمەڵایەتییەکان، بێگومان ئەم نەخۆشییانە هۆکارەکانیان (عەقڵیو هەڵچوونەکەیو دەروونین)، بەڵام دەرکەوتنی دوای بڕینی یا تێکەڵ بوونی قۆناغی دەروون لە جەستە بەدیار دەکەوێت یا بڵێین ئۆرگانیکییە کە دواتر بەدرێژی لە جۆرەکانی دەدوێین، (سایکۆسۆماتی (وەکو زاراوەیش لەدوو وشەی یۆنانی (Psycho) کە مانای دەروون دەدات، هەروەها (Soma) کە جەستە دەگەیەنێ پێك دێو لێکدانیان

بەگشتی مانای وەزیفەکانی مرۆڤ تەواو کامڵن لەرووی دەروونی ئۆرگانیکییەوە هەر یەکێکیان پشت بەئەویتر دەبەستێ)[٦٩]، (لە لایەنی پێناسەوە لە ئینسکلۆپیدیای بریتانی واهاتۆتە ناسین (وەڵام دانەوەی جەستەییە بۆ فشارەکانی هەڵچوون کە شێوەی شیرزەبوونێکی یا تێکچوونێکی جەستەیی وەردەگرێت)[٧٠]، کەواتە ئەو فشارە دەرەکییانەی دەخرێنە سەر کۆمەڵگە بەگشتی‌و تاك بەتایبەتی ڕەنگدانەوەیان شێوە دەربڕینی نەخۆشیی جەستەیی‌و دەروونی دەبێتەوە دوای ئەوەی تاك بێ چارە دەمێنێتەوە لەبەردەم کۆتایی هێنان بە هەڵچوونە دەرونییەکەی یا کێشەکەی، بێگومان ئەمەش لەمیانەی کاردانەوەی ژینگە یا دەوروبەری کۆمەڵایەتی لەسەر دەروونی تاك دروست دەبێ وەك وەڵام دانەوەیەك بۆ ئەو ڕووداوەو بەسەرهاتو کارەساتانەی لە دەرەوەفشار دروست دەکەن. ئەلفرێد ئادلەر پێی وایە کە لاوازیی هەر ئەندامێکی جەستە دەبێتە هۆی هەست بەکەمی کردن بۆ نەبوونی توانای ئەنجام دانی کارەکەی، ئەمەش ڕێگە لەبەردەم تووش بوون بە نەخۆشییە سایکۆسۆماتییەکان خۆش دەکات، زاناکانی قوتابخانەی شیتەڵکردنی دەروونی وای بۆ دەچن کەشۆکی ماددی‌و لەناکاو هەروەها خەفەکردنی زۆرو توند یارمەتی دەرن بۆ تووش بوون بەم نەخۆشییانە، سەرەڕای ڕۆڵی ژینگە لەسەر منداڵ ئەو ڕۆڵە ترسناکەی لەمەڕ تووش بوون بە دەرکەوتنی نیشانەکانی نەخۆشیی سایکۆسۆماتی لەوانەش (ڕەبۆ، شەقەسەر، ژانی دەروونی، هەوکردنی جومگەکان، ژانی پشت، گرژبوون‌و ڕەق بوونی ماسولکەکان، تێکچوونی بێ نوێژی، نەزۆکی ساردیی سێکسی هەروەها چەندانی‌تر، گشتیان دەرکەوتنی نیشانەکانی تووش بوونە بە نەخۆشی سایکۆسۆماتی کە لەمیانەی چەندین هۆکاری وەکو ژینگەی کۆمەڵایەتی‌و خێزانی دەردەکەوێ، کاتێ کاردانەوە دەروونییەکان کاری هەر ئەندامێکی جەستە خاو دەکەن یا سست دەکەن‌و ڕێگەی تووش بوون خۆش دەکەن بەم نەخۆشییانە ئەمەش بەهۆی نارێکی ئەنجام دانی کاری ئەندامەکانی جەستە ئەمەش لەلایەن خۆیەوە، کاری ئەندامەکانی تری جەستە گرانتر دەکات‌و عەقڵ‌و دەروون‌و دواتر بە قسەکانی تری دەبێە جێگرەوەی ئەم ئەندامە لاوازە بەشەکەتی‌و هەر



چوونێکی بێت پڕ دەکاتەوە جا ئەگەر ئەم بارە درێژەی کێشا ئەوا کاردانەوەکە دەبێتە نیشانەکانی دیار لە میانەی یەکێك لە جۆرەکانی نەخۆشییەکەی، (دامەزرێنەری پەیمانگەو نەخۆشخانەی مودزلی بۆ پزیشکی دەروونی (هنری مودزلی) دەڵێ ئەو غەم‌و خەفەتەی ڕێڕەوێك بۆ فرمێسکەکانی چاو نەدۆزێەوە، ئەوا دەبێ ئەندامەکانی جەستە بگرین)[٧١] ڕێڕەوی ژیانی مرۆڤەکان لەگەڵ هەموو پێکهاتە پۆزەتیڤ‌و نێگەتیڤەکانی کە داوای هەرس کردن دەکات لە درێژایی کات‌و شوێنەکان لەژێر چەتری ململانێی دەروونی‌و کۆمەڵایەتییەکان سەرەڕای بێ ئومێدی‌و دواتریش خەفەکردنی حەزو ویستەکان، بۆیە ئەمانە ڕێڕەوێك لەوە زیاتر نادۆزنەوە کە پێیانەوە هەناسەی غەم‌و کەبت بدەن جگە لە ئەندامەکانی جەستە نەبێ کە ئەمەیش نەخۆشی لەدوایە لەمیانەی جەستەو ئەندامەکانی هەست‌و دەروونی مرۆڤەکە، ئەگەرچی زۆر زاناو فەیلەسووفی بەناوبانگ بەدرێژایی قۆناغە جیاکانی ژیانی بەدوای پێوەندی دەروون‌و جەستەو کاریگەریی هەڵچوونەکان بەسەریانەوە لێکدانەوەیان کردووە (لە هەرە پێشینەکەیان ئیغریقییەکانن وەکو (ئەفلاتون) کە جەخت لەسەر دوالیزمی جەستەو ڕۆح دەکات‌و دواتریش لە (ئەرستۆ) کاتێ وتی دەروون یا (ڕۆح) گەوهەری مرۆڤەو لە جەستە دابڕاونییە جا بەهەر شێوەیەك بێت، ئەمە سەرەڕای ئیبن سینا کە لەمیانەی کتێبەکەی (القانون)بە ڕوونی باسی نەخۆشییە سایکۆسۆماتییەکان دەکات، بەڵام لەم سەردەمە بەشێوەیەکی بەربڵاو ئەم چەمکەو تێگەیشتنی لێی تەشەنەیان کرد زیاتر لەچاو هەر قۆناغێکی تر ئەمەش دوای ئەوەی جەخت لەسەر لایەن‌و کاریگەریی فشاری دەروونی‌و نیگەرانی‌و دڵەڕاوکێ لەسەر دروست بوونی هەندێ نەخۆشیی جەستەیی لەلای مرۆڤ دەرکەوت)[٧٢]

ئەم گرنگی پێدانەی لەم سەدەیە بەم نەخۆشییانە دراوە لەوەدایە کە خودی ئەم چەرخە دروست کەروبگرە بکەری ڕاستەوخۆی سەر مەفعوولەکانە لەلایەنی ئەم نەخۆشییانەوە، لەگەڵ ئەوەی پێشکەوتنی گەورەیش بۆ لەناوبردنی‌و چارەسەرکردنی نەخۆشییەکان نراوە بەڵام دەکرێ بڵێین لە کاتێکدا دابەش

بوون‌و پسپۆریەتی لەم سەردەمە کە بۆ کار هەیە بەهەمان شێوەش خۆشییەکان دابەشکراون‌و مرۆڤەکانیش لە گەڵێ واتە دوولەت کراون (نابێ لەوە دووربکەویتەوە کە مرۆڤ یەك قەوارەیە لە جەستەو دەروون‌و هۆش پێکهاتووە، ئامادەیی‌و بۆماوە، پێکهاتە، شارەزایی پێشترو گەشەنەکردنیش دەور دەبینن، بۆ تووش بوون بەم نەخۆشییانە کە ڕەنگە پێوەندییان بەهیچ نەخۆشییەکی جەستەییەوە نەبێت هەروەها ئەو پێوەندییە توندو تۆڵەی لەنێوان هەڵچوونی دەروونی‌و هەڵچوونی جەستەییدا هەیە، هۆکاری دەروونی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کاریگەرییەکی گەورە دەکاتە سەر شڵەژانی وەزیفی‌و فەسلەجی، دەبێ ئەوەش بزانین کە ئەم نەخۆشییانە زۆر ئاڵۆزن‌و بە گرانی دەست نیشان دەکرێن کە کامەیان دەروونی‌و کامەیان جەستەییە، بەتایبەتی کاتێ هەڵچوونە جەستەییەکان هەڵچوونی دەروونییان بەدواوە نابێ یا دەبینین ئەم نەخۆشییانە بە چارەسەری پزیشکی چاك نابنەوەو زێتر بە تەنگ چارەسەری دەروونییەوە دێن)(٧٣)، لەگەڵ ئەم هەموو ئاڵۆزییەی کە ژیانی مرۆڤایەتی داگرتووە، مرۆڤ کەوتۆتە گومان لە ئایندەی‌و بگرە سەرجەم مرۆڤەکانی دەوروبەریشی هەر بەم هۆیەوە بواری کێشەو ململانێکانی نێو گەردوون فراوانتر بوونە جاران مرۆڤایەتی گەر لە شوێنێك شەڕوئاژاوە یا کارەسات هەبووایە ئەوا بەرەو ناوچەیەکی تر کۆچی دەکردو خۆی بە دووردەگرت، بەلاَم جیهانی ئێستە بەم بچووك بوونەوەی تەژی کێشەی گەورەبوونە بۆیە سەرجەم ئەمانە کار لەعەقڵ‌و هەست‌و دەروونی مرۆڤەکان دەکەن وا دەکات مرۆڤ هەردەم هەست بە هەڕەشەیەکی بەردەوام بکات، بەمجۆرە شوێنێك بۆ خاڵی کردنەوەی ئازارو مەینەتی‌و نیگەرانییان نادۆزنەوە، تەنانەت وای لە مرۆڤەکان کردووە لە حاڵەتی ئامادەباشیدا بێت‌و ببێتە ئێشکگر بە دیار نەخۆشی خودو کۆمەڵگەو جیهانە دەردەدارەکەی دەم شەڕو ئاژاوە، دکتۆر (دۆناڵدسۆن) دەڵێ ئەم شارستانییەتەی ئەمڕۆ دەیناسین نیعمەتێکی نەفرەت لێکراوە. ئەم زیاد پێشکەوتن‌و دەستکەوتە گرنگانەی بۆ خۆش گوزەرانی مرۆڤەکان هاتوونەتەدی، وا لە خودی مرۆڤەکان دەکات نەتوانن ئەم باج دانە



فەرامۆش بکەن، زیاد لەمەیش دکتۆر (جێمس هالیدای) دەڵێ ئەو گۆڕانە کۆمەلاَیەتییە خێراییەی لەنیوەی سەدەی ڕابردوو ڕوویدا بوو بەهۆی زیادبوونی ڕێژەی نەخۆشییە سایکۆسۆماتییەکان، ئەم توێژینەوە ئامارییەی کە (هالیدای) پشتی پێ بەست ئاماژە بۆ بلاَوبوونەوەی نەخۆشی سووتانەوەی گەدەو هۆرمۆنی دەرەقی‌و پاڵەپەستۆی خوێن لەسەر ئاستی بەرز لەنێو ڕۆژئاواییەکان دەکەن)(٧٤ )، ئەم کارو پەرچەکردارانەی دەرهەق بە مرۆڤو شارستانییەتەکەی ڕوویداوە سەرەڕای گۆڕانی ڕۆڵی شارستانییەت‌و خودی مرۆڤیش خۆی لە بکەری بنیاتنەر بەرەو بکەری ڕووخێنەر یاخود دابەش کردنی کۆمەڵگە بەتایبەت زاناو هزرمەندەکان بەسەر دووبەشی دژیەك‌و ململانێکار لەپێناو پێشکەوتنی زیاتری شارستانییەت کە دەکرێ بارودۆخی مرۆڤایەتی گەر چارەیەك بۆ بەرزبوونەوەی لە ڕادەبەدەری نەخۆشی‌و کێشەکان دانەنرێ ئەوا ڕێژەی نەخۆشییەکان دەچێتە ئەم دیو ئاستی پێشکەوتنە تەکنەلۆجییەکان، دوێنێیەکی سادەو ئەمڕۆیەکی فرە ئاڵۆزو ئایندەیەکی ناڕوون مرۆڤەکانی بێ ئومێد کردووە وەك ئەوەی لەکەناری جەنگدابن هەردەم نیگەرانی‌و لەبەریەك هەڵوەشاندنەوەی کۆمەلاَیەتی هەڕەشە لە مرۆڤەکان دەکات، جا ئەم لەبەریەك هەڵوەشان‌و تێکچوونەی کۆمەڵگە بێ هۆکار نییەو دەسەلاَتدارانی ئەم ولاَت‌و کۆمەڵگایانە لێیان بێ بەش نین، (لەمیانەی تاقیکردنەوەیەك کە لەسەر دوو گیانلەبەر (مەیموون) ئەنجام درا کە ئەزموونێکی زانستی بوو، ئەم دوو (مەیموونە) لە تەك یەکتر دانیشتوون‌و لەماوەی (٢٠چرکە) جارێك تەزووی کارەبایان ئاراستە دەکرا، لەسەر یەکێك لەم دوو مەیموونە بوو کە دەست بنێتە سەر ئەم دوگمەیەی کە تەزووە کارەباکەی لێی دەدا جا لەم کارە بێ بەشداریکردنی ئەویتر ئەوی دووەمیشیان دووچاری ڕاچڵەکین دەبووەوە، بەلاَم ئەوەندەی کاریگەریی لەسەر ئەوەی دووهەم نەبوو، بەرامبەر ئەوەی یەکەم کە لەکۆتاییدا دەرکەوت کە دووچاری سووتانەوەی گەدەبووە)(٧٥) دەکرێ ئەم تەزووی کارەباییە بەهەڕەشەی شەڕو بکەرەکانیشی بەم کۆمەڵگە مرۆییەو بەتایبەت بەشداریکارانی نێو شەڕەکە بچوێنین، بۆیە ئەو کۆمەڵگەیەی لەلێواری شەڕو نیگەرانی‌و چاوەڕوانی بەردەوامدایە زیاتر

ئەندامەکانی دووچاری ئەم نەخۆشییانە دەبنەوە بەتایبەت کۆمەڵگە نەریتگەرو توندڕەو بە داب‌و نەریت‌و ئایین لە کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکان دەشێ ڕێژەی ئەم نەخۆشییانە پتر بن بەهۆی زۆر کارای ترەوە وەکو فەردانییەتی ژیان‌و نەبوونی خێزان‌و خێرایی بزاوتە کۆمەلآیەتییەکان...چەندانی تر، (هەر ئەمەش وای لە زانا (جی، دی، بۆسیس) کرد کە بڵێ شارستانییەتی ڕۆژئاوایی کۆتایی هاتووەو خەمۆکی باڵی بەسەر داکێشاوەو ئێستا لەژێر حوکمی لەناوچوون‌و فەنابووندایە)(٧٦)، جێی ئاماژە بۆ کردنە کە ئیبن خەلدوون پێی وایە کە بەیەکەوە ژیانی مرۆڤەکان کارێکی سروشتی‌و زەرووریيە، واتە مرۆڤ بە سروشت کۆمەلآیەتییە، کەچی لەکۆمەڵگەی ڕۆژئاوایی مرۆڤەکان لە هەموو کارێك یارمەتیی یەکتر دەدەن، بەلآم بەشێوەی ئۆرگانێکی لەمیانەی پێوەندییەکانیان، بۆیە خەلدوون ئاماژە بە لەناوچوونی شارستانییەت دەکات کاتێ کە ململانێ لەنێوان شاریان (بەداوەت) نامێنێ‌ودەمارگیری جێ چۆڵ دەکات بۆ شارستانییەت‌و خۆشی‌و هەوەست لێرەوە مرۆڤەکان بەرەو ئارەزووەکانیان ڕادەکەن، بەمەیش شارستانییەت دووچاری لەناوچوون‌و نەمان دەبێتەوە)(٧٧) کەواتە ئەو کۆمەڵگایانەی پێوەندیی میکانیکییان تێدا زاڵە کەمتر دووچاری لەناوچوونی شارستانییەت دەبنەوە بەهۆی پتەویی بونیادی پێوەندی کۆمەلآیەتییان، بەلآم ئەمە مانای ڕوونەدان‌و تووش بوون بە نەخۆشییە سایکۆسۆماتییەکان ناگەیەنێ، بەلآم ئاماژە بە لەناوچوونی شارستانییەت دەکا کە هۆکەی دەکرێ بڵێین لە ئەنجامی ئەو دەست بەسەر داگرتن‌و بەتالآنبردنەی حەزو ویستی تاکەکانەو بەرامبەر ئەوەیش تووش کردنیانە بە نەخۆشیی کۆمەلآیەتی‌و جەستەیی‌و دەروونی کە دواتر تاکەکان بەتەنگ ئەو دەست پێوەگرتنە شارستانی‌و کۆمەلآیەتییەی خۆیانەوە نامێنن بۆیە هەوڵیان چڕ دەکەنەوە بۆ خۆپاراستن‌و دابین کردنی ئایندەو بەرژەوەندییان. ٠کۆمەڵێك لە پزیشکان لەدوای چەندین توێژینەوەو ئەنجام گەیشتنە ئەو بڕوایەی کە ئەو فشارە دەروونییەی دەکرێتە سەر کەسەکانی کۆمەڵگە بەبەردی بناغەی تووش بوون بەزۆر نەخۆشی جەستەیی دادەنرێت کە بنەچەکەی دەروونییە، لە ڕێگەی



هەست‌و بەرهەستەکان مرۆڤ دووچاری زۆر گۆڕانی ناوخۆیی دەبێت کە کار دەکاتە سە کیانەکەی‌و لە ناخەوەڕا دەیجووڵێنێ، مرۆڤیش لە میانەی ژیانی ڕۆژانەی دووچاری زۆر کێشەو قەیرانی دەروونی دەبێتەوە وەکو (جیابوونەوەی دایك‌و باوك، یا لەدەست دانی کەسێکی خۆشەویست، یان کۆچی یەکێك لە هاوڕێکان یاخود لە دەستدانی ماڵ‌و سامان‌و دارایی) ئەمانەش دەبنە هۆی شۆکی دەروونی، هەموو ئەمانە دەبنە کێشەو کاردەکەنە سەر دەروونی تاك بەشێوەیەك یان ئەویتر کە دەبێتە هۆی نیگەرانی‌و دڵەڕاوکێ، لە بەرامبەر ئەوەشدا زۆر بەربەست هەن بۆ دەرنەبڕینی ئەم غەم‌و هەستە تەنگ‌و دژوارانە لەڕێگەی دەربڕینی زمان یا جوولآنەوە یا بەتاڵکردنەوە لە کۆئەندامی دەمار بەرەو ئەندام‌و بۆڕییەکانی جەستەو خوێنبەرەکان دەچێ، بێگومان پێکهاتەی کەسایەتی‌و بۆماوەیی لەگەڵ شارەزاییە سەرەتاییەکان‌و وەستانی گەشەی دەروونی یاخود لاوازیی ئەندامێك لە ئەندامەکان‌و لە کاروەستانی، ئەمانەش کار لەگەشەی جەستە دەکەن)(٧٨) کەواتە بەهیچ شێوەیەك ناکرێ مرۆڤ بە تەنیاو دوور لە کۆمەڵگەو شارستانییەتەکەی بۆ لێکدانەوەی نەخۆشییە سایکۆسۆماتییەکان دەست بە شیکردنەوەی بکرێت.

چونکە سەرجەم ئەمانە یەکەیەکی یەکگرتوو کە مرۆڤ پێك دەهێنن بەهۆی ئەوەی کە تەندروستی مەسەلەیەکی جەستەیی‌و دەروونییە واتە پرسێکی بایۆ دەروونییەو حاڵەتی تەندروستی تاکەکەسیش لە ئەنجامی بوونی کارلێکی ئاڵۆزە دروست دەبێ. (بەلای ئەندامانی قوتابخانەی جشتاڵت وەك ئەوەی زانا (ئۆین) ناوی دەبات ئەوا تاك کایەیێکی دینامیکیی ئاڵۆزە لەحاڵەتی هاوسەنگی ناجێگیر یا ئارامگرتووی بەردەوامدایە.

هەر ئەویشە لەگەڵ بگۆڕەکانی دەروونی لە ژینگەکەیدا ئاوێتە دەبێ هەروەها لەگەڵ بگۆڕەکانی ناو خودی دەوروبەری خۆیدا هەمان شت‌و پرۆسە دووبارە دەکاتەوە، بۆیە لەساتی شڵەژان‌و تێکچوونی هاوسەنگی زۆر لایەنی ئەم کایەیە تووشی تێکچوون دەبێ، لەبەر ئەوە کاتێ باس لە پرۆسەیەك یا شڵەژانێکی دەروونی یا فیزیۆلۆجیی عەقڵی‌و جەستەیی دەکەین واتە ئێمە باس لە جۆرەها

ڕێگە دەکەین بۆ ئەوەی لە دیاردەیەك بڕوانین لە کایەیێکی یەکگرتووی پتەو کە ناکرێ لەیەك هەڵبوەشێنرێتەوە، یا لەیەك جیا بکرێتەوە)(٧٩)، ناکرێ ئەم پێوەندییە جەدەلییە گشتگرییەش لە یەکتر جیا بکەینەوە، بۆیە دەشێ بڵێین کە پێوەندییە وەزیفییەو بێ یەکتر هیچ دروست بوونێك بوونی نابێ، وەك ئەم بۆچوونەی (کلیمس)، جەستە ئەو کایەیە کە ڕۆح وەریگرتووەو بنەمای سەرەکی جەستەیە، نەخۆشییە سایکۆسۆماتییەکانیش لە خەلەلێکی جەستەی چنراوی تێکچوونی دەروونی زیاتر هیچی تر نییە)(٨٠)، ئەمەش جەختکردنێکی ترە لەسەر پرەنسیپی هەماهەنگی نێوان جەستەو دەروون، بۆیە ناکرێ کاریگەرییەتی ژینگە بێ کاردانەوەی دەروونیو دواتر جەستەی بهێڵێنەوە، بێگومان لەگەڵ هەموو ئەمانەدا سایکۆسۆماتی لە تەشەنەکردنیو دروستبوونی نوێدایە لە بەرەو پێشەوە بردنی شێوازو جۆرەکانی نەخۆشییەکانی، لە میانەی شارستانییەتی نوێو گۆڕانە وەدیهاتووەکانی شارستانییەتەکانیش دەکرێ لەسەر بنەمای پێشکەوتنی ماتریالیو ئینجا مۆرالی پێوا بکرێ کە زۆرکات وەك لەمەو بەریش ئاماژەمان بۆ کرد ئەم دوو پێکهاتە هاوتەریب نین، بەڵکو لەدوو ئاستی جیادان، کۆمەڵگە هەیە لەبەرزترین ئاستی پێشکەوتنی مادديدایە، لەگەڵ ئەوە سەرجەم بەهاو دابو نەریتە سوودمەندەکانیان لەدەستداوە، کۆمەڵگە تەقلیدییەکانیش تەواو پێچەوانەن واتە هەموو شارستانییەتێك جۆرێك لە نەخۆشیی کۆمەڵایەتیو سایکۆسۆماتی بەگشتی لە مندالدانی هەڵگرتووە، وێڕای لە ناوچوونی خۆی کە لەنەستی تاکەکاندا پەنگی خواردووە لە میانەی تێرنەکردنی حەزو ئارەزووەکانیان ناچار دەست بەرداری شارستانییەت دەبن بۆئەوەی حەزو ئارەزوویان تێر بکەنو خۆیان لەکێشە باوەکانی کۆمەڵگە بەدوور بگرن، (بۆیە هەردوو توێژەر (رینیە دیوزو مایانتز) لە کتێبەکەیان (الصحە والمرج) لە شارستانییەتو ئەو قەیرانانەی دووچاری تەندروستیی مرۆڤ دەبنەوەو دەیانخەنە مەترسییەوە دەکۆڵنەوە، چونکە ئەم قەیرانانەی ڕووبەڕووی تەندروستیی مرۆڤەکان دەبنەوە ترسناکی هیچ کەمتر نییە لە بەکتریاو ڤایرۆسەکانو بەدخۆراکی هەروەها هۆکارە کیمیاویو فیزیاوییەکان)(٨١



)، تووش بوونی مرۆڤ بەهەرچی نەخۆشیو هۆیەك بێت هەڕەشەیە بۆ سەر کیانی مرۆڤایەتی بەگشتیو تاك بەتایبەتی، لێرەشەوە کۆمەڵگە دووچاری قەیرانی کۆمەڵایەتی دەبێتەوە بۆ دانانی ڕێگە چارەیەك بۆ مرۆڤە تووشبووەکانی دەم نەخۆشییە دەروونیو سایکۆسۆماتییەکان، واتە لێرەدا کۆمەڵگە لە ڕێگەی تاکە تووش بووەکانی دووچاری بەخێوکردنو ڕاهێنانیانو سەرەڕای دۆزینەوەی چارەسەر بۆ ئەوەی ئایدیاییانە لەگەڵ کۆمەڵگە ژیان بکەن، واتە لەهەردوولاوە ئەم کێشانەی هەن لەلایەك و خودی مرۆڤە تووش بووەکانیش لەلایەکی ترەوە دەبنە هۆی گران کردنی ئەرکی کۆمەڵگەو تاکەکانی، (لەگەڵ ئەو پێشکەوتنە بەرچاوانەی لەڕووی پزیشکییەوە نراون بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییە سایکۆسۆماتییەکان، کەچی لەبرەودان، بەهۆی کەمیی چارەسەرییانو گەڕانەوەی هۆکاری سەرەکیی چارەسەرەکە بۆ خودی مرۆڤەکان خۆیان، ئەمەش وای لە زاناو دکتۆر (ولیم میجر) کرد بڵێ ئەمڕۆ سەرجەم نەخۆشییەکان بوونەتە سایکۆسۆماتی، سەرژمێرییەکان لە ئەمریکا ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە لە ٥٠٪ی دانیشتووان بەدەست ئەم نەخۆشییانەوە دەناڵێننو هەفتانە سەردانی پزیشکەکان دەکەن جا چی لەماڵەوە یان لە عیادەکانیانەوە بێت)(٨٢).

لەبەر یەك هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵایەتییو لەدەست دانی خێزان سەرەڕای هەست کردن بەنامۆییو تەنیاییو لەدەست دانی زۆر شتی سەرەکی هەستکردن بەکەمی دەخولقێنێو مرۆڤ ناچاری دوورکەوتنەوەو پەنابردنە بەر خواردنەوەو تلیاك کێشان دەکات کە ئەمەیش تا سەر نابێت تا لەئەنجام ڕێگەی تووش بوون بە نەخۆشییە سایکۆسۆماتییەکان والا دەبێ، گەورە زانای ڕووس بافلۆف لە میانەی تاقی کردنەوەیەکی پەرچی مەرجدار کە بۆ دووسەگ ئەنجامی دا کە ژمارەیەك سەگی ڕاهێنابوو کە لەگەڵ دەنگی زەنگەکەی خواردنیان بداتێ، پاشان زەنگی لێدەداو سەگەکان دەهاتن، بەڵام خواردنەکەیانی نەدەدانێ، ئیتر سەگەکان بێ هیوابوونو جگە لە لیك ڕشتن هیچی تریان دەست نەکەوت بۆیە چیتر بە دوای زەنگەکەوە نەدەچوون، ئەمەش بوە سیبمولێکی مەرجیو بووەهۆی پەرچە

کردار کە لیك ڕشتن بوو، ئەم بەدەنگەوە نەهاتنە واتە سڕینەوەی پەرچە کردارەکانی ناونا نیرۆسێسی تاقیکردنەوە، دەیوت ئەمە وەك نیرۆسێسی مرۆڤ واتە (عصاب الانسان) بێگومان ئەمە یەکێك لەو دەلالەتانە دەردەخا کە جێبەجێی نەکردنی بەڵێنو پەیمانەکە ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینن بۆ بڵاوبوونەوەی نائومێدیو بێ باوەڕیو متمانەیی، دەکرێ لێرەدا دەسەڵاتی ڕاگەیاندن وەك هێزێکی سەرەکی بناسین کاتێ بەڵێنی نەهێشتنی تاوان یا لادانە کۆمەڵایەتیو نەریتییەکان بداتو بەجێیان نەهێنێ ئالێرەدا تاکەکانی کۆمەڵگە لە حاڵەتێکی هەناسە سواریو چاوەڕوانییەکی پڕ هەڵچوون ژیان دەگوزەرێنن بەهیوای چاککردنی ڕەوشەکە، بەڵام دوا ئەنجام ئەم نەخۆشییانەی لێ دەکەوێتەوە کە بەرهەمی شارستانییەتو بارودۆخە ئاڵۆزەکەیەتی سەرەڕای گۆڕانی بەردەوام (ئەو گۆڕانو بەرەو پێشەوە چوونە کۆمەڵایەتیو شارستانێتییە خێرایانەو دەرهاویشتەکانیان کە خۆی لەکێشەی ترسناکی ئەوتۆ دەبینێتەوە کە هەڕەشە لەژیانی مرۆڤ دەکاتو دەیانخاتە بەردەم ترس لەئاینده، ئەمەیش لەلای خۆیەوە دەبێتە هۆی نیگەرانیو دڵەڕاوکێ دواتر هەڵچوونو کاردەکاتە سەر مادده کیمیاوییەکانی جەستەو ڕێگە خۆش دەکات بۆ تووش بوونو دەرکەوتنی نیشانەی نەخۆشییە ئۆرگانیکییەکان بەهۆکاری دەروونی، چونکە شارستانییەتەکەمان وەك (توینبی) دەڵێ شارستانێتییەکەمان بڕیاری لەناوبردنی دراوە، ئێستاش بەقۆناغی دابەزین تێ دەپەڕێت لە ڕێگەی شیبوونەوەو هەڵوەشانی کە ڕێگەی ڕاکردنی لەبەردەمیدا نەماوەتەوە).(٨٣) خاسیەتیو خەسڵەتی مرۆڤو شارستانیەتەکەی بەسەر یەکەوە وەك دووانە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کار لەیەکتر دەکەن کە ئەمەیش حەتمییە، وەك ئەوەی خێزان گرنگەو یەکەم ڕاهێنەری کۆمەڵایەتییە ئەوا شارستانییەتیش ڕۆڵی خۆی دەبینێ لە پێکهێنانی شێوەو ئاکارو هزری شیاوی ناو کۆمەڵگە، بۆیە (رالف لنتون) سێ هۆکار بۆ کارکردنە سەر سروشتی مرۆڤ دیاردەکات کە (تاك، کۆمەڵگە، شارستانییەت)ە، دواتر دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە (وشەی شارستانییەت هاو واتای وشەی کۆمەڵگەیەو هیچ جیاوازییەك نییە لەنێوانیانو کۆمەڵگە بێ



شارستانییەت ناچێتە ڕێوەو سەرکەوتن یاوەری نابێت)(٨٤)، لەمیانەی ئەو تێکەڵاوبوونەو ئاوێتەبوونەی نێوان کۆمەڵگەو شارستانییەت دەکرێ بڵێین لایەنی مۆڕاڵی زۆر ڕۆڵی پترە لەلایەنی ماددی کاتێ دەکەوێتە بەر هەڕەشەی گۆڕانو لەناوچوون، بەڵام نابێ ئەوەش لەیاد بکەین کە بوویەری کۆمەڵایەتیی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی دیاری دەکات واتە ئەم هەردوولایەنە بەسوودنو ناتوانین یەکێکییان بەتەنیا بە کاریگەر ببینین، بەڵام گرنگیی پێکهاتەی شارستانییەت لەو ساتە زیاتر بەدیاردەکەوێ کە کۆمەڵگەو کیانەکەی لەهەردوو لایەنی ماددیو مەعنەوی دەکەونە بەر هەڕەشەی لەناوچوون یان لەبەریەك هەڵوەشانەوەکە کاردانەوەی خراپ لەسەر دەروونی تاکەکانی کۆمەڵگە لەشێوەی نەخۆشی دەروونیو کۆمەڵایەتی (هۆکاری تێکچوونی شارستانییەت دەگەڕێتەوە بۆ هەرەس هێنان لە بەرامبەر دەستدرێژیی دەرەکیو تەقلیدکردنی ئۆتۆماتیکی، هەروەها شکستی چوارچێوە کۆنەکان لەمەڕ چاکسازی بۆ مەبەستی نوێ کردنەوە سەرەڕای لەدەست دانی توانا بۆ داهێنان سەرەڕای لاوازی یان کەمیی بیروباوەڕ بەم ئەقیدەو پرەنسیپانە)(٨٥) ئەو چوارچێوەی کە بەرهەڵستی گۆڕان دەکات لەدوای لەدەست دانی یان درزتێکەوتنی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەرگەی بەردەوامی ناکرێتو توانای چاکسازی نامێنێ، هەر لەو کاتەش توانای داهێنانی نوێ نامێنێ مەگەر بە شێوەی تەقلیدی نەبێ ناتوانێ هیچ شتێك دابهێنێ یان وەربگرێ ئەمەش بەهۆی لەدەست دانی یان کزبوونی بڕواو متمانەیە بە خودو پرنسیپەکانی، چونکە کەسایەتی تاك ئاوێنەیەکە کۆمەڵگەو شارستانییەت پێچەوانە دەکات ئەمە لەلایەكو لەلایەکیتر هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان کە ڕەنگدانەوەی شارستانییەتن زۆر کات دەبنە هۆکار بۆ شڵەژانی کەسایەتی.

گرنگترین جۆری نەخۆشییە سایکۆسۆماتییەکان

١- نەخۆشییەکانی کۆئەندامی هەرس:

أ- سووتانەوەی گەدە (قرحە المعدە) هەندێ ئەم نەخۆشییە بەخۆ خواردنەوەی گەدە لەقەڵەم دەدەن، ئەوەی تێبینی کراوە زۆربڵاوی ڕێژەیی نەخۆشییە لەنێو پیاوان لەچاو ئافرەتان.

هۆکاری تووش بوونەکەیشی لەناوەوە بریتییە لە زیاد ڕشتنی ترشەلۆکی گەدە تا دەگاتـە ئاسـتی دەمارەکـانی کۆنترۆڵکـردنی کۆئـەندامی هـەرس بەگشـتیو گـەدە بەتایـبەت ئەمـەش لـە ئـەنجامی هۆکـاری دەرەکـی وەکـو شـڵەژانی دەروونـیو هەڵچوونەکانی جگە لە توندیی ئەو شۆکە عاتفییانەی ڕووبەڕووی مرۆڤەکان دەبێتەوە)(٨٦) واتـە لەکاتێکدا مرۆڤەکان ڕووبەڕووی هەر هەڕەشەو سەدمەیەك دەبن ئەوا کاردانەوەی دەروونی دروست دەبێو گەدە دەست بە ڕشتنی ترشەلۆکی گەدە لەچاو ئاستی پێویستی زیاد دەکات وەك بەرگریو دەربڕینـێکی هەستو سـۆز بـۆ جەسـتە، کەچـی گـەر ئـەم کاردانـەوە درێـژەی کێشا ئـەوا سووتانەوەی گـەدەی لێ دەکەوێـتەوە. ٠واتـە لـێرەدا زیـاد ڕشـتنی هۆرمۆنـی (ئەدرینالـێن) لەئـەنجامی بوونـی فشاری کۆمەڵایـەتیو ئـەو ئاکامـە پـڕ لە هەژانە دەروونییەوە دروست دەبێ تـا ئـەم زیـاد ڕشـتنەش دەبێـتە هـۆی وەسـتانی یـان سسـت بوونـی چالاکی گـەدەو ڕیخۆڵـەکان، هـەروەها کـەم بوونـەوەی ڕێـژەی خوێـنی پێویست لـەدیوارەکانی گـەدەو ڕیخۆڵـەکانو کەڵەکـە بوونـیانو پاڵەپەسـتۆ خسـتنە سـەر ماسـولکەکان بـەهۆی بەرزبوونـەوەی فشـاری خوێـن)(٨٧) کـاتێ کەسـێك هـەواڵی لەناوچوون یا لەدەست دانی کەسێکی یا ماڵو سامانی پێ دەگات، پەشۆکاو دەبێو ڕەنگی هەڵدەبزرکێ، بۆیـە ئـەم کاردانەوە کۆمەڵایەتییە دەبێتە دەروونیو دواتر کـار لـە جەسـتەو لەئەندامـەکانی دەکاتو ئەمانـیش کاردانەوەی پێویست ئەنجام دەدەن، تەنانـەت دەشـێ خۆراکـیش بـۆ ئـەم کەسـە نەخورێـت (جـا لـەو کاتـەی مـرۆڤەکان دووچاری ئـەم شۆكو کارەساتانە دەبـن لەهـەمان کـاتدا ڕووبـەڕووی نـیگەرانیو هەڵچـوون دەبـنەوە بێ ئەوەی پەنا بۆ دەرکردنیان بباتو خۆی لێیان ڕزگار بکات، ناچار گەدە دەست بە دەرکردنی ئەم ماددە دەکات، بێگومان ڕێژەی ئـەم نیشـانانە زیـاد دەکـات لـەو کاتـەی مـرۆڤ دڵـتەنگو نـیگەرانو دڵـەڕاوکێ دایـبگرێ)(٨٨)، (دەبـێ بـزانین کـە نیشـانەکانی ئـەم نەخۆشـییەو دڵـتەنگیو نـیگەرانیو دەمارگیربوونە خۆی لە هەندێ دیاردەی یان نیشانەی تری وەکو (سك چـوون، نـەمانی چەشـەی خـواردن، ڕشانەوە، بەرزبوونـەوەی پلـەی گـەرما، ژانـی گیان بەگشتی خـۆی دەبینێـتەوە) بۆیـە پزیشـکان ئامۆژگاریی کەسی هەڵچوو بە



نـەخواردن لـەم کاتـەدا دەکـەن)(٨٩)، دەشـێ ئەمـەش لەبـەر نـەمانی یـا کـەم بوونـەوەی خوێـن لـە دیوارەکانی ڕیخۆڵەو گەدەو چوونیان بۆ ماسوولکەکان بێت، بۆیـە تـاك لەبڕی خواردن دەبێ هەوڵ بدات کۆنترۆڵی دەروونی خۆی بکات تا ئەم بارگرژیی دەروونییە درێژە نەکێشێ (بەگشتی نەخۆشییەکانی کۆئەندامی هەرس خۆیـان لەهـەندێ نەخۆشـیی تـری وەکـو هەوکـردنی ڕیخۆڵـە دوازدە گـرێو قەڵـەوبوونو کـێم کـردنیو هەوکـردنی قۆڵۆن لـە ئـەنجامی وەڵام دانـەوەی ئـەم تـووش بـوونو هەڵچوونانەیە کـە شـلەی ئـەوتۆی فـڕێ دەدات کـە کـار لـەدیوارو پـێکهاتەکانی قۆڵۆن دەکـات بەمجۆرەش دەبێتە شوێنی بەکتریاو جەرسووم، بەڵام لەکاتی هێمنـی ئـارامی بـە گوێـرەی بارودۆخەکە قۆڵۆن وەڵام دانەوەی نابێ)(٩٠) (لە نیشانەکانیشی قەبزیی بەردەوام، ژانی سك، نەبوونی چەشەی خواردن)(٩١).

٢- شڵەژانی کۆئەندامی ماسولکەییو پەیکەری:

أ- شڵەژان یا تێکچوونو ڕەق بوونی ماسولکەکان:

هەڵچوونی دەروون لەژێـر فشـاری بوونـی هۆکاری کۆمەڵایەتی وا لە ماسولکەکان دەکات دووچاری ڕەق بـوون ببن بەهۆی گرژبوونیان لەکاتی هەڵچوون بەم فشارە دەرەکییە)(٩٢).

ب- ژانـی پشـت: ئەمـەیان لـە خـوارەوەی بڕبـڕەی پشـت ڕوودەدات بـەهۆی خۆماندووکـردنو گرژکـردنی دەروونـیو جەسـتەیی سەرەڕای هەڵچوون(٩٣) دوای ئـەم ڕووداوە کارەکە قاڵبە دەروونییەکەی وەردەگرێت ئیتر کەسی تووش بوو لە هـەموو کـارێك ترسـی دووچـاربوونەوەی بـەم ژانـە لەبارداپـە. وەك ترسـێکی جەستەییو دەروونی.

٣- دەمارگیریی دڵ:

بەربلاوتـرین نەخۆشـیی دەروونـی ئـەم سەردەمەیە، تەنانـەت زۆر لـە زانایان بە سـەدەی نـیگەرانی ناودەبـەن، لەگـەڵ زۆریو جیاوازیی بیرو بۆچوونەکان، بەڵام هـەموویان جەخـت لەسەر گرنگیی ڕۆڵی ڕاهێنانی کۆمەڵایەتی دەکەن(٩٤) لەگەڵ ئەمەشـدا لەمـیانەی مـلملانێ دەروونییە جۆراوجۆرەکـان ئـەم کاردانـەوە وەك نەخۆشی دەردەکـەوێ کە هەموویان لە خاسیەتێك بەشدارنو تیایان نیشانەکانی

لەسەر تێکچوونی جەستەو نیگەرانیو هەست بەخەمۆکیو نائارامی، هەروەها سیاسەتێکی هەرە زۆرو گومانێکی ڕەهای ناماقوولّ سەرەڕای ترسو دڵەڕاوکێ دەکەن، کە سەرجەمییان دەبنە هۆی خەوزڕانو کەم خۆراکیو سستی یا کەمیی بەرهەم هێنان، نەخۆش لەوکاتە هەست بەدڵتەنگیو نارێك لێدانی دڵو ئازاری ناوچە ڕەق بووەکانی دەکات، هەروەها تەنگەنەفەس دەبێ لەگەڵ بچووکترین کار زوو ماندوو دەبێ، ئەگەر لەم حاڵە لەلایەنی کلینیکی بێ خەوش بوو لە نەخۆشی ئۆرگانی دڵ ئەوا مانای توش بوون بە دەمارگیریی دڵ دەگەیەنێ کە لە ئەنجامی فشارو ململانێ دەروونیو قەیرانە دەروونییەکان دروست دەبێ(٩٥).

٤- نەخۆشییەکانی پاڵەپەستۆی خوێن:

زۆربەی کات قەیرانە دەروونیو لەناکاوەکان لەمیانەی کێشە کۆمەڵایەتییەکان دەبنە بەرزبوونەوەیەکی لە ڕادەبەدەری پاڵە پەستۆی خوێن لە بەردەوام بوونی دەبێتە هۆی درێژخایەن بوونیو بەرین بوونی بۆڕییەکانی خوێنو خوێن بەربوونی مێشكو زیادماندووبوونی دڵو تووش بوونی گورچیلەش بە نەخۆشی، لەگەڵ بوونی هەندێ هۆکاری ئۆرگانی بۆ ئەم نەخۆشییە، بەلاّم هۆکاری دەروونیی لە پاڵدایە(٩٦).

٥- (نەخۆشییە هۆرمۆنییەکان):

أ- ڕژانی هۆرمۆنی دەرەقی: پێوەندییەکی بەتینی لەگەڵ هەڵچوونو نیگەرانیو تووڕەبووندایە، کێشە دەروونییەکان دەبنە هۆی گلێربوونەوەو کەڵەکەبوونی هۆرمۆنی دەرەقیو بەمەیش (ڕژانی پیروکسین) زیاد دەکات وادەکات تاك کێشی سووك بێتو دووچاری نارەحەتیو چاوپۆقین دەبێ، هۆرمۆنی (گەزەریش) بەهەمان شێوە، سەرەڕای چەندین هۆرمۆنی تر کە کاریگەریی هەردووکیان بەسەرەوەیە(٩٧).

ب- نەخۆشی شەکرە: وەك یەکێك لە نەخۆشییەکانی کۆئەندامی هۆرمۆن بەهۆی تێکچوونی هاوتای گلۆکۆز لە خۆراك، ئەمەیش لەڕێگەی شۆکی کێشە کۆمەڵایەتیو نیگەرانییەکانو هەڵچوون ڕوودەدات، بەمجۆرە ڕێژەی کلۆکۆز زیاددەکات لەمیزو خوێن لەچاو ڕێژە سروشتییەکەی، بەم هۆیە خوێن شلەمەنی



نێویان دەمژێو خانەکان وشك دەکا ئەمەش دەبێتە هۆی وشك کردنی دەمو لێوو هەست کردن بەشێوێنیو خێرامیزکردن سەرەڕای هەست کردنی بەردەوام بە برسییەتی(٩٨).

٦- نەخۆشییەکانی کۆئەندامی زاوزێ:

أ- تێکچوونی باری ئەندامی زاوزێی نێرینە(٩٩): زۆرکات هۆکاری دەروونیو کۆمەڵایەتی کار لەئەندامی نێرینە دەکات بەکاری خۆی ڕانەیێت بەتایبەت لەشەوی زاوایەتی، لەهەمان کات دەکرێ ترس ڕۆڵی هەبێت.

ب- ژانی حەوز: بەهۆی ترسو نەخۆشیی دەروونی لە ئاوس بوونو هی تر دەبێتە هۆی دروست بوونی ژان لە حەوز لەلای ئافرەتان.

ج- ساردیی سێکسی لەلای ئافرەت یا پیاو(١٠٠).

٧- نەخۆشییەکانی پێست:

أ- خورانی پێست: پێست ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ بەتایبەت کاتێ مرۆڤ هەست بە شەرم دەکاتو لەوکاتەیش سوور هەڵدەگەڕێ یا لەکاتی ترسو هەروەها هەڵچوون، جا لەم کاتە زۆر خورانی پێستی لەگەڵ دەبێت.

ب- زێدە ئارەقە کردن.

ج- قژ هەڵوەرین: ئەمەیش پەیوەندی بە باری ڕاستەوخۆی دەروونیو ئارامیو هەست نەکردن بە ئاسایشو دڵنەوایی هەروەها نیگەرانیو چاوەڕوانی زۆر(١٠١)، دەکرێ هەندێ دیاردەی قژ سپی بوونیش بە ڕەنگدانەوەی هۆکارە دەروونییەکان بزانین، ئەمە وێڕای بوونی هۆکاری تەمەنو ئۆرگانێکی تر، ئەمانەی باس کران لە کاتێکدا بەنەخۆشیی جەستەیی یا ئۆرگانی ناسراون، بەلاّم خۆیان لە بوونی هۆکاری کۆمەڵایەتی بەگشتیو دەروونی بەتایبەت دەبیننەوە، کە بەیەکەوە پێکهاتەی سایکۆسۆماتی دروست دەکەن وەك بایولۆژیایەکی کۆمەڵایەتیو جەستەییو دەروونی، چونکە ئاکاری مرۆییو لەم بوارەدا هەڵبەت دەبێ ئاراستەیەك دروست بکات تا بەم قۆناغە دەگاتو دواتر وەك دەرکردەیەکی واقیعی کۆمەڵایەتی خۆیان بەیان دەکەن لە جەستەو دەروونی تاك، (تالکوت بارسونزو زاناکانی تری بواری ئەنترۆپۆلۆجیا جەخت لەسەر دیاریکردنی سێ

ڕەگەز دەکەن بۆ هاوئاکاری تاکەکانی کۆمەڵگە کەخۆی لەپێکهاتەی عەقڵی، ویژدانی، ئاکاری (کردەیی) دەبینێتەوە)(١٠٢).

بێگومان ئەم سێ ڕەگەزە هێندە پێوەندیدارن کە هەریەکێکیان کار لەئەویتر دەکات بگرە پێوەندییەکی وەزیفیو دیالەکتیکییان هەیە، چونکە هەریەك لەم ڕەگەزانە شێوە پێکهاتەیەکی ڕێژەیی لەئاکاری کامڵی تاکەکان لە کۆمەڵگە پێك دێنێ، ڕەگەزێکی وەکو (عەقڵی) لەکاتی هەڵچوون وا لە مرۆڤ دەبینرێتەوە کە بوونی نییە، ئەمەیش بەهۆی دروست تێنەفکرین لە شتەکان یا خێراو پەلەکردن لە بڕیاردانو بگرە دەستەپاچە بوونی بەرامبەر هەڵچوونەکان، هەرچی ڕەگەزێکی وەکو (ئاکارییە) کە زیاتر لایەنی کردەیی دەگرێتەوە کارنەکاتە سەرتاك کە بەم شێوەیە کار بکات کە هەڵچوونەکە یا پاڵنەرەکە بۆی دەڕەخسێنێ، بەلاّم ڕەهەندی (ویژدانی) دەکرێ لە هەندێ شتی وەکو (سەرسوڕمان یان ترسو نیگەرانی یان هەندێ شتی نزیك وەکو ڕووداو بەرجەستەی بکەین بەمجۆرە کاریگەرێتییەکان وا دەکەن هاوسەنگیی عەقڵیو کەسایەتیی ناوخۆییو شێوەی دەرەکیی ئاکاری مرۆڤەکان بگۆڕنو دووچاری کێشەی کۆمەلاّیەتیو دواتر قەیرانی دەروونی ببنەوە تا دەبێتە هۆی دەرکەوتنی یەکێك لەو نەخۆشییە سایکۆسۆماتییانەی لەمەوبەر ئاماژەیان بۆکرا.

## بەسەرکردنەوەی دوماهی

وەکو زنجیرەی ڕووداوێك ئەم توێژینەوە جەختی لەسەر زۆربەی هۆکارو پێکهاتەکانی نەخۆشییە دەروونیو کۆمەلاّیەتییەکانو بەگشتی سایکۆسۆماتی کرد، کە بەیەکێك لە کێشە مۆدێرنو فرە بلاّوەکانی ئەمڕۆی ژیاری مرۆیی دادەنرێ، گەرچی لە کۆمەڵگەیەك بۆ یەکێکی ترو لە شارستانییەتێك بۆ یەکێکی تر تەواو جیاوازە، بەلاّم بەگشتی مرۆڤایەتی دووچاری بۆتەوە، خۆئەگەر کۆمەڵگەیەك ئەوپەڕی پێشکەوتنی شارستانییەتو یەکێکی تر لە ئەوپەڕی



دواکەوتندا بێ، ئەوە لەم لایەنە هەردوولا گیرۆدەی ئەم دەردەن، بەلاّم بەڕێژەی جیا. ئەمە سەرەڕای جیاوازی لەئاستی تەمەنی توشبووەکانو زووو درەنگ هەست کردن بە کێشەکانو جۆرو شێوازی کەسایەتیو چۆنیەتیو چەندێتیی مامەڵەکردن لەگەڵ فانتازیاو قاڵبوونەوە لەنێو جیهانی واقیعی پڕکێشەو چەرمەسەری، واتە لەنێوان مرۆڤێکی تەواو واقیعیو مرۆیەکی تەواو میسالی کە هەردوو لایەنی خۆیانەوە بە جۆرێك گیرۆدەی هەندێ لایەنو جۆری ئەم نەخۆشییانە دەبنەوە کە لەمەوبەر گەواهیمان بۆیان دا، گەر کەسەکانی یان کۆمەڵگەی کوردەواری وەك عەینەیەکی ئەم توێژینەوە تیۆرییە وەربگرین ئەوا دەشێ بڵێین بەرزترین ڕێژەی لەم نەخۆشییانە تێدایە، پێم وایە کە مرۆڤی کورد بەو منداڵێتییەوە دەمرێت کە پێیەوە لەدایك بووە، چونکە مامەڵەی لەگەڵ جیهانی خەیاڵ زۆر زیاتر بووە لەچاو ئەو واقیعەی هەردەم هەڕەشەی ڕەدونانو کوشتنو دەست بەسەرکردنو کەبت کردنی زۆر زیاتری لەچاو تروسکە ئازادییەکان داوا لێکردووە. زۆربەی تاکی کورد خەیاڵییانە دەڕوانێتە ژیان بەو ئومێدەی شوێنێکی خۆشتر لەچاو واقیعەکەی فەراهەم بکات. ئەم کۆمەڵگەی بە زوڵمو مەحرووم بوون فرچکی گرتووەو هەردەم لە خەرەندەی ڕۆچوونو فەنابووندانە، سەرەڕای چاوەڕوانی بەردەوامی دوا ئایندەو نامۆبوون بە داگیرکردنی خاكو هەڵوێستی داگیرکاران، بەڵێ ڕەنگە ڕێژەی نەخۆشییە سایکۆسۆماتییەکان وەکو (دڵ، شەکرە، پاڵەپەستۆی خوێنو سووتانەوەی....(لە هەڕەتی بەرزیدابن بەهۆی ئەو نمایشکردنەی لەچاوترساندنی بەردەوام لەخۆ دووبارە کردنەوەی کۆمەڵگەی کوردی بۆ لەدەست نەدانی هەمان پڕنسیپو ئەقیدە نەریتگەرییەکانی کە کۆمەڵگەی باو فەرزیانی کردووەو پیادەیان دەکات، بەسەر تاکەکان بەشێوەیەکی ڕەها، بێگومان وەك لەمەوبەری توێژینەوەکەمان

ئاماژەمان بەڕۆڵی کارەساتو شێوازی دەروونیو ڕاچڵەکانی کرد ئەوا کۆمەڵگەی کوردەواریی خودان چەندین کۆستو هەڵسانەوەو نائومێدییە کە کۆمەڵگەی بەگشتی لەگەڵ خۆیدا بەشداریی پێکردووەو نائومێدییەکەشی لە مرۆڤەکان بەگشتیو هەندێکیان بەتایبەت لە میانەی کەبتو بێ بەش بوون زیاتر ڕووبەڕووی ئەم نەخۆشییە سایکۆسۆماتییانە بوونەتەوە، بۆیە لەم کاتەی کە کۆمەڵگە جا هەر کۆمەڵگەیەك بێت کە ترسو نیگەرانیو بێ ئارامی باڵی بەسەر تاکەکانی کۆمەڵگەکەمان دەکێشێ ئەمە وایکردووە لە ئایندەو خودی خۆمان بکەوینە گومان بێ متمانەیش بین بەرامبەر یەکتر کە ئەمەیش یەکەمین نیشانەی لەبەریەك هەڵوەشانەوەی کۆمەڵایەتی دەدا کە ئەمەیان وەك دەرەنجامی کارەساتێکی سروشتی یان دەستکرد ڕەنگدانەوە دروست دەکات لەسەر بونیادی کۆمەلایەتیو دواتر تووشکردنی ئەندامانی کۆمەڵگە بە نەخۆشیی بێ متمانەییو تاسەو دەردی تری دەروونیی ئەوتۆ کە پەیتا پەیتا کۆمەڵگە بەگشتی دەگرێتەوە، ئەم شەڕو کارەساتانە تا سەرمۆخی ئێسقان وایان کردووە، کە ئەم کۆمەڵگەیە قەدەرییانە لە ڕێگەی کاردانەوەی کۆمەڵگە خۆی بەگشتیو شارستانییەتە مۆڕاڵییەکەی بەتایبەتی هەوڵی چارەسەری زۆر نەخۆشیی لەم بابەتەی سایکۆسۆماتی پێی داوە. ئەم چارەسەرە قەدەریو میلییانەی نێو بۆتەقە مۆڕاڵییەکەی کلتوورەکەی واری چاوەڕوانیو بەردەوام نوێ کردنەوەی ئومێدو کەبت کردنی بەردەوامی ڕاستییەکان زۆر فراوانتر کردووە لەگەڵ درێژەدان بە نیگەرانیو دڵەڕاوکێی درێژخایەن تا لە ئەنجام نەخۆشییەکە دەبێتە ئۆرگانیو کار دەکاتە سەر وەزیفە میکانیکییەکانی ئەقڵو جەستە، جا کۆمەڵگە تێیدا شەڕ بەهەموو جۆرو شێوازەکانی چەکداریو دەروونیو ئابووری خۆی نمایش بکاتوبێ ئیرادەیان بکات بەرامبەر هێشتنەوەی نێو شانۆی شەڕ



دەبێ چی کۆمەڵگەیەکی لێ وەبەربێت کە شەڕو ململانێکانی نێو کۆمەڵگە بە ئاشکراو نهێنی ڕۆڵی سەرەکی لەم نەخۆشییانە دەبینن. گەر سەیری کارەساتەکانی وەکو هەڵەبجە یان ئەنفال بکەین کە یەکێکن لە زەمەنە ئامادەبووەکانی نەستی هەموو کەسێكو لە میانەی واقیعی کۆمەڵگە بەرجەستەو دووبارە دەکرێتەوەو پانتایی یادەوەرییەکان زیندوو دەکاتەوە بەمەیش کێشەکان بێ چارەسەر بۆ بریندارکردنو هاتنەوە بیری کۆمەڵگە بەگشتی کەسانی تووشهاتوو نمایش دەکرێنەوە، هەر لەم کۆمەڵگەیەشەوە گەلەکۆچو کۆچی تاك بە زۆر لەژێر فشار بەردەوام لەکاردابوونە، ئەوانەی کە کۆچ دەکەن یان کۆچیان پێ دەکرێت گەر لەنێو خودی وڵاتەکەیش بێت دووچاری نامۆبوونو لەبەریەك هەڵوەشانەوەی خێزانو بونیادی کۆمەڵایەتیو بەهاکانیان دەبن بەمەیش زۆرکات دیاردەی لاساریی سێکسیو مەینۆشینو دزی یان تەنانەت خۆ کوشتن وەك تاکە چارەسەر دەبێتە ئامانج، ئەمە لە کاتێك کە کۆمەڵگەی کوردەواری تەواو پەیوەستە بەخاكو نەریتگەرییانەش مامەڵە لەگەڵ واقیع دەکات کە جەستەی لە خاکێکی نامۆ بە ڕۆح دەسەکنێو بەمەیش هەڵچوونەکانی دەروون زیادە دەکەنو نەگونجانی کۆمەڵایەتیش لەلایەکی تر سەرهەڵدەدات، ئەمەش لەم کۆمەڵگەیەدا بەردەوام درێژەی پێدراوە، بەتایبەتی لەو سەردەمەیش کە وازی زانستی تەکنەلۆجی کە لەبەرەکانیشی گرتووەو لە میانەی داهێنانی ئامێری ئەوتۆ توانراوە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە باوەکان بە تایبەت لەنێو شارەکان جێ لەق بکاتو سەرجەم هەستو سۆزو خۆشەویستییەکانی چەندان ساڵە لە چەندین خولەکی دەم تەلەفۆن یان ئەنتەرنێت پڕ بکرێتەوەو ئافرەت چەندین ساڵ دووریی هاوسەرەکەیو دایك ڕۆڵەکانی لە میانەی ئەم پێوەندییە قسەکردن بڕەوێنێتەوە، بەڵام هەرگیز لە چاوەڕوانی گەڕانەوەی نە ئەوو نە ئەوان ڕزگاریان

نابێت، ئەمەش پێگە ململانێ کۆمەڵایەتی‌و شارستانییەکانی نێو شارو گوندی زیاتر زەق کردەوەو توانرا بزاوتە کۆمەڵایەتییەکان لە قاوغی کۆمەڵگە تەقلیدییە نیمچە داخراوەکە تا ئەندازەیەك هەنگاوی خێرا بنێن‌و دراوی بیانی‌و دەستهاتی تاکەکەس زیاتر بکات‌و بەمە سەرسوڕمان بوون‌و کەوتنە گومان‌و دوودڵی‌و نیگەرانی زیاتر باڵی کێشا بەسەر کۆمەڵگە بەگشتی‌و کەسانی خودان بڕوانامەو تێگەیشتوو ڕۆشنبیران، بەتایبەتی خودان ڕاهێنانە پەروەردەییە خێزانییە دروست‌و مکومەکان کە ڕێگەی هەموو کارێك بە ئەندامەکانی نادات، جا ئەم کۆمەڵگەیەی کە لەسەنگەری بەرگریدا بوون لەداب‌و نەریت‌و پرەنسیپە پڕ بەها تەڵقینییەکانی لەبەرامبەر گۆڕانە بەلێشاوئامێزەکانی پەیتا پەیتا خۆیشی بەرەو گۆڕان‌و ملدان بە بوویەری داسەپاودا، گەرچی زۆر ماوە لەم قۆناغە ڕاگوزارییە لەگەڵ گۆڕانەکان بەدی بێت، بەڵام هەنگاوەکانی ڕاهێنانی کۆمەڵی گرتۆتەبەر، هەر بەم هۆیەشەوە دەزگاکانی ڕاهێنانی کۆمەڵایەتی وەکو (خێزان، قوتابخانە، پەرستگە، ڕاگەیاندن...) کەوتنەواری دەزگاکانی ئامۆژگاریی کار، بەڵام هەریەك بەجۆرو شێوازێك کە لەگەڵ بۆچوون‌و ئایدیای باوی خۆیدا بگونجێ، بۆیە شتێکی ئاساییە کە نەخۆشییە درێژخایەنەکان ڕێژەی بەرز لەم کۆمەڵگە تەژی کێشەو ترس‌و نیگەرانییەدا بگرێت، ترس لەو کاتەی بە تاریکیمان دەناسێت، ترس لە قسەی خەڵك‌و خێزان لە شەوی پەردەدا، دواتر ترس‌و نیگەرانی‌و دڵەڕاوکێی‌و منداڵ نەبوون‌و تەڵاق‌و ژنی دووەم هێنان، وێڕای بەرتەسك کردنەوەی ڕێگەی گەیشتن بە ئومێدو حەزە حەتمییەکان کە ئێمە، چاو لە باوان دەبێ لەژێر هێزی پاڕانەوەو قەدەر بیانگەینێ، چونکە هەر لەساتی یەکەمی ڕاهێنانی کۆمەڵایەتیمان ئیرادەکی بەرگری‌و ڕووبەڕووبوونەوەمان لێ دەسەنرێتەوە کە ئەمەش دەبێتە دەلاقەیەك لەبەردەم تەشەنەکردنی سستی‌و



خاوبوونەوەی هزرو ئەندامەکانی جەستەو دواتر والابوونی دەرگە لەبەردەم هێرشی بەردەوامی نەخۆشییە دەروونی‌و بایۆلۆژییەکان، گەرچی هیچ کەسێك لە ترۆپکی هەرەمی ساغلەمی دەروون‌و جەستەیدا نییەو لەگەڵ ئەمەش بەردەوام لەبەردەم بەرگری‌و هەڕەشەدایە، بێگومان ڕێژەی ئەم نەخۆشییە دەروونییە کۆمەڵایەتییانە بەگشتی سایکۆسۆماتی لەلایەن بە تەمەنەکان یا پیرەکان بەرزترە بەشێوەی بەرچاو ئەمەش بەهۆی پەرەسەندنی نیگەرانی‌و خەمۆکی لەڕێگەی هەست کردن بە نەبوونی توانای جێبەجێ کردنی ئەو ڕۆڵەی جارانی کە هەیبوو، پیریش دیاردەیەکی حەتمییە کە تێیدا لەش خاوو ئەندامەکانی سست‌و هەروەها پێست توانای بەرگریی نامێنێ، سەرەڕای زیادبوونی خانە چەورییەکان‌و کەم بوونەوی هێزی ماسولکەو هۆرمۆنەکانی سێکسی هەروەها چەندان گۆڕانی تری ئاڵۆزی خانەکانی دەمار لە ئەنجامی تێکچوونی ئەم ڕژێنانەی ماددەی کیمیاوی دەردەدەن، لە ئەنجامدا دووچاری بێ هێزی‌و کەمیی ئۆکسجین‌و خواردن دەبێتەوە ئەمەیش کار لە کۆئەندامی دەمار دەکات تا لاواز دەبێ بەمەیش بواری هەڵچوون‌و لەدەست دانی کۆنترۆڵکردنی زات‌و تووڕەبوونەکان کە سەرچاوەی سەرەکیی تووش بوونە بە نەخۆشییە جەستەیی‌و دەروونییەکانی وەکو (فشاری خوێن، هەناسە تەنگی، نەمانی چەشەی سێکسی‌و شەکرە، دڵ...).



## سەرچاوەو پەراوێزەکان

١- د. كمال، على كمال، النفس، ط١، الدار الرشرقية، بيروت، ١٩٦٧، ص٣٦.
٢- الكعبي، صبيح جبر، الادمان الكحولي أسبابة وطرق علاجه، جامعة بغداد، ١٩٨٣، ص٤٠،
٣- كاشدان، شيلدون، علم نفس الشواذ، ت-د-أحمد عبدالعزيز، دار القاسم للطباعة، الكويت، ١٩٧٧، ص٥٨.
٤- الدباغ، فخري أصول الطب النفساني، مطبعة الموصل، ١٩٧٤، ص١٩.
٥- السامرائي، هاشم جاسم، المدخل في علم النفس، بغداد، ١٩٨٨، ص١٤٩.
٦- كاشدان، هەمان سەرچاوەی ژماره (٣)، ص٥٨-٦٣-٦٥.
٧- دينكن، ميشيل (البروفيسور)، معجم علم الاجتماع، ت-احسان محمد الحسن، دار الحرية للطباعة، بغداد، ص١٠٣-١٠٤.
٨- سەنتەری برایەتی، ل١٩٦١، ژ-١٤.
٩- السامرائي، هەمان سەرچاوەی ژماره (٥)، ص١٥٠.
١٠- الدباغ، فخري (الدكتور)، أصول الطب النفساني، جامعة الموصل، ط٢، ١٩٧٧، ص٢٩.
١١- توق محي الدين و عبدالرحمن عدس، مدخل علم النفس، ط٢، مطبعة جون وايلي و أخوانه، نيويورك ١٩٨٤، ص٣٧٥.
١٢- السامرائي، هەمان سەرچاوەی ژماره (٥)، ص١٥٠.
١٣- السامرائي، هەمان سەرچاوەی ژماره (٥)، ص١٦٥.
١٤- السامرائي، هەمان سەرچاوەی ژماره (٥)، ص١٦٥.
١٥- كمال، علي (الدكتور) هەمان سەرچاوەی ژماره (١)، ص٥٤٩.
١٦- ميشيل، دينكن، هەمان سەرچاوەی ژماره (٧)، ص٢٩٢.
١٧- زهران، حامد عبدالسلام ،علم النفس الاجتماعي، ط٥، دار الهناء للطباعة، القاهرة ١٩٨٤ ص٣٧٩.
١٨- مانفريد فلانز، هزيليش كيوب، نظرة اجتماعية الى مفهوم المرضى، ت: امين محمود الشريف، المجلة الدولية للعلوم الاجتماعية، عدد، ٣٢، ١٩٧٨، ص٢٢.
١٩- مانفريد فلانز، هزيليش كيوب، هەمان سەرچاوەی ژماره (١٨)، ص٢٣.
٢٠- مجلة الموقف الثقافي، عدد ٢٤، ص٣٨.
٢١- بشير، اقبال محمد والدكتورة سامية محمد فهمي، ممارسة الخدمة الاجتماعية في المجال النفسي، المكتب الجماعي الحديث، ١٩٨٥، ص٩-١٠.


٢٢- أ، كمال، مبادئي العمل الوقائي في رعاية الصحة العقلية، بحث مقدم في منظمة الصحة العالمية حول تنظيم الخدمات الصحة العقلية، ١٩٧٣، ١٩٨١، ص٥٧.
٢٣- هەمان سەرچاوەی ژماره (٢١)، ص٥٨.
٢٤- العيسوي، عبدالرحمن ، أمراض العصر مطبعة الجهاد، الاسكندرية، ١٩٨، ص٢٩
٢٥- اليكس، انجلز، مقدمة في علم الاجتماع، ط١ دار المعارف، مصر، ١٩٧٥، ص١٠٠.
٢٦- هەمان سەرچاوەی ژماره (٢٥)، ص١٠١.
٢٧- داناو، اتشلي، الطبيب معالجا و عالما، ت/ زكريا فهمي، مؤسسة فرانكلين للطباعة والنشر، القاهرة، ١٩٦٤، ص٨.
٢٨- فرويد، سيجموند، موجز في التحليل النفسي، ن/ سامي محمود و اخرون...دار المعارف مصر، ١٩٧٠، ص٢٧-٣٤.
٢٩- الدباغ، فخري ،اصول الطب النفساني، هەمان سەرچاوەی ژماره (١٠)، ص١٢-١٤.
٣٠- الدباغ، فخري ، الموت اختيارا، دار الطليعة، بيروت ط٢، ١٩٨٦، ص٤٥.
٣١- هەمان سەرچاوەی ژماره (٧)، ص٣٢٨.
٣٢- فضلي، عدنان عباس ، الافراض في تدليل الطفل وتأثيره على شخصية الطفل، مجلة الطفل، عدد، (٣٧٢)، ك٢ ١٩٧٨، ص٢٠.
٣٣- فضلي، عدنان عباس ، لكي، لاينشأ طفلك عصبيا، مجلة الام و الطفل، عدد ( ٣٤٧)، ت٢ ١٩٧٥، ص٤٠.
٣٤- عوض، عباس محمود ، في علم النفس الاجتماعي، بيروت، ١٩٨٠، ص٥٧.
٣٥- جلال، سعد ، في الصحة العقلية، دار الفكر العربي، القاهرة، ١٩٨٦، ص٩٧.
٣٦- ابراهيم، كاظم العظماوي، معالم سيكولوجية الطفولة و الفتوة و الشباب، دار الشئوون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٨، ص٣٧٨.
٣٧- الدسوقي، كامل،(ذخيرة علوم النفس)، م١، مطابع الاهرام التجارية، القاهرة، ١٩٨٨، ص٦٠٥.
٣٨- رالف، لينتون، (الاصول الحضارية للشخصية)، ت/ عبدالرحمن اللبان، دار اليقظة العربية، بيروت، ١٩٦٤، ٢٢١-٥٠.
٣٩- سلمان، عبد عل سلمان، الانثروبولوجيا الاجتماعية، مديرية مطبعة الجامعة، الموصل، ١٩٨٥، ٢١٢٥.
٤٠- الداهري، عبدالوهاب مطر ،السياسة الزراعية، ط٢، مطبعة العاني، بغداد، ١٩٧٩، ٢٢٥-٢٧.

٤١- صالح، قاسم حسين صالح، الشخصية بين التنظير و القياس، جامعة بغداد، مطبعة التعليم العالي، ١٩٨٨، ص١١٢.
٤٢- محمد، علي محمد (واخرون)، الطب و المجتمع، مطبعة التقدم، مصر، ١٩٨٥، ص ٦.
٤٣- ماركوز، هربرت، الحب و الحضارة، ص٣٩.
٤٤- محمد، على محمد و اخرون، هەمان سەرچاوەی ژمارە (٤٢)، ص١٧.
٤٥- هەمان سەرچاوەی ژمارە (٧)، ص٧٧.
٤٦- هەمان سەرچاوەی ژمارە (٤٣)، ص٤٠.
٤٧- النوري، قيس (الدكتور) و د- عبدالمنعم الحسيني، النظريات الاجتماعية ١٩٨٢ ، جامعة الموصل، ص٢٣٤.
٤٨- الحسن، احسان محمد و د. فوزية العطية، (الطبقة الاجتماعية) ١٩٨٣، ص٣٧.
٤٩- هەمان سەرچاوەی (٤٨) ص ٣٧.
٥٠- هەمان سەرچاوەی (٤٨) ص ٣٧.
٥١- الحسن احسان محمد ، (رواد الفكر الاجتماعي)، دار الحكمة للطباعة و النشر ص ٣١٤-٣١٥،، ٣١٦، ١٩٩١.
٥٢- هەمان سەرچاوەی (٥١) ص ٤٠٩.
٥٣- هەمان سەرچاوەی (٤٨) ص٢٢٦.
٥٤- هەمان سەرچاوەی (٤٨) ص ١٧٣.
٥٥- هەمان سەرچاوەی (٥١) ص ٤١٥.
٥٦- هەمان سەرچاوەی (٧) ص ٢٤٨.
٥٧- سلمان، هەمان سەرچاوەی (٣٩) ص ٦٣.
٥٨- الخشاب، احمد (الدكتور)، (علم الاجتماع الديني)، دار المحامي للطباعة بمصر، ١٩٦٤ ص ١٧٧.
٥٩- النوري، قيس (الدكتور)، (الحضارة و الشخصية)، مؤسسة فرانكلين للطباعة و النشر الموصل، ١٩٨٨، ص١١٠.
٦٠- هەمان سەرچاوەی (٥٩) ص ١٧٣-١٨٠.
٦١- هەمان سەرچاوەی (٤١) ص ١١٢.
٦٢- هەمان سەرچاوەی (٣٨) ص ١٢٤.
٦٣- مجلة الموقف الثقافي، عدد، ٢٤، ص٣٥-٣٦، ٣٧، ك١، ت٢-١٩٩٩.
٦٤- هەمان سەرچاوەی (٣) ص ١٦٧.



٦٥- هەمان سەرچاوەی (١) ص ٤٧.
٦٦- الوردي، علي (الدكتور)، طبيعة المجتمع العراقي، مطبعة العاني، بغداد، ١٩٥٦، ص٣٢١.
٦٧- الحسن، احسان محمد ، هەمان سەرچاوەی (٤٨) ص ٢٥٠.
٦٨- هەمان سەرچاوەی (٥٩) ص ١٥١.
٦٩- كوفيل و الترج و اخرون، (علم نفس الشواذ)، ت/محمد الزيادي، دار اليقيظة العربية مصر، ١٩٦٨، ص١٣٥.
٧٠- السامرائي، هاشم جاسم ،(المدخل الى علم النفس)، هەمان سەرچاوەی (٥) ص ١٨١.
٧١- مجلة علوم عدد (٨٩)، ١٩٩٧، ص٢٠.
٧٢- هەمان سەرچاوەی (٥) ص ١٨٠.
٧٣- هەمان سەرچاوەی (١) ص٣٧٥.
٧٤- هواد و مارتا، أ، النفس و الجسم، ت/محمد فضيلى، مؤسسة فرانكلين للطباعة والنشر القاهرة، مصر، ١٩٧٥، ص٦٧.
٧٥- مجلة الموقف الثقافي، عدد (٢٤)، ك١، ت٢، ١٩٩٩، السنة الرابعة، ص٣٧.
٧٦- جى، دى، بويس، مستقبل الحضارة، ت، لمعي مطبعي، دارالكرنك، القاهرة، ١٩٦١، ص١٧٥.
٧٧- هەمان سەرچاوەی (٤٨) ص٩٣.
٧٨- هەمان سەرچاوەی (٥) ص١٨٢.
٧٩- هەمان سەرچاوەی (٧١) ص٢٠.
٨٠- هەمان سەرچاوەی (٧١) ص٢٤.
٨١- رينية ديوز، مايابيتنر، (الصحة و المجتمع)ت/ د.هاني البطيخ، ١٩٧٠، ص٢٦.
٨٢- مارجوريت كلارك، الطب الحديث، ت/د. محمد نظيف، مؤسسة فرانكلين للطباعة و النشر بالقاهرة، ١٩٦٣، ص١٨٣.
٨٣- هەمان سەرچاوەی (٧٦) ص١٠٩.
٨٤- هەمان سەرچاوەی (٣٧) ص٢١-٥٠.
٨٥- هەمان سەرچاوەی (٣٧) ص٩١.
٨٦- مجله العلوم، هەمان سەرچاوەی (٧١) ص٢٢.
٨٧- هەمان سەرچاوەی (١) ص٣٨٢.
٨٨- هەمان سەرچاوەی (٥) ص١٨٢.
٨٩- هەمان سەرچاوەی (١) ص٩٨٤.

٩٠- هەمان سەرچاوەی (٥) ص١٨٢.

٩١- هەمان سەرچاوەی (٧١) ص٢٢.

٩٢- هەمان سەرچاوەی (٧١) ص٢٢.

٩٣- هەمان سەرچاوەی (٧١) ص٢٣.

٩٤- هەمان سەرچاوەی (١٧) ص٣٧٩.

٩٥- هەمان سەرچاوەی (٥) ص٨٣.

٩٦- هەمان سەرچاوەی (٥) ص١٨٣.

٩٧- هەمان سەرچاوەی (٥) ص١٨٤.

٩٨- هەمان سەرچاوەی (٥) ص١٨٤.

٩٩- هەمان سەرچاوەی (٧١) ص٢٣.

١٠٠- هەمان سەرچاوەی (٧١) ص٢٣.

١٠١- هەمان سەرچاوەی (٧١) ص٢٣.

١٠٢– مرعي، توفيق و أحمد بلقيس، الميسر في علم النفس التربوي، ط٢، ١٩٩٦، دارالفرقان للنشر و التوزيع، ص٤٥٩.



# ئایدیۆلۆژیای خوێنو دەمارگیری

لەکاتێکدا کە کۆمەڵگە ئەکەوێتە بەر سێڵاوی گۆڕانو ئەوا وەکو ئەنجامێکی ئەم گۆڕانانە جا لەهەر لایەنێکی ژیانی کۆمەڵگە بێت جۆرەها هێزی کۆمەڵایەتی خودان ئەرکی مەزنو گۆڕانی نویو بەرەو پێشەوە بردن سەر هەڵئەدەن.

جا لەو کاتە لەبەردەم هێزە پاشڤەڕۆییەکان شتێ نامێنێتەوە جگە لەدەست گرتنو خۆمەڵاس دان یان لەگەڵ بەها کۆنەکانیان کە زیاتر لەهەر ساتێکی تر کۆنسێرڤاتیزمیانە جووڵە ئەکەن یا بگرە دلیگاسیۆن چێ دەکەن لەگەڵ هاوبیرەکانیان. ئەمانەش وەك دەربڕینێکی بەردەوام یا میتافۆریانە بۆ پاراستنی بوونو بەرژەوەندیان ئەبێ بەهاوکات بوون لەگەڵ پەنابردنە بەرهەموو نموونە باڵایەكو فۆرمەکانی ئاگایی بۆ خود هێورکردنەوەو سووککردنی فشاری ئەم بارە یا ئەم گۆڕانەی ڕووبەڕوویان ئەبێتەوە، بێگومان ئەم هاوکێشە بێ بوونی ڕۆڵی سیاسەتو دەسەڵات دادات کامڵ ئەبێ چونکە ڕۆڵی ئەوان بەرچاوترە بۆ پێشوازی یا بەرهەڵستی کردنی ئەم گۆڕانانە ئەمەش لەوکاتەی هەموو کەسێك سیاسەت ئەکات بەئاگا یا بێ ئاگا، (لەکاتێکدا ئەرستۆ مرۆڤ بەوە ئەناسێ کە ئاژەڵێکی کۆمەڵایەتییە بۆخۆی، ئەوا سیاسەتیش بە پادشا دائەنێ بۆ سەرجەم زانستەکان).

واتە ئەم ژیانکردنە کۆمەڵایەتییە سیاسەتی گەرەکە تا مرۆڤ بتوانێ لەگەڵ کەسانی تر بژیو ببێتە کەسێکی کۆمەڵایەتی خۆکرد، جا ئەم سیاسەتکردنە زانستی بێت یا هەڕەمەکی بێت، بۆ ئەم جۆرەکارکردنو تێفکرینە-دکتۆر علی وردی ئەڵێ (مرۆڤ بەکۆمەڵایەتی ئەکرێ)، واتە لەژێر کاریگەری ژیانی کۆمەڵگە لە کائینێکی ناکۆمەڵایەتی ئەکرێتە کائینێکی کۆمەڵایەتی کە ڕۆڵی ڕاهێنانو پێڕەوکردنی چۆنیەتی کۆمەڵایەتی فەرامۆش ناکرێ تیایا کە ئەمەش پێویستی بە سیاسەتکردنێکی هۆشیارانەی کۆمەڵایەتی هەیە. بەپێی ناسینی سیاسەت لەچوارچێوەی حزبەوە، ناشێ ڕۆڵی حزب وەك دەزگایەکی کۆمەڵایەتی لە

بەکۆمەڵایەتی کردن یاخود تەنانەت لاتەریك کردنی کەسەکانی ناو کۆمەڵگە بێ هەند هەڵگرین، چونکە سیاسەتی حزب ئەبێ رۆڵێکی باڵا بگێڕێ لەپێناو پێڕەوکردنی سیاسەتی سەرتاپاگیری کە لەبەرژەوەندی هەموو هاوڵاتیان دابێ وەکو-رۆسۆ ئەڵێ (ئەو هاوڵاتیانەی خاوەن ویستێکی گشتین) ئەم ویستە گشتییە رێگەی دروست کردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتیو بگرە دروست کردنی حزبیش یا هەڵبژاردنی (مەلیك) لەژێر هەڵبژاردنی سروشتی وەك رۆسۆ ئەڵێ ئەنجام بدرێت پێك دێنێ. کاتێ لەپێناو کەڵكو بەرژەوەندی گشتی دابێت ناگرێ بەڵکو ئەبێتە پاڵپشتو یاریدەدەریش. لەگەڵ ئەوەی شێوەو جۆری پەیوەندییەکانو قاڵبە پێکهێنەرەکانیان هەر لە دەستەو تاقمو گروپو تەنانەت ڕێکخراوو حزبیش بگرە گۆڕانی بەرچاویان لەوڵاتێكو ناوچەیەك بۆ یەکێکیتر بەسەرداهاتووە تەنانەت لەشێوازی چۆنیەتیو چەندێی کارکردنیشەوە بەرامبەر گۆڕانو وەڵامیان بۆ ویستو داواکۆمەڵایەتییەکان. لەدەسەڵات ترسانی حزب بۆتە میراتێكو خۆ رزگارکردنی تەنهالەساتی بەدەسەڵات بوونی دەڕەوێتەوە، ڕەنگە ئەمە زیاتر لەجیهانی رۆژهەڵات گونجاوتر بێ. بۆیەش ترس لەگۆڕانو دەسەڵات نیگەرانیو دڵەڕاوکێیانی خێراو هەنگاوەکانی گۆڕانی ئەم جیهانەی سست کردووە ئەم ئەتۆمی ترسە بۆتە گەراتروکانی تۆتالیتاریو ئەمەش بەدەوری خۆی ئەم ترسەو جێ پێ قایم کردنە نەقڵ ئەکەن بۆ سەرجەم کایەو نەسەقە کۆمەڵایەتییەکان، کەواتە خۆ قایم کردنیان لە گواستنەوەی ئەم ترسە بۆماوەیییە ئەبینەوە، کەواتە هەوڵی مانەوە لەدەسەڵات بەهێزترە لەهەوڵی گەیشتن بەدەسەڵات، بۆیە تێگەیشتن لەحزبو پێکهاتەکانی وەك دەزگایەکی ڕامیاریو کۆمەڵایەتی ئەبێ بەوردی شرۆڤە بکرێو لەبارییەك ببردرێ بەتایبەت لایەنە سەرەکییەکانی پێکهاتەکەی، کە بابەتو خاڵی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە.



# مێژووی حزبو پێکهاتەکەی

هاوکات لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریە بنەڕەتیانەی کە حزبە سیاسییەکان لەکۆمەڵگاکان بەگشتیو رۆژئاوا بەتایبەتی بەخۆیانەوە دیوە، ئەوا لێکۆڵینەوەی حزبە سیاسیەکانیش گۆڕانکاری سەرەکییەکان بەخۆیانەوە دیووە بەهۆی جیاوازی دروست بوونو سەرهەڵدانی حزبەکانو بەجیاوازی بوونیان لە ڕەوتە فکریو بیرو بۆچوونەکانیان ئەم جیاوازییە پەڕیوەتەوە نێوەندی زاناکان لەمەڕ چەندێتیێ تەمەنی دروست بوونو سەرهەڵدانی مێژوویی حزبەکان، لەوانە مێژووی سەرهەڵدانی حزبەکان ئەگەڕێتەوە بۆ وڵاتی بەریتانیا لەسەردەمی مەلیك چارلسی یەکەم ١٦٢٥-١٦٤٩، دوای دروست بوونی ناکۆکی لەنێو پەرلەمانو دابەش بوونیان بەسەر بەرهەڵستکاری مەلیكو پارێزەرەانی مەلیك. پاش دابەش بوونی مەزهەبیانە لەنێوان هەمان ئەنجومەن، دواتر ئەنجومەنی گشتی (پەرلەمان) بڕیاری دروست کردنی سووپای دا بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکان تا لە ١٦٤٧ ئەم سوپایە توانی مەلیك چارلس دەستگیر بکاتو لە ١٦٤٩ لە ٣٠ ك٢ لەسێدارەی بدا، دوای لەسێدارەدانی مەلیك بەریتانیا بوو بە کۆماری کە (اولیفر کرۆمۆیل) پۆستی پارێزەری کۆماری پێ بلەخشرا ئەم پۆستە تا مردنی (کرومۆیل) لە ١٦٥٨ درێژەی کێشا، دوای لە (١٧٥٩) پەرلەمانی بەریتانی بڕیاریدا چارلس کوڕی چارلسی یەکەم کە لەمەنفابوو عەرشی وڵات بگرێتە دەست، ئەویش لەلایەن خۆیەوە بڕیاریدا کە تەختەکەی دەستگایەکی نیشتیمانی پەسندکراوبێت لەلای هەمووان، بەڵام کێشە مەزهەبییەکە پەرلەمانتارانی نیگەران کرد بەهۆی ئەوەی کە برای چارلسی دووهەم کەناوی (جیمس) بوو مەزهەبی (کاسۆلیکی) هەڵبژاردبوو. بەڵام زۆربەی خەڵکی ئەم وڵاتە (مەملەکەتە) شوێن کەوتوویی مەزهەبی (ئەنگلیکانی) بوون بۆیە ترس لەم مەزهەبە لەلایەن (جێمس)ە بۆ دروست ئەبێ.

ئەمەش وای کرد کە پەرلەمانتارەکان یاسایەك بۆ مەحرەم کردنی (جێمس) لە عەرش دەربکەن کە بەناوی (یاسای یاساغ کردنەکان) (قانون المحرمات) بوو کە بە پێی ئەم بڕیارە نەدەبوو (جێمس) جێگەی (چارلس)ی برای بگرێەوە، ئەم

یاسایە کە لە (١٦٧٩، ١٦٨٠، ١٦٨١) بەرزکرایەوە کە لە ئەنجامدا کاردانەوەیەکی خراپی دروست کرد وایکرد پەرلەمان ببێ بەدوو بەشەوە، باڵێکی پاڵپشتو ئەویتریشیان دژبوون، کە بەناوی (تۆری و ویك) کە ئەمانە بوون بەدابەش بوونی حزبی، ئەم دوو حزبە درێژەیان کێشا تا (١٨٣٠) کە لەم ساڵە ناویانرا حزبی (ئازادیخوازان)و (پارێزگاران). بەڵام چەکەرەکردنی حزب لە فەرەنسا ئەگەڕێتەوە بۆ (١٧٨٩)، لەوڵاتە یەکگرتووەکانیش لەسەردەمی جاکسون حزب سەری هەڵدا). ئەم پێداهاتنە مەرحەلیو سەرتاسەریانەی حزبە سیاسییەکان مانای فەرامۆش یا نەبوونی پەیوەندی نێوان بزاڤی کۆمەڵایەتی لەسەر ئاستی سیاسیو کۆمەڵایەتی وەك شێوەیەکی دروست کردن یا دەستپێکردنی بۆ خەباتو دروست کردنی حزب لەنێو کۆمەڵگە ناگەیەنێ. بەڵکو بزاڤە کۆمەڵایەتییەکانیش وێڕای جیاوازیان لەهەندێ لایەن لەگەڵ حزبەکاندا ڕۆڵی کاریگەریان هەبووە، بزاڤە کۆمەڵایەتییەکان بریتیین لە (هەوڵێکی هەرەوەزی بۆ بەرەو پێشەوە بردنی گۆڕانکاری یا ڕێگە لێگرتنی لە کۆمەڵگایەکدا کە خودی بزاڤەکەش بەشێکە تیایا). واتە لەنێو ئەم کۆمەڵگەیە بەهەڵوێستو دەنگو بزاڤ کراوە.

ئەوەی کە خاڵی جیاکەرەوە بێت لەنێوان بزاڤی کۆمەڵایەتیو حزبی سیاسی، ئەوەی یەکەمیان خەسڵەتی کەمتر ڕێکخراوەیی لەخۆ دەگرێت کە لەوانەیە (تیایا هیچ جۆرە ئەندامێتییەکی ڕێكو پێك یا ئاشکرا یا تەنانەت پێناسەی حزب وە بوونی شتێك بەناوی مەکتەب یا کۆمیتەی سەرکردایەتی نییە تیایانا)، پێوە پەیوەست بوونیش دەگەڕێتەوە بۆ لایەنگری لەتێڕوانینێکی کۆمەڵایەتی تایبەتو بەشداریکردن لەچالاکییە پێشوەختەکان وەك خۆپیشاندان یا کۆبوونەوەو ئاژاوەنانەوە، بەرامبەر ئەوە گرووپە سیاسییە ڕێکخراوەکان وەکو حزبەکان ڕاستەوخۆ لەپێناوی دەسەڵاتدا کاردەکەن، بەڵام بزاڤە کۆمەڵایەتییەکان بەشێوەیەکی بەربلاوتر چالاکی ئەنوێنن، سەرەڕای ئەوەی کە بزاڤە فراوانەکان هەوڵی دروست کردنی گرووپی جۆراوجۆری نیمچە ئاشکرای سیاسی لەنێو خۆیاندا دەدەن وەکو ﴿بزاڤی کرێکاری لەسەدەی (١٩)﴾ کە تیایا لەتیۆری مارکسی ئەم پەیوەندییە کە پەیوەندی نێوان حزبو چینێکە



خراوەتەڕوو بێگومان بزاڤە کۆمەڵایەتییەکان لەبنچینەدا دیاردەی کۆمەڵگاکانی ئەم سەردەمەن، لورێنز فانستاین لە کتێبەکەی (مێژووی بزاڤە کۆمەڵایەتییەکانی فەرەنسا لە ١٧٨٩ تا ئەمرۆ) ئەڵێ (بزاڤی کۆمەڵایەتی وەکو خەبات بۆ سەربەخۆیی زیاتری کۆمەڵایەتی لەخەباتی چینایەتی پرۆتالیتاریادا دەگاتە لووتکە). واتە ڕۆڵی بزاڤە پرۆتالیتارییەکان هاوکات بوونە لەگەڵ بزاڤە کۆمەڵایەتییەکانو تێکهەڵکێش کراون، بزاڤە کۆمەڵایەتییەکانیش نەیانتوانیوە خۆ لەهەڵقورتەی سیاسی دووربخەنەوە، ڕەنگە خۆبەجەماوەری بوونیان وەك بزاڤێکی کۆمەڵایەتی سیاسی لە برولیتاریادا ببینەوە کە ئەمەش لەهزری مارکس زۆر بەرچاو دەکەوێت. هەرچۆنێك بێت بزاڤە کۆمەڵایەتیو حزبە سیاسییەکان بەدرێژایی مێژوو لەکاری بەسیاسی کردنی کۆمەڵگەو ئازادکردنو هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە بەجۆرەها شێواز سیاسەتیان نمایش کردووە لەرێگەی دەزگا سەرەکیو فەرعییەکانیانەوە لەنێو خودی خۆیانەوە بۆ خەڵکی کۆمەڵگاکەیان. جا لێرەدا پەیوەسترین کرۆکی ئەم بابەتەم بەتوێژینەوەکەمان (حزب)ە وەك دەزگایەکی ڕامیاریو کۆمەڵایەتی بەتایبەت لە ئاست پەیوەندییە جیهانیو ناوخۆییەکانی دنیای خێرای ئەمرۆ.

## خەیاڵاتی حزبو پێکهاتەکانی

تێپەڕبوونی مرۆڤایەتی بەچەندین قۆناغو خۆنوێکردنەوەی بەردەوامی لەپرۆسە مێژووییە دوورو درێژەکانی هۆیەکی کاریگەربوونە لەدروست کردنی هزری ئازادیو هەست بەژێر دەستی کردنو گەیشتنە قۆناغی هۆشیاربوونەوە و بوون بەداینەمۆی دروست بوونی جۆرەها بزاڤ و پارت جا بۆ هەر مەبەستێك پێکهێنرابێت. کاتێ مارکس جەخت لەسەر (واقیعی کۆمەڵایەتی دیاریکەری هزری یا هۆشیاری کۆمەڵایەتی)یە ئەکات ئەوا پەیوەندییەکی جەدەلی چێ دەکاتو مرۆڤ ئەخاتە حاڵی تێڕامانو نەتوانینی خۆ دەربازکردن لەم واقیعە جگە لەخۆ هۆشیارکردنەوەو گەیشتنی خود بەکەسێکی فریادڕەس، کەبەلای ئەو (مارکس) بۆ مەبەستی هاوبەشو سەرجەم کۆمەڵگەی چەوساوەیە کە لەڕوانگەی

ئەو چینی کرێکارە کە تیایا پاش هۆشیاربوونەوە لە کۆمەڵگەی یا خەڵکانی ئاسایی جیا ئەبێتەوە.

حزب وەکو تەنانەت بزاڤیش وەك دەرکەوتەیەکی بواری کۆمەلأیەتیو سیاسی لەمیانەی ئەو ناچوونیەکیو بۆشاییە مەعریفییانە دەرئەکەوێ کە لەهەر کۆمەڵگەیەك سەرهەڵئەدەن. چونکە بۆشایی (یادرزە) کۆمەلأیەتییەکان لەوکاتە لەلایەن کۆمەڵێ خەڵکەوە بەخۆڕێکخستنو هۆشیارکردنەوەی زیاتری خودو ڕاکێشانی خەڵك لەچوارچێوەی شەرعییەت دروست کردنو ڕێگە بەخۆدان بۆ پڕکردنەوەی ئەو درزە کۆمەلأیەتییانەی کە خۆی لەبێ چارەسەریو مۆڵەق وەستانو بەرجەستە نەبوونی پێداویستییە ماتریالە کۆمەلأیەتییەکان دەبینێتەوە. ئا لەو کاتە جۆرەها بۆچوونو هزر سەرەڕای بزاڤ و پارت بۆ قۆستنەوەی ئەم درزانە دەردەکەون وەك فریادڕەسێكو قووڵی درزو کەمی مەعریفی لەم کۆمەڵە پڕ کێشانە زیاترە، بەرامبەر زیادبوونی حاجاتو زەرووراتەکانی ئازادبوونو تەقەڵلا بۆ بەرەو پێشەوەچوونی ئایدیالی لە بەرجەستەکردنی ماتریالە حەیاتییەکان. کەواتە ئەمە کارێکی مەعریفییە چی جا لەنێوان خودی مرۆڤەکە خۆیەوە یاخود لەنێوان سروشت کۆمەڵگەی مرۆڤ خۆی. دەکرێ لێرەدا بەشێوەیەکی مەعریفی تر واتە بە مەعریفەیەکی کۆمەلأیەتی باس لە بیرکردنەوەی درزە کۆمەلأیەتییەکان یا (فەجوە) بکەین کە مەعریفە لێرەدا (بریتییە لە کەڵەکە بوونی زانیاریو شارەزاییەکانی مرۆڤ کە لەئەنجامی هەڵسو کەوتو هەڵوێستی ئەندامەکانی کۆمەڵگەکانی مرۆڤایەتی لەپرۆسەیەکی مێژوویی دوورودرێژدا وەدەست هاتوون). بێگومان هەست بەکێشەکردن ئەبێە مۆتیف بۆئەوەی بیر لە داهێنانو وەسیلەی نوێ لەچاوباری ئێستاو لەشێوازو فۆرمی جیا هەوڵی دروست کردنی ئەڵتەرناتیف بدەن بۆ مەبەستی شەرعییەت وەرگرتن یاخود ئازادکردن یا بەرەو پێشەوەبردنی کۆمەڵگە لەم چوارچێوەدا. بۆیە دروستبوونی حزب پەیوەست دەبێ بەم حاڵەتەو چوونە پێشەوەو گەیشتنە حاڵەتی دروست کردنو پێکەوەنانی کۆمەڵەو بزاڤو ڕێکخراو یا حزب.

حزبیش وەك کارێکی دەستە جەمعی دەرئەنجامی خوێندنەوەو بەرجەستەبوونی عەقڵو کەڵك وەرگرتنە لە ئاڵو گۆڕەکانو شتە بنەڕەتییەکان بە ئارستەی خوێندنەوەیەکی نوێی گشگریو ڕەخنەئامێز بۆ دیاردە نابەرابەرییەکانو دژەکانو دانانی پرنسیپی دیار بۆ دەرکەوتنو خۆدەرخستن لە فەزای سیاسی کۆمەڵگە، هەر لێرەش بوو کە ئەرکی حزبەکان بوو بەجێی بایەخدان، لەم ڕوانگەوە حزبەکان وەك دامو دەزگای جیاواز یاخود تاك نەکەوتە ژێر شرۆڤەکردنەوە بەڵکو وەکو ئەکتەرانێك کە ڕۆڵی جیاواز دەگێڕن لەناو ئەو کۆمەڵەی کە پێوەی بەستراونەتەوە. هەڵبەت هیچ حزبێك یاخود ڕێکخراوێكو ئەکتەرێك ناتوانێ بەبێ بایەخدان بە ئیلتیزاماتی دەوروبەر سیاسەتو ستراتیژو کاری سیاسی خۆی دیاربکات، هاوکات لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییە بنەڕەتییانەی کە حزبە سیاسییەکان لە کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکاندا بە کردەوە بەخۆیانەوە دەبینن لێکۆڵینەوەی سیاسی حزبەکانیش گۆڕانکاریان بەخۆ دیوە، دیارە شتێکی بەڵگە نەویستە گەر بڵێین حزب مۆرکێکی تازەی پیادەکردنی سیاسەتە لە کۆمەڵگەی ڕۆژئاوای سەرمایەداریدا، دیارە مەبەستی زیاتر دابین کردنی خواستو ویستی تاکەکانە لەکۆمەڵگە بەمەبەستی دانانی ئەندازەیەك لەکاتێ چلێسی یا گەندەڵی بوونی دەوڵەت ئەویش بەدانانی حزبی ترو گەشەپێدانی یان وەکو ئەڵتەرناتیڤێك بۆ داهاتوو.

دیارە بواری مانەوەی بەدیکتاتۆری بوونیش کەمتر دەبێتەوە بەهۆی هەنگاو هەڵهێنان بەرەو بەعەقڵانی کردنی پڕۆژە مرۆییەکانو جێبەجێ کردنیان، بەم شێوەیە ئەرکو مەهامەکانی حزب جیا ئەکرێتەوە بەلأم لەولأتانی جیهانی سێ کە زەبرو زەنگی حزبی شێوەی بەرایی (بەدەوی) هەیە هەندێ کات بەچوونە ناو تایبەترین لایەنەکانی ژیانی ڕکابەر یاخود بەدانە پاڵی تۆمەتە ناڕەواو نا سیاسییەکان هەوڵی لابردنی ڕکابەرەکەیان دەدەن.

ماکس ڤیبر لەپێناسەی حزبی سیاسیدا ئەڵێ (حزبەکان بریتین لەو کۆمەلأنەی بەئارەزووی ئەندامانیان پێك دێنو ئەندامەکانیشیان هەوڵ ئەدەن بەرپرسەکانیان بگەیەننە دەسەلأت بۆئەوەی ئیمتیازاتی ماددیو مەعنەوی وەك

جێبەجێکردنی بەرنامە سیاسییەکانی خۆیان یاخود وەدەست هێنانی بەرژەوەندی تایبەتییان یا هەردووکیان وەربگرن).

ئەم بۆچوونەی ڤیبر لەسەر دەسەڵات کە تیایا دەسەڵات دابەشی سەر (٣) بەش دەکات کە (ئەقلانی‌و کاریزمی‌و تەقلیدی)یە، کە لێرەدا مەبەستی لە (ئەقلانییە) کە بە دیموکراتی ئەندامەکانی دەست نیشان بکرێ، بەرامبەر دابین کردنی هەندێ بەرژەوەندی بۆهەردوولا. ماکس ڤیبر ڕۆڵی کەسانی بەدەر لەحزب نانرخێنێ‌و مافی هەڵبژاردنیان بەشێوەی دیموکراتی نابێ، بەڵام لەبەرامبەر ئەوەیش ئارەزووو سەربەستی ئەدات بەکەسەکان بۆ دامەزراندنی حزب بەڵام کێشەو پرۆسەی هەڵبژاردن هەر لەنێو خودی ئەندامەکانی حزب ئەمێنێتەوەو ناحزبییەکانی بێ دەنگ ئەبن، ڕەنگە هۆی ئەمە ئەو پشتگیری‌و کاریگەرییە بێت کە لەلایەن ئاینزا پرۆتستانییەکانەوە پشگیری لێ ئەکردن.

لێکۆڵەرێکی تر کە لەژێر کاریگەری-ڤیبر-بوو بەناوی (شێلزنگیر) حزبە سیاسییەکان بە (مەکینەی هەڵبژاردن) لەقەڵەم ئەداو بەئامێرێك بۆ گەیشتن بەدەسەڵات ناویان دەبات، هەر ئەویش زاراوەی (کۆمپانیای سیاسی) بەکاردێنێ‌و بە کۆمپانیا ئابوورییەکانی دیکەی دەشوبهێنێ)، ئەگەر کۆمەڵگەیەك حزبە سیاسیەکەی تاکڕەو دیکتاتۆری بێت ئایا چۆن ئەبێتە مەکینەی هەڵبژاردن، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەبێتە مەکینەی هاڕینی دەنگەکان. یا بەشێوەیەکی تر ئەبێتە تۆتالیتارێکی دیموکراتخواز، سەرەڕای ئەو ڕاستییەی کە ئەمڕۆ لەجیهانی حزبەکان بەرچاو ئەکەوێ لەدەستکەوت‌و نمایشکردنی حزب لە کۆمپانیایەکی ئابووری، هەڵبەت ئەمەش دوورخستنەوەی حزبە لە ئایدیۆلۆژیایەکی تێکەڵ گەرچی بەلای مارکسیش ڕەنگە بەهەڵوێستێکی هەلپەرستی سەرکردەو ئەندامەکانی حزب بدرێە قەڵەم، دەبێ ئەوە بزانین کە مارکس بەشتێکی قەڵب‌و خەیاڵ ئەداتە قەڵەم. دەکرێ ئەم بۆچوونە بە مەبەستێکی ئابووری پڕاوپڕی بدەینە قەڵەم لەنێو منداڵدانی حزب. هەر سەبارەت بەناساندنی حزبی سیاسی دەکرێ ئاماژە بۆ ڕۆڵی کارل مارکس بکەین کاتێ کە ئەڵێ ٠(واقیعی کۆمەڵایەتی ئەبێتە هۆی دیاریکردنی هۆشیاری کۆمەڵایەتی) بەتایبەت کاتێ کە هەڵسا بەئەنجام دانی توێژینەوەیەك لەناو کۆماری دووەمی فڕەنسا کە تیایا ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە ئەو باڵە سیاسیانە نموونەی ململانێی شاراوەکانی ناو کۆمەڵگەی فەڕەنسان بە واتایەکی تر مارکس ئەوەی دەرخست کە حزب‌و گروپە سیاسییەکان ڕەنگدانەوەی ئەو تێکهەڵچوونەن کە لەناو کۆمەڵگە سەریان هەڵداوە. دەبێ ئەوە بڵێین کە ئەم توێژینەوە زیاتر گرنگی بەلایەنی کۆمەڵایەتی داوە بۆ دیاریکردنی حزبەکان‌و توێژینەوە لەسەریان.

زیاد لەمەیش دەتوانین پێناسەی حزبە سیاسییەکان لەم بۆچوونەی خوارەوە زیاتر ڕوون بکەینەوەو حزب وەك دەزگایەکیش لەبەریەکتر هەڵبوەشێنین کە تیایا حزبی سیاسی بریتییە (لەو ڕێکخستنەی کەکۆمەڵە کەسێك دەگرێتەوە ئەم کۆمەڵەکەسە یەك ئایدیۆلۆژیایان هەیەو کاردەکەن لەپێناو دروست کردنی ڕای گشتی بۆ دەسەڵات) لەمیانەی ئەم پێناسەیە سێ خاڵ لەپێکهاتەی حزبی سیاسی بەرجەستە دەکەین، یەکەمیان ڕێکخستن کە بەگەورەترین بناغەو بنەمای حزب دائەنرێت، توانای سەرکەوتنی هەر حزبێك لە ڕێکخستنی وەستاوە، بێگومان سێ پلەی ڕێکخستن هەیە لە حزبە سیاسییەکان (سەرکردە، ئەندامانی حزب، جەماوەری حزب).

دووەم، دەسەڵات کە هەوڵی هەموو حزبێکە بۆ گەیشتن بەدەسەڵات، ئەویش لەرێگەی ڕێکخستنی جەماوەرو بڵاوکردنەوەی ئایدیۆلۆژیاکەی‌و پاشان خزمەتکردنی زیاتری ئەو بەرنامەی کە دایڕشتووە.

سێهەمیان، ئایدیۆلۆژیایە کەبەسەرەکیترین خاڵی ئەم توێژینەوە دائەنرێت)هەموو بۆچوونەکانی حزب ئەبێ بەئایدیۆلۆژیاوە بەند بێت، ئەگینا دەرچوون لێی کاردانەوەی سلبی ئەبێت، بێگومان ئایدیۆلۆژیا شێوەناسین‌و پێناسی زۆری پێ بڕاوە ئەمانیش بەتێپەڕبوونی کات گۆڕانی بەسەرداهاتووە لەجیاتی زانستی بیروڕاکان مانای کۆمەڵێك بیروڕاوو هزر سەبارەت بەمرۆڤو کۆمەڵگەو جیهانی حزب بەخۆوە دەگرێ (ئایدیۆلۆژیا بە دوو شێوە مانا بەکاردێ یەکەمیان بەمانای سنوورداری ووشە کە لەچەمکە سەرەتاییەکەی نزیکترەو تەنها ئایدیۆلۆژیایان هزرە ڕاستەو توندڕەوەکانی وەکو (سۆسیالیزم، فاشیزم،

ناسیۆنالیزم دەگرێتەوە) یا بیرو ڕاوبۆچوونە چەپە توندڕەوەکان دەگرێتەوە وەکو (کۆمۆنیزم)خودان ئەم ئایدیۆلۆژیایانە واناسێنراون کە توندڕەو مکوڕن لەسەر بۆچوونە ئایدیۆلۆژیەکانیان سازش ناکەن، هەمان بۆچوون لەوئایدیۆلۆژیای ئەگەر بتوانین بڵێین ئایینی بەرچاو دەکەوێ، بێگومان پەروەردەی ئایدیۆلۆژی یا حزبی خۆی خولقێنەری قاڵبی بەرتەسكو وشکە کە تیایا کەسەکانی بەم شێوە گۆش ئەکەن لەم کاتە کەسانی وا بەهەڵە لە بەرامبەر ئەڕوانن‌و ڕاستییەکان لەلای خۆیان ئەبینن، لە بەرامبەر ئەم جۆرەیان (جۆرێکی تر لە ئایدیۆلۆژیا هەیە کە بەمانای فراوانی ووشەیە هەر جۆرە تیئوریەکی ڕێشوێنکارو ئاراستەدار یا هەر هەوڵێك بۆ نزیك کردنەوەی زانستی لە کۆمەڵە بیروڕایەك دەگرێتە خۆی، بەدەربڕینێکیتر ئایدیۆلۆژیا لەمانای گشتی خۆیدا هەر جۆرە قوتابخانەیەکی سیاسی دەگرێتەخۆی جا چی توندڕەو یا میانڕەو وەکو لیبرالیزم‌و موحافیزکارەکان) وەکو زانراویشە ئایدیۆلۆژیاکان بە بەردەوامی سەروکاریان لەگەڵ حوکمڕانی (زەمینی یا ئاسمانی)دا هەیە بۆ یە ناتوانن خۆیان لە بەسیاسەت بون بپارێزن، هەر لەدوای سەدەی نۆزدەهەمەوە بوو کە ئایدیۆلۆژیاکان بوون بە سیاسەتی دەسەڵات داران)

کەواتە ئایدیۆلۆژیا بەڕەگەزێکی گرنگی وەرگرتنی دەسەڵات لەلایەن حزب ئەناسرێ وەکو لەمەوبەر لەپێکهاتەی حزب باسکرا، دەکرێ بڵێین حزب سیاسەت بە ئایدیۆلۆژیا بەڕێوە ئەبات جا بەهەر شێوەیەك بێت، واتە ئایدیۆلۆژیا حزب بە سیاسەت دەکات‌و بگرە دروستیشی دەکات، بۆئەوەی لەدوورو نزیك ئەم ئایدیۆلۆژیایە بەشێوەی ستراتیژ یا تاکتیك لەسیاسەتی حزب پێڕەو بکات. (چونکە ئایدیۆلۆژیا هاوسێیەتی سیاسەت دەکات، گەرچی تێکەڵاوی نابێ یا لەناویا ناتوێتەوە، ئایدیۆلۆژیا بەشێوەیەك عەقڵ جڵەوگیر دەکات کە ئیدی توانای تاوتوێی کردن‌و شیکردنەوەی مەسەلەکانی بەهەموو ڕووە جیاوازیەکانیەوە نامێنێ)، ئەمە مانای تەرتیب ناگەیەنێ یا دوورکەتتە بەڵکو دەکرێ بەهارمۆنیەتێکی نێوان سیاسەت‌و ئایدیۆلۆژیا سەیریان بکەین، سیاسەت چۆن دەتوانرێ دیاربکرێ یاتەنانەت بێتە بەرهەم گەر ئایدیۆلۆژیا نەبێ.

جڵەو گیربوونی عەقڵ مانای بە ئایدیۆلۆژی کردنی عەقڵ‌و تەسلیم بوونی کەسەکان ئەگەیەنێ. ئەمە مانای ناعەقڵانی ئایدیۆلۆژیا نییە، بەڵام هەر لەیەکەم تێفکرین‌و گەڕان لەنێو ئایدیۆلۆژیا، پاساوەکان بۆ ڕازیکردنی عەقڵی پرسیارەکان ئەخەنە بۆتەقەی ئایدیۆلۆژیاکەوەو بواری دەرچوون یا پرسیارکردنەکان بەرتەسك ئەبێتەوە، وەکو ئایدیۆلۆژیای (نازی، فاشی، کومونیزم، ئایینی...)، بەڵام لەگەڵ ئەمەش ژیان بێ ئایدیۆلۆژیا ناڕواتە ڕێگەوە، ئایدیۆلۆژیاش هێندە ئاڵۆزە لەگەڵ ئەوەش لێکدانەوەو توێژینەوەی کەمی لەسەرکراوە، ئەوەی ئەنجامیش داربێت بۆچوونەکانیان لەیەکتر نزیکە-کارل مانهایم ئەڵێ (رەگەزی سەرەکی ئایدیۆلۆژیا بەلای ئێمە بریتییە لە دۆزینەوەی ئەو ڕاستییەی کە بە (فکری سیاسەت) پەیوەستن بەشێوەیەکی تێکهەڵکێش‌و تەواو لەگەڵ ژیانی کۆمەڵایەتی). واتا ناکرێ سیاسەت‌و ئایدیۆلۆژیا لەواقیعی کۆمەڵایەتی‌و تێکهەڵکێشیان جوێ بکرێنەوە.

بەلای مانهایم (هەر تیۆرێکی ئەمڕۆ هێزێکی کۆمەڵایەتی هەیە، کە ئامانج‌و مەبەستی دەستەو تاقمی دەسەڵات دەردەبڕن)، وەك لەسەرەتا ئاماژەم بۆکرد لەگەڵ گۆڕانەکانی سەردەم هزری نوێ‌و بۆچوونی نوێ لەنێو کۆمەڵگە سەریان هەڵدا، جاچی ئەم گۆڕانکاریانە سەپێنرابن لەناوەوە کە خۆی لەحزب‌و دەسەڵاتەکەی دەبینێتەوە یا لەرێگەی دەرەکییەوە بێت. کاتێ حزب پێشوازی لەگۆڕانەکان ئەکات‌و هەوڵ ئەدات بە شێوەیەك بەکاریان بهێنێ کە بۆخودی دەسەڵاتی حزب سودمەند بێت ئەمەش لەرێگەی بەدروشم کردنی ئایدیۆلۆژیاو بەرزرکردنەوەی وەك چارەسەرو ئامانج، بەشێوەیەك (کە رۆژگار نیشانی داوە کە پرۆسەی گۆڕان هەمیشە تابعی دروشمی گۆڕان نەبووە، دروشم لە باشترین حاڵەتدا توانیویەتی ئاراستەی گۆڕأنەکان دیار بکات، ئەگینا دواتر مەرج نەبوو کە گۆڕان دەقاودەق چووبێتە ناو قاڵبی دروشمەوە).

جا لێرەدا پەنا ئەبردرێتە بەر هەموو نموونەیەکی باڵاو فۆرمەکانی تێدەگەیاندنی خەڵك بۆ ئەوەی خەڵك ببنەدەقاو دەقی دروشمەکان‌و خۆشیان لەدەرەوەی بازنە، ئایدیۆلۆژیا بە ئارەزووی خۆیان بەڕێوەبەرن، ئەمە لەکاتێکدا

کە دروشم تابعی گۆڕان بێت. واتە ئەم هۆشیاری‌و نموونەباڵایانە لەشێوەو فۆرمی ئایدیۆلۆژیا بەناسین ئەکرێت. بێگومان ئەم ئامانج‌و فۆرمانەی نمایش دەکرێت ئەبستراکت نابن لەواقیعی کۆمەڵایەتی بەڵام گەیشتن پێیان هێندە نزیک‌و ئاسان نییە، کە ئایدیۆلۆژیای شۆڕشگێڕی بەردەوامی دەوێت، بەڵام دیسانەوە بەحوکمی خودان خەیاڵی کەسەکان (مرۆڤەکان) بۆ ئێستاو دوارۆژی‌و خۆ دۆزینەوەی لەبەرامبەر ئەم ئامانجە گرنگ‌و پیرۆزانە دووچاری هەڵپە ئەبێ‌و ئەکەوێتە گێژاوی خەیاڵ‌و ئەمەش ئەبێتە پاڵنەرێك بۆ گەڕان بەدوای ئایدیۆلۆژیای شیاو لەگەڵی، جا ئەم جۆرە یا شێوە ئایدیۆلۆژیایانە و نمایش کردنیان جۆرەها لێکدانەوەی بۆکراوە هەندێ بە (نموونەی وون یاخەیاڵ یا یۆتۆپیای) دائەنێن (لایبیر) بەلایەوە ئایدیۆلۆژیا لەڕووی بۆچوونی مەعریفییەوە وێناکردنێکی نابەجێ‌و شێواو خەیاڵییە کە ناتەبایە لەگەڵ واقیعی کۆمەڵایەتی). هەموو ئایدیۆلۆژیایەك لەکاتی هۆنینەوەیدا دروست‌و راستگۆن لەگەڵ واقیعی کۆمەڵایەتییان، بەڵام نەبوونی توانای جێبەجێ کردنی ئایدیۆلۆژیاو کەسانی دامەزرێنەری جا چی ئایدیۆلۆژیاکە حزب یا هەر لایەنێکی تر عەقیدەیەکی تر دایانئابێ ئەوا دووچاری شکست‌و خەیاڵ‌و شێواوی ئەبێت، کورد هەمیشە لە ئایدیۆلۆژیاکانی دروشمی ئەوتۆی هەڵگرتووە کە وەدیهاتنی مومکین نەبێ، هەر لە دروشمەکانی وڵات‌و یا کوردستان یانەمان‌و...بەڵام کاتێ ئەمە ئاوات‌و ئامانج بووە لەبۆتەقەی ئایدیۆلۆژیایەکی نەتەوەیی، ئەوا زۆر هۆکار بەربەست بوونە لەبەردەم وەدینەهاتنییان. ئەگەر ئەم ئایدیۆلۆژیایە وەکو لەساتی شۆڕشگێڕیدایە گەرکەسان‌و لایەنگرانی لەبڕواپێتەونەبن ئەوا زۆر ئاساییە، رووبکەنە لایەنێکیتر، (فۆکۆ ئەڵێ بەرلەوەی شەڕی سیستمێك بکەیت پێویستە ئەو سیستمە شی بکەیتەوە)، هەڵبەت شیکردنەوە رێگەی بیرکردنەوە فراوانتر دەکات، چونکە ناسینی دروست لە پراکتیك کردنەوە دێت سەرەڕای ئەوەی شەڕ لە دژی سیستەم لەنێو سیستمەکە خۆی لەگۆڕێ دایە.

بۆیەش ئەبینین شۆڕشەکانی کورد لەڕووی ئایدیۆلۆژیاو دروشمەکانییەوە، بەهەموو جۆرو شێوازەکانی خەبات‌و ئایدیۆلۆژیادا چوونە وەکو (مارکسی، سوسیالیستی،...) کەچی تا ئێستا گونجاندنیان لەسەر ئاستی بەیەکەوە ژیانە نەوەکو لەسەر ئاستی ئایدیۆلۆژیایەکی گشتگر، بەڵام ئەمە مانای یەکخستنی ئایدیۆلۆژیای لایەنەکان بەگشتی نییە، بەڵکو داوای سەرەکی ئایدیۆلۆژیا شۆڕشگێڕییەکە. دەبێ ئەوەش بڵێین کە پێشکەوتن‌و گۆڕان لە ناچوونیەکی شتەکانەوەیە.

زۆرجار بەتایبەت لەرۆژهەڵات کە رەچاوکردنی داب‌و نەریت‌و بەهاو ئایین بەزەقی دیارە حزب هەموو بەها باڵاکانی گەل یا کۆمەڵگە ئەگرێتە خۆی (ئایین، سیاسەت، نەتەوە، رەوشت...)هەندێك جاریش تەنها هەڵوێستی حزب دەگرێتەوە بەرامبەر ڕووداوو گرفتە سیاسییەکان.

هەر لە ئایدیۆلۆژیایە کە بۆچوونەکان وێنە دەکرێت، جا بۆچوونەکان واقیعی یا خەیاڵ ئامێز بن. دەکرێ بپرسین لەکاتێك ئایدیۆلۆژیکاران (دامەزرێنەرانی ئایدیۆلۆژیا) بەرژەوەند یان بێگومان لەخاڵی هەرە پێشەوەدایە دواتر حزب ئینجا ئەندامانی حزب، ئایا کاتێ بوونی هیواو گەیشتن بە ئامانج لەژیانی خودی مرۆڤەکەوە بێت، ئایا ئەم شێلگێریانە تێفکرین‌و توندڕەوی‌و خۆ بەکوشتندانە چی جێگەیەك بۆ ئامانجی خۆبەختکارەکان ئەهێڵێتەوە؟ (ماکیاڤیللی ئەڵێ ڕاستی دەچێتە پاڵ ژیانی تایبەت، بەڵام بەرژەوەندی رێسای سەرەکی سیاسەتە). دەبێ بڵێین ئیقناع کردنی ئایدیۆلۆژی یەکێکە لە گرنگترین مادە خاوەنی گوتار چی جا سیاسی یا ئایینی ....بێت. دەسەڵاتی سیاسی هەوڵ ئەدات لەمیانەی گوتاری ئایدیۆلۆژی سیاسی خۆی لاشەو مێشکی تاکەکان بەزیندانییەك بکات‌و لەرێگەی کلیلی دەسەڵاتەوە کە هەر ئایدیۆلۆژیاکەی دەسەڵات خۆیەتی نەبێ نەکرێتەوە. ئەگەرچی مارکس ئایدیۆلۆژیا بەساختە‌و خەیاڵ ئەزانێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەش ئەو چینەی بەرەهای دەزانێ بۆ ژیاندن‌و یەکسانکردنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی ئەوابێ ئایدیۆلۆژیانییە کە ئەمەش لەئەنجامی هۆشیاربوونەوەو عەقلانی بوون‌و پرۆسەی ئینعیکاسکردنەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ئەبێ کە (وەك پرۆسەی ئاوەژووبوونەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە وەك دەربڕینێك بۆ حەزو بەرژەوەندی چینێك یا کۆمەڵەیەك یا دەستەیەك کە

پێکهاتەیەکی چینایەتیو حزبی هەیە)، ئەمە وەکو شتێکی بەرجەستە نمایش ئەکرێ، واتە لەلایەن تەیاری هێزە چەپەکانو کۆمۆنیزمەکان وا ئەناسێندرێ، بەلاّم ئەمانە خۆیان بە ناکۆك ئەبینن لەڕووی پێناسی ئایدیۆلۆژیو حزب بەرامبەر بۆرژوا وەك ئەوەی مانهایم (کە یەکێك بوو لەو چەندین کەسەی بانگەشەی پووچەڵ بوونەوەی ئایدیۆلۆژیایان دەکرد)، مانهایم هەوڵ ئەدات بیرو بۆچوونەکانی (مارکس) لەمەڕ دروست بوونی ئایدیۆلۆژیا راست بکاتەوە، مانهایم دەڵێ (ئایدیۆلۆژیا بەرهەمی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانن، ئەو پێی وایە کە زاراوەی ئایدیۆلۆژیا لەو سیستەمە فیکریانە گەشە دەکات کە کەم تا زۆرێك موحافیزکارن، بەلاّم زاراوەی یۆتۆبیا لەو سیستمانە بەرجەستە ئەبێ کە خەیاڵی شۆڕشگێڕیان هەیە) واتە لەدەستەیەك یا چینێك ئەم هزرانە سیستماتیزە ئەکرێن کە رەنگە لەهەموو کاتێ بەم شێوە نەبێ، کارل مانهایم هەموو سیستمێکی فیکری بە شێوەیەکی ئاشکراو بەڕەسمی ئامانجی ئەوەیە پارێزگاری لەبارودۆخی ئێستا بکات وە دۆزینەوەی پاساوی پێویست بۆمەبەستی بەرژەوەندی چینی سەردەست ئەمەش بەلای ئەو ئایدیۆلۆژیایە، کە هەر بەلای مانهایم دووجۆری سەرەکی هەیە لە ئایدیۆلۆژیا (گشتیو تایبەتی).

تایبەتی بریتییە لە درۆیویژدانی شعوری وە هەڵخەڵەتاندنی دەروونی، بەلاّم سروشتی دەروونی تاك ئایدیۆلۆژیای تایبەت وای لێدەکات کە بەشێوەیەکی تر بیربکاتەوە بەرسڤی ئەو بارگیریو لایەنگیریکردنە بداتەوە، بەلاّم لە ئایدیۆلۆژیای گشتیدا تاك سەربەست نییە لەبیرکردنەوە لەچوارچێوەی ئایدیۆلۆژیای گشتی نەبێ وە ویژدانی درۆزن ئەبێت). مانهایم زیاتر لەنێو چەمکە گشتیو تایبەتییەکاندا جیاوازی دادەنێ ئەو پێی وایە بیرکردنەوە ئایدیۆلۆژییەکان سنوور بۆ چینی دەسەلاّتدار دانانێن، بەلاّم هەموو چینەکان بۆچوونی تایبەت بەخۆیانو روانگەیەکی کۆمەلاّیەتیو تایبەتو کۆمەڵێك بەرژەوەندی تایبەتییان هەیە، هەربۆیە ئەو بۆچوونانەی لەلایەن هەمو چینەکانەوە دێنە ئاراوە بەتەواوی ئایدیۆلۆجیستین، بەرای مانهایم هەلو مەرجەکانی ژیان ئایدیۆلۆجیاکان دروست دەکەن)، دۆزینەوەی هەریەکە لە مارکسیەتو بۆرجوازیەت لەو پێناسەیان دینەکایەوە کە هەریەکەیان وەك ئایدیۆلۆجیا دەریان ئەبڕی. (لەگەڵ ئەوەشدا چەمکی بەیەکەوە ژیانی ئاشتیانە زیاتر پەیوەندیدارە بەبواری سیاسەت نەوەکو ئایدیۆلۆجیا، بۆیە بە گشتی ناکرێ لەسایەی سەری سەرمایەداری یا برولیتاری ژیانێکی ئاشتەوای چێ بێت)، دیارە مارکس کاتێ باسی ئەم چەمکە ئەکات هەل لەبەردەم ئەوانیتر ناهێڵێتەوە ئەگەر رۆحانیانە بفکرن، بەلاّم لێرەدا دەکرێ شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم بەیەکەوە نەژیانە بگۆڕدرێ بۆ شێوە رۆشنبیرییەکەیان، چونکە ململانێی رۆشنبیریو ئایدیۆلۆجی هەردەمێنێ لەگەڵ ئەوە رۆشنبیریش بەهەموو جۆرەکانییەوە ئایدیۆلۆژیایان لەخۆگرتووە بەلاّم (ئەگەرچی هۆشیاری رۆحی ناچێتە خانەی ئایدیۆلۆژیاوە). لەگەڵ ئەمانەشدا مارکس ململانێی ئایدیۆلۆژی بەلایەوە بریتییە لە (پراکتیزەکردنی تەواوی یاساکانی مادییەتی دیالەکیتیکیو مێژوویی)، هیگل ئەڵێ (شەڕی هزرەکان بەرلە شەڕی سەربازەکانی دەستپێدەکات، وە بەهۆی بوونی ناچوونیەکی پەیوەندی لەنێوان چینە ململانێ کاردەکات پەیوەندییەکەشی پەیوەندییەکی ململانێیی ئەبێ)، بێگومان ئەم شێوە ململانێیە وایکردووە حزب هەردەم ئایدیۆلۆژیای نوێو لەپێناو بەرژەوەندی خۆیو مانەوەی پەخش بکاتو واش ئەندامەکانی بگەیەنێت. ئاشکرایە پرۆسەی ئەم ململانێیەی ئایدیۆلۆژیاکان بەخۆیانەوە دەیان بینن دەبنە پێوەرو داینەمۆی بزواندنی پرۆسەکە لەچوارچێوەی بالاّدەست بوونی ئایدیۆلۆژیا بەسەرتاکی حزبی یا کەسی بەرهەڵستکار، دیارە سیاسییەکانیش لەڕووی بونیادییەوەو رێکخراوکردنی خەڵك سوودمەند بێت لەوکاتە حزب ئاراستەیەکی دوگماتیکی وەردەگرێ. هەندێ بۆچوون دۆڕانو بەخەیاڵی بوونی ئایدیۆلۆژیا یا یۆتۆبیابوونی دەگەڕێتەوە بۆ بەحزبی بوونی ئایدیۆلۆژیا واتە خزمەتی ئایدیۆلۆژیا بۆ بەرژەوەندی چینێك یا حزبێك، ئەوەتا بەلای بۆرژوازیەکی وەکو بوخینسکی (ئایدیۆلۆژیا ناتوانێ بابەتییانەو زانستییانە بێ؟ چونکە حزبییە، وەلەبەرئەوەی حزبیەتی بوونی هەموو شێوە بابەتییەکەی فەلسەفیو زانستی رەت دەکاتەوە)، تا ئێستا زانستیو نازانستی ئایدیۆلۆژیا راست نەبۆتەوە بەلاّم

لەچوارچێوەی حزب بەهۆی پێڕەوكردنی دوگماتیكییانەی دەشێ نازانستی بێت، بەلاَم لەگەڵ ئەمانەشدا ململانێی نێوان ئایدیۆلۆژیاكان بەگشتیو ماركسو بۆرژوازی بەتایبەت گۆڕانكاری زۆریان لەخۆیانو لەدەوروبەر دروست كرد، تەنانەت لەنێو خودی بۆرژوازییەكان ئەوانەی كە حزبی بوونی ئایدیۆلۆژیایان بە نازانستی لەقەڵەم دەدا،هەر خۆیان پاشەگەزبوونەوە، ئەوەتا فەیلەسووفی ئەڵمانی (یاسبرس) بە پێچەوانەی بۆچوونی لەمەوبەری ئەڵێ (هیچ فەلسەفەیەك نییە بێ سیاسەت، وەبێ بەرهەم هێنانی سیاسەت بن) كەچی لەمەوبەر دژی بەحزبی بوونی فەلسەفە بوو) لینین پاش ئاماژە بە بوونی دوو هێڵی دژبەیەكو ناچوونیەك لەڕووی فەلسەفییەوە ئەكات، ئەڵێئەبستمۆلۆژیاو فەلسەفەی زانستی حزب لەفەلسەفە هەر لە كۆنەوە تا ئێستاش دوو هێڵ یا حزبی ململانێكاربوون ئەویشیان ، دیموقراتو افلاتون بوون) ئێمە نامانەوێ باسی زانستی و نازانستی ئایدیۆلۆژیا بكەین، بەلاَم دەبێ ئەوە بڵێین كە پێویستە بابەتییانە بڕوانینە كێشە ئایدیۆلۆژیاكان، بەوپێیەی كە ئایدیۆلۆژیا ئەخرێتە دووتوێی حزبێك رەنگە بەمانا زانستی یا نازانستییەكە بەكاربهێنرێتو لەهەمان كاتدا تەبلیغاتی بەرژەوەندی گشتیو بەرژەوەندی چینایەتیش لەهەمان كاتدا بكات، گوتاری ئایدیۆلۆژی جا لەچوارچێوەی حزب یا لە دەرەوەی حزب بێت چوارچێوەی كار سیاسەت دیاری دەكات، بەلاَم (گوتاری ئایدیۆلۆژی بنەچەو كاریگەرێتی خۆیو پاساوی بوونی وون دەكا، كاتێ دەسبەرداری مەنیقی زاتی ئەبێو مەنتیقی زانست بونیاد ئەكا، وەك چۆن گوتاری زانستی شەرعییەتی ون دەكا كاتێ مەنتیقی ئایدیۆلۆژیا بونیاد ئەكاو دەسبەرداری خۆی ئەبێت)

زۆرجار سیاسەتی رۆشنبیریو ئایدیۆلۆژی تێكهەڵكێشیەكی زۆر پتەو دروست ئەكەنو حزبیش سوود لەم رۆشنبیرییە سیاسیە وەرئەگرێت و ئەیخاتە بواری گفتوگۆو لێكدانەوە كە تیایا بەعەقلانی بوونی تیا دەرئەخات بۆ مەبەستی ڕاكێشانی هەرچی زووتری رۆشنبیرو خەڵكانی ترە)، بێگومان لەساتی دەست بەكاربوونی حزبو هۆنینەوەی ئایدیۆلۆژیا هەوڵی بوونە نێو كۆمەڵو دروست كردنی درز ئەدات تاخۆی بئاخنێتە نێو پەیوەندییە كۆمەلاَیەتییەكانی، گەرچی



پەیوەندییە كۆمەلاَیەتییەكان وەكو دوركهایم دەڵێ (جیاوازییەكی زۆر هەیە لەپەیوەندی هاوبەندی میكانیكی (التقامن العچوی) و پەیوەندییە ئۆرگانیكیەكان بەشێوەیەكی ئۆرگانیكیانە تاك ئەبەستێتەوە بە كۆمەڵگە، بۆیەش حزب دەشێ بەیەكێ لە پسپۆرانی گەشەسەندنی سیاسیدا بنێن)، (ڕۆكان) لە لێكۆڵینەوەكانی خۆیدا لەململانێو ركابەرایەتی ناو كۆمەڵگاوە دەست پێدەكاتو حزبە سیاسییەكانی بەبەرئەنجامی درزە نهێنییەكانی ناو كۆمەڵگە دائەنێت) واتە وەكو ماركس ئەڵێ (بویەری كۆمەلاَیەتی هۆشیاری كۆمەلاَیەتی دیاری دەكات، ماركس هەردەم هەوڵی فەلسەفەیەكی زیاترو ئایدیۆلۆژیایەكی كەمتری ئەدا، ئەوكاتەش هۆشیاری لەخاڵی تێفكرینو گومانو گەڕان بەدوای هەقیقەت سەرگەردان ئەبێو مرۆڤ لەهەوڵی گەڕانو بەدوای پەناگیری هەقیقەت پەلكێشی ئەكات (جووڵەو گۆڕانو پێشكەوتن لەسروشتو كۆمەڵگە هەروەها لەفیكر ئەنجامی ململانێی دژەكانە، لینین ئەڵێ هەوڵ دان بۆ تێگەیشتن لەشتەكانو لەیەكتر هەڵوەشاندنەوەیانو ناسینی بەشە ململانێ كارەكان، ناوەڕۆكە یا بەشێكی ناوەرۆكە سەرەكییەكەی دیالێكتیكە ئەگەر نەلێێین هەرە سەرەكیترینیانە،یەكێتی سروشتو ململانێی دژەكان یاسایەكە بۆ پێشكەوتنو فۆرمی ئایدیۆلۆژی بۆ مەعریفە ).

كەواتە هەوڵی حزب لە بنیاتنانو هۆنینەوەی ئایدیۆلۆژیا بریتی دەبێ لەپێبەخشینی ئومێد یا خەون بەئەندامەكانی بۆ واقیعێكی ترنا بەڵكو ئەمدیو، التوسیر (ئایدیۆلۆژیا دەتوانێ مرۆڤ لەتاك (فرد) بگۆڕێ بۆزات واتە گۆڕینی مرۆڤ لەبوونێكی غافڵەوە بۆ زاتێكی هۆشیاری ئامادە بۆ وەرگرتنی بەهاكان لەكۆتاییشدا دەبێتە زاتێكی سەربەستی هۆشیاری كارامە لە كۆمەڵگەدا) نكۆڵی لە هۆشیاربوونەوەیەكی لەقاڵبدراوی گۆشكراو بەتەنها ڕاست بینینی ئایدۆلۆژیای حزب حزبو سیاسەتەكەی، ئەمەیش لەرێگەی حزبو ئایدیۆلۆژیایەكەوە، (بێگومان ئایدیۆلۆژیا كانیش ناتوان خۆیان لە بەسیاسی بوون بپارێزن یا بە دوربگرن، لەسەدەی حەڤدەهەمەوە هەر ئایدیۆلۆژیایەك بۆچوونە تایبەتییەكانی

خۆی لەمەڕ سیاسەت بەرجەستە دەکات، لەراستیدا هەر لەسەدەی ١٩ بوو کە زۆربەی ئایدیۆلۆژیاکان بوون بە سیاسەتی دەسەڵاتداران).

لەهەمان کاتدا ئەگەر شێوازی بەکارهێنانی دوای دەسەڵات نەگۆڕابێت ئەوا بێ گومان ئایدیۆلۆژیا بۆتە میکانیزمێکی فەلسەفی حزب لەوکاتە، بۆ وەرگرتنی دەسەڵات. بۆیە شێوە بەکاربردن‌و تێگەیاندنەکانیشی لەخەڵك (حزبی) گۆڕدراوە، واتە نموونەی بلاّوکردنەوەو تێگەیاندنی لەخەڵك‌و ئەندامەکانی دەمێنێتەوە سەر شێوە پێڕەوی حزب، (یەکێك لەو ئاستەنگانەی دێتە بەردەم بلاّوبوونەوەی بەرفراوانبوونی ئایدیۆلۆژیا بریتییە لە هزری دیکتاتۆری دادپەروەرخواز) ئەم فیکرەش بێگومان وەکو کێشەیەکی دژەیەکی ناوخۆیی نەوەکو مەنتیقی کۆمەڵگە بچووك دەکاتەوە، سەرەڕای رەتکردنەوەی هەوڵی پێویست بۆ دۆزینەوە هێزی کۆمەلاّیەتی کاراو رێکخستنەکانی، بەم شێوە دەسبەرداری بکەرە کۆمەلاّیەتییەکان دەبێ، بەپێی ئەم بۆچوونەی کە گوایە ئەندامەکان تەنها جێبەجێکاری فرمانەکانن) ئەمە لەلایەك چەواشەکردنی ئەندامانی حزبە لەرێگەی ئایدیۆلۆژیاو، دەرخستنی خەسڵەتی راستەقینەی ئایدیۆلۆژیاشە لەهەمان کاتدا، دەکرێ ئەمە روانگەی ئایدیۆلۆژستەکان بێت بۆ سیاسەت، چونکە لای ئەوان سیاسەت بریتی بوو لە رەتکردنەوەی هەموو شتەکانی بەرامبەریان، (لەروانگەی هەر ئایدیۆلۆژیایەکەوە سیاسەتە باوەکان پادشای تاریکین‌و لەکاتێکدا سیاسەت‌و ئایدیۆلۆژیا هەوڵێکن بۆ رووناکی لەبەرانبەر ئەو تاریکایانەدا)، لەراستیدا بەکارهێنانی ئایدیۆلۆژیا لە بواری سیاسەت‌و حزبدا چەندین گۆڕانی بەسەرداهاتووە، ئەرکی شۆڕشگێرانەی ئایدیۆلۆژیا لەوەدایە کەشتەکان بهێنێتەوە شوێنی راستەقینەی خۆیان‌و ئەوەی راهێنراوە لەسەر (سەر) راوەستێ بگەڕێتەوە دۆخی سروشتی‌و لەسەرپێیەکانی راوەستێ) (پۆل-ریکور سێ ئاستی بۆ ئایدیۆلۆژیا داناوە کە ئاستەی یەکەمیان تیایاندا ئایدیۆلۆژیاوەك پەراوێزی شێوێنەر و ساختە دەرئەکەوێ کە ئەمەش لەبۆچوونی زاناکانی خاوەن تیۆری (هەڵوەشانەوە (پووچ بوونەوەی) ئایدیۆلۆژیا ئەچن کە بەلای مارکسییەکانەوە تیۆرێکی بۆرجوازیانەیە، لەئاستی دووهەمدا ئایدیۆلۆژیا ئەبێتە (پاساو-تبریر)



کاتێ گوتاری کۆمەلاّیەتی ئەگۆڕێ بۆ ئایدیۆلۆژیا، ئەو کاتە وتارەکە دەبێتە پاساو بۆ پاکانە بۆ دەسەلاّی سیاسی‌و خزمەتکردنی ئامانجەکانی ئەو دەسەلاّتدارانە.

سێیەم ئاستی بریتییە لە نوساندن‌و ئەرکی ئایدیۆلۆژیا ئیشکردنە بۆ بەهێزکردنی یا دەوری کۆ تاکو بەهای مەعنەوی‌و بنچینەیی ڕووداوە پێشینەکان بگاتە ئاستی (ئیمان)و باوەڕی هەموو تاکەکانی ئەو کۆمەڵگە، واتە کرداری دامەزرێنەر جارێکی تر ناگەڕێتەوە لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵگە نەمرناکرێت تەنها بەهۆی چەند تەئویلاتێکەوە نەبێت کە لەدوایدا بەردەوام ئەم کردارە سەرەکییە دادەرێژێتەوە).

کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لەرێگەی ئایدیۆلۆژیاوە ئیمان‌و باوەڕ سەبارەت بەناسنامەو خودی تایبەتی خۆی دروست دەکات، وە لەرێگەی ئەم سێ شێوازەی ئایدیۆلۆژیاوە دەتوانێ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەهێز تر بکات‌و مانەوەی دابین بکات لەو دۆخەی بهێلێتەوە کە تێیدایە، بەرامبەر ئەوەش ئەرکی یۆتۆبیا دەبێتە رزگارکردنی خەیاڵی کۆمەلاّیەتی لەسنوورە تەسکەکانی واقیعە ئامادەکەو فرێدانی خەیاڵ بۆ دەرەوەی (واقیع) بەم واتایە بە دۆگماتیکی کردنی ئایدیۆلۆژیا ئەرکی هەموو ئەو دەزگایانەیە کەپەخشی دەکەن، لەوکاتە بەدۆگماکردنی بەرتەسك کردنەوەی هزری‌و توندڕەوی لێدەکەوێتەوە، بەتایبەت لە ئایدیۆلۆژیا رۆحانییەکان. بێگومان ئەگەر ئەم ئایدیۆلۆژیایانە لەچوارچێوەی تاکە حزبێك پەخشکرا بەدڵنیایەوە هەمووکۆمەڵگە رەنگە هەموو کۆمەڵگە گوێڕایەڵی نابێ‌و بەتایبەت گومانکارەکان‌و مرۆڤە فەلسەفییەکان، راستە دەتوانێ کۆمەڵەو مرۆڤێك رازی بکات‌و ئەگەر دەسەلاّتداریش بێ ئەوا گومانی تیانییە کە دەتوانێ مرۆڤەکان لەحاڵی ئێستایاندا هەرنەبێ بهێڵێتەوە وەکو سیستمی سیاسی لە دەسەلاّتدا، کە ئەو کاتیش تاکەکان بەرەو دوگماتیکی پەلکێش ئەکرێن‌و دووچاری خۆ تەسلیم بوون ئەبن وەك ئەو بێ ئاگاییەی ئێستایان. واتە (دەکرێ بڵێین دەسەلاّت دەقی خۆی لەسەر لاپەڕەکانی لاشە دەنووسێ، لەرێگەی گوتارەوە ئامادەبوونیشی ئەبێ لەساتی بەکارهێنانی هونەریانەی ووشەکان لەقسەکردندا، چونکە لاشە بەدوای لەزەت‌و جوانی ئەگەڕێ کە لەوکاتەش گوتار بەم کارە

هەڵدەستێ، (بەلای گوتارەوە لاشە نیشتمانێکە بۆ راونان و گەڕان و داگیرکردنی، هەر لاشەشە کە چۆتە بواری وەبەرهەم هێنانی سیستەم رێکخستن، سەرەڕای ئەوەی ولاّتی جێبەجێکردنی دەسەلاّتی فەرمانڕەواییە لەرێگەی تەکنیکی زمان).

واتە لێرەدا دەکرێ بڵێین ئایدیۆلۆژیا هەوڵێکە بۆبەنێچیرکردن و چاو بەست کردنی تاك وێڕای ئەلقە لە گوێکردنێك چی جا ئایدیۆلۆژیایەکی زانستی یا نازانستی، یا سیاسی و غەیرە سیاسی بێت، لەچوارچێوەی حزبەوە بێت یان نا، گرنگ ئەوەیە بواری تاك نەدا لەمدیوو دووبازنەی ئایدیۆلۆژیاکەی شتی نەبیستێ بە سپێتی و پاکتر و روونتر، بێگومان بەهۆی ئەو ململانێیە توندەی بۆتە هۆی دروست کردنی رەوتی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی لە هەرەمێژووی دێرینەوە، ئایدیۆلۆژیا و هزری مرۆڤایەتی داینەمۆی ئەو پێشکەوتنە بووە، ئایدیۆلۆژیا کاتێ پیادە ئەکرا (لەهەر کۆمەڵگەیەك بوایە و جا لەچوارچێوەی حزب بێ یان نا لێکدانەوەی جیاو بەکارهێنانی جیای بۆکراوە، وە هەردوو دابەشکراوەکەی جیهان سوسیالیزم و بۆرژوازیزم کە بە دوو بلۆك ناسراون، کەچی لەراستیدا هەردوو بلۆکی یەکگرتوو لە دووتوێی ئایدیۆلۆژیاکانیان دەخستنەڕوو، گەرچی هەریەکەیان بەشێوەیەك لە ئایدیۆلۆژیاوتایبەتمەندیەکانی مرۆڤایەتی یا چینایەتی دەبینیەوە. مرۆڤەکانیش لەوساو ئێستاش لەحاڵەتی رەواندنەوەی گومان گەیشتن بە یەقین بەدوای سەوداسەری خۆیان دەگەڕان، ئالێرەدا کارلێکی دیالەکتیکی لەنێوان مرۆڤەکان و واقیع بوو بە دروست بوونی ئەم پرۆسە ئایدیۆلۆژیە نوێیە واقیعی و جیاوازەکانیش بوونە داینەمۆ و پێوەری چەندێتی و چۆنیەتی پێشخستنی ئەم پرۆسەیە، کامۆ (ئەو جیهانەی مرۆڤ دەیەوێت پێی بگات یا لەدەستی رابکات جیهانێکی سادەیە، بەلاّم ئامادەنەبوونی بەردەوامی پێویستی توانا عەقڵییەکان بۆ یەکگرتن و فەوزای جیهانی دەبنە هۆی ئەوەی کە ئەم تاکە یا ئەم مرۆڤە یا دەست بەسەر[١١٩] بێت یا دەربەدەر بێت لەم واقیعە یا حەقیقەتە یا خۆی بکوژێ).

ئایدیۆلۆژیا هەرچۆنێکی بێ پەیوەندی راستەوخۆی هەیە بەهۆشیاری تاکەکانەوەو بەهۆی ئەوەی کە ئایدیۆلۆژیا رەهەندی بوونی ئەو کەسەو تێگەیشتنی تاك بۆزاتی ئەم کەسەخۆی دەگۆڕێت و دەبێتە مەرجەعێکی عەقڵی نوێ، لە نموونەی ئەمەش وەك ئەوەی کە لە مادییەت و میسالییەت دەردەکەوێ) ئەوەی مرۆڤایەتی خستە دڵەڕاوکێ و نیگەرانی ئەو ململانێیە بێ ئەندازەیە بوو کە لەنێوان خودی مرۆڤ وەکو کەرەستە لەچوارچێوەی حزبی ئایدیۆلۆژیا بەرپا بو وێڕای ئەم ئاوەژووەی واقیع لەسەر هەست و عەقڵی مرۆڤ، لەدوای ئەوەی گەورەترین جەمسەری نەیاری بۆرژوازی کۆتایی هات، خودان هزرو بۆچوونە بۆرژوازییەکان بەلاغی ئەوەیاندا کە ئێستا سەدەی تەکنەلۆجیایە و ئایدیۆلۆژیا بەسەرچوو، کە (دیارە بەسەرچوونی یا رسواکردنی ئایدیۆلۆژیا بۆخۆی جۆرێکە لە ئایدیۆلۆژیا) بەم واتایە هەر هۆنینەوەیەکی هزری عەقیدی دەشێ ببێ بە ئایدیۆلۆژیا، بیرمەندانی کەپیتالیزم کاتێ بانگهێشتی (تیۆری پوچەڵ بوونەوەی ئایدیۆلۆژیاکان) ئەکەن خۆی لەخۆیدا هۆنینەوەی ئایدیۆلۆژیایەکە لەبەرژەوەندی ئەم چینە، کە لەم تیۆرەیان دا پشت ئەبەستن (بەبەرمەجەکردنی چالاکی زانستی سیاسی، بۆ چینی دەسەلاّتداری پاوانکەر، جا دووبارە پەیکەرکردنەوەی ئایدیۆلۆژیای بۆرژوازی و ئامادەکردنی بۆ رووبەرووبوونەوەو دژ وەستانی ئایدیۆلۆژیای بەرامبەرەکەی) کە بەلای ئەوانەوە ئایدیۆلۆژیاکانی تر پووچ و شێواون، یا هەوڵێکە بۆ گونجاندنیان لەگەڵ واقیع و گونجاندنی و وێنە خەیاڵییە کێشراوەکەی لەمەوبەر، هەرلەوکاتە بوو کە جۆرەها بۆچوون لەلای بیرمەندانی رۆژئاوا سەریان هەڵدا کە زیاتر جەختیان لەسەر پووچەڵ بوونەوەی راستەقینەی ئایدیۆلۆژیا دەکرد، بۆ نموونە لەلای فۆکۆ ئایدیۆلۆژیا بووبە مەعریفەیەکی ڕەها، لەلای التوسیر هۆشیارییەکی قەڵبە کە مەرجەعییەتەکەی نائاگاییە، لەلای شتراوس بریتی بوو لە هزرێکی ئەفسانەیی، لەلای دورکهایم بووبە (اشباح)، لەسەرووی هەموو ئەم زانایانەش کە سەر بەپووچەڵ بوونەوەی ئایدیۆلۆژین ئەوا (مانهایم باس لە ئایدیۆلۆژیا[١٢٠] دەکاتەوە کە جۆرێکە لەدیاردەی ناچینایەتی لەژیانی کۆمەلاّیەتی وەبەشێکی زۆری خەڵك لێی بێ بەرین و وەرناگرن، کەواتە بەشێکی زۆری خەڵك بێ ئایدیۆلۆژیان) هەروەها (هایدگرو مانهایم) بە (هۆشیاری (بەرامبەر)یشیان دانا.

بێگومان ئەمانە دەرئەنجامی کۆتایی ململانێ‌و تاقیکردنەوەی هەردوو دەسکەوتی کامپەکانیان بوو کە بەناوی جیای وەکو (پووچەڵ بوونەوەی ئایدیۆلۆژیا، کۆتایی مێژوو، پێکدادانی شارستانییەتەکان) هاتنە ئاراوە وەك جیگرەوەیەکی رەهای سەرکەوتوولەم ململانێیە جیهانییەی ئایدیۆلۆژیا... کەواتە ململانێ لەم لایەنەش کۆتایی نایە، چونکە تەنانەت وەستانی بێ بەرەنگاریش بۆخۆی ئایدیۆلۆژییە، یا گەر بڵێین ئایدیۆلۆژیای مارکسیەت بە ٠کۆمەڵگەی شیوعی) سەرتاسەری‌و سەرکەوتنی ئایدیۆلۆژیاکەیان کۆتایی هات، ئەوا مانای نەمانی ئایدیۆلۆژیاو تەنانەت یەکجارەکی چینی نەیاریش نادات. بەڵکو بالاّ دەست بوون‌و تاك ڕەهەند بوونی ئایدیۆلۆژیاکەیە، لەساتی ئێستاش چەندی تەبلیغاتی کۆتایی مێژوو یا پووچەڵ بوونەوەی ئایدیۆلۆژیا بکرێ ئەوا مانای کۆتایی ئایدیۆلۆژیای مارکسیتی یا هەر یەکێکی تر نادات، چونکە خودی مارکس مێژووی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی لەرێگەی ململانێوە دەبینێ لەنێو کۆمەڵگە. کەوابێ ململانێ مۆتیڤ‌و خاڵی سەرەکی دروست بوونی هەموو هزرێکە، کاتێ (هانتینکتۆن) باسی ململانێ‌و پێکدادانی شارستانییەتەکان ئەکا ئەوا لەوکاتە عەولەمەیەکی ئەمریکی باڵی بەسەر سیادەی جیهانی کێشاوەو سیادەی دەوڵەتەکانی بڕیوە گەر نەڵێین نەماوە بەڵکو لەجێگەی سیادە هەیمەنە بالاّدەست بووەو ململانێکە هەرماوە کە دەکرێ ئەمە وەك بەرسڤێك بێت بۆ تیۆرەکەی (پووچەڵ بوونەوەی ئایدیۆلۆژیا)، چونکە خودی ململانێ‌و پێکدادانی شارستانیەتەکان‌و هەیمەنەکردنی ئایدیۆلۆژیای سەرمایەداری کە ئێستا (عەولەمە) نوێنەرایەتی دەکات ئایدیۆلۆژیا سەرەڕای ئەوانەش هەر لەم چوارچێوە چۆن وا بەسانایی دەکرێ شەڕی ئایدیۆلۆژیا ئایینییەکانی ئەم دەڤەری گەرمەشەڕانە وەکو (کوسوڤا، شیشان، فەلەستین، فلیبینوعێراق،سعودیە...) بکرێ لەوکاتە ئەمانە تازە خەریکی سەرگەرم کردنەوەی ئایدیۆلۆژیاکانیان بەناوی ئیسلامی سیاسی، کە ئەمانە وێڕای ئەو نەزعە تایەفەگەریانەی لەولاّتانی (روندا، ئەندنوسیا، میسر،...جزائیر..تیتیەکان) بەرقەرارن، ئا ئەمانە ئایدیۆلۆژیانین؟، ئەگەر سەیری ململانێی (فەلەستین‌و



یەهودیەکان) بکەین ئەبینین لەم دیو ئایدیۆلۆژیای دەوڵەتەکەیانەوە، گروپێکی ئایدیۆلۆژی خاوەن فشاری ئایینی سەرکردایەتیان دەکەن، دەشێ لەمەیان عەولەمە ئەم لایەنە (ئیسرائیل) لەدەرەوەی بازنە دابنێت، چونکە گەروانەبێت، لەکاتێکدا شەڕی ئایدیۆلۆژیای ئایینی لەسەر بەموڵك کردنەوەی مزگەوتێك یا خاکێکە، ئیتر چۆن ڕێگەی هەڵگرتنی سنوورو یەکگرتنی دەوڵەتان‌و بازاڕی هاوبەشی ئازاد رائەگەیەنێت، دەکرێ بڵێین سەرئەنجامی ململانێی شارستانییەتەکان ناکرێ لە ئایدیۆلۆژیایەکی پڕ سەڕامەت پڕ بکرێتەوەو ململانێیەکی خوێناوی لێ بکەوێتەوە کە دەکرێ بڵێین ململانێی شەڕی سارد بەسووکتر کۆتایی هات، چونکە دەشێ ئەم ململانێیە ئایدیۆلۆژییەی بەشێوەی شەڕ بەڕێوە ئەچن لەکاریگەربوونی ئەفسانەو رەمزە موقەدەسەکانی ئایینی یەهودیوەکو (گەلی هەڵبژێردراوی خودا)و هەڵگری دوایین پەیامی ئایینی‌و خاوەنیەتی کردنی لەلای موسوڵمانان، هەردوولا لەسەر خۆ بە نەرجسیەت کردن شەڕەکە درێژە پێبدەن، (ئیدوارد شێلز خاوەن تیۆری کۆتایی ئایدیۆلۆژیا زانایەکی لیبرالە لەسەردەمی شەڕی سارد ئەم تیۆرەی داڕشت (سەرچاوەکانی ئایدیۆلۆژیا داخراون لە بەردەم دیاردە تازەکان) لەکاتێکدا زۆربەی چاودێرە سیاسییەکان پێیان وابوو کە ئایدیۆلۆژیاکان لەدەیەی (١٩٥٠) بەرادەیەکی بەرچاو دادەمرکێنەوە، کۆمەڵێکی تریش پێچەوانەی ئەم بۆچوونەن، پێیان وابوو کە سەرهەڵدانەوە یا زیندووبوونەوەی ئایدیۆلۆژیا لەنێو حزبە سەرەکییەکانیش نەبێ لانی کەم لەنێو کۆمەڵەکاندا زیندووبوونەوەی ئایدیۆلۆژیا ئەبینرێ لەکۆتاییدا سەرجەم ئایدیۆلۆژیاکان بەیەکەوە سەلماندیان کە هێشتا سەردەمی کۆتایی ئایدیۆلۆژیا نەهاتووە) ئەگەر مارکسییەت سەربکەوتایە ئایا دەکرا بڵێین ئایدیۆلۆژیای برجوازی کە خۆیان واتە ئایدیۆلۆژیاکەیان بە مەتیقی‌و زانستی ئەزانن ئیتر باویان نەماوەو کۆتاییان پێ هاتووە، دەشێ لای مارکسییەت بورجوازی هەرگیز ئایدیۆلۆژیانە بێ، بەلاّم ئەی چۆن توانیویەتی بەرەنگاری مارکسییەت ببێتەوە گەر ئایدیۆلۆژیای نەبێت؟ بەهەرحاڵ ناکرێ وا بەئاسانی باوەڕ بە کۆتایی ئایدیۆلۆژیاو کۆتایی مێژوو بکەین وەك بەواتایەکی تر

لەمەوبەر ووتمان کە ئێستاش پێویستە بڵێین مارکسییەت کۆتایی مێژوو ئەبەستێتەوە بە تیۆرو خودی ئایدیۆلۆژیاکەی مارکس خۆیەوە کە ئەویش گەیشتنە قۆناغی (کۆمۆنیزم)ە، لەوکاتەی (کەپرۆسەی دیالەکتیکی مێژووی لەسەر بنەمای حەتمیەتی ئابووری دەگاتە قۆناغی کۆتایی مێژوو-کۆمۆنیزم- کە تیایا دژکاریو جیاوازییەکانی پێشوو کۆتایی پێدێتو کۆمەڵگەیەکی بێ چینو دەوڵەتو حوکمڕانی مرۆڤ لەسەر شتەکان دەرئەکەوێ)

بەم واتایەی مارکس (ململانێ حەقیقەتێکی ڕەهایەو لەنێوان چینەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، ناکرێ لێی جیابێتەوە تەنها بەگەیشتنە قۆناغی (کۆمەڵگەی کۆمۆنیزم).

گەر ململانێی چینەکان بە دروست بوونی(کۆمەڵگەی کۆمۆنیزم) کۆتایی بێ، ئەوا مەرج نییە ئایدیۆلۆژیا ئەگەر لە چوارچێوەی کۆمەڵیش نەبێ ئەوا لەلای تاکەکانی کۆمەڵگە لە ڕێگەی کردەیی کۆمەڵایەتیو بەرژەوەندییەکان کۆتایی بێ ئەوەتا ماکس ڤیبر ئاماژە بە (ململانێی چینایەتی ناداتو باوەڕی پێی نییە، بەڵکو لەوباوەڕەدایە کە ململانێ لەنێو تاکەکانی کۆمەڵگە لەسەر ڕۆڵو پایە وەزیفییەکانی کۆمەڵگە ڕووئەدات، هەروەها ململانێ لەنێون چینی ناوەڕاستو چینی کرێکاردا نییە بەتایبەت کە سنووری کۆمەڵایەتیو مادیو دەروونی نێوان چینەکان روونو ئاشکرا نییە بەهۆی بزاوتی کۆمەڵایەتی (Socialmobility) ئایا لەوکاتەی مارکس ڕائەگەیەنێ گەر ئایدیۆلۆژیای چینی کرێکار سەرکەوتو گەیشتە قۆناغی کۆتایی ئایا ئەوسا دان بەم تیۆرەی ڤیبر کە لەمەڕ ململانێی تاکەکانە لەسەر رۆڵو پایەی کۆمەڵایەتییە دائەنێت، لەکاتێك خودی مارکس ئاماژە بە نەمانی چینەکان ئەکات، (کارل مانهایم ئەڵێ دینامیکییەتی کۆمەڵایەتی شتێکی ڕەهایەو لەهەموو بارودۆخێك لەمێژووش دووبارە نابێەوە، جیهانیش هەمووکاتێك شتێکی نوێی ڕەها هەرگیز دووبارە نابێتەوە پێشکەش دەکات، ئەمانەش مانای ئەوەنییە کە هەقیقەتەکان ڕاستین تەنها جارێك نەبێ) کەواتە لەمیانەی ئەم دینامیکییەتە کۆمەڵایەتیو سیاسیەی هەر کۆمەڵگەیەك حەتمیەتێك ڕووئەدات ئەویش گۆڕانە نەك بنج بەستنو کۆتایی هاتن چی جا



کۆتایی چینێك یا مێژوو یا هەرشتێك کە لە پێکدادانی شارستانییەتەکان یا ململانێکانی ئایدیۆلۆژی، سیاسی، ئایینی یا شارستانییەتەکان خۆیان ڕووئەدات، ئایا وەك بەشێك لە کلتووری شارستانییەتی هەر کۆمەڵگەیەك پشکدار نابێ لە گۆڕینی واقیعی کۆمەڵایەتی بێگومان لەو کاتەش تەنانەت دوورناکەوێتەوە لە کۆتایی هاتن لەکاتێکدا گۆڕان وەکو داینەمۆو مۆتیف بۆ بەرەوە پێش یا گەڕانەوەی ڕووداوەکان نابیتە هۆی هێنانە کایەی ئایدیۆلۆژیاو هزری نوێو دوور لەڕەهابوون کە دەکرێ ئاماژە بە جیهانی سێ بکرێ وەك یەکێك لەنیشانە سیرەلێگیراوەکان. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە هەندێ وڵاتی تر دەکرێ بڵێین ڕاستەوخۆ دووچاری ئەم پێکدادانە ئەبنەوە، کە (حزب)ین یا نا ڕۆڵی یا جێگەی فریادڕەسی گرتۆتەوە، بێگومان زەبروزەنگی نێو ئەم حزبانەش واتە حزبەکانی دنیای (چوار) گەر نەڵێین سێ شێوەی بەرایی (بدوی) بە خۆیەوەگرتووە، جا ئەم هەڵسو کەوتە لەگەڵ خەڵکانی ئەندام لە حزب یا لەدەرەوەی حزب.

## سیاسەتی فریادڕەس

لەگەڵ گۆڕانەکانی مێژوویی مرۆڤایەتیو هۆشیاربوونەوەی مرۆڤ لەژێر هەر جۆرە کارتێکردنێك بێت ئا لەوکاتە کارکردن لەشێوەی دەستەجەمعی دەرئەنجامی خوێندنەوەو بەرجەستەکردنی عەقڵو کەڵك وەرگرتنە لەئاڵو گۆڕەکانو شتە بنەڕەتییەکان، تێکەڵکێش کردنی بیروڕاو هەلو مەرجەکانی گونجانو کارپێکردن بەعەقڵیەتێکی هۆشیارو دەست کەوت لەم تێکەڵکێشییەو دەسکەوتی بۆچوونی نوێی ژیان لەم لایەنو ئەو لایەنانەی کە هەلو مەرجی زاتیو بابەتیان هەیە دیاربکەن، سەرەڕای فراوانکردنی بواری سیاسەت لەڕووی فەرهەنگییەوە واتە خۆ پڕ چەککردن بە فەرهەنگە شۆڕشگێرییەکان، پیاچوونەوەو گەڕان بەدوای رەگەزە ناچالاکەکانی فەرهەنگی سیاسی هەر حزبێك یا دەسەڵاتێك بۆ ساتەوەختێکیش بێت دەتوانێ بۆ داهاتوو سوودی لێوەربگیردرێ وە لەحاڵی پێداچوونەوەو پێداگرتنی لەسەر گۆڕینی بۆ رەگەزی

ئەوتۆ  کە ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسی پتەو بنیات بنێ بۆ مەبەستی چالاكتركردنی حزب وە دەسەلاتەکەی (ئەوەی  کە زۆر کار لە گۆڕانی سیاسەتی حزب یا ئایدیۆلۆژیای حزبی بەگشتی دەکات پێویستییەکانی ژیانو دەوروبەرە، سەرەڕای کەڵەکەبوونی فکریو مەعریفیو دواتر توانای بونیادی کۆمەلایەتی لەمەڕ ئەو گۆڕانانەی ڕوو ئەدەن تاچەند ئەگونجێن لەگەڵ ئەم بونیادە، لەگەڵ ئەوەی (هیگل) باوەڕی وایە کە ژیان بۆ بەختیاری دروست نەبووە، بەلام لەهەمان کاتیشدا گەڕانی ژیان لەپێناوبەختیاریو گەیشتنە یەقین دوای ئەو هەموو گومانانەی مرۆڤ لەژیان وەریان ئەگرێتو لەلای ئەو هزروتێڕامان چەکەرە ئەکەن، تا ئەوکاتەی خۆی پێ هۆشیار ئەبێ لەلای هیگل ململانێی دوو هێز (کۆیلە، خاوەن کۆیلە) کۆتایی نایەو حەتمیەتی واتە حەتمیەتی تراژیدیەتی مێژوو (چەوساندنەوەی مرۆڤ)، ئەمە مانای حەتمیەتی بوونی کۆیلە وەك مۆرکێکی شارستانی ناگەیەنێ، کۆیلە بەحوکمی بەئاگابوونەوە، بڕوای بەئازادی هەیە، ئەزانێ کە جیهان موڵکی ئەوەو پێویستە ئازادبێ، بەلام ترس لەمردنو ڕووبەڕووبوونەوەی بۆجەنگێکیتر وای لێ دەکات کە باوەڕ بەئازادی زات یا ئازادی لەبیرکردنەوەیداهەبێ. واتە لێرەدا هیگل ئاماژە بۆ ئایدیۆلۆژیای کۆیلە ئەکا)، کاتێکیش مرۆڤ فەلسەفیانە ئەچێتە ژیانو ئایدیۆلۆژیایەکی فەلسەفی، بەومانایەی لایەنی فەلسەفی بگرێتەخۆ نەوەکو تەژی ئایدیۆلۆژیا بێت، تاوەکو شادیو ئازادی زیاتر لەژیان بۆ خودی مرۆڤە هزرمەندەکە فەراهەم بکات-ناکۆکییەکانی ئایدیۆلۆژیای گومانکاری بەرەو قۆناغێکی بەرزترمان ئەبات، واتە کۆیلە پەنا ئەباتەبەر بیروباوەڕی ئایینی، بەڕای هیگل) واتە بۆ خۆ دۆزینەوە مرۆڤی کۆیلە، پەنا ئەباتە بەر کۆیلە بوونێکی تر کە تەسلیم بوونە بەدەسەلاتە غەیبییەکان یا گۆرینەوەی جۆریەتی کۆیلایەتییەکەی، ئەلبێر کامۆ لەکتێبەکەی (یاخی) ئەڵێ یاخی ئەو کەسەنییە پەیرەوی لەهەندێ ئایدیۆلۆژیای ڕاستڕەو بکات، بەڵکو کەسێکە دەتوانێ لەبەرامبەر ناعەدالەتیدا بڵێ (نا)، وەك لەلای هیگل ئینتیمای مرۆڤ (کۆیلە) بۆئەوانەی خۆی پەنا دەباتە بەر ئایدیۆلۆژیایەکی گومانکاری دواتر بیروباوەڕی ئایینی ئەبات-(کامۆ) هەمان گومان ئەرەوێنێتەوە

کاتێ ئەچێتە دووتوێی ئایدیۆلۆژیایەکی سوسیالیستی یا ریفرۆمی راستەقینەی دوور لە تۆتالیتاریزمی مارکسی، بەلام کاتێ دیسان گومان دروست ئەبێتەوە ئەوکاتە (یاخی)یەتیەکە لەگشتگر دەرئەکەوێ کەبەرامبەر ناعەدالەتییەکاندا بڵێ (نا)، ئەم یاخی بوونە لەکۆمەڵگە یا ئایدیۆلۆژیای سیاسی حزب هەندێ مرۆڤ تووشی نامۆیی دەکا، مرۆڤیش بەمەبەستی خۆ دۆزینەوەو دوورکەوتنەوە لەم (نامۆبوونە) ئایدیۆلۆژیا یا بۆچوونێك ئەکاتە داینەمۆی بەردەوامکردنی ئەم خۆ دۆزینەوەو گەشەپێدانەی بەعەقڵی خود، بەلام دەکرێ بڵێین لەچوارچێوەی ئایدیۆلۆژیا عەقڵ ئەخرێتە چوارچێوەیەکی لەقاڵب دوای ئەوتۆ کەتاك تەنها لە خودی پێگەی سیاسی ئایدیۆلۆژیاکەی بڕوات، بەوواتایەی ئەقڵ ئەخەسێنرێ، کە ئەمەیش هەر لەچوارچێوەی خۆ دۆزینەوەیە بەلام لەچوارچێوەکراوی یەکێك لەئەرکەکانی ڕاهێنانی کۆمەلایەتی گۆڕینی تاکە لە شێوەی بایۆلۆجی بۆ تاکێکی کۆمەلایەتی بەلام چوونی تاکەکەس بۆ نێو کۆمەڵگە یەکێکە لەشوێنەوارە لاوەکییەکانی ئەندام بوون لەحزبێك وە گواستنەوەی تاکەکەس (لەسروشتەوە بۆ کولتوور) یەکێکە لەئەرکەکانی هەموو گروپە کۆمەلایەتییەکان،(ڕاکێشانی تاکەکەس لەجیهانی دوورە پەرێزیو بەستنەوەی بەگرفتەکانی کۆمەڵگە یەکێکە لەئەنجامەکانی گەشەسەندنی، دەتوانین بڵێین حزب یەکێکە لەپسپۆرانی گەشەسەندنی سیاسی)

ئەم ئینتماکردنەی تاك بۆ حزب لەباوەڕهێنان بە گوتاری سیاسی حزب کە خۆی لە ئایدیۆلۆژیا نمایش دەکا دەبینێتەوە وەك ناچارییە جا لە بەرهەرچی یەك بێت (واتە ئینتمائێکی بەزۆر یا ئازادانە) بێگومان یەکێك لە خەسڵەتەکانی ئایدیۆلۆژیای حزب جڵەوگیرکردنی تاكو دەرکردنی هەرچی ئایدیای رابردووە لەمێشك و تێ ئاخنینی ئایدیۆلۆژیای حزبە واتە پێکهێنانی مرۆڤێکە بتوانێ بەهەمان ئاراستەی حزبیو ئایدیۆلۆژیای حزبەکەی بابەتە جۆراوجۆرەکان هەڵسەنگێنێ (ئامانجی ئایدیۆلۆژیاو ئەقیدەکان بەگشتی ئەوەیە کە ئەو هزرەی پەیوەندیدارە بە گۆڕینی واقیعی کۆمەلایەتی بسەلمێنن لەگەڵ مەنهەجەکەی

یاخود دامەزراندنی بونیادی ئوریگنالی دەرنەچوو لەخانەی دەلالەتی (دەربڕینە) مەعریفییەکان)

لەگەڵ ئەوەشدا هیچ کۆمەڵگەیەك نییە لەمێژوودا کە دیدگەو بۆچوونی ئایدیۆلۆژی تیا نەبێ؟

(ئایدیۆلۆژیا هەردەم سیفەتێکی کارکردەی دەستە جەمعی وەردەگرێو زۆرترین هەوڵ ئەدا بۆ خستنەکاری مرۆڤەکان لەو چوارچێوە کۆنکرێتییەی ئاماژەی بۆدەکا (دیاری دەکا) وە لە هەمان کاتدا وای کارئەکات کە تیایا تاکەکانی باوەڕ بە ئایدیۆلۆژیا جا چی حزبی سیاسی یا کۆمەڵایەتی بێت لەشێوەی ئەمیبا بکەونەجولە بۆ مەبەستی هاندانی خەڵکە سادەکە (انتوانی گرامشی ئەڵێ ئایدیۆلۆژیا وێناکردنێکی جیهانە کە وەکو عەقیدەیەکی کارکردنی لێ دێ نەوەکو پێش بینی کار کە ئەمەش حاڵی سەرەکی سیستمی کۆمەڵایەتییە، چونکە دەوڵەتو کۆمەڵگە تەنها لەسەر زەبرو زەنگی ناوەستن بەڵکو لەسەر هەیمەنەتی ئایدیۆلۆجیش ئەوەستن)، ئەگەر ئایدیۆلۆجیا بۆ هێمن کردنەوەو دوورخستنەوەی ئاژاوەو زەبروزەنگ بێ، کەوابێ شەڕەکان لەدەرەوەی ئایدیۆلۆژیاوە ئەبن، واتە ئایدیۆلۆژیا دەکرێ سازشی لەسەر بکرێو رەهاییانە لێی نەڕواندرێ، ئەگینا ئەم ململانێ نێو چینەکان لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆژییەو میکانیزمی ئەم ململانێیەش تاکەکان ئەیبەن بەڕێوە (یا هەوادارانی) ئایدیۆلۆژیا وەکو (پول ریکور ئاماژەی بەسێ ئاستەکەی ئایدیۆلۆژیادا کە (شێواندن، پاساودان، نوساندن) ئەوا دەکرێ بڵێین کە کۆمەڵگە بەهۆی ئایدیۆلۆژیاوە باوەڕو ئیمان سەبارەت بەناسنامەو خودی تایبەتی خۆی دروست دەکاتو لەرێگە ئەم سێ شێوەیەوە ئایدیۆلۆژیا دەتوانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی پتەو بکاتو مانەوەی دابین بکاتو لەدواییشدا دەتوانی لەم دۆخەی دابهێڵێتەوە کە تیایەتی، ئالێرەدا ئەرکی یۆتۆبیا ئەبێتە چی)؟ ئەم ئەرکەی یۆتۆبیا لەمیانەی قسەو لێکۆڵینەوانمان ڕوون ئەبێتەوە، کاتێ ئایدیۆلۆژیا لەهەر چوارچێوەیەك بەکاری ناسنامەو پتەوکردنی ئیمانو باوەڕ بەخود هەڵسێ، ئەوا مانای بوونی قەیرانە؟ (چونکە جەخت کردن لەسەر شوناسنامە (الهویە خۆی لەخۆیدا هەموو کات



نیشانەی بوونی تەنگەژەیە، کۆمەڵگە خاوەن دینامیکییەکان هەرگیز مەسەلەی لەم چەشنە ناخەنە بەردەم خۆیان لەبەرئەوە هەرچەندە ئیشمان لەم جۆرە کۆمەڵگەیانەدا لەکاتێکەوە بۆ کاتێکی تر ڕووی خۆی بەرەو ڕابردووەکەی وەردەچەرخێنێت، بەڵام دەمو دەست ئەوەتێ دەگات کە کۆمەڵگە لەوکاتەوە تائێستا زۆر گۆڕاوە، بەڵام کۆمەڵگە داگیرکراوەکان بەشێوەی دوودڵی دەڕواننە رابردووەکەیان وەك ئەوەی نیعمەتێکی ونبووەو ئەمان ئەیدۆزنەوە)

کەواتە ئەم تەنگژەیە هاوشانی تەنگژە سیاسیەکەیە، تاك هەوڵ ئەدات خودی خۆی دیاریبکات، واهەست ئەکات کەلەم چوارچێوە ئایدیۆلۆژییە بترازێ خۆی وون دەکاتو سەرەڕای ئەوەش داهاتووی نادۆزێتەوە تاوەکو رابردووی لەسەر بنیات بنێ، کە ئەمە زیاتر لەوڵاتانی دنیای سێو چوار بەرقەرارە، دەکرێ بڵێین ئەمە وەکو (کۆی خەیاڵی لێ دێت) کە تیایا ئەم خەیاڵکردنە مانای وەزیفە بەخشین وەك رێگەیەك کە لێوەی مەعقولیەت یا مانای لێ دروست ئەکرێ، ئەگەر لەچوارچێوەی هەر هۆنینەوەیەك بێت یا داتاشینێك بێت ئایدیۆلۆژیا لەرێگەی خەیاڵ یا یۆتۆبیا ئەو عەقڵ بە عەقلانە ئەکات واتە بەهاداتاشینە بۆ بوون لەساتی ئێستاو سەرکەوتنی لەئایندەدا، کە ئەمەش رەهایی مامەڵەی ئایدیۆلۆژیا ئەگەیەنێ (لەگەڵ ئەوەی یۆتۆبیابەسەر ئێستا زاڵ ئەبێو بەرەو دواڕۆژ ئەچێ، ئەو ئایدیۆلۆژیا ئێستا وون دەکا لە هەوڵێك بۆ دۆزینەوە لەچوارچێوەی رابردوو) دەشێ زۆر ئایدیۆلۆژیا لەنێوانیان ئایینیو مارکسی خۆیان لەم خەیاڵەو یۆتۆبیایانە بەدەربنێن، کاتێ مارکس-انجلز ئایدیۆلۆژیا پەیوەست ئەکەن بەبارو دۆخی مادی مێژوویو هزر ئەکەن، لەوکاتە بەلای انجلز تاکە بابەتی هزری جیهانو یاساکانی هزر خۆیەتی بێگومان نمایشکردنو بەرهەم هێنانی هەر ئایدیۆلۆژیایەك شێوە منەتکردنێکی سیاسیو کۆمەڵایەتی لەچوارچێوەی حزب بەسەر تاکەکانەوەی تیایە، بەهۆی ئەو پێکهاتەی وەك هێزێکی بەدیهێنەری خواستو ئامانجەکانی کۆمەڵە چەوساوەو بێ دەرەتانەکانە، واتە بەر لەهیچ شتێك شەرعیەت بە خۆدانی هەر حزبێکی سیاسی لەچوارچێوەی ئایدیۆلۆژیاکەی بەدیار دەکەوێ. بەمەبەستی پشکداریو هاوکاری

لەلایەن دروست کردنی دەسەڵاتی سیاسی حزب وەك ڤیبر (دەسەڵاتداریێتی فەرمانێکە بەناوەڕۆکێکی تایبەتو دیاریکراو کە شانسی ئەوەی هەبێت لای کەسانی فەرمان بۆ دەرکراو (ژێرەوە) گوێرایەڵیو ملکەچی بۆ بدۆزنەوە) وێڕای بەعەقڵەنەکردنی تاك لەچوارچێوەی ئایدیۆلۆژیاو کردنی بۆ خودو کردنی بەمیتۆدێکی ئاڕاستەکراو گونجاو بەستراتیژیەتی ئایدیۆلۆژیا کەسەرچاوەو مەبەستی سەرەکی ملکەچ پێکردنیەتی، لەهەمان کاتیش وەڵام دانەوەی تاکە بۆ ملکەچ بوونی بەرامبەر دەسەڵاتی ئایدیۆلۆژیای حزب بەمەبەستی مانەوەی تاسەر لەدەسەڵاتو هەردەم هەوڵ ئەدا لەرێگەی کەناڵە جیاجیاکانی پەخشی ئایدیۆلۆژیایێکی ویژدانی سیاسی لەلای خەڵك بەگشتی دروست بکاتو ئەندامەکانی خۆی پتەوتری بکات، کە مناقشەکردن لەسەر مانای گومڕایو خۆخەڵەتاندن دەنوێنێ. لەسەردەمی ئەمڕۆماندا نابێ ئەوە لەیاد بکەین کەحزبێك یا کۆمەڵە حزبێك ناتوانن سەرجەم هزروئیرادەو داخوازیەکانی گەل نوێنەرایەتی بکەنو بەلاّم کورتترین ڕێگە بۆ ئەم مەبەستە ئەدۆزنەوە کە (دیموکراسی)یەتەئەگەر چی پڕاکتیزەکردنی گرانە کە دەکرێ بڵێین خاڵی هاوبەشی زۆربەی پارتە سیاسی‌یەکانی ئەمڕۆیە. (لەولاّتانی جیهانی سێیەم کە تائێستا کێشەکان لەچوارچێوەی سەلماندنی نەتەوەییو خاك قەتیس ماون حزبەکانیش ئەمانە ئەبیننەوە، چونکە دابڕانە کۆمەڵایەتیو نەتەوەییەکان کە لەسەدە کۆنەکانەوە بۆیان ماوەتەوە ڕووبەڕووی زۆر کێشەی کۆمەڵایەتیو سیاسیان ئەکاتەوە. زۆرکات حزبەکان تووشی تەنگی ئەبنەوە کاتێ داکۆکی لەچینێك یا چینایەتی ئەکەن، بەرامبەر ئەوەش واپیشان ئەدەن کە بەتەواوی لەگەڵ بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان دەگونجێن) ئاڵێرەدا ئایدیۆلۆژیا پروگرامو ئامانجیحزب دیاری دەکات کە لەڕێگەی دەستەی دەنگدەرانەوە لایەنگیری پێدەکرێتو ئەمیش کاردەکاتە سەر گۆڕانی ستراتکتۆری حزب. (ئەرکی ئایدیۆلۆژیا پاراستنی دۆخی دیکتاتۆریە ئەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتییانەی جەختیان لەسەر دەکاتەوە بەناوی خەسڵەتە سەقامگیرەکانی مرۆڤو دەیانناسێنێ ئایدیۆلۆژیا پشتیوانی لەچینی حوکمڕان دەکا ئەم پشتیوانی کردنەیش لەرێگەی



قایل کردنی چینەکانی دیکەی بۆ قبوڵکردنی فەرمانەکانی چینی حوکمڕانو جێبەجێکردنی بڕیارەکانیان دەبێ، بۆیە لەم ڕوانگەی ئایدیۆلۆژیاوە سێ ئەرکی سەرەکی هەیە (شەرعیەت دان، ئەفسانەسازی، یەکخستن) گومانی تیانییە گەر بڵێین هۆنینەوەو پەخشکردنی هەر ئایدیۆلۆژیایەك لەمینبەری سیاسی هەر حزبێکەوە بێت ئەوە ڕائەگەیەنێ کە (من) وەکو حزب شایستەی ئەوەم سەرکردەی ئێوەبمو ئایدیۆلۆژیاکەشم موقەدەس بناسن، داهاتوو لەچاوی حزبەکەی (من) ببینن. لێرەدا گەڕانەوە بۆ ئەقڵیەتی ئەفسانەسازیو ڕابردوو جا بەهەر داواکردنێك بێت. واتە دەتوانێ لەرێگەی ئەم ئەفسانەسازییەوە و یەکخستنی ئەندامو باوەڕدارانی خۆی لەداهاتوودا داڕیز بەند بکاتەوە. کەواتە لێرەدا زۆرکات ئەسڵو نەسەبی خوێنو دەمارگیری قەبەلی دێتە پێشەوە، واتە ئایدیۆلۆژیا تێکەڵییەکی بۆ ئەهۆنرێتەوە کە ئەفسانە لێی بەدەرنییە، کاتێ ئایدیۆلۆژیا لەکۆمەڵە هزرێ کەرەنگە بەشێوەی زانستی یا نازانستی یا سیاسی تەنانەت ناسیاسی لەشێوەی مانیڤێسێنێك بهۆنرێتەوە. بەرامبەر ئەوەیش ئەفسانە تەنها لەبونیادی یاسا وەك دابو نەریت کە دەکرێ هەندێ جار وەکو (عورف) ممارسەبکرێت، یا باس بکرێت. بێگومان رۆڵی سەرکردەو دەوروبەرەکەی پتر دیاردەبێ لەچۆنیەتی هۆنینەوەو تێکەڵ کردنی بەرنامەو ئایدیۆلۆژیای حزبەکەی، واتە گوتاری سیاسی دەسەڵات دەور ئەگێڕێ لەراکێشانی وردبینیو سەرنجی جەماوەرو خەڵکی یا ئەندامانی حزب، لێرەدا پێویست دەکات ئاماژە بۆ کەسانی ناحزبی جاچی لە حزبێکی تر بن یا بێ لایەن بن گەرچی دەکرێ بڵێین خودی بیلایەنەکانیش دەستەو دەزگایەکن خودان ئایدیۆلۆژیاو رەنگە زۆرکات کاری سیاسیش بکەن، بەلاّم لەبەر گومانی زۆری خەڵك لێیانو کەمی ڕێژەی ئەندامانیان بۆکاری حزبی یا رەنگە تەنها لەچوارچێوەی ئایدیۆلۆژیا کەیان تێدەپەڕێ. (لینین هێرش دەکاتە سەر (ماخ)یەکان بەوەی کە ئڵێن لەفەلسەفەدا حزبی بوون نییە، بۆیە لینین ئەڵێ کەسانی ناحزبی لەفەلسەفەدا گەمژەنو بێ ئومێدم لێیان، هەروەکو لەسیاسەت لێیان بێ ئومێدم)

دەشێ لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتو عیراق بەتایبەت ئەم گەمژەیەتییەی دوور لەحزب بەفۆرم یا تەزکیە وەکو بەخشندەییەك پڕ بکرێتەوە. (دوای ئەوەی ماکس ڤیبر پێشبینی کرد کە حزبەکان بوون بەو کۆمپانیایانەی کە لەبازاری سیاسەت دا جگە لەسەرنج ڕاکێشانی کڕیار بیر لەهیچی تر ناکەنەوە)( بۆ یەکمجار لەساڵی ١٩٦٦ (ئوتوکر شهایمر) ڕایگەیاند کە ئیتر تەمەنی حزبە ئایدیۆلۆژیستەکان کە بەرای (موریس دوفرجیە) حزبە سەرکەوتووەکانی دەیەی ١٩٥٠ بوون، تەواو بووە، ئیتر دووری حزبی نوێیە کەبە حزبی (سەرتاپاگیر ناوی دەبردن)  بەرای ئەو ئەم حزبانە لەئەنجامی گۆڕانکاری سیاسی کۆمەڵایەتی ڕۆژئاواو لاواز بونی چەمکی چینی کۆمەڵایەتی، ئایدیۆلۆژیا لەناو ئەو کۆمەڵگایانەدا سەریان هەڵداوە. ئەم حزبانە (حزبی سەرتاپاگیر) لەبری ئەوەی بایەخ بە بەرژەوەندی چینە تایبەتییەکان یا ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراو بدەن زیاتر سەرنج دەدەنە دەنگدەران و لەبەرنامەکانی خۆیان زۆر ئەنجامخوازن) ئەم شێوە گۆڕانانەی بەسەر حزبو ئایدیۆلۆژیا داهات لەرۆژئاوا کارێکی فرەگەورەی کردە سەر هەموو لایەنەکانی ژیانو گۆڕینی سەرجەم کۆمەڵگەی ڕۆژئاوایی، واتە لێرەدا دەنگدان دەبێتە سەنگی مەحەكو هەڵسەنگاندنی حزبو جەماوەربوونی، لەکاتێکدا مارکس لەرووی دابەش کردنی کرێی کار، ئاماژەی بەزێدەبایی کرد، ئەمرۆ لەرۆژئاوا زێدەبای لەلایخەڵکەوە ئەسەپێنریتە سەر حزبو دامو دەزگاکانی دەوڵەت (گەرچی هەمان مانای مارکسیش ئەدات) واتە لەڕووی ئەم خۆنمایشکردنەی حزبو دەزگاکانی لەمیانەی هەڵبژاردنو خۆپالاوتن بۆ پۆستی سەرۆکایەتی یا هەڵبژاردنی شارەوانی کە لەلایەن حزبەکانو دەزگاکانی دەوڵەتو سەرۆکی دەوڵەت خستنییە روونمایش ئەکرێ بەرامبەر ئەویش داواکاری لەلایەن جەماوەرو بگرە زێدە جێگەی هەموو لایەنەکانی ژیان دەگرێتەوە واتە تەنها لەکار قەتیس نابێ کەکرێکارێك رۆژانە ئەیکات، واتەخەڵکی داوای زێدەکاری زیاتر لەسەرۆكو ئەنجوومەنی شارەوانی دەکات، لێرەشدا (ڤیبر ئەڵێ حزب کۆمپانیایەکەو ئامانجی گەیشتنە بەدەسەڵات، وەك کۆمپانیاکانی تر لەگەڵ بەرامبەرەکانی ململانێ دەکات، ئەو یاسایانەی لەسەر بازار هەیە، لەسەر



حزبەکانیش هەمان حوکم دەکەنو لێرەشدا یاساکانی (نمایشو داوا) شێوەی پەیوەندی تاکەکان بەحزبەوە دیاری دەکەن، تاکەکانیش لەلێکدانەوەیەکی ماقووڵ ڕوو لە حزبەکان دەکەن) ئەم بەعەقلانی بوونەی تاکەکان لەلای ڤیبر لەوەدایە کە ماتریالانەو لەسەر بنەمای بەرژەوەندییە فەردییەکان بیردەکەنەوە، کە بێگومان ئەم سیستمی تێفکرینە بۆرژوازیانەیە بۆ مەسەلەکە، هەر ڤیبر خۆیشی بڕوای بەململانێی چینایەتی نییە، بەڵکو بڕوای بەململانێی نێوان پایەو ڕۆڵی تاکەکان هەیە، (بارنز ئەڵێ ململانێی نێوان سەردەستو بن دەست لەسەردەمی نوێ باوینەماوە بەهۆی دیالۆگی حزبیو پرۆسەکانی هەڵبژاردن، بەلای خەڵکی ئەمە نەماوەو کەچی لەراستیدا هەر بەردەوامە، بەڵکو پێویستە ئەم ململانێیە هەبێ) ئەمەبۆ جیهانی ماتریالیزمی ڕۆژئاوا شتێکی ئاساییە، بەڵام بۆ جێهانێکی ڕۆژهەڵاتی وەکو ئێمە کە تەنها لەڕووی خۆ پڕ چەك کردنەوە ماتریالیانە بیر ئەکەنەوە، ئەگینا تاسەر مۆخی ئێسقان ڕۆحانیانە مامەڵە لەگەڵ واقیع دەکەن، لەنێو ئەم جیهانەی ڕۆژئاوا دەشێ هەستبەوەش بکەین کەئێمە رەنگە ئەگەر هێشتا لەدواوەیش نەبین ئەوا لەسەدەکانی (١٤و١٥)ی ئەوروپی ئەژین، ئەم ڕۆحانی بوونەی کۆمەڵگەکەمان وایکردووە هۆنینەوەی ئایدیۆلۆژیاکانیشمان لەم چوارچێوەیە دەرنەچێ، ئێمە لەچاو ڕۆژئاوا (دیارە شتێکی بەڵگە نەویستە گەر بڵێین حزب مۆرکێکی تازەی پیادەکردنی سیاسەتی لەکۆمەڵگەی ڕۆژئاوای سەرمایەداریدا گرتۆتەبەر هەر لەچوارچێوەی دەست بەسەراگرتنیو کۆنترۆڵکردنی زۆربەی سەروەتو سامانی کۆمەڵایەتی لەلایەنو دەوڵەتەوە بەمەبەستی سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی، لەم حاڵەتەدا تاکە زامنکەری مافەکانی هاولاتی لەرووبەروو بوونەوەی چڵیسی دەوڵەت تاکە زامنی هەبوونی چەندین (پولۆرالیزمی حزبی)یە بۆ ئەوەی هەموو شێوە جۆرەکانی مەیلی سیاسیو لایەنداری تاکەکانی کۆمەڵگە لەچوارچێوەی کۆمەڵگە خۆیدا پەنای بۆ دەبەن کۆبکاتەوەو بەچەندین نەخشو رەنگی نوێ رەنگ ڕێژمان بکات) (جۆراو جۆربوونی سیستەمە حزبییەکانی دیموکراسیەتی ڕۆژئاوا دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەرێتی کۆمەڵایەتیو فەرهەنگیو مێژوویەکانو خودی سیستمەکانی

هەڵبژاردن، تا ئەو جێیە پەیوەندی بە سیستەمەکانی هەڵبژاردنەوە هەبێت) بەکورتی دەکرێ بڵێین کە گومان کردن لە هەموو سیستەمە فیکریە تایبەتیەکان بەجەخت کردن لەسەر مافی مرۆڤ و مافی تاکو کۆمەڵە نەتەوەییەکان رۆژئاوایی گەیاندە قۆناغی عەقلانیەت، بەلام عەقلانیەتی عەرەبی (رۆژهەلاتی) هەتا ئەم سیستەمەی وەرگرتو جێگری کردو پاساوی بۆ هێنایەوە بەناوی سیستەمێکی مۆدێرنو پاشکۆگەری، جارێ بەناوی پێکەوتن، جارێکی تر بەمێژووی بابەتی بەلام لەهەموویان هەردەم دژی سەربەستی مرۆڤ بووە) جیهانی عەرەبی وەك ولاتانێکی جیهانی رۆژهەلاتو جیهانی سێ تائێستاش نەیتوانیوە خۆیان لە ترس رابچڵەکێنو بگرە ئایدیۆلۆژیای زۆربەی حزبەکانی دەسەلاتدار یا پادشاکانیان کە بێگومان ئەوانیش بە ئایدیۆلۆژیای خێڵەکی ئەبەستێ کە حوکمی فیودالی ئەکەن، خۆیان لەشێوەی حزبی کلاسیکی ئەبیننەوەو هەوڵ ئەدەن لەسیاسەتدا هەردەم تەقلیدی بن، دەکرێ بڵێین سەرجەم بزاڤەکانی ولاتانی دنیای سێ نەیانتوانیوە حزبی سیاسی کاریگەر دروست بکەن، بۆیە کەوتوونەتە دەست نوخبە سەربازیەکان، یا ئەو حکومەتانەی پێکیان هێناوە کە لەکودەتای سەربازی ڕووخاون، کەواتە ئەو ئایدیۆلۆژیایەی لەم ناوچەدا باوە هەردەم ئایدیۆلۆژیای شەڕ یا شۆڕشگێڕییە (زیادە بخەرە لەسەری لەسەرئایدیۆلۆژیای سەقامگیرو..) لەکاتێکدا لەجیهانی رۆژهەلاتو سێو چواریش بانگهێشتی مۆدێرن بوونو کرانەوەی بازاری ئازادو بەمەدەنی کردنیکۆمەلگە ئەکەن، لەگەڵ ئەوەش لەمەترسی عەولەمە یا چوونە ژێر ئەم بارە قورسە نیگەرانییەکی گەورەی لەسەر دەسەلاتی حزبیو سیاسی فەرمانڕەواکانی ئەم ولاتانە جێهێشتووە ئەگەر بەئاشکراش نەبێ ئەوا بەنهێنی کۆسپو تەگەرە ئەخەنە بەردەم ئەم پرۆسەیەوە، تا ئێستاش لەحاڵی ئایدیۆلۆژیای خوێنو دەمارگیری یا قەومی یا ئایینی تل ئەخۆن، بەرامبەر ئەوەش بانگهێشتی دیموکراتی ئەکەن کەچی لەهەموو دەسەلاتیان لەحزبی خزمو نمایش کردنیشیان لەچوارچێوەی حزبی تێپەڕ ناکات. سەرەڕای جۆری ئەو دەسەلاتە فیودالی یا پادشایەتی یا تەنانەت (بەویراسەبوونی کۆمارەکان)



زیاتر تێپەڕناکات، ئا لەو کاتەش داواکردنی مەدەنیو دیموکراسی کردوویانەتە ئایدیۆلۆژیا، لەکاتێکدا لەمنداڵ دانی سەرجەم دەوڵەتە دەسەلات بەدەستەکانی جیهانی رۆژهەلات چەکەرەو تۆوی توخمی دیکتاتۆریو شەڕ چنراوە. چونکە ئایدیۆلۆژیاکانیان لەدایکبوونی ئەفسانەو خوێنو دەمارگیریو ئایینو ناتوانن لەمەیان دەربچن، لێرەدا دووڕوویی ئایدیۆلۆژیاکەیان دەرئەکەوێ لەگەڵ دەسەلاتدارانی ئەم ولاتانە (شوڤینییەتی کاردانەوەی خراپ ئەکاتە سەر پەیوەندییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کە ئەمە دەیەوێت بیری چەندایەتیو جۆرایەتی تەنانەت ناچوونیەکیش بچێنێ لەناوخۆیا بێگومان شۆڤینی دوورگەی دیالوگوگۆڕینەوەی بۆچوون کلۆم ئەدا لەنێوان تاکو چینەکانی کۆمەڵ، کە شۆڤینی لەناوەرۆکدا رەتکردنەوەی بەرامبەرە، کەسەنتەر ئەگرێ لە عەقیدەو ئایدیۆلۆژیا یا خود، کەناهێڵێ تاك لەم ئایدیۆلۆژیا عەقیدەییە زیاتر هەڵگرێ) ئەم شۆڤێنیبوونەو رەتکردنەوەی بەرامبەر لە سەرهەر یەکێك لەم سێ بنەمایەی لەمەوبەر ئاماژەم بۆکرد بەدەرنییە، رەتکردنەوەی (عەرەب یا یەهودییەکان) بۆ یەکتر، هەروەها رەتکردنەوەی (بەربەریو قیبتیو...) لەچییەوە دێت گەر لەدەمارگیریەکی ئایینی یا خێڵەکی نەبێت، یا (خود ئەڤینی) دەسەلاتداران وەك خودانی دوا ئایینو بەنرخترین هەڵبژاردەی خوا لەسەر گۆی زەوی، واتە لێرەدا ئەفسانە بۆتە خاڵێکی پێکهێنەری ئایدیۆلۆژی دەسەلاتدارانی پێشوو (بەمیرات)و ئەفسانە بەندیش بۆ ئێستا ماوەتەوە،گرێی خود ئەڤینی بوو کە هیتلرو نازییەکان لەلای خۆیان دروست کردبوو کە شیاوترین گەل بۆ ژیان ئەڵمانەکانن...، یا ئەڵمانەکان لەسەرووی هەموو رەگەزێکەوەن، ئەمانە هیتلەریان پاڵنا تا ئەڵمانیاو جیهان دووچاری شەڕی جیهانی بکاتەوە جا گەلانێکی خودان گەرای شۆڤێنیزمو قەبەلی چۆن دەشێ بانگەشەو ببنە وەدیهێنەری مەدەنیەتو دیموکراتیەت (لەکاتێکدا حزبە سیاسیەکان بەگشتی لەجیهان بوونی کۆمەڵگەیەتی مەدەنی خاوەن بونیاد لەپێش هەموو شتێك سوودی دەزگا حکومییەکانی تیایە؟ چونکە دەبێتە هۆی زیادبوونی توانای وەلام

دانەوەی رژێم (فەرمانرەوا) بۆ نیشانەکانی دەوروبەرو پێویستی رژێمی سیاسی بەجەماوەر لەدیاریکردنی چارەنووسی شەرعیەت دان بەرژێمێکی سیاسی)

کۆمەڵگەی مەدەنی بنەمای خۆی لەئاوێتەبوونی سێ سیستم لەبەهاوباوەڕە باوەکان دەبینێتەوە کە بریتین لە (لیبرالی، سەرمایەداری، علمانی ئەم بەهاو باوەڕانە بەهەرسێ لایەنی سیاسەتی ئابووری، کۆمەڵایەتیە، رۆشنبیری، لەگەڵ بەهای ولاتانی سێ بەگشتی ئیسلامی ناگونجێت)

ئایدیۆلۆژیا بەتووندی دوژمنایەتی کۆمەڵگەی مەدەنی ئەکات، ئایدیۆلۆژیا لایەنگری سادەو غەریزی ناوێ؟ بەڵکو لایەنگری بەوەفاو راستگۆیی گەرەکە، ئایدیۆلۆژیستەکان چەمکی راستەقینەی کۆمەڵگەی مەدەنیان چەواشەکردووە، بەواتایەکی تر بۆشێوازی جۆراوجۆری کۆمەڵگە وەکو گروپە مەزهەبییەکان یان دەستەو نوخبە سەربازیەکان گۆریویانە)

ئەمە دەق بۆچوونی هەڵگرانی تیۆری (کۆتایی مێژوون) هەروەها (پووچەڵ کردنەوەی ئایدیۆلۆژیان)، بەلاّم ئێمە لێرەدا ئەوەمان گەرەك نیە بەڵکو ئەم سووربوونە ئایدیۆلۆژییە کە لەلایەن حزبەسیاسییەکانی ئەم جیهانە کە بۆ بەرژەوەندی دەستەو تاقمێك کاردەکەن‌و لەڕووکەشیشا جەماوەر بەیەك چاو سەیر دەکەن، ئایدیۆلۆژیاش بەچاوپۆشین لەو مەغزاو ناوەڕۆکەی هەیەتی هەمیشە ستراکتۆرێکی یا بونیادێکی عەقڵی دۆگماییدا دەخولقێنێ تەیارکراوە بەسەر سەرامەتێکی عەقڵی کەچەندین شێوەی دەمارگیری کوێرانە لەڕووبەڕوو بوونەوەی ئەوی‌تری (جیاواز لەخۆی) (الاخر مختلف) دادێتە گۆڕێ لەم حاڵەتەشدا زەبروزەنگ کە هۆیەکە بۆ سرینەوەی ئەوی‌تر واتە رەفزکردنەوەو نەفی کردنی دەبێتە ئاڵتەرناتیڤێك بۆ دیالۆگ. (رۆکیش دوگما ناوزەد دەکات بەچەمکی تاك رەهەندی یاسەرامەتی عەقڵی کەبەیەك ئاراستە کاردەکات‌و توانای خولقاندنی ئەو کایە مەعریفیەیی نییە کەلەیەك کاتدا و بۆیەك گرفت چەند چارەسەرێك بدۆزێتەوەو چارەسەری کاریگەری بۆ بدۆزێتەوە.

(دیارە عەقڵی دۆگماش لەبنەڕەتدا پشت بە دوالیزمی (ئیمان‌و باوەڕ) دەبەستێت بێ ئیمان‌و بێ باوەڕ یا بەخشین‌و نەبەخشین). ئا لێرەدا بەدۆگمابوونی ئایدیۆلۆژیا رێگا ئەگرێ لەبەردەم بیرکردنەوەی ئازادو بنەچەی عەقڵی تاك حزبی یا سیاسی تووشی کۆنکرێت بوون‌و ڕەها تێفکرین ئەکات‌و بگرە تاك بەرەو جیهانی توند ڕەوی ئەبات، واتا لێرەدا گوتاری سیاسی دەسەڵات کاتێك ئایدیۆلۆژیا ئەبەخشێتە ئەندامان‌و خەڵکی ئاسایی لەوکاتە (وا لەجەستە ئەڕوانێ کەنافورەیەکە بۆ بەسەنتەربوونی دەسەڵات، چونکە دەسەڵات تەنها ئەوکاتە کۆ ئەبێتەوەو جەستە ئەکاتە موڵکی خۆی، بۆشایی جەستە بقۆزێتەوە، واتا ئەوکەسە دەسەڵاتدارە کە گوتاری هەبێت)، دۆزینەوەی هەموو ئەم ئامانجانەی کە تاکەکانی کۆمەڵگە لێی بێ ئومێد بوونە دوای هەوڵێکی زۆریان، لەوکاتە لەڕێگەی دەسەڵاتدارکردنی ئایدیۆلۆژیا هەوڵی زیندووکردنەوەیان ئەدات، ئالەم حاڵەتەدا ئۆخەیەك بۆ ئومێدی کەسەکان دروست ئەبێت لەشێوەی (یۆتۆپیا)، (یۆتۆبیا) وەك لەمەوبەر لێی دواین جیاوازە، یۆتۆبیا utopia بوونی نییە، بەلاّم topia لەبنەڕەتدا ووشەیەکی هیندی حەبەشی‌یە واتای (داری بەهەشت) ئەدات، کەلەلایەنی ئاینییەوە وجودی هەیە)، (بەهەرحاڵ بەکارهێنانی گەشەی سیستەمی یۆتۆبیا بەندە بەگەشەی سیستەمی باو، بەتێگەیشتن لەمەوە دەردەکەوێ کە پەیوەندی (یۆتۆپیاو سیستەمی باو) بریتییە لە پەیوەندیەکی (جەدەل)ی واتا هەر سەردەمێك چانسی دروست بوونی ئەم جۆرە هزرانە یا بەهایانە یا بۆچوونانە ئەدات کەلەنێوەرۆکدا لەم هەموو حەزو ئارەزوو ئاراستانە پێك دێن کەلەلایان کۆمەڵ یا تاکەکانی بەدی نەهاتوون کەئەمانەش پێویستی هەموو سەردەمێکن) واتا هەردەم دەسەڵات لەحەزی شاراوە بەردەوام دەبێ‌و سوود وەردەگرێ بۆساتی پێویستی خۆی، بۆیە تاکەکان خەیاڵ‌و هزریان زۆر ئەبێ‌و ئەکەونە خانەی تێڕامان‌و بەسیست بوونی هزریان لەبەر دروست نەبوونی نەهاتنەدی ئاواتەکانیان کە یۆتۆپیا لەم دیو ئایدیۆلۆژیا یا بەهاوکاری ئایدیۆلۆژیا ئەم بۆشاییە پڕ ئەکاتەوە. (بەم جۆرە یۆتۆپیایە دەبێتە ڕزگارکردنی خەیاڵی کۆمەڵایەتی لەسنوورە تەسکەکانی واقیعە ئامادەکەو فرێدانی خەیاڵ بۆ دەرەوەی واقع، بەلاّم لەدەرەوەی واقیع شوێنێکی دیاریکراو نییە) واتا هەوڵی بەدواگەڕان‌و بێ ئومێد نەبوون لێی بەردەوام دەبێ‌و لەلای

تاکەکانو ئایدیۆلۆژیا بەیارمەتی حزب دەیهێنێتەوە ئاگای تاکەکانی کۆمەڵگا، گوتارە ئایدیۆلۆژیەکان لەباسو گوتارە سیاسییەکانیاندا بەشێوەیەکی باو رەواجی بەکارهێنانی چەمکی وەك مافو ئازادیان لەگەڵدایە، ئەم ئامانجەی بەپێی سیاسەتی پراکتیکیو واقیعیەکان بریاریان لەبارەوە دەدرێ بێگومان هیچ کۆمەڵگەیەك ناتوانێ بەبێ بوونی فەرهەنگێکی پڕ مانـاو کاریگەر لەرووی ئەخلاقی پێگەی هەبێت، بەم چەشنە ئایدیۆلۆژیای باو سوودمەند ئەبێ لەئەخلاقیاتی کۆمەڵگەو ئاکارە بەرچاو بەها بەنرخەکانی سەرجەم بوارە کۆمەلایەتییەکانی کۆمەڵگە بۆیە ئا بەم شێوە ئایدیۆلۆژیایەکی مکوم بنیات ئەنرێ، بۆ سەر لەنوێ بەمەرج کردنەوەی ئەخلاقە سیاسیو کۆمەلایەتییەکان، ئەگەر بەرووکەشیش بێت. (ئایدیۆلۆژیا بنەمای سەرەکی بۆچوونە سیاسییەکانە کە تیایا هەڵوێستو ئاکاری سیاسی بەگوێرەی هەڵوێستە عەقیدییەکان بۆ سیاسەت دیاری ئەکات، هەر ئەویش وەسیلەیەکە بۆ بەدەستهێنانی ئایدیۆلۆژیا کە ئەمەش لەسیاسەتی هاوچەرخ بەرچاو ئەکەوێ) (سیاسەت لەرووی ئەرکی خۆیەوە، بریتییە لەهونەرێك بۆ قەدەغەکردنی زەبروزەنگ ئەگەر جیاوازی بیروڕا جیاگەرایی مۆرکێکی پێوە لکاو بێ بە کۆمەڵگەیەکی بەشەرعییەوە ئەوا بەم مانایەش سیاسەت ئەوا زامنی کلیلی ئەمانەیە کە تاهێڵێ جیاگەری بگاتە قۆناغی زەبروزەنگ) کاتێ سیاسەت هونەری هێورکردنەوەو چارەسەرکردن بێ ئەوا ئەبێ ئایدیۆلۆژیاش تەواوکەری بێت. (مارکسیەت پێی وایە کە گرێدانێکی ئۆرگانیکیو دیالەکتیکی لەنێوان سیاسەتو ئایدیۆلۆژیاو ململانێی چینایەتی سیاسیو ئایدیۆلۆژییە سەرەڕای پەیوەندی نێوان زیندوێتی (بزاوتی دینامیکیو دیالەکتیکی)یە کەیەکێکی یان کار لەئەوەی تریان ئەکات، لەمیانەی پرۆسەی ململانێو لەئەنجامدا خەبات لەپێناو هزرو ململانێی هزرە گرنگەکانی بزاڤی سیاسی ئایدیۆلۆژیا ئەبێتە مەیدانێکی فراوانی خەباتی سیاسی وەچینایەتی بەگشتی، سیاسەت بەتایبەت ناوخۆو دەرەکی (دبلوماسی) گرانییەکی ئایدیۆلۆژیو بنەمایەکی تیۆری ئەوێ، پێویست دەکا هەردەم بەشیکردنەوەی سیاسی بۆ دیاردەو پرۆسە ئایدیۆلۆژیەکان هەڵسین بەڕوونکردنەوەو هەڵوێست



وەرگرتن بەرامبەر سیاسەتی دەرەکیو ناوەکی بەبێ رێگەدان بەسازش کردنی لەسەر ئایدیۆلۆژیا بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیو خزمەتو پەروەردەی زەحمەتکێشان (کرێکاران).

(دورکایم وەزیفەی ئایدیۆلۆژیا لای مارکس وەك وەزیفەیەکی ئایینی ئەبینێ، کەبواری گفتوگۆ یا گومان نادات) واتە گەر زامنی مونتەمی هۆشیاریەکی بەدەر لە هۆشیاری ئایدیۆلۆژیایەکەی بەدەست بهێنێت ئەوا لەروانگەی ئایدیۆلۆژیاکەوە ئەم زاتە دەبێتە کەسێکی گەندەڵو وەلائەنرێو گومانی لادانیو بێ باوەڕبوونی لەم ئایدیۆلۆژیایەی ئەخرێتە پاڵ، دەکرێ بڵێین لەو کاتە ئایدیۆلۆژیا خاسیەتی دوگماتیکی وەرئەگرێ، بۆیە (لینین بۆچوونی ناحزبیو بێ لایەنی هەردەم رەت ئەکردەوە، هەر بۆیە ئەڵێ بێ لایەن بوون یا ناجزبی بوونی نییە لەم دەزگایانەو ئەمە دەربڕینێکی مونافیقانەیە لەلایەن چینی دەسەڵاتدار ئاراستە ئەکرێن، بەمەبەستی شاردنەوەی راستی حزبییەکان، کەواتە ئەو کەسانەی باسی ناحزبی بوون ئەکەن ئەوا تەنها خەڵکانێکی نادڵسۆزو دووڕوونو درۆزنن چونکە حزبێتییان ئەشارنەوە) (زاڵبوونی حزبە سیاسییەکان بەسەر ژیانی سیاسی ئێمەدا ناچارمان دەکا نەبینە سیاسی، دەکرێ درۆ وەسیلەیەکی پەیوەندی بێت لە نێوان ئێمەو حزبدا، بەڵام لەکۆتاییدا تەنها راستگۆییە کە مرۆڤ ئەگەیەنێتە ئازادی، بەڵام ئەوەی جێی راڤەکردنە خەڵکانێکی زۆر لە ئازادی ئەترسنو وەهمو خەیاڵی بەسەردا ئەسەپێنین)

حزب سوود لە هۆشیاری سیاسی یا هۆشیارییە دۆگماییەکانی کۆمەڵگە بەگشتیو تاك بەتایبەتی وەرئەگرێ ئەیەوێت تاکەکانی لەریگەی هۆشیارییە حزبایەتیو ئایدیۆلۆژیایەکانی خۆی دەستەمۆ بکاتو بیانخاتە خزمەت پرۆگرامەکانی خۆی، بەخەیاڵی ئەوەی ئەم پرۆگرامە لەخزمەتی ئەو (تاك)دایە، وەك لەمەوپێش پۆل ریکور ئاماژەی بە ئایدیۆلۆژیا کرد کە چەندین سیفەتی لەوانە (هێشتنەوەی واقیعە وەك خۆیو پاساودانی دەسەڵاتە، واتە چێکردنی ئایدیۆلۆژیا تەنها بۆ بریاریا بوونی حزبو مانەوەیو بوونی لەواقیعو دەسەڵاتی سیاسی ئەگەیەنێ، جالێرەدا دەسەڵات بۆ دیاریکردنی مەعریفەی دەسەڵاتی خۆی هەوڵ ئەدا

لەلایەن‌و بۆچوونە جیاوازەکانی کۆمەڵگە بەتایبەتی خاڵە لاوازە بەدینەهاتووەکانی کەسانی ناوکۆمەڵگە بقۆزێتەوە، واتە هەموو ڕێبازێك دەشێ بکرێتە ئایدیۆلۆژیا بەتایبەت کاتێ دەستبەرداری دەسەڵاتی مەعریفە ئەبێت، بەرامبەر ئەوەش ئەچێتە ژێر ڕکێفی مەعریفەی دەسەڵاتەوە. لەوڵاتانی ڕۆژئاوا سیاسەت‌و حزبایەتی تەواو گۆڕاون ئایدیۆلۆژیا کە جاران عیبارەت بوو لە کۆمەڵێ هزرو بۆچوون‌و عەقیدە ئەوا ئێستا ئایدیۆلۆژیای بۆتە ئابووری‌و توانیویەتی جڵەوی سیاسەتیش بگرێتەخۆ، دەکرێ بڵێین سیاسەت ئێستا بریتییە لە ئابووریەکی چڕو پڕ (مکپف) کەچی لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکانی دنیای سێ‌و ڕۆژهەڵات بەگشتی تەواو نەریت گەری‌و لەسەر ڕۆیشتنی کیسەڵ بەرەو گۆڕانەکان هەنگاو دەنێن ئەمە لەکاتێکدا کەوەڵامیان هەبێت. کە بەرای محمد الجابری (بەئابووری کردنی هزری ئایدیۆلۆژیا لەبیری تاکڕەوییەوە دێت کەدەیەوێت لەم سۆنگەوە کۆنترۆڵی بارودۆخ بکات‌و خۆی بەسەر هەموو جیهان بسەپێنێ)

بەرامبەر ئەم هەموو ئابووریە زۆرەی ڕۆژهەڵات کەچی ئەم دەڤەرە کەوتۆتە مەترسی لەو پرۆگرامەی ئەمرۆ لە زۆر ئاستان کار بۆ جێبەجێکردنی دەکرێ، دەتوانین بڵێین ترسی ڕۆژهەڵات لەدەسەڵاتی سیاسی‌و ئایدیۆلۆژیاکانیەتی کە ڕۆحانی‌و دۆگماتیکی گۆڕانێك بەدەست درێژی بۆ سەر ئەم کۆمەڵگە موقدسە ئەزانن‌و بەرەنگاری ئەبنەوە لەو کاتە پەنا بۆنەریتە بەبایەخەکانی‌زاڵ لە نێو کۆمەڵگەئەبەن بە بەینی بۆچوونی (ماکس ڤیبر) کۆمەڵگە نەریت پەرستەکان بەم شێوە زیان ئەکەن‌و بەڕێوە ئەچن (پیرسالاری، باوك سالاری، حکومەتی میرات یا مەلەکی، حکومەتی زەمینداری‌و سیستمی تۆتالیتاری) کەواتە ئایدیۆلۆژیای دەسەڵاتداری سیاسی لەم هەرێمە یا ئەم جیهانە دووبارە بەرهەم هێنانەوەی عەقڵی خێڵەکییە لەشێوەی دەسەڵاتێکی بالاتر وەبەر بلاوتر لەرووی قەوارەو پانتاییەوە، کەواتە هەموو ئایدیۆلۆژیا باوەکانی دەسەڵاتدارانی ڕۆژهەڵات دەسەڵاتی کوردیش لەنێوەنیانا باکگراوەندێکی لەدەسەڵاتی



دیکتاتۆریانەی خێڵ یا عەشیرەت لەمنداڵدانی حزبەکە یا دەسەڵاتەکە یا هەڵگرتووە جاچی بە هەڵبژاردنی ناوخۆ یا بەمیراتکردنی دەسەڵات.

دەشێ تووندرەوبوونی‌و دژە هەڵوێستی مارکسیەت بەرامبەر خێڵ‌و بنەماڵە‌و هۆز لەوە سەرچاوەی‌گرتبێ کە هێزی خێڵ‌و فیودالی لەدەمارگیری‌و خوێنەوەسەرچاوەی گرتبێ، واتە لەلایەنە عەقڵیەکەیان سەرامەت ئەنوێنن. (ئیبن خەلدون ئەڵێ سەرەکیترین یاسای کۆمەڵایەتی دەمارگیری‌یە کە پێویستە هەمووو خودان شەریعەت یا ئایین پەروەرێك پێرەوی بکات، ئەگەر دەمارگیری نەما ئەوا شەرعییەتیش نامێنێ) (تەنانەت خەلدون سەرکەوتنی هەموو شوێنێك ئەبەستێتەوە بە دەمارگیری، بۆیە کۆمەڵگەی خێڵەکی عەرەبی جێگەی پەیوەندییە ئابووریەکان ئەدات بەپەیوەندی خوێن‌و دەمارگیری) ئەم کۆمەڵگایانەی کە تائێستاش نەریتگەرن کار لەسەر بۆماوەو میرات ئەکەن، بەتایبەتی جیهانی سێ‌و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دووچاری خۆبزرکردن‌و دوورووبی بوونەتەوە، چونکە ئایدیۆلۆژیای ڕەسەنیان دوگماتیکییە پشت ئەستورە بەئایین‌و ئەفسانە، ئایدیۆلۆژیای نێو کوردانیش لەسەر ئەم بنەمایەو زیاتریش بنیاتنراوە، واتە ململانێیەکە لەواقعێك بەرێوەئەچێ کە خودی کۆمەڵگەکە کار بۆ میتافیزیقییەك ئەکەن کە بێگومانن لەراستیان، ئیتر سووربوون لەسەر سەلەف‌و بەعەقلەنەکردنی ململانێکانی نێوان هەموو ئایدیۆلۆژیا دۆگماتیکییەکان هەر لە (بوزاو تالیبان...یەهودو عەرەبەکان)، (لەماوەی ئەم بیست ساڵەی دوایی ئەبینین کە ململانێی میتافیزیقی سەری هەڵداوەو خەریکە پەیتا پەیتا باڵ ئەکێشێ بەسەر سەرجەم بوارەکانی فکری سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئابووری کە خۆی لەئیسلامی سیاسی یاخود ئیسلامی ئوسوڵی ئەبینێتەوە، کەئەمەش لەگەڕانەوە بۆ غەیب سەرچاوە دەگرێ)

دیارە مەبەست لە بەئەفسانەکردن‌و خستنەگەڕی لەچوارچێوەی هەر ئایدیۆلۆژیایەك بێت بۆ مەبەستی بەهێزکردنی‌یەتی‌و قۆستنەوەی ئەو پانتاییە فراوانەی باوەڕی غەیبی نێو کۆمەڵگەیە، (لەجەنگی حوزەیرانی ١٩٦٧و دوای دۆرانی —عبدالناصر- کاربەدەستە ئیسلامییەکانی ئەوسای ئەم دەوڵەتە شکستی٠

ناصر-یان بردەوە سەر لەعنەتی خواو لەرێ لادانی ئەم سەرکردەیە، بەرامبەر ئەوە بۆ رەتدانەوەی ئەم فەتوایە کەنیسەی قیبتی هەڵسا بەبلاوکردنەوەی دەرکەوتنی حەزرەتی مەریەمو دەزگا ڕاگەیاندنەکانی دەوڵەت بەنارەسمی دانیان بەدەرکەوتنی نا، بۆئەوەی ئەم فەتوایەی موسڵمانەکان پووچەڵ بێتەوە کە شکستو دۆران لەدەست مرۆڤو توانای خۆیەتی)

دەتوانین بڵێین زۆربەی جەنگەکانی ئەم ناوچەیەش لەسەر ئەفسانە بەندن واتە ئەسەلمێنم یا ئەسەپێنم مەبەست لەئەفسانە تەنها ئەو سووربوونو توندرۆیەیە کە لەلایەن (یەهودیەت-مەسیحییەت-ئیسلام..) پێڕەو ئەکرێ، بەڵکو دەشێ هەندێ ئایدیۆلۆژیای تریش ڤایرۆسی ئەفسانەیان تێ ئاخنرابێت ئەوەتا (دۆرکهایم ئایدیۆلۆژیای مارکسی بەدۆگماتیکی ئەناسێنێ کە بواری گفتوگۆر دیالۆگ نادات، بۆیە ئەڵێ وەزیفەکەی ئەم ئایدیۆلۆژیایە وەك وەزیفەیەکی ئایینی وایە) یا لەسایەی بەرقەراربوونی ئەم جۆرە ئایدیۆلۆژیایانە شێوازەکانی پەیوەندیش لە تەقلیدییەت ئەمێنێتەوەو ئەچێتە خانەی (پەیوەندی میکانیکی کە دورکهایم لەو کۆمەڵگەیانە بەدی ئەکات کە پشتی بە پەیوەندی هۆزایەتیو ویژدانی دەستە جەمعیو زاڵ بوونی بیرو باوەڕو عەقیدەی سۆزگەرایی کە بۆتە نەسەقێکی دیار لەنێوانیان).

بێگومان ئەم شێوە پەیوەندییە وەك زنجیرەیەك هاوکاری میکانیکی دەسەڵاتو بگرە پایەکانی ژێرەوەشی لەجیهانی رۆژهەڵاتو ئەحزابی کوردیدا گرتۆتەوە. (جۆرج سورویل ئەڵێ دەتوانین قسەی بێ کۆتایی دەربارەی راپەرینەکان بکەین بێ ئەوەی هەمووکات ئاماژە بەهیچ بزوتنەوەیەکی شۆرشگێڕی بکەین، گەرچی ئەفسانەنین کە جەماوەر قەبوڵیان بکات. ئەمە بەلای سورویل ئەو رێکخراوە وێنەیانەن کە ئەفسانەکانی شۆرشگێری پێك دێنێت پێویستە وەك هێزی مێژوویی راستەقینە دابنرێن) تەنانەت بەلای سورویل سەرکردە دەتوانێ جەماوەر لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە، بەهۆی بەکارهێنانی وێنەو رەمزی دیاریکراوی ئەفسانەیی کە دەتوانێ کار لە خەڵك بکاو بۆخۆی کێشیان بکات بۆ مەبەستی بەکارهێنانی یان لە هەرکارێك)



(دیارە بەقاڵب وەرگرتنی هزری رۆژئاواییـیە رۆشنبیرییەکان لەلایەن کۆمەڵگەی عەرەبییەوە ئەم هزرو رۆشنبیرییە رۆژئاواییە بوونبە ئایدیۆلۆژیایەکی ناعەقلانی لاهوتی خورافی لە جۆرێکی نوێ، واتە بەتالانبردنی عەقڵ)، وێڕای نەزانینی مامەڵەکردنە لەگەڵ واقیعی هێرش بەرو بەکارهێنانی بەهەڵەیی شتەکانە، ئەوا ترسیشە لەو شێوە بەرێوەبردنو پێشکەوتنەی کەدواکەوتوو بەرامبەر پێشکەوتوو خۆی تیا ئەبینێتەوە. هەر لەمیانەی جەنگی کەنداو دوای ئەوەی راگەیاندنی رۆژئاوا لە عەقڵیەتی مرۆیی رۆژهەڵاتی گەیشتبوو لەرێگەی رۆژنامەی (Guardian) ئاژاوەیەکی بەهێزیان نایەوە کە تیایا ئەڵێ (ئافرەتێك لەتوونس خەونی بینیوە کە تیایا بەتەلەفۆن پێیان ووتوە ئەگەر ئەو (ئافرەت)ە تاڵەموێکی (داوێکی) لەقەدپەڕی ئایەتێکی دیاریکراوی قورئان دۆزیەوە ئەوا مانای وایە حکومەتی عیراق لەجەنگی کەنداو سەرئەکەوێ، کاتێ بەیانی وەئاگا هات ئافرەتەکە ئەمەی بینی (تاڵەمووەکە) ئیتر لەم ولاتە بووبەدەنگ گۆیەکی بەرز گوایە ئیتر سەرکەوتنی عیراق لەنێوان دووکەوانە نووسراوەو دیارە) ئایدیۆلۆژیای سیاسی لەم وڵاتانە وەکو هەر مرۆڤێك گۆشەگیر یا لەخاڵێك رائەگرێ کە حزب پێی باشە، بەڵکو ئەبێتە هێزێکی شاراوە کەلادان لێی مرۆڤ دووچاری ناخۆشی ئەکاتەوە واتە تێکەڵ کردنی رۆحیانەو غەیبییانە، لەکاتێکدا لەبازاڕی سیاسەتدا ئێستا ئەوەندەی دەنگو باسی (ئابووری)هەیە ئەوەندە باس لە ئایدیۆلۆژیایەکی ترەوە ناکرێ. بەلام ئەم جیهانەی غەیبییات هەموو شتێکی بەلاوەگرنگ بێت ئەوا ئایدیۆلۆژیای بەلاوە گرنگ نییە، ئەمەش مانای ئەوە نییە پەیوەنیدییە خێلایەتییەکانی پشت بە (خوێنو دەمارگیری ئەستوور) لەریزی ئایدیۆلۆژیایەوەن، بەڵکو بەشێوەیەکی فەرزکرا (داسەپاو) ئەم جیهانە غەیبیەیان کردۆتە ئایدیۆلۆژیا لەگەڵ ئەوەی دان بە ئایدیۆلۆژیا بوونیشی نانێن، چونکە ئاوێتەبوونی غەیبییەتو خۆدۆزینەوەی خیلێ لەنێویدا هەر لەوە زیاتر نییە کە بەم رۆحیانەتە ئایدیۆلۆژیایی بن، ئەوە تەنانەت گەڕانەوەو دەستبەرداربونی ئایدیۆلۆژیای حزبو بەرقەراربوونی یا زاڵترو قووڵترو بەهێزتربوونی ئایدیۆلۆژیای نەریتگەری خوێنو دەمارگیری یا ئەسڵو نەسەب ولاتە

کۆمارییەکانیشی گرتەوە تاوەکو میراتگرێك لەسەر شانۆی سیاسی بمێنێتەوە، ئەمەش رەنگە لەگەڵ تیۆرەکەی (فاینیر-پالومبارا)ی بەسەربسەپێ کە لەروانگەی ئەوان (حزب بریتییە لەوپێکهاتەی کە دەشێ پەیوەست نەبێ بەتەمەنی سەرکردەکانو دەتوانێ دوای مردنی سەرکردەکانیش کەسێ بتوانێ بەردەوامبێ لەکاری رێکخراوەی خۆیدا (حزب)دا) واتە فەلسەفەی بوونی حزبە سیاسییەکان لەم وڵاتانە دەشێ هەڵبژاردن نەبێ یا لەنێو خودی دەسەڵادارەکانەوەبێ، کەلێرەدا رۆڵی پیرۆزو جوامێری لەرووی ئەسڵ نەسەبو پێکهاتەی سەلەفی بخوازێ بەتایبەت خۆ پیرۆزبینین یا پیرۆزکردن لەرێگەی گەراندنەوەی رەچەڵەك بۆ نەسەبی کەسێکی ئایینی یا پایەداری وەکو سەلەف ئەلسالح، بۆ نموونە (بنی هاشم، ئال سعود...) تاوای لێهات سەرۆکی (عیراق)یش رەچەڵەکی خۆی ئەبردەوە سەر بنەماڵەی پێغەمبەر، یا وەرگرتنی هەیبەتی (سید یا شریف) کەبەلای ئەهلی شیعە زۆر گرنگو پیرۆزن، ئەمانەش بۆ مەبەستی راکێشانی سەرنجو سۆزی شیعەو خەڵکانی تر زیاتر واتە لە لایەنی سیاسی‌زیاتر هیچی تر ناگەیەنێ، یا بەکارهێنانی (ایە اللە)لەلای خومەینیو راگەیاندنی (کۆماری) ئیسلامی کە لەگەڵ ناوەرۆکی خەلافەت و (امامە)ت کۆماری نەگونجاوە، بێگومان ئەمانە هەر هەموویان بەخزمەتکردنی ئایدیۆلۆژیای ئایینی ئیسلامە بۆ مەبەستی پلەو پایەو بگرە پاساوێکە بە مەبەستی ویستی خۆگونجاندنە لەگەڵ سەردەم بێگومان ئەم شێوە پەخشە سیاسییەی ئایدیۆلۆژیا راستەوخۆ بەم شێوە دەست بەکارنابێ لەنێو ئایدیۆلۆژیا بەڵکو بەدوور لە ئایدیۆلۆژیای رەسمی جێبەجێ ئەکرێ لەلایەن تاقمە کاربەدەستە نزیکەکانی لەدەسەڵاتو پیشاندنی ڕوویەکی تریش بەخەڵك تا ئەوکاتەی خەڵك باوەڕ بەم ئایدیۆلۆژیا درۆزنە هۆنراوەیەی کە بۆ بەرژەوەندی چینو تاقمە دەسەڵاتدارەکەهەیە دەکەن واتە ئەگەنە راستییەکان بەڵام دیسان ترس لەغەیبییەت تووشی نیگەرانیو دڵەراوکێیان ئەکات، دەشێ بەرهەڵستی کردنی ئایدیۆلۆژیا کاتێ ئەبێـە رەسمی واتە شتێ نامێنێ بەنهێنی ئەوا بەگوناحو بگرە بزوتنەوەی (ردە) لەقەڵەم بدەن، گوایە دژی (ئایین)ە کە ئایدیۆلۆژیاکەیانو پایەی دەسەڵاتیان لەو هەڵهێنجاوە- دیارە بنەمای



دروستکردنی (حزبی خزم)یش هەر لەوساتەوە دەست پێ ئەکات، واتە زۆرکات رشتنی خوێنو دەمارگیریو تۆڵەسەندنەوەو رێگەخۆشکەر درێژە پێدەری دروست بوونی حزبی خزمن، ئالەو کاتە بێ ئینتما مانەوەی تاك لەوەدایە کە بەدەستی ئەنقەست بخرێنە پەراوێزە، گەرچی لەگەڵ ئەوەدا بەناراستەوخۆ لە ئەندامانی حزبی خزم بترازێ هەموو کەسێکی ترلە پەراوێزدان، لەگەڵ ئەوە لەلای مارکسیزمو لینینزم بێ لایەنی بەوە پێناسە ئەکرێ کە (ئەو کەسەی پارێزگاری لەناحزبی ئەکات بێ ئەوەی لەم مانایەی بگات، ئەوا پارێزگاریو خزمەت بەحزبی دەسەڵاتدار ئەکات، چونکە بەلای ئەوانەوە حزبی بوون مەرجێکی مێژووییە).

ئەمە واتای ئەوە ئەدات کە مرۆڤ هەردەم ئەبێ لەهەڵوێست وەرگرتن دابێ، ئەم هەڵوێست وەرگرتنەش بەلای ئەوان لەحزب مەیسەر ئەبێ، واتە تاك بێ حزب (ئەندامیەتی) بێ هێزەو بەم بێ لایەنییەی ئەبێتە سەنگەری بەرگری بۆ حزبی دەسەڵاتدار، بێگومان لەکاتێکدا باس لەحزبو ئینتمای تاك ئەکرێ ناشێ حزبەکانی کوردستان لەم لایەنەوە لابنرێن، گەرچی ئەمانە توانیویانە بەرزترین رێژەی خەڵك لەدوێنێ بۆخۆیان کێش بکەنو لەگەڵ ئەم گۆڕانانەی بەسەر واقیعی ئەم وڵاتەهات ئەوابێ لایەنەکان گەر بە ئینتما نەبێ زۆربوون بەرامبەر ئەوە قسەکانی مارکسیستەکان راست دورچوو. چونکە بێ ئینتما مانەوە قازانجی بەخش یە پارتە دەسەڵاتدارەکانو درێژکردنەوەی تەمەنیان، بەم واتایەی لایەنی سێهەمیان بەم بێ لایەنی‌یە دروست نەکرد کە دەکرێ ئەمە بەمەبەستی ئەم بۆچوونەی مارکس-لینین بزانین (حزبی کوردی لەگۆرانێکی بەردەوام دایە لە بۆچوون یاخۆ نوێکردنەوەی شوناسنامەی لاهوتی کە پێویستییەکە بۆ بەیەکەوە گرێدانی سەرجەم فۆرمەکانی تری شوناسنامەی (قەبەلی، فئە، چینایەتی) لەناوەرۆکی سیاسی کە توانا پێدەرەوە بۆ موناوەرەو گۆڕینی شەکڵی) ئالێرەدا هەمان پرۆسەی دەسەڵاتو حزبەکانی جیهانی عەرەبی بەسەر پارتە کوردیەکان خۆ نمایش دەکەنەوەو دەرئەکەون، واتە تووشی دواکەوتنی شارستانی ئەبنەوە

لەنێوان (پرۆژەی رۆژئاوابوونی خێڵەکیو راستی لەدایك بوونی خێڵە نوێکانی مەدەنیەت واتە (هۆزەکانی دانیشتووی شار) لە قولایی کیانی کوردی).
ئەمەلەکاتێکدایە کە ئێستا پرۆژەی حزبی خزم لەئارادایە، سەرەڕای خزمی حزب کە ئەمەیان هەمان بنیاتنانەوەیە بۆخۆ بەخۆبوونی حزب یا دەسەلاٚت کە دەکرێ تێکەلێك لەگەل (حزبی خزم) دروست بکا، بەلاٚم ناکرێ (خزمی حزب) جلەوی دەسەلاٚت بگرێە دەست یا دزە بکاتە نێویەوە، چونکە خزمی حزب دەکرێ بلێین تایبەتە بە چینەکانی ژێرەوەی دەسەلاٚتی بالاٚ، ئاوارەکردن یەکێکە لەدروستکەرە بەجێکانی ئەم دیاردەیە، دیارە ئایینی ئیسلام ئەم جۆرە یارمەتی دانە یا دروست کردنو بەتەنگەوە هاتنی خزم بە پلەی یەکەم بەرەوا ئەبینێو رێگەی ژن هێنانو شوکردن لەنێو هۆزو خێڵە ئیسلامییەکانیشی زیاتر هان ئەدا، ئەمە گەرچی ئاماژە بە (حزب) ناکات وەکو بوونێکی مۆدێرن، بەلاٚم لەجیهانی ئەمڕۆی سیاسەت دەشێ بەئاگایی یا بێ ئاگایی پێڕەو بکرێ بەتایبەت لەنێو دەسەلاٚتو پارتەکانی جیهانی ئیسلامی ئەمە سەرەڕای پارتە کۆمۆنیستەکانیش ئەوەتایەکێ لەلێکۆلەرە فەرەنسییەکان ئاماژە ئەکاو ئەلێ (رێژەیەك لەو ئەندامانەی تازە هاتوونەتە نێو حزبی کۆمۆنیستی فەرەنسا پاش سالێك پەیمانی هاوسەرێتی بەیەکتر ئەدەن، لەکۆمەلگەیەکی بەربلاٚو پەراگەندە کە دۆزینەوەی هاوسەرێکی شیاو کارێکی ئاسان نییەو زۆربەی نووسینگەکانی دۆزینەوەی هاوسەریش تەنیا بیر لە پرکردنەوەی گیرفان دەکەن، دەکرێ بلێین دۆزینەوەی هاوسەر بەبەلاش یەکێکە لەئەرکە شاراوەکانی حزب، خالی سەرنجراکێشیش ئەوەیە کە رێژەیەك لەو کەسانە پاش ژن هێنان یا مێردکردن لەحزب دەردەچن وەك بلێی بە ئامانجی سەرەکی خۆیان گەیشتوون).
ئەگەر وازهێنانیش لە حزب هەبێ بەتاکید رێگەی حزب وونناکرێ و ئینتمایەکی رۆحی هەر ئەمێنێتەوە دیارە حزبو دەسەلاٚتە سیاسییەکەی دەبێ درکیان بەم بارودۆخە کردبێ بۆیە کارێکی وا ئەنجام ئەدەن کە ئەمەش دەکرێ وەك روانینێك بۆ زیادکردنی نفوزی حزبو دروستکردنی فشار وەك رێگەیەکی‌نوێی حزبی سەردەم بۆئەوەی بەرزترین رێژە لە دەنگدان یا گەر



لەرۆژهەلاٚتی ناوەراستیش بێ بۆ درێژەدانو دروست کردنی هێزی هەڕەشەکار بەرامبەر هێزی کەم لەرووی ئەندامەوە، واتە حزب بەمەبەستی گرتنەدەستی دەسەلاٚتو زۆرکردنی ئەندامانی ئەم کارەو چەندانی تر ئەنجام بدات، لەوانەبەبۆچونی (براو )حزب بۆئەوەی سەربکەوێت دەبێ ئەم جۆرە فشارانە بەکاربهێنێ لەوانە (پارە، دۆزینەوەی کار، دروست کردنی رای گشتی، بەکارهێنانی کاریزمیەت، دروست کردنی بەهانەی شەرعیەت دان...) ئەمەش دەق لەگەل ئەو بۆچوونەی‌ڤیبر- یەکدەگرێتەوە کاتێ حزبەکان (بەکۆمپانیای سیاسی)و ئابووری ئەشوبهێنێو یاساکانی‌العرچ والگلب- شێوە پەیوەندی تاکەکان بەحزبەوە دیاری دەکەن).
ئەگەر لەسەردەمی عەولەمەوە دەست پێبکەین ئەوا رەنگە بەبێ دروست کردنی بەرامبەر ئابووری بوونی ئایدیۆلۆژیا لەنێو خودی حزبە سیاسییەکان راستو دروست بێت، چونکە لەسەردەمی ئەمڕۆماندا لەجیهانی رۆژئاوا بەتایبەتی هەلبژاردن دەسەلاٚت دیاری دەکاتو مانەوەو لەناوچوونی بەندە بەرێژەی ئەو کارانەی کە حزب پێشکەشی خەلکی دەکات بەیەکسانی، سەرەڕای فراوانیو زۆرقوولی ململانێکەی لەنێوان حزبەکاندا هەیە بەلاٚم زال بوونی عەقل بەسەر عاتیفەو گۆڕانی شێوەکانی ململانێ لەچەکەوە بۆ دەنگ دانو هەلبژاردن گۆڕی بۆیە لەچەمکی ئێستای دیموکراتی سیاسەت تەنها بریتییە لە ململانێ لەسەر دەنگەکانی هەلبژاردن، وەك (موریس دوڤرجیە ئەلێ گرنگترین ئەرك کە حزب دەیەوێ جێبەجێی بکات گەیشتنە بەدەسەلاٚت).
لەجیهانی رۆژئاواو هەندێ شوێنی رۆژهەلاٚت بەرێگەی سیاسیانە جێبەجێ ئەکرێن واتە بەهەلبژاردن چونکە مێژووی سیاسیو سیاسەتی‌مێژوو بەراشکاوی جەوهەری حزب لە گرتنە دەستی دەسەلاٚتدا ئەبینێتەوە، بەلاٚم لەجیهانی ئێمەی رۆژهەلاٚت (حزبەکان بەدەگمەن بەتایبەت حزبە پەرەسەندووەکان بەدەگمەن لەشێوەی حزبدا دەمێننەوە بەمانا فراوانەکەی) رەنگە گۆڕانی واقیع وای لە جزب کردبێ ئەو شێوە مامەلەو شێوازە —ڤیبر-ی‌یەکە بە (کۆمپانیای ئابووری) ناودەبا وەرگرتبێ- کەتیایا تەنها دەسەلاٚتی سیاسی حزب لەسایەی ئەم هەموو

کەسانەی لەم کۆمپانیایە کاردەکەن بۆ مەبەستی بەرهەم هێنانەوەی ئابووری بێ، واتە خستنەگەڕی ئەندامەکانی لەبری شەڕی چەکداری بۆ شەڕی هەڵبژاردن، چونکە هەموو ئەمانە چی حزبەکان بەتەنیا بن یا کەسانی ئەندام تیایانا خاوەن بەرژەوەندی سەرەکیو هاوبەشن، بێگومان باوەڕیان بەبەهای ئەوشتە هەیە کەلەسەری ناکۆکن وە بە گژیەکداچوونیان دەبێە هۆی بەرهەمهێنانەوەی دەسەڵات، ئەمانە مانای گۆران یا نەمانی ئایدیۆلۆژیا نادەن لەجیهانی ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوا بەڵکو چۆنیەتی قۆستنەوەو بەکاربردنی شێوازی نوێی ئایدیۆلۆژیایە لەمامەڵەی سیاسی دەسەڵاتی حزبو سیاسەتەکەی، بەڵام لەکۆمەڵگە نیمچە داخراو خێڵەکییەکەی کورد کە تائێستا ئایدیۆلۆژیای باو شوناسنامەی خێڵ یا هۆز نمایش دەکاتەوە، لەگەڵ ئەوەدا هیچ یەکێك لەوڵاتانی داگیرکەری کوردستان ڕۆژێك چییە باسی جیاکردنەوەی ئایین لەدەوڵەت ناکەن، چونکە هەرنەبێ ئایین ئەکەنە پاساوێك بۆ هێشتنەوەی کوردستان بەلکاوییەوە بە بەشەداگیرکراوەکانیان (بەرامبەر ئەوە داوای دەسەڵاتی مۆدێرنو مەدەنییەت ئەکەن کە هەرگیز لەگەڵ ئەم بنەمایە ناگونجێ) کاتێ کورد لەجەرگەی پرۆژەی ناعەقلانی داگیرکەرانی دائەژیت ئەوا لەبواری ئایدیۆلۆژیا تا ئێستا نەیانتوانیوە خۆیان پێناس بکەنو یەك ڕێ بن لەم بوارە، بۆیە حزبە کوردیەکان پێکهاتەیەکی رووتی سیاسینو دژی گۆرانکارییەکانی جیهان بەرلە روودانیان بیر لە خۆ (کوتان)-تلقیح) کردن ناکەنەوە دژی پەتا سیاسییەکان بۆیە دەکرێ بڵێین (حزب لە کوردستان تەنها ناوێکی بێ ناوەڕۆکە پێکهاتەیەکی کۆکتێلی هەمەلایەنەی خێلایەتییە لەنێوان ئایدیۆلۆژیای خێڵو ئایدیۆلۆژیای فەرزکراوی کۆمەڵگەی مەدەنیدا ونبووە) حزبی کوردی لەکاتێك هەر ئایدیۆلۆژیایەکی هەلگرتبێ خەسڵەتێکی سەرەکی ئایدیۆلۆژیا کە توندرەوبوونە لەم حزبانەدانەبووە، تەنها ئایدیۆلۆژیای هۆز یا خێڵەکەی نەبێت بۆیە هەرزووسازشی لەگەڵ بەرامبەرەکەی کردووە بەناوی نییەت پاکیو ئاشتی خوازیەتی، کەچی داگیرکەران بەپشت بەستن بە ئایدیۆلۆژیای ئەفسانە یا غەیبییەت بزوتنەوەی کوردایەتی یان بە بزوتنەوەی هلگەراوەکان لەقەڵەم داوە



بۆیە مافی بەتاڵان بردنیشیان بەخۆیان داوە لەرێگەی بسمارکیەوە (الچم العسکری) ، بۆیەش ئایدیۆلۆژیای کورد شێوە کۆکتێل بووە، تەنانەت ئەم بەرامبەرە توندڕەوی داگیرکەران ناچاری کرووە زۆرکات خۆی بە ئایدیۆلۆژیای رۆژئاوای ببەستێتەوە، کە ئەمەش تووشی نامۆیی کردووە لەبەرامبەر کۆمەڵگەیەکی تەقلیدی هاوپەیمان بۆیە ئەبینین هەندێ کات (تایبەتمەندیو توندوتیژی لە ئایدیۆلۆژیا لەلایەكو لەلایەکی دیکەش گونجانی کارەکانی بەپێی میتۆدە سەربازییەکان بەکاردێت، هەندێ لەدامەزرێنەرانی ئایدیۆلۆژیا بەجۆرێك خویان بەزمانی سەربازییەوە گرتووە، هەمیشە زاراوەی وەکو خەبات، بەرگری، هێرش، سەرکەوتنو زاڵ بوون بەکاردەهێنن).

دیارە لەمیانەی ئەم زمانە سەربازییە ئایدیۆلژیا نمایشکردنی ئەودیوی شاراوەی هەموو ئایدیۆلژیاکانە سەرەڕای نیشاندانیو جۆشدانی ئەندامو لایەنگرانی، بێگومان زۆرجار بەتایبەت لەلای خۆمان کەدژیمێژوی حزب بەشێوەی داستان نمایش دەکرێتەوە، هەڵبەت داستانیش پێویستی بەقارەمانو پاڵەوانەبۆیە لێرەدا کاتێ یادی دامەزراندنی حزب ئەکرێتەوە هەموو خۆبەختکارانیدەکا ئەبنە قارەمانو نەمرو شەهید پیشانیان ئەدات، واتە لێرەدا حزب ئەبێتە ئاوی حەیاتو درێژکردنەوەو نەمری تەمەن لەئەندام بوونی حزب دایە لەهەمان کاتیشدا مرۆڤەکانی ئەکەونە دۆخی مەفعولو بەرامبەر ئەوە سەرکردەکانیش ئەبنە فاعل (Active). هەڵبەت ئەم چەندبارە کردنەوەی ئەم چەند دەستەواژانە بۆ ئەندامانی حزب بەگشتیو هەرزەکارانی بەتایبەت ئەبێتە هۆکارێکی مەرجی یەکەم بۆ بەشداربوونو خۆ دۆزینەوە لەم دنیا فیردەوسیەی ئەودیوی حزب، دەشێ بڵێین سەرجەم ئەمانە لەشێوەی (هۆکاری کاریگەرو بارگاویکردن) دان بۆئەوەی تاکەکان بکات بە (بومبی کاتی)و بەرامبەر دوژمن هەرساتێ بیانەوێ بیتەقێننەوە. بۆیە زۆرکات گوێ بیستی خۆکوژی-(خۆتەقاندنەوە) بەمەبەستی گەیشتنە پلەی شەهادەت یا (شەهید) کەهەرکەسو لایەنێك پاساوی بۆ ئەم کارەو کوشتنە دا هەیە. ئەمە مانای ئەوە نییە کە (کوژراو) پاڵەوانەو مێژووی هەیە بەڵکو یادکردنەوەی لەهەر بۆنەو هەرناوێك

بۆئەوەیە تا حزب لە پاڵیا ستایشو یادەوەری ڕۆژانی خۆی پێ نمایش بکاتەوەکە زمانێکی انشائی لەخۆدەگرێتو لەو ساتەوەش هەڵدەقۆزێتەوە بۆ چاندنی تۆوی (تۆڵە)و جۆشدانی بەرامبەر دژەکەی دەبێ لەگەڵ ئەوەش حزب بزانێ (پاڵەوان نابێتە داینەمۆی مێژووو هەروەها مێژووش مێژووی پاڵەوان نییە وەکو تۆماس کارلایل، فریدریك نیتشە بەڵکو پەیوەستە بەمێژووی کۆمەڵایەتی و ئەم دیوی مێژوو لەم هەموو هێزە کۆمەڵایەتییە، کە دەبنە دروستکەری ڕووداوو پاڵەوان) جا لێرەدا هەندێ وای بۆدەچن کە مێژوو دووبارە دەکاتەوە، ئەمە لەکاتێکدایە کە بەردەوام جیهان لەگۆڕان دایە، بێگومان مێژووش بێ گۆڕان خۆی نوێ ناکاتەوە کەواتە تێگەیشتن لەمێژوو ڕێگەی دووبارە کردنەوەیوەك خۆی هەرگیز نادەن، بۆیە گەر لەمێژوو نەگەین بەلامانەوە هەموو داستانو خەباتو شۆرشێك خۆنوێکردنەوەی مێژووە. کە ئەمەش زیاتر لەلای پارتە کوردیەکان زۆربەزەقی دیارئەکەوێ چونکە لەم وڵاتە (ئایدیۆلۆژیا وزەیەکی (دەسەڵاتدارە) ئەمەش دووچارە قەیرانی پراکتیزەکردنی کردونەتەوە کە بەپێچەوانەی ئامانجە سیاسییەکەیانەوە کارەکات) واتە نامۆبوون لەنێوان تیۆرو پراکتیزەی حزب کە لەمیانەی ئەم دەسەڵاتەوە ئایدیۆلۆژیا بەکاردەهێنێ وەك وزەیەك بۆ مەبەستی درێژکردنەوەی تەمەن لەرێگەی بزرکردنی ئەو وزەبەرگریە کەلە ئایدیۆلۆژیا بەدی ئەکرێو گۆڕینەوەی بۆ وزەیەکی دەسەڵاتدار، جالێرەدا تاکی کورد هەست بەنامۆبوونو تێکشکاندنی کەسایەتی خۆی دەکاتو هەست بەونبوونیو بەرامبەر ئەوەش نەگەڕان بەدوای زاتی کورد خۆیەتی کەلەوکاتە (فاعل مجهول) (بکەری بزرە)، شەڕی خۆبەخۆی کورد (لەناخەوە ئاماژەیەکە بۆ ئەو نیگەرانیو دوودڵیەی نێوان مێژووی کورد وەك ئەوەی کە لەسەردەمی نزیك خانەیەك بوو بۆ نەریتە کۆنەکانی کۆمەڵگەی سارد (زاراوەیەکی شتراوسییە) لەلایەکو لەلایەکی تریش لەنێوان مێژووی جیهانی هاوچەرخ کەکوردلەهەوڵی بێ پسانەوەدایە بۆ بەنمونەکردنی خۆی کە بەرامبەر ڕۆژئاوای هەڵگرتووەکەوەدەستهێنەری بەها گشتییەکانی مرۆڤایەتییە) (لەکاتێکدا کە ئەزموون یا تاقیکردنەوەکان ناکرێ وەرگێردرێتە سەر ئەرزی واقیع، ئەگەر



لەلایەن گشتی کۆمەڵگەوە دەرنەبڕدرێنو فۆرمەلە نەکرێن) بۆیەش گوتاری سیاسیشمان هەمان مۆرکو ناجێگیری پێوە دیارە، کە ئەمەش بەهەمان شێوە لەسەر دەروون و واقیعی کۆمەڵایەتی کەسەکانمان ڕەنگ دەداتەوە، بۆیەش ئایدیۆلۆژیای حزبەکان پێچەوانەی ئامانجی سیاسی کاردەکات).

(لێرەوە تراژیدیای ناسیونالیزمی کورد دەست پێدەکات لەبری ئەوەی بیر لەئێستای خۆی بکاتەوە، بەدوای مێژوویەکی خورافیدا ئەگەرێ بۆخۆی لەبری ئەوەی خۆی تیۆریزەی واقیعی خۆی بکات، خۆی کوڕی دونیای خۆی بێت کەچی لەرابردوو بۆ باوکێکی وەهمی دەگەڕێت).

(لەرووی میتۆدی فینۆمینۆلۆجییەوە گەلانی دونیای سێ تووشی واقیعێکی داسەپاوبوونە، لەلایەكو ڕووبەڕووبوونەوەی بەردەوام لەلایەك لەگەڵ گۆڕان لەلایەکیتر، هەڵبەت ئەمەش لەدەرەوە ڕووبەڕووی ئەبێتەوە جا دووچاری (زیندانێکی) ئەکا بە دەست ئەم واقیعەو زەمەنەکەی ئەناڵێنن، جالێرەدا کە ململانێ ڕووئەدا لەنێوان ئایدیۆلۆژیای کۆنو نوێ، لەنێوان شێوازی (بەدەوی)و داگیرکردنی (تەکنەلۆجی) گەلی کوردیش وێڕای نەریتگەریەکەی بەوە ناسراوە زوو وەڵامی گۆڕانەکان ئەداتەوە لەکاتێك بۆ کاتێکی تر، کە ئەمەیش جۆرێك لەناسەقامگیریو نیگەرانی ئەنێتەوەکە زیاتر لەشێوەی ڕوخسار خۆی ئەنێنێ، بۆیەش تەنانەت (خۆگونجاندنی حزبەکانی لەگەڵ گۆڕانکاریەکانی دنیا بەپلەی یەکەم خۆگونجاندنە لەگەڵ پەیوەندییە نوێیەکانی دەسەڵات نەك لەگەڵ چەمكو تیۆریە مەعریفییەکانی دنیا چونکە دەشێ مەعریفە لەناوەرۆکی جوولانەوەی خۆی بەتاك بکرێتەوەو بکرێتە سیستەمێکی جێگری بەدەزگاکراو).

هەر لەوکاتە شوێنێك یا زەمەنێك بۆ پیادەکردنی ئایدیۆلۆژیای باو یا ناسراوی نێو ئەندامانی حزب نامێنێتەوە بەڵکو هەردەم پەنا بۆ (ئایدیۆلۆژیای ئێشکگر) بە (لەناکاو)و کاتی یا ئامادە ئەبەن لەوکاتە جێگەیەك بۆ بۆچوونو دیالۆگی تاك یا ئەندام نامێنێتەوە، چونکەلەئایدیۆلۆژیای حزب لەمەوبەر واراهێنراون کە ئیلتزاماتێکی بەمەحرەمییان هەبێتو هەموو ئاکارو قسەیەکی لەئاست حزب بە مەرج بێت، واتا لێرەدا حزب یا شۆرش لەپێناو خۆ گونجاندنە کە گوایە

سیاسەتەو تاکتیکی حزبە بەمەبەستی دروستکردنی هەڵوێست واتە لەوکاتە ئامرازەکانی دروست کردنی کۆمەڵ یا (ئەندامانی حزب) دێتە ئاراوە کە ئەویش لەرێگەی زەبرو زەنگ یاخود لەرێگەی گوتاری رازیکردنی ئایدیۆلۆژییەوە سەرەڕای ووروژاندنی هەستو دەروونی ئەندامان بۆ مەبەستی ئامادەکردنەوەیان جارێکی تر لەنێو حزب. بەم شێوە قەناعەت پێکردنەوەی جەماوری حزب لەرێگەی سەرهەڵدانی تاقمی خۆپەرستو پاساو چییە ئایدیۆلۆژیایەکان ناکرێ تا نەگاتە ئەو ئاستەی حزب هەموو مەرجە نەتەوەییو گەلییەکانی لەبیر بکاتو بکەوێتە واری یۆتۆباوی بوونو بەهەدەرچوونی رەنجی ئەوانەی بۆ (سەربەستی، یا بنیاتنانی وڵات، یا سەربەخۆیی، یا شەرعیەت...) دا بەکوشت ئالێرەدا شۆرش لەو دەمامکە کاڵ دەبێتەوە کە بە (یۆتۆبیا) بوونەکەی دەرئەکەوێ کەبێگومان ئەمەش لەئەنجامی داماڵرانی لەهەموو ئەو وتارە سیاسییە شۆرشگێرانەی پڕ لە هەڵوێستی رادیکاڵیانەی جەماوەریو حزبییەی کە هەیبوو لەمەوبەری بۆیە سەیر نییە ئەگەر بڵێین بەسوپرمان بوونی حزبو فریادرەسی سیاسیو کۆمەڵایەتی دەکەوێتە بەر شرۆڤەو راڤەکردنو زیادبوونی گومان لەبەواقیع بوونو باڵا دروست بوونی حزب لەگەڵ ئەم هەموو هەڵپەرستییەی نێوی جا چی لەئاستی بەرز یانزمی دەسەڵاتەوەبێت سەرهەڵدانی گروپی مشەخۆرو نەرسسی بواری گومانو دورکەوتنەوە بۆ کەسانی هۆشیار زیاد ئەکات تاوای لێ دێت کە کەسەکان هەر بە یۆتۆبیای لەمەوبەر رازیبن، یا بۆ خۆیان بە یۆتۆبیاوە ورێنە کاربن (ئێمە پێویستمان بە یۆتۆبیای کۆنکریت هەیە، کۆمەڵی یۆتۆبیانە لە ئایدیۆلۆژیاوەنە بێت، بەڵکو لەپرسیارەوە، لەخەوشێکەوە کە دەشێت لە ئێستا سیستمیبستێ زەویان نەبێ تیا بچێنن، بەلاّم هیچ نەبێ بالەناو دیدو تێڕوانینمان هەڵبگرین...

ئەوەی سیاسی ئێمە پێویستی پێیەتی وەك بازنەیەکی داخراو خەون بینینە، مەترسی گەورە ئەوکاتەیە کە خەونەکانمان وون دەکەین، نایشارمەوە منیش لەم چارەنووسی دواهەمینی ئومێدە دەترسم، بەلاّم ترس خۆی هەنگاوی یەکەمی بەجێگیرکردنی رادیکالاّنەیە بەدنیا.



بەنادیار بەئایندە، بۆیە دەبێت، ترسەکانیشمان وەك هێزێك بۆ ئومێد تەماشا بکەین). شێرکۆ بێکەس (یش) ئەڵێ هونەرمەندی راستەقینە ئەوکەسەیە کە لەئەمرۆی تیایا ئەژی رازی نەبێ بەڵکو خەون بەسبەینێوە ببینێ، ئەو دنیایە بنیات بنێ کە بڕوای پێیەتی نەوەکو ئەم دنیایەی تیایدا ئەژی).

کەواتە ئەمەشیان دەرئەنجامی دروست نەبوونی متمانەو راستگۆیو وتنەوەی ئایدیۆلۆژیایە لەنێو حزبو شێوە پیادەکردنەکانی ئایدیۆلۆژیا، کە دەکرێ شێوەیەکی رێژەیی وەربگرێ، بەلاّم قوڵ بوونی دواکەوتویی سیاسی بەحزبو ئایدیۆلۆژیا، چی شتێ لەم دیو ئەوان رووئەدات لەکاتێکدا خەڵك یا ئەندامانی رازی بن بەهۆشیارییە ئەرشیف کراوەکانی نێو دەقی ئایدیۆلۆژیای حزبو هەموو ووردەچاکەکانی سەردەمی ئێستای حزب، ئالەم رێکەوتەدا گومڕاییو خۆچەواشەکردن ئەبێتە باشترین وەسیلە بۆمانەوە لە پایەی دەسەلاّتو پێگەی سیاسی؟ چونکە ئەم جۆرە کەسانە ناتوانن خەونی دابڕأن بەخۆیانەوە لەحزبو دەسەلاّتەکەیان ببینن هەردەم خۆیان بەمجێوری بەردەرگەی حزب ئەزاننو گومانی چوونە بەهەشتیان لەم رێگەیە ئەرەوێننەوە.


سەرچاوەو پەراوێزەکان

١ - مطلب، مجيد محمود، تاريخية المعرفة( منذ الاغريق حتى ابن رشد)

٢- الوردى، د. على الوردى، مهزلة العقل البشرى

٣- روسو، جان جاك روسو، العقد الاجتماعى، ت- ذوقان قرقوط

٤- جميل ، حسين جميل، نشاة الاحزاب السياسية

٥- مانهايم، كارل مانهايم،الايديولوجيا والطوبائية، ت-د. عبدالجليل الطاهر

٦- شيخوف، ديمترى، حول الصراع الايديولوجى، ت-زياد الملا

٧-غليون،برهان، اغتيال العقل

٨-لنفالفون،روزا ب. فيفرى،ت- د. جميل محمد خليل، نحو ثقافة سياسية جديدة

٩-لينيتن، ادموند. بنية الاسطورة عند شتراوس، ت- د.ناصر حلاوة. مجلة الثقافة الاجنبية، عدد( ٢٢)، ١٩٩١

١٠-عبدالجبار، فالح.معالم العقلانية والخرافة فى الفكرالسياسى العرب
١١-الجابرى، محمد، العصبية والدولة
١٢-الجابرى، محمد، تكوين العقل العربى
١٤-مرحبا، محمد عبدالرحمن، جديد فى مقدمة ابن خلدون
١٥-سبيلا، محمد، نحو نظرة تكامليةللثقافة
١٦-ابوحلاوة، د. كريم، اشكالية المجتمع المدنى
١٧-فوكو، ميشيل، تكنولوجيا الخطاب، ت-د.محمد على الكبيسى
١٨-اسماعيل، د-قيارى محمد، علم الاجتماع السياسى
١٩-اتزل، جورجى، حول الدور القيادى للماركسية، ت- مجموعة من المترجمين
٢٠-الحسن، احسان محمد.رواد الفكر الاجتماعى
٢١-المشهدانى،كاظم ، النظم السياسية
٢٢-مجلة النهج، الاعداد( ٤٨، ٤٩)
٢٣-مجلة الثقافة الجديدة، عدد( ٢٦١)
٢٤-مجلة المنار، عدد(٦٢)
٢٥-مجلة العرب، عدد( ٥٨)
٢٦-امين، سمير، ڕۆشنبیریو ئایدیۆلۆژیالی جیهانی عەرەبی هاوچەرخ/ ئارام جەمال
٢٧-بنيامين، فرانكلين، دونیای شتە بچوکەکان، و/ ڕێبوار سیوەیلی
٢٧-گۆڤاری سەراب ژمارەکانی(٢، ٣ ، ٤)
٢٨-گوتار، ژمارە(٨،٧)
٢٩-ڕەهەند،ژ ( ٢)
٣٠-کاروان، ژ ( ١٣٦)
٣١-مامۆستای کورد، ژ ( ١٩)
٣٢-بیری نوێ، ژ ( ١٩)
٣٣-هزر ، ژ (٢)
٣٤-سەنتەری برایەتی، ژ ( ١، ٤، ١٢، ١٤)
٣٥-گولان ، ژ ( ٢٤٤)



## چاپکراوەکانی سەنتەری نما ٢٠٠٤

١-ڕاپسکانێ لە دنیای سیاسەتو گەڕانەوەیەك بۆ دنیای شیعر
لێکۆڵینەوەی ئەدەبی.. ماجید نووری
٢-جەژنی مەرگ، شیعر ، کەژاڵ ئیبراهیم خدر
٣-گلگامێش: و: ئیدریس شێخ شەرەفی
٤- شوێنکاتی یەکەم، لەدووەمو ئێستای سەگوەڕ،
لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا.
٥- دەرونزانی، وتار لێکۆڵینەوە شیکردنەوە
یوسف عوسمان حەمەد
٦-عەلمانییەتی ئەوانو نیگەرانی ئێمە
ئیسماعیل کوردە
٧- بیرمەندان لەهەزارەی سێیەم رادەمێنن
ڕێبین رەسوڵ ئیسماعیل
٨-عەلمانیەتو کاریگەرییەکانی
جەمال پیرە
٩- دەسەڵاتو حەقیقەت ، ئیدریس شێخ شەرەفی
١٠- لەهۆرکهایمەرەوە تا هابرماس، قوتابخانەی فرانکفۆرت
ئیسماعیل کوردە، جەمال پیرە
١١-خۆرهەڵاتو خۆرئاوا، ئاسۆ جەلال
١٢-هیگڵ: ڕێبین رەسوڵ ئیسماعیل
١٣-پێکهاتەو راڤەی دەق : و: مەسعود بابایی
١٤- کۆمەڵناسی : سار باقی کەریم